# گزنگ


١٠٢ ئایار ٢٠١٣

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

٠٧٧٠١٣٨٥٦٤٧

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

٠٧٧٠١٣٢٢٥٨٨

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق

ئیمەیڵی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

کەرکوک-ڕەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی

کوردستان / کەرکوک


تێبینی:

- نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.
- هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا ١٠٢

**سەکۆی گزنگ:-**


برگەو بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم ، **حەمە کاکەڕەش**.................................................ل٥


**زمان:-**


هۆکارەکانی پەرەسەندنی واتا، **و: د. شەهاب شێخ تەیب**......................................ل٩

تێڕوانینێك بۆ پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی قۆناغی بنەڕەتی، م. **نەوزاد حسن قادر**...........ل١٥


**وتار و لێکۆڵینەوە:-**


گرژی هایکۆ لە تەوێڵی هەست، **هەوار خزرزادە**................................................ل٢١

کوڕی گوڵە خوێناویەکەی گۆران، **ئاری عوسمان خەیات**........................................ل٣٣

من و دەریا و عەباس جەمیل جێماو، **ستار ئەحمەد عەبدولرەحمان**.........................ل٣٧

خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی لەچکەکەی خەیاڵ٣، **ئەرشەد تەحسین**..............................ل٤١

ئەفلاتوون و شاعیران، **و/ رزگار جەباری**.........................................................ل٥٩

قەیرانی رەخنە، قەیرانی ئەدەبی، **و/ نەسیم چۆمانی**.............................................ل٦٥

یەشار کەمال، **و: حەمەکەیم عارف**...............................................................ل٧١

شەش بنەمای زێڕین لە نووسینی کورتە چیرۆکدا، **و/ شەهرام فاتحی**.........................ل٨٩

گۆتە دەبێتە موریدی حافز، **و/ سیما چۆمانی**.....................................................ل٩٥


**چیرۆك:-**


چەپکی شین، **و: حسێن عەلی**......................................................................ل١٠٣

دانایی گەورەکان، **و: تاهیر عوسمان**................................................................ل١٠٧

ئاو، **و: خالید فاتحی**...................................................................................ل١١٣

ئەوەت هەموو کات لەبیر بێ، **کوردستان گولابی ئازەر**...........................................ل١٢٧

پێم خۆشبوو وەك ئێوە ژیابام، **هێمن عوسمان عەبدوڵلا**........................................ل١٣١

گەڕان بەدوای ژیاندا، **سوارە نەجمەدین**...........................................................ل١٣٥

مرۆڤێکی تر، **فەرهادی چۆمانی**....................................................................ل١٣٩

تاسەیەکی بەسوێ، **موعتەسەم ساڵەیی**.............................................................ل١٤٩

تەنها روبعێك، **هیوا حوسێن ئەمین**................................................................ل١٥٥


**شیعر:-**


ئاوس بوون بە عیشق، **کازیوە ساڵح**..................................................................ل١٥٧

ئەوە نوزەی ئازادییە، **زمکان عەزیز**.................................................................ل١٥٩

من دەمەوێت بای عیشق هەڵبکاتەوە، **هەرێز رۆشیار**.............................................ل١٦١

هایکۆ، **شەویار گولابی ئازەر**.........................................................................ل١٦٥

گاڵتەو گەپی شەوێنە، **ئاسۆ چرپە**.................................................................ل١٦٩

چوار پەخشانە شیعر، **خالید مەجید فتحوڵلا**......................................................ل١٧٥

زەمان و پەیوەندی، **ئەرسەلان چەلەبی**.............................................................ل١٧٩

هەناسەکانم هۆگرت بوون، **دەروون یاسین**..........................................................ل١٨١


**دیمانە:**


عەلی ئەشرەف دەروێشیان بەشی دوو، **دیمانە: بابەك سەحرانەوەرد**........................ل١٨٣

رەزا شەجیعی، **دیمانە: شەریف فەلاح**...........................................................ل١٩٥

کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **بەڕێوەبەری نووسین**..........................ل٢١٣



حەمە کاکەڕەش

# برگەو بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم

( کەوابوو بڕگەی یەکەمی پۆدتمۆدێرنیزم ئەوەیە کە ئەوشتەی لە مۆدێرنێتەدا جێی متمانەبوو، لەسەردەمی پۆستمۆدێرندا سواوەو بێمتمانەیە)

ئەم کتێبە بەئاگادارییەوە قسە لەسەر مۆدێرنێتەو پۆستمۆدێرنیزم دەکاو هەوڵێکی چڕوهەستیارە بۆ پەنجەخستنەسەر بڕگەو بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم، لەسەرەتادا ئاماژە بەوە دەکات پۆستمۆدێرنیزم ئەو دیاردە هەمەگیرەیە، کە تارماییەکەی باڵی بەسەر جیهانی ئەمڕۆدا کێشاوەو وەك دەستەواژەیەك بۆ وەسفکردنی گۆڕانە بەربڵاوەکانی چەند دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەم باسی لێوەدەکرێت. وێرای ئەوەی کە تا ئێستاش پێناسەیەکی دیاریکراو سەبارەت بەم دیاردەیە نەدراوە بەدەستەوە بەڵام پۆستمۆدێرنیزم لەگەڵ ئەوەی لەماوەیەکی کورتدا چەندین جار ڕوخساری خۆی گۆڕیوەو تەنانەت لەسەرەمەرگیش نزیك بۆتەوە. کەچی بەردەوام درێژەی بەگەشەکردنی خۆیداوە هەندێ لە فەیلەسوفانی پۆستمۆدێرنیزم، بۆ نموونە ( فردریك جیمسۆن و ژان بۆردیار ) قۆناغی پۆستمۆدێرنیزم وەك حاڵەتی ( پچڕانی دەرونی نوێی زەمەن و فەزا ) پێناسە دەکەن.

گریك ئۆئێنزو کانتفرامپتون بەڕوداوێکی دەزانن کە ڕێکوڕاست لەگەڵ ڕمانی حەماسەت و باڵادەستی مۆدێرنیزمدا ڕویدا. ڕۆزالیند کراوس و داگلس گریمپ، ئیدوار سەعیدو گریگۆری ئالمێر، بەچاوی، چەمکی بان ڕەخنەیی و سیاسەتی لێکدانەوەو شیکردنەوەی ئەمڕۆ سەیری دەکەن، ئەم کتێبە پێیوایە مەبەست لە هێنانەوەی ئەم نمونانە ئەوەیە کە لەلایەك ئاماژە بەوە بکەین پۆستمۆدێرنیزم ناچێتە قالبی هیچ پێناسەیەکەوەو لەلایەکی تریشەوە پەنجە بخەینە سەر ماهیەتی ئەم دیاردەیە کە بەردەوام لە گۆڕاندایە هەرچەندە ناوی کتێبەکە بۆ خۆی هەوڵێکە بۆ ئەگەری پێناسەکردنی پۆستمۆدێرنیزم ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەو هەوڵەیە کە برگەو بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم دەستنیشان دەکات یان هەوڵێکی هەستیارە، بۆ پۆستمۆدێرنیزم، هەروەك لەناوەکەیەوە دیارە پۆستمۆدێرنیتەیە واتە ئیدیعای بەجێهێشتنی مۆدێرنێتەیەك دەکات کە بازیداوە بەسەر کۆندا. کەوابوو بڕگەی یەکەمی پۆدتمۆدێرنیزم ئەوەیە کە ئەوشتەی لە مۆدێرنێتەدا جێی متمانەبنوو، لەسەردەمی پۆستمۆدێرندا سواوەو بێمتمانەیە،

یەکێك لە بڕگەکانی پۆستمۆدێرنیزم نکۆڵیکردنە لە حەقیقەت و هەموو شتێك بەنسبی دەزانێت.

ئەمەی لێرەدا جێی پرسیارە ئەوەیە کە ئەگەر عەقڵ و حەقیقەت لە ئارادا نەبێت زانست چ مانایەکی دەبێت، بەم پێیە پۆستمۆدێرنیزم بەچاوی گومانێکی یەکسانەوە لە سەرجەم زانست و سەرچاوەکان دەڕوانێت، بڕگەی دووەمی پۆستمۆدێرنیزم نکۆڵیکردنە لە ڕاستی. باس لەوە دەکات کە هیچ ڕاستییەکی یەکجارەکی بونی نییەو مرۆڤ لەودیوی شتەکانەوە هەمان شت دەبینێت کە دەیەوێ ببینێت، ئەمەش گرێدراوە بەبارودۆخی کات و شوێن و بەوەوە تا چ ڕادەیەك ڕێگەی بینینی شتەکان بە مرۆڤ دراوەو چەمکی کلتوری مێژوویی لەسەر چ شتێك چەقدەبەستێت.

بڕگەی سێیەمی پۆستمۆدێرنیزم بەندە بەوەی کە مرۆڤ لە بری ڕاستی لەگەڵ چۆنیەکسازیدا ڕووبەڕووبۆتەوە.

پۆســـتمۆدێرنیزم تـــەواوی جیهـــان وەك گەمەیـەکی ڤیـدیۆیی دەبینێـت کـە تیایـدا هـەموو مرۆڤێـك، یەکێکـە لـە فیگـەرەکانی ئـــەم گەمەیـــە. بڕگـــەی چـــوارەمی پۆستمۆدێرنیزم بەندە لەسەر بێمانایی، لـە جیهـانێکی بـەتاڵ لـە عـەقڵ و حەقیقـەت. واتــە لــەو شــوێنەدا کــە هــیچ زانــست و مەعریفەیـەك جێـی متمانـەو پـشت بەسـتن نییە و تیایدا هیچ ڕاستییەك بـوونی نییـەو بـە تـەنها زمـان هەودایـەکی پەیوەندیـە لەگـەڵ بوونـدا، ئـەوا زۆر ئاسـایی دەبێـت ئەگەر ماناش بێمانابێت.

گومـــان ئەندێـــشی برگـــەی پێنجـــەمی پۆستمۆدێرنیزمەو ئاشکرایە کە تیایدا هـیچ تیـــۆرو بـــیر کردنەوەیـــەکی ڕەهـــاو هـــیچ ئەزمونێك بەهاو متمانەی نابێت. دەبـێ لـە هـەموو شـتێك بـە گومـان بـین و نـابێ بـە تـەواوی بڕوامـان بـە هـیچ شـتێك هـەبێت وێڕای ئەم پێنج بڕگەیـە بڕگەیـەکی تـریش هەیە کە ماهییەتێکی ئیجابی تـری هەیـەو بـە مەبەسـتی پێناسـەکردنی یـەکێك لـە تایبەتمەندییەکانی پۆستمۆدێرنیزم سوودی لێوەردەگرێـت. پۆسـتمۆدێرنیزم چـاوی بڕیوەتە فـرە جـۆری و هەمـە چەشـنەیی و جەخت لەسەر فرە لایەنەیی کلتور، نەتەوە ، ڕەگـەز، حەقیقـەت و تەنانـەت عـەقڵیش دەکاتـەوەو ڕای وایـە کـەنابێ هـیچ کـام لەمانە بە زیاتر لەوانی دی بزانرێت و دەبـێ هـــەموویان بەشـــێوەیەکی یەکـــسان لێکبدرێنـەوە. بـەپێی ئـەم تایبەتمەندیانـەو بـەگوێرەی ئـەو بڕگانـەی کـە باسمـانکردن، پۆستمۆدێرنیزم ئیـدیعای ئـەوە دەکـات کـە مژدەبەخـشی دەسـتپێکردنی سـەردەمێکی نوێیە لەسەر گـۆی زەویـدا، سـەردەمێك کـە مـــــودێرن پێـــــشکەوتوتر دەبێـــــت و کلاوڕۆژنەکانی جیهانێکی تر بەڕووی مرۆڤـی ئەمرۆدا دەکاتەوە.

لەســـەدەی شـــازدەهەم بـــەدواوە وشـــەی مـــۆدێرن بـــۆ جیاکردنـــەوەی ســـەردەمە مێژووییـــەکان ســـوودی لێـــوەرگیراوە تـــاکو جیاوازیـــەکانی نێـــوان هاوچـــەرخ و کـــۆن دیاریبکرێـت. ئەندێـشەی مـۆدێرن بـەردەوام پشتی بـە چـەمکە شـیکاری و بەڵگەییـەکان بەسـتوەو دژایـەتی لەگـەڵ جادوگـەری و خورافـــەو گومانـــە بێبنەماکانـــدا کـــردووە، مۆدێرنیتـــەی ســـەرەتایی کـــە بریتییـــە لـــە چـــەرخی ڕێنـــسانس تاکۆتـــایی شۆڕشـــی پیشەسازی.

مۆدێرنیتەی دوای شۆڕشی پیـشەسازی، کـە مرۆڤـــی بـــەرەو ( سیـــستەمی دووەم ) و ســـەردەمی شۆڕشـــی پیـشەسازی پـــەلکێش کـردووە لـە سـەرەتای سـەدەی بیـستەمدا گەیشتۆتە لوتکە.

مـۆدێرنیزم بریتییـە لـە گـۆڕان و بەگـشتی







تێکڕای سومبولەکانی شارستانیەتی خۆرئاوا دەگرێتەوە.

مـۆدێرنیزم لـــە ســـەرەتادا بـــە مەبەســـتی دژایـــەتیکردن لەگـــەڵ ڕێبـــازو سیـــستەمە کلاسیکییەکاندا هاتە کایەوە جـەختی لەسـەر ئەزموون و دۆزینەوەی حەقیقـەتی گەوهـەری ئـــەودیوی ڕواڵـــەت دەکـــردەوە. دەتـــوانین تایبەتمەندییـــە گـــشتییەکانی مـــۆدێرنیزم بەمـشێوەیەی خـوارەوە کـورت بکەینـەوە، خـود هوشـیاریی سـتاتیکیانەو ئاشـکراکردنی نەشازییەکان و خـستنە گومـان و نەهێـشتنی متمانـە. مـۆدێرنیزم کۆمـەڵێك وردە بـزافیش لـــەخۆ دەگرێـــت و هەرلـــە ئەمپریـــشزم و سومبولیزم و بگـرە تـا دەگاتـە سـوریالیزم و هەر هەموویان لە قاڵبی مۆدێرنیزمـدا جـەخت لەسەر تیورەکانی خۆیان دەکەنەوە.

بـــەم چـــەند دێـــڕە کۆتـــایی پێـــدێنم : پۆســـتمۆدێرنیزم ، نەشـــێوازو ڕێبـــازە، نـــە کارامـــەیی و تـــەکنیك، بـــەڵکو نـــاوی جولانەوەیەکـــە لـــە کلتـــوری کاپیتالیـــستی پێـشکەوتودا بانگەشـەی ئـەوە دەکـات کـە قۆناغی مۆدێرنیتە کۆتایی هاتووەو ئێستا لـە کلتـــورێکی هاوچـــەرخدا دەژیـــن بـــەناوی پۆستمۆدێرنیزم کە تیایـدا تەنانـەت بـاس لـە کۆتایی مێژووشدەکرێت.

،،،،

(برگەو بنەماکانی پۆستمۆدێرنیزم ئـــەوەی ســـەرەوە ناونیـــشانی کتێبێکـــە لەنووسینی ئەسغەر قەرەباغی )

# هۆكارەكانی پەرەسەندنی واتا

و: د.شهاب شێخ تەییب

پەرەسەندنی زمانیی شتێكی حەتمییە(واتە دەبێت ڕووبدات)، لە ڕوویەك لەڕووەكانی پەرەسەندنی ژیان دەچێت، لە واتا سادەكەیدا ئەو گۆڕانكارییەیە، كە بەسەر زماندا دێت، چ لە دەنگەكانی، یان واتای وشەكانی بێت، یان لەو زیادەیەی كە زمان وەری دەگرێت، یان ئەو كەمبوونەوەیەی كە تووشی دەبێت، ئەویش لە ئاكامی هۆكاری جیاواز، كە لە هەموو بوارەكاندا پەیوەندییەكی بەتینی بە ژیانی نەتەوەكانەوە هەیە.

گومانی تێدانییە، كە پەرەسەندنی زمانەوانی پەیوەستە بە ماوەی پەرەسەندنی گشتی لە ژیانی مرۆڤدا، زمانیش بەوەی دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە كاریگەر دەبێت لەسەر دەوروبەری مرۆڤدا هەیە، كە گشت ئەندامەكانی كۆمەڵێكی دیاریكراو لە سەردەمەكانی ژیانیدا هاوبەشی تێدادەكات. لە توانای هیچ نەتەوەیەكدا نییە، پەرەسەندنی زمانێك لە



زمانەكاندا بوەستێنێت، یان وای لێ بكات لەسەر شێوەیەكی تایبەت دژوارو سەختی بكات، لەبەرئەوە نەتەوە خۆیشی ناتوانێت بێ ئەوەی هەوڵی جێبەجێكردنی، یان ڕێگیری ڕوودانی بدات، كە هۆكارەكانی كۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسیو تەكنەلۆجیو...هتد، كە بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار لە پێكهێنانی بنیاتی گشتی زمان كۆدەبێتەوە.

لەبەرئەوە (عودە ابو عودە: ١٩٨٥: ٤٥) ئاماژەی بۆ ئەوە كردووە، كە تیۆری جۆراوجۆر هەیە، هۆكارەكانی گۆڕانی واتا ڕوون دەكاتەوە، لەوانەش ئەوەیە، كە (انگوان مییە)ی فەڕەنسی لەوباوەڕەدایە كە سێ كۆمەڵەی سەرەكی هۆكار هەن، دەبنە هۆی گۆڕانی واتا، ئەویش هۆكاری زمانییو مێژوویيو كۆمەڵایەتییە.

زمان هۆكارێكی ڕاستەوخۆ نییە لە گۆڕانی واتادا، بەڵكو ئاوێنەیەكە ئەو گۆڕانكارییە دەردەخات، بۆ نموونە ئەو كاتەی دەڵێین: ڕزگاركەری ئافرەت(محرر المرأه) ئەم دەستەواژەیە لە زماندا واتایەكی تری هەیە، نەك ئەو واتایەی، كە ئێستا هەیەتی، وابەبیردا دێت ئەم دەستەواژەیە پەیوەست بێت، یاخود بۆ كەسێك بگەڕێتەوە، كە بەڕاستی ڕزگاركەری ئافرەت بێت، هەروەها هۆكارە مێژووییەكان واتای ئەوە نییە، كە ڕێڕەوی مانەوەی وشەكان بەتێپەڕبوونی مێژوو واپێویست دەكات واتاكەی بگۆڕدرێت، بەڵكو واتای ئەوەیە كە بارودۆخو هۆكاری جۆراوجۆر هەیە، بەتێپەڕبوونی مێژوو دەركەوتو كاری لەسەر پەرەسەندنی واتای وشەیەك كرد، كەچی هۆكارە كۆمەڵایەتییەكان لە ئەنجامی تێكەڵبوون لەگەڵ ژینگە جیاوازەكاندا ڕوودەدات، لەوانەیە یەكێ لە ژینگە هونەرییەكان وشەیەكی ئاسایی بەكاربێنێت، بۆ واتایەكی نوێ، كە خاوەنی خەسڵەتێكی هونەری بێت، وەك ئەمەش لەوانە لەم وشانەی وەك:(نوێژ، حەج، دەرهێنان، نواندن) دەربكەوێت، كە واتا زاراوەییە ناسراوەكانی ئێستای بەهۆی بەكارهێنانی لە ژینگە هونەرەییەكاندا وەرگرتووە.

(د.علی عبدالواحد وافی، د.ت.٣١٩-٣٢٠) ئاماژەی بۆ كۆمەڵێك لەو هۆكارانە كردووە، كە لەزۆربەی زمانەكاندا دەبنە هۆی پەرەسەندنی واتای وشەكان، لەوانەش بۆ نموونە:

١- هۆكاری پەیوەست بە بەكارهێنانی وشەكان:

ناوەرۆكو واتای وشەكان بەپێی ئەو بارانەی كە تێیدا زۆر بەكاردێت دەگۆڕێت. بۆ نموونە زۆری بەكارهێنانی هەندێ

لەوانەی ئاماژەی بۆ دەکات، بەتێپەڕبوونی کات گشت واتاکەی نامێنێتو تایبەت دەبێت بەو بارانەی کەتێیدا بەکارهاتبوون، لە زمانی عەرەبیدا بەهەزارەها نموونەی لەو جۆرەمان هەیە، لەوانەش گشت ئەو وشانەی کەهێمایەکی گشتی هێمابۆکراویان هەبوو، پاشان لە ئیسلامدا بەکارهێنانی تایبەتیان پەیداکرد، کە پەیوەستە بە بیروباوەڕ، یان بۆن، یان پێڕەوی ئاینی، وەك: (نوێژ، حەج، ڕۆژوو، ئیماندار، کافر، دووڕوو، چۆکدادان، کڕنۆشو ...هتد)، بۆ نموونە (نوێژ) لە بنەڕەتدا بەواتای دوعاو نزاکردن دێت، پاشان بەکارهێنانی لە ئیسلامدا بۆ خواپەرستیی بەکارهات، چونکە ڕوویەك لەڕووەکانی دوعاکردنو نزای تێدایە، هەتا وایلێهات لەواتادا هەر بۆ ئەوە بەکاربێت، (حەج)یش لە بنەڕەتدا واتای تەمای شتێكو ڕۆیشتنە بۆی، پاشان بەکارهێنانی بەمەبەستی چوون بۆ (البیت الحرام ) بڵاوبووەوە، هەتا وایلێهات واتا ڕاستەقینەکەی تایبەت بوو بەو ڕێوڕەسمە. هەروەها وشەی (رپ) لە زمانی عەرەبیدا، کە بە واتای (کۆنە، ڕزیو، پەڕپووت، شڕە، شڕۆڵ، ناقۆلا،...هتد)دێت، کە بۆ هەرشتێك بێ کەڵكو نرخی نەبێت بەکاردەهات، بەڵام واتاکەی کورتکرایەوە بۆ شتێك بێ کەڵك بێت لەوەی ڕادەخرێت، یان لەبەردەکرێت، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانییەوە.

٢- هۆکاری پەیوەست بە دەنگی وشەکان:

جێگیری دەنگی وشەکان یارمەتی جێگیری واتاکانیان دەدات، گۆڕینیشی هەندێ جار ڕێگای گۆڕینی لێڵ دەکات، لەبەرئەو پەیوەندییەی کەسەر بەو خێزانە هەیەتیو لەنەژاددا داڕێژراوەکانیان بەپتەویو ڕوونی لەبیردا دەمێنێتەوەو بەهێزی ئەو پەیوەندییەش یارمەتی جێگیری واتاکانیان دەدات، کەچی گۆڕینی وێنە دەنگییەکەی ئەو پەیوەندییە لەبیردا لاواز دەکات، ئەمەش وا لە واتاکەی دەکات تووشی گۆڕینیو چەوتو چێڵی ببێت.

٣- هۆکاری پەیوەست بەڕوونی وشەکە لەبیردا:

هەرچەندە هیمای وشەکە لەبیردا ڕوون بێت، کەمتر تووشی گۆڕان دەبێت، هەرچەندێکیش لێڵو تەمومژاوی بێت، بەرانبەر هۆکارەکانی لادان بەرهەڵستی لاواز دەبێتو هۆکاری زۆریش هەیە، یارمەتی ڕوونی واتای وشەکان دەدات، گرنگترینیان ئەوەیە، کە وشەکە دەبێت پەیوەندبێت بە کۆمەڵێك لەو وشانەی کە لە بنەڕەتدا ناسراوبنو هۆکاری زۆریش هەیە کار لەسەر لێڵی وشەکان دەکات،





گرنگترینیان ئەوەیە خێزانێکی ناسراوی لە نەژاددا نەبێتو زۆر ناسراوو باونەبێت.

٤- هۆکاری پەیوەست بەڕێزمان(دەستوور):

دەستوور (ڕێزمان)ی زمانیش ڕێگا بەرەو گۆڕینی واتای وشەکە لادەباتو بەئاڕاستەیەکی تایبەتی، یارمەتی ئاڕاستەکردنی دەدات، بۆ نموونە ناوهێنانی وشەیەکی وەك (ولد-کوڕ) لە زمانی عەرەبیدا (ولد صغیر- کوڕێکی بچووك) وای لە واتاکەی کردووە لە بیردا بەندبێت بە ڕەگەزی نێر، لەبەر ئەوە واتاکەی پلەبەپلە نزیکبووەوە لەوەی ئاماژە تەنها بۆ ئەو جۆرە بکات (واتا ڕێکەوتن خەسڵەتی نێرینە تەنها بەسەر کوڕدا بسەپێنن)، تا وای لێهات لە زۆربەی شێوەزارە گشتییەکاندا وشەی (نێر) بۆ کوڕ بەکاربێننو وشەی (مێ)ش بۆ کچ بەکاربێنن .

٥- هۆکاری پەیوەست بە گواستنەوەی زمان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر:

زۆر جار لە ئاکامی ئەم گواستنەوانەدا گۆڕانکاری لە واتای وشەکان ڕوودەدات. لەبەرئەوە نەوەی داهاتوو لە گشت ئەو وشانە تێناگات، کە نەوەکانی پێشووی لێیان تێدەگەیشتن، ئەوەی یارمەتی ئەو جیاوازییەش دەدات زۆر بەکارهێنانی ئەو وشانەیە لەو جێیانەی کە بۆی دانەنراوە، ئەویش لەڕێی فراوانکردنی، یان خوازەوەیە(مجاز)، بۆ نموونە لەوانەیە بەکارهێنانی وشەیەك لە نەوەیەکدا بۆ هەندێ لەوانەی ئاماژەی بۆ دەکات، یان لە واتایەکی خوازەیی(مجازی) بەبیری بچووکەکاندا دەبەسترێتەوە، بەوەش واتاکەی بۆ واتایەکی نوێ دەگوازرێتەوە.

٦- گواستنەوەی وشە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر:

لەوانەیە واتا گشتییەکەی تایبەت بکرێو ببڕدرێت بەسەر هەندێ لەوەی کە لە زمانە بنەڕەتەییەکەیدا هەبووەو لەوانەیە واتا تایبەتییەکەشی بگشتینرێتو لەو جێیەی کە بۆی دانەنراوە بەکاربێت، لەبەر ئەو پەیوەندییەی لە نێوان هەردوو واتاکەدا هەیە، لەوانەیە بەشێوەیەکی وا بەکاربێت کە واتایەکی زۆر خراپ بگەیەنێتو ببێتە وشەیەکی پلەنزمو لەوانەشە بگاتە پلەیەکی بەرزو پێگەیەکی باشی هەبێت، نموونەی ئەوەش هەندێ لەو وشانەی کە زمانی عەرەبی لە زمانی فارسییەوە وەریگرتووە، وەك: (الکوز، الابریق، الگست، الخوان، الگبق، السکرجە، السمور، الخز، الابریسم، الدیباج، السندس، الیاقوت، البلور، الکعك، النرجس، البنفسج، الیاسمین، الجلنار، المسك، العنبر، الکافور،

الصندل، القرنفل).

٧- گۆڕینی واتای وشەکە بەگۆڕینی سروشتی ئەو شتەی ئاماژەی بۆ دەکات:
لەوانەیە هۆکاری گۆڕینی واتای وشەیەك ئەو شتەی کە خۆی ئاماژەی بۆ دەکات، سروشتەکەی یان ڕەگەزەکەی، یان ئەرکەکەی، یان ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی پەیوەست بێت پێوەو گۆڕابێت، بۆ نموونە وشەی (الریشە) ناوێك بوو بۆ ئامێری نووسین بەکاردەهات، لەو ڕۆژگارانەی کە پەڕی باڵندەیان بۆ نووسین بەکاردەهێنا، بەڵام واتا بنجییەکەی بەپێی ئەو کەرەسەیەی ئەو ئامێرەی لێ پێکهاتبوو گۆڕا، تا وای لێهات بەسەر ئەو پارچە کانزایە بەکارهات، کە بەشێوەیەکی تایبەت پێکهاتووە. جەلووش(قگار)بوو لە بنەڕەتدا بەو ژمارە حوشترانەی کە لەسەر یەك ڕیز دڕۆیشتن لەسەفەردا بەکاردەهات، بەڵام ئێستا واتا بنجییەکەی بەپێی پەرەسەندنی هۆکارەکانی گەیاندن و هاتوچۆ گۆڕاوە، ئێستا بەسەر کۆمەڵێك فارگۆن بەکاردێت، کە جەلووەکە(قیتار) ڕایدەکێشێت بەدوای خۆیدا، پۆستەش بەو ئاژەڵە (الدابە) دەوترا ، کە نامەی لەسەر پشت هەڵدەگرت، پاشان واتاکەی بەپێی پەرەسەندنی ڕێگای بەکارهاتوو لە گەیاندنی نامەکاندا گۆڕا. بووە ئەوەی ئێستا بەسەر ئەو پێڕەوو هۆکارانەی کە لە چەرخی ئێستاماندا بەکاردێت.

٨- هۆکاری پەیوەست بە جۆربەجۆرێتی چین و توێژو کۆمەڵەکانەوە:
زۆر جار لە ئەنجامی جۆراوجۆرێتی خەڵك لە چین و توێژەکانەوە، واتای وشەکان و دەرچوونیان لە واتاکانی یەکەمیاندا دەگۆڕرێت و جیاواز دەبێت، ئەمەش ئەوەیە کە لە نێوان ئەو کۆمەڵانەی بەیەك زمان قسە دەکەن هەیە، لەو جیاوازییانەی لە بارەی تایبەتێتی میللی و جەستەیی و دەروونییەوە هەیە، هەروەها لە کاروباری سیاسەت و کۆبوونەوەو ڕۆشنبیری و پەروەردەو لایەنەکانی بیرکردنەوەو ویژدان و ئاستی بژێوی و ژیانی کۆمەڵ و کەلتوورو داب و نەریت و بارودۆخی سروشتی و جوگرافی گشت تاکێکدا هەیە، هەروەها لە گشت ئەو کارانەی چینەکان دەیکەن و ئەو کارانەی پێی هەڵدەستن و ئەو شوێنەوارە قووڵانەی کە گشت ئەرك و پێشەیەك لە عەقڵییەتی کارپێکراوان بەجێ دێڵێت و پێویستی گشت چینێك بەوردێتی دەربڕین و خێرایی و دروستکردنی زاراوەی تایبەتی بەو بارو کارانەی کە زۆر لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاردێت و بەکارهێنانی ئەو زاراوانەی لەو جێیانەی کە لە بنەچەدا بۆ ئەو کارە دانەنراوە، یان بەکارهێنانی هەندێ لە واتاکان، بۆ گوزارشت کردن لەو بارانەی پەیوەندی بە پیشەو کارەکانیانەوە هەیە.

دەبینین، کە (ابراهیم انیس:١٩٨٤: ١٣٥) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە هۆکارەکانی پەرەسەندنی واتایی وشەکان(واژەکان) بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە: <u>بەکارهێنان و پێویستی</u>. لەبارەی بەکاهێنانەوە لەبەر ئەوەی وشەکان بۆ ئەوە دروست نەکراون لە قاسەیەکی شووشەیی، یان بلووریی بەند بکرێت، یان تێی دابنرێت و خەڵکی تەنها سەیریان بکات و بەخێرایی بڕۆن، کە ئەگەر بێت و ئاوەها بوایە، نەوە پاش نەوە وەك خۆی دەمایەوەو بێ ئەوەی بگۆڕدرێت، یان گۆڕانکاری بەسەردابێت، بەڵام بۆ ئەوە دۆزراوەتەوە بۆ ئەوەی خەڵکی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا بەکارییبێنن، وەك ئەوەی چۆن شتومەك و دراوێك بەکاردێنن، کە ئەو بەکارهێنانەی لەڕێی بیرو دەروونیدا دەبێت، کە لەنێوان تاکەکانی یەك نەوەو یەك ژینگەدا لە ئەزموون و زیرەکیدا دەگۆڕدرێت و جیاوازدەبێت، واتاکانیش بەو پێیانە پێکدێن و دەگونجێندرێن، هەروەها لەگەڵ بەشداریکردنی خەڵك لەلایەنە بنکەییەکەوە دەبینین لە سنوورو سێبەرەکەیدا جیاواز دەبن، لەگەڵ گشت ئەو بارودۆخانەی کە گشت ڕۆژێك دەگۆڕدرێن بەجۆراوجۆرێتی ئەزموون و ڕووداوەکان، ئەگەر هات و نەوەکان وەریان گرت و بەکاریانهێنا بۆ مامەڵەکردن و گۆڕینەوە، وەك باری یەکەمی بەکاری ئەهێنین، بەڵکو لەگەڵ هەندێ لادان لە واتاکەیدا بەکاریانهێنا، لەڕوونترین ڕەگەزەکانی ئەو ڕەگەزەش ئەمانەی خوارەوەیە:

- خراپ تێگەیشتن(مەبەست لە وشە هاوبێژەکانە).
- پەرەسەندنی دەنگی.
- گۆڕینی واتای وشەیەك بۆ ئاستێکی نزمتر(نزمبوونەوەی واتا).

<u>تێبینی لەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:</u>

د.ماهر شعبان عبدالباري، تعلیم المفردات اللغویة،الطبعة الاولی، دار المسیرة للنشر و التوزیع و للطباعة، الاردن،٢٠١١،ص١٦٣-١٦٧.

# تێروانینێک بۆ پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی قۆناغی بنەڕەتی

## بەشی دووەم

م. نەوزاد حسن قادر

دوای خستنە ڕووی هەندێك تێبینی دەربارەی پرۆگرامی زمانی ئینگلیزی (Sunrise ۱)ی یەکەمی بنەڕەتی، ئینشائەڵڵا ئاماژە بە هەندێك تێبینی تری ئەو پرۆگرامە دەکرێت، بەڵام هی قۆناغی تر. ئەگەر بەوردی سەیری (Sunrise ۲) ی قۆناغی دووەمی بنەڕەتی بکەین، دەبینین کەوا ئەم پرۆگرامە بە هەمان شێوەی (Sunrise ۱), بەسەر هەژدە بەشدا دابەش کراوە ، هەر بەشێکیش لە سێ وانە ( Lesson) پێك هاتووە. لە کۆتایی هەر سێ بەشێکدا، بەشێك تەرخان کراوە بۆ پێداچوونەوە (Revision), کەتیایدا فێرخواز پێداچوونەوە بۆ ئەو بابەتانە دەکات کە لەماوەی ئەو سێ بەشەدا خوێندوویەتی . شایەنی باسە ئەو پێداچوونەوەیە سوود بە فێرخوازان دەگەیەنێت چونکە بە مەبەستی دووبارەکردنەوە و بیرهێنانەوەی ئەو زانیاریە ئامادە کراوە کە فێرخوازان لە







بەشەکانی پێشوودا خوێندویانە.

فێرخوازانی قۆناغی دووەمی بنەڕەتی لە بەشی سێیەمی پرۆگرامی (Sunrise ۲)دا، هاوکات لەگەڵ خوێندنی پیتە بچوکەکانی زمانی ئینگلیزی (Lower Case Letters ), پیتە گەورەکانیشی فێردەکرێت (Capital Case Letters). لێرەدا دەبینین کەوا فێرخوازانی ئەو قۆناغە بۆ جارێکی تر پیتە بچووکەکان دەخوێنن چونکە لە (Sunrise ۱)دا فێرخوازان چاویان بەو پیتانە کەوتووە. لەو پرۆگرامەدا پیتە بچووکەکان بە ڕیزبەندیەکی باش لەگەڵ پیتە گەورەکان روونکراونەتەوە، فێرخوازان هەست بەوە دەکەن کە هەر پیتێك دوو وێنەی هەیە یەکێکیان بچووك و ئەوەی تریان گەورە، ئەو دوو وێنە جیاوازە لە دوو ناوەندی جیاوازدا بەکار دەهێنرێن. لێرەدا، ئەوەی شایەنی هەڵوەستە لەسەر کردنە بریتیە لە شێوازی نموونە هێنانەوە بۆ هەریەك لەو دووپیتانە. شێوازی نموونە هێنانەوە بۆ هەریەك لەو دوو پیتانە جۆرێك لە ناهاوسەنگی تێدایە چونکە هەندێك پیت بە نموونەیەك ، دوو یان سێ نموونە روونکراونەتەوە، بەڵام بەشێکی تر لە پیتەکان بەتایبەتی پیتە گەورەکان، هیچ نموونەیەکیان بۆ نەنووسراوە ئەوەش زۆر بەئاسانی دیارە.

بۆ نموونە، پیتی (A , a) ل۱۱ نیشانی دەدات کە بۆ ( a) دوو نموونە هەیە (ant , apple ), بەڵام بۆ (A) یەك نموونە هەیە ئەوەش بریتیە لە (Aveen). هەروەها لە هەمان لاپەڕ پیتی (B , b) مان بەرچاو دەکەوێت، بۆ پیتی (b) دوو نموونە دراوە کە بریتین لە (bag , banana), بەڵام بۆ پیتە گەورەکە هیچ نموونەیەك نەدراوە کە دەبوو بەلایەنی کەمەوە نموونەیەك بخرێتە بەردەستی فێرخوازان. ئەگەر هەردوو پیتی ( C , c) و (D , d) ل ۱۵ وەربگرین، دەبینین کە بۆ پیتی ( c) بچووك سێ نموونە نووسراوە (car, cap, cat), بەڵام بۆ پیتی ( C ) ی گەورە هیچ نموونەیەك نەنووسراوە. بۆ پیتی (d) ی بچوکیش سێ نموونە نووسراوە (doll, dog, duck), بەڵام بۆ (D) ی گەورە هیچ نموونەیەك نەنووسراوە. لەناو پیتەکاندا، هی وا بەرچاو دەکەوێت کە شێوازی نموونەکانی لە نموونەکانی پێش خۆی جیاوازە. پیتی (K, k) ل ۲۸ یەکێکە لەو پیتانەی کە بۆ هەر یەکەیان هەمان ژمارەی نموونە دراوە ، بۆ (k) ی بچوک (king kitten, kite), بۆ پیتی (K) گەورە

(Karwan, Kitten, Kurdistan) نووسـراوە. لـە شـوێنی تـردا شـێوازێکی تێکـەڵاوی نموونـەکان بەرچـاو دەکـەوێت چـونکە نموونـەی پیتـی گـەورە بـە پیتـی بـچووك دراوە . لـەو پڕۆگرامـە دا ل٣، نموونـەی پیتـی (A) بـە (a) ی بـچووك دراوە، نموونەکە بـەو شـێوەیە نووسـراوە (A is for apple)لـە ڕاسـتیدا، ئـەو جۆرە نموونەیـە گونجـاو نیـە چـونکە هـەر یەکـە لـە پیتـی گـەورە و پیتـی بـچوك شـێوازی بـەکار هێنـانی خۆیـان هەیـە. بـە گشتی فێرخـوازان دەتـوانن بپرسـن بۆچـی هەنـدێك پیـت بـە یـەك نموونـە و هەنـدێك پیتـی تـر بـە دوو یـان سـێ نموونـە ڕوون کراونەتـەوە، لـە کاتێـك دا زۆربـەی پیتـە گەورەکانی نـاو ئـەو پڕۆگرامـە بـێ نموونـە نووسـراون. پـێم وایـە بابەتەکـە ڕوونـتر دەبووەوە کاتێك نموونەکان بەیەکسانی بۆ هەردوو جۆرە پیتەکان نوسرابان، ئـەوەش دەبـووە هـۆی زیـاتر ڕاکێـشانی سـەرنجی فێرخوازان و هەروەها باشتر هانی فێربوون و ڕاهێنانی فێرخوازانی کوردی دەدا.

لـە لایـەکی تـرەوە، بابەتـەکانی نـاو پڕۆگرامـی ) ٢ (Sunrise بەشـێوەیەکی جوان وێنە کـراون و خراونەتـە بەردەسـتی فێرخوازان. هەندێك لە بابەتەکانی نـاو ئـەو پڕۆگرامـە بەشـێوەیەکی بەرچـاو لەیـەك دەچـن و پەیوەندیـەکی تـەواویان بـە یەکـەوە هەیـە. لەوانەیـە مەبەسـت لـە دووبارە بوونەوەی ئـەو بابەتانـە زیـاتر بـۆ جـەخت کردنـەوە لەسـەر زانیاریـەکان و تێگەیاندنی فێرخوازان بێت. بەڵام پێم وایە کە بابـەتی دووبـارە بـووەوە زۆر سـەرنجی فێرخـوازان ڕاناکێـشێت چـونکە لەگـەڵ بینینی ناونیشانی وانەی تـازە، فێرخـوازان ڕاستە وخۆ بیریان دێتەوە کەوا ئەو بابەتـە دووبارەیـە و لـە وانـەکانی پێـشوودا خوێندویانە. بۆ نموونە لە بەشی سێیەمی پڕۆگرامی (Sunrise ٢) دا، فێرخـوازان بابـەتێك دەخـوێنن بـە ناونیـشانی (Asking about objects)ل ١٠ کە بە مانـای پرسـیاکردن لـە شـتەکان دێـت. ئەو پرسیارانەی کە لەو بەشـەدا دەبینـرێن و فێـری فێرخـوازان دەکـرێن بـریتین لـە (What’s this?)و (What are these?). پاشـان ئـەو بابەتـە، واتـە (Asking about objects)لە بەشی پێنجـەم دا ل١٧ دووبـارە بووەتـەوە، ئـەو پرسیارەی تیایدا خراوەتە ڕوو بریتیـە لـە (What is that?).ئینجا هەمان بابەت بۆ جاری سێیەم لە بەشی شەشـەم دا ل٢٠ دووبارە بووەتەوە، ئـەو پرسـیارەی تییـدا خراوەتـە ڕوو بریتیـە لـە (What are those?).هـەمان بابـەت لـە بەشـی نـۆیەمیشدا ل٣٠ بـۆ جـاری چـوارەم بەرچـاو دەکـەوێت. ئەگـەر بـەوردی سـەرنجی ئـەو چوار جۆرە پرسیارە بدەین، دەبیـنین کـە وشـەی پرسـی (What) لەگـەڵ چـوار ڕانـاوی نیـشانەدا هـاتوە کـە بـریتین لـە (this, that, these, those ).ئـەو جیاوازیەی لە نێوان ئەو ناونیـشانەدا هەیـە ئەوەیە کە (this) بۆ تاکی نزیك (that) بۆ تاکی دوور (these) ,بۆ کۆی نزیك و (those)بۆ کـۆی دوورە. زۆر بـە ڕوونـی دیارە کە ئەو دوو ڕاناوە نیشانانەی کە بـۆ نزیك بەکار دێن لە یەك بەشدا باس کـراون، کە بەشی سێیەمە ، بـەڵام ئـەو دوو ڕانـاوە نیـشانەی کـە بـۆ دوور بـەکار دێـن لـە دووبەشی جیاوازدا باسکراون، واتـە بەشـی پێنجـەم و شەشـەم. بەگـشتی دەتـوانین بڵێین ئـەو بابەتانـەی پرسـیار لـە شـتەکان دەکـەن، دەتـوانرا لـە بەشـێك یـان لـە دووبەشی یەك بـەدوای یەکـدا باسـبکرانایە نەك لە چـوار بەشـدا. لـە بەشـەکانی تـردا، دەتوانرا بابەتی تـازە و بـە پێزپێـشکەشی فێرخوازانی کورد بکرایە چونکە فێرخوازان بـەوجۆرە پێویـستیان بـە دووبـارە باسـکردنەوەی بابەتـەکان نـی یـە. جگـە لـەوەش، لـە بەشـی (Revision) دا پێداچوونەوە بۆ ئەوبابەتانە دەکەن کە لـە ماوەی سێ بەشی پێـشوودا خوێندوویانـە.

بابەتێکی تری (Sunrise ٢) کە دووبارە بووەتەوە بریتیە لـە (Asking about actions)ل٢٤ کـە بـە واتـای پرسـیار کردن لە کارەکان دێـت، دەکەوێتـە بەشـی حەوتـەم. ئـەو پرسـیارەی لـەو بەشـەدا ئاراستەی فێرخـوازان دەکرێـت بـریتی یـە (What are you doing?) .ئـەو بابەتـە واتـە (Asking about actions)ل٢٧ لـە بەشـی هەشـتەم دا دووبارەبووتـەوە، هـەمان نموونـەش (What are you doing?)فێـری فێرخـوازان دەکرێـت. بـۆ سـێیەم جـار لـە بەشـی هەژدەیـەم دا (ل٦٠) ئـەو بابەتـە باسکراوەتەوە. ئـەو دوو بابەتـەی کـە لـەو دوو بەشەدا باس کـراون لـە یـەك دەچـن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە یەکەوە هەیـە. لە ڕاستی دا، ئەو بابەتە دووبارە کراوانـەی کـە لـەو پڕۆگرامـەدا بەرچـاوی فێرخـوازان دەکەون لەوە زیاترن کە لێـرەدا ئاماژەیـان بۆ کراوە چونکە کۆمەڵێك بابەتی تری لێـك چـووی تێدایـە، بەگـشتی کاردەکەنـە سـەر پرۆسـەی فێرکـردن و وا لـە فێرخـوازان دەکەن هەست بە زانیاری دووبارە بکـەن و چاوەڕێی زانیاری تازە نەکەن. ئەگـەر ئـەو بابەتانەش دووبارە نەکرابانـەوە، فێرخـواز لە بەشی پێداچونەوە دا دووبارە گوزەریان بەناو ئەو بابەتانەدا دەکـردەوە . دانـەرانی

ئەو پرۆگرامە دەیان توانی لەبری ئەو بابەتە دووبارەکراوانە، بابەتی تازە و سوودمەند و دەوڵەمەند بخەنە بەردەستی فێرخوازانی کورد.

لە یەکێك لە بەشەکانی ئەو پرۆگرامە (Sunrise ٢)دا بابەتێکی ڕێزمانی پێشکەشی فێرخوازان کراوە، ئەو بابەتەش پەیوەندی بە ڕێزمانەوە هەیە کە باس لە ئامرازی بەیەکەوە بەستن (Coordinating Conjunction) دەکات ، ئەوەش کۆمەڵێك ئامرازی جۆراو جۆر دەگرێتەوە کە بۆ بەیەکەوە بەستنی دوو بەش یان زیاتر بەکاردێن . ئەو ئامرازەی لێرەدا خراوەتە ڕوو بریتیە لە ئامرازی (and), کە بۆ بەیەکەوە بەستنی دوو وشە، گرێ یان ڕستە یان زیاتر بەکار دەهێنرێن ، بەمەرجێك ئەو بەشانەی بەو ئامرازە بەیەکەوە دەبەسترێن هەمان جۆری یەکتربن، واتە هەمویان پێویستە ناو، فرمان، .. هتد بن. کاتێك دووبەش زیاتر بەیەکەوە دەبەسترێن ، پێویستە ئەو ئامرازە لەناو هەموو بەشەکاندا دووبارە نەکرێتەوە چونکە ئەو بەشانەی بەیەکەوە دەبەسترێن لە ناو ڕستەیەك دا، بەهۆی فاریزەوە لە یەکتری جیادەکرێنەوە جگە لە بەشی پێش کۆتایی و کۆتایی کە ئامرازەکە جیایان دەکاتەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئامرازەکە لەناو هەموو بەشە بەیەکەوە بەستراوەکاندا دووبارە ناکرێتەوە. لە بەشی چوارەم، وانەی سێ یەمدا ل١٦ ، ڕستەیەك کە ئەو ئامرازەی تێدا بەکار هێنراوە بەو جۆرە نوسراوە ( I have a doll and a dog and a hen). شێوە نائاسایەکەی ئەو ڕستەیە لەوە دایە کە ئامرازی (and) پێویستە لە نێوان بەشی پێش کۆتایی و کۆتایدا بێت، بەڵام لێرەدا لەنێوان هەرسێ ناوەکەدا دووبارە کراوەتەوە ، جگە لەوەش ناوەکان فاریزەیان لەنێواندا نەهاتووە. پێم وایە ئەو ڕستەیە پێویستە بەو شێوە بنوسرێت ) I have a doll, a dog, and a pen)هەرچەندە، ئەو ئامرازە لە و ڕستەیە دا بەو شێوەیە بەکار هێنراوە،بەڵام لەشوینی تردا بەشێوەیەکی گونجاو بەکار هێنراوە ،وەك (Listen, point and say ).جێگەی خۆیەتی کە هەموو بابەتەکان بە شێوەیەکی گونجاو و دروست بخرێنە بەردەستی فێرخوازانی کورد چونکە ئەوە بۆ فیربوونی زمانی ئینگلیزی قۆناغی بنەڕەتی ئامادەکراوە، ئەو قۆناغەش ئەو نەوەیە دەگرێتەوە کە لەسەرەتای ئاشنابووندان بە جیهانی زمانی ئینگلیزی.





سەرچاوەکان :

-Celce-Murcia, M. and Larcen-Freeman, D. (١٩٩٩) The Grammar Book: An ESL\EFL Teacher's Course (٢nd ed). New York: Heinle and Heinle.

-Fromkin, V., Rodman, R., and Hyams, N. (٢٠٠٣) An Introduction to Language (٧th ed). Boston: Thomson and Heinle

-Leech, Geoffrey (٢٠٠٦). A Glossary of English Grammar. Edinburgh: Edinburgh University Press.

-Widdowson, H.G. (١٩٩٦) Linguistics. Oxford: Oxford University Press



"هەوار خزرزادە " شەڤگەش

# گرژی هایکۆ لە تەویڵی هەست

گەر وا فەرز بکەین زمانی شێعر سەر بە جیهانە کەواتە شاعیر یاسادانەری نەهێنی زمانیشە، گەر وا فەرزیش بکەین یاسا بەخشین بە زمان واتای یاسا بەخشینە بە بەشەکانی دیکەی جیهان. کەواتە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت سیستمی ناو زمانی شێعری خوڵقێنەری سیستمی جیهانیشە.

(لە تاوتوێکردنی وتەیەکی شیللیدا )

.....

با "با" چیتر نەتانخوسێنێ ...

ئەم سەردێڕە سەرەتای کرانەوەی بەرهەمێکی شێعری "شەویار گولابیئازەر"ە کە لەم بەرهەمەدا بە ڕواڵەت نووسەر هەوڵی داوە لە چوارچێوەی قالب و فۆرمێکی تایبەت و ناسراوی جیهانیدا زمانەکەی خۆی بهاروو ژێنێ و وەك بەڵگەیەك ئاراستەی خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی بکات و بڵێت کە وزەی زمان و ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی فۆڕمێکی سێ خەتیدا تا







چەن جێگرە و تاچەن ئەو زاراوە شێعرییە دەتوانێ لەگەڵ ئەدەبیاتی تایبەتی کوردیدا جێی خۆی بکاتەوە و بلکێ. بەڵام لە ڕاستیدا داخوا نووسەر لەم بەرهەمەدا توانیوییەتی ئەو هەوڵەی خۆی بەدی بێنێ، یا خۆد تەنیا لە ئاستی تاقیکردنەوە و جڕباندنێکی بەرتەسك خۆبەدەستەوە دەدا یان بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەیکە کارێکی داهێنەرانەی تاکە لە قالبێکی دیاریکراودا و لە لایەکیتریش هەندێ وزەی شاراوەی زمان و ئەدەبی کوردی بەرجەستە بکاتەوە.

«۱»

هایکۆ قالبێکی دیاریکراوی شێعرییە وەك کورتترین جۆری شێعر لە جیهاندا ناسراوە کە پێکهاتەکەی بۆ یەکەم جار نیزیکەی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە دوو قوتابخانە لە ژاپۆندا هاتە ئاراوە کە لە کاتەوە تاکوو ئێستا بێبەری نەبۆ لە گۆڕانکاری و بە پێی ڕەوتی مێژوو ناوەڕۆکگەلی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینیوە کە لە قۆناغێکی دیاریکراو بە تێکەڵاوکردنی فەلسەفەی زەین لە ناخی هایکۆدا دەرەتانێکی بەفراوانتر بەرەورووی ئەم ژانرە هۆنەرییە بووە، کە لەڕاستیدا لە گشتی بنەما و ناوەڕوکییەکانیدا تەنیا گرینگی دراوە بە شتی بچووك و پەراوێز و هەندێ جار فەرامۆشکراو یا خۆد ئەو شتگەلانەی کە هەموو دەیبینن بەڵام ناتوانن بیخەنە قالبێکەوە و گوزارشتی لێبکەن و ئەوە هایکۆیە کە وەك مێتۆدێك سەر لە نوێ تێڕوانینەکان بە مانای نوێ و بە نیشاندانی وێنەی ترەوە دەردەخات.

بەربڵاوی بنەما ناوەڕۆکییەکانی شێعری هایکۆ لە ژاپۆندا وای نەکردوو کە کار لە سەر قالبە سەرەکییەکەی بکات و لەم فۆڕمی سێ دێڕییە بترازێ و تاکوو ئەو شوێنەی بۆی هەبووە فۆڕمی خۆی پاراستووە کەوایە دەکرێ بڵێین هایکۆ بە گشتی لە یاسا گونجاو و سەرەتاییەکەی شێعری ژاپۆنی بۆ فۆڕم و زمان لاینەداوە و لە پێنج — حەوت — پێنج بڕگەدا شێعری بەرەو بوارێکی نوێی ئەزموون یا ئەندێشەی شاعیران ڕاکێشە کردووە .

لەم نێوەندەدا هەندێ دەستەواژە و ڕێکەوەندی سەرەکی و تایبەت بە هایکۆ هەیە کە بێشك لە بواری فۆتێنیکییەوە سەرچاوە لە شوێنی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە داهێنانە دەگرێ بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە سەر بە هەستی مرۆڤە و کانگای سەرەتاییەکەی ڕووحی مرۆڤ بووە و هەیە و ئەم کۆمەڵە هایکۆیەی بەردەست بێبەری نەبووە لەم تایبەتمەندییەی کە بە پێی ئەم دەستەواژانە ناودێر دەکرێن. لێرەدا بە پێی پێویست و گونجانیان لەم

گەر وا فەرز بکەین زمانی شێعر سەر بە جیهانە کەواتە شاعیر یاسادانەری نەهێنی زمانیشە، گەر وا فەرزیش بکەین یاسا بەخشین بە زمان واتای یاسا بەخشینە بە بەشەکانی دیکەی جیهان. کەواتە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت سیستمی ناو زمانی شێعری خوڵقێنەری سیستمی جیهانیشە.
(لە تاوتوێکردنی وتەیەکی شیللیدا )

.....

با "با" چیتر نەتانخوسێنێ ...

ئەم سەردێڕە سەرەتای کرانەوەی بەرهەمێکی شێعری "شەویار گوڵابیئازەر"ە کە لەم بەرهەمەدا بە رواڵەت نووسەر هەوڵی داوە لە چوارچێوەی قالب و فۆرمێکی تایبەت و ناسراوی جیهانیدا زمانەکەی خۆی بهاروژێنێ و وەک بەڵگەیەک ئاراستەی خوێنەری ئەدەبیاتی کوردی بکات و بڵێت کە وزەی زمان و ئەدەبی کوردی لە چوارچێوەی فۆرمێکی سێ خەتیدا تا چەن جێگرە و تاچەن ئەو زاراوە شێعرییە دەتوانێ لەگەڵ ئەدەبیاتی تایبەتی کوردیدا جێی خۆی بکاتەوە و بلکێ. بەڵام لە راستیدا داخوا نووسەر لەم بەرهەمەدا توانیوییەتی ئەو هەوڵەی خۆی بەدی بێنێ، یا خۆد تەنیا لە ئاستی تاقیکردنەوە و جریاندنێکی بەرتەسک خۆبەدەستەوە دەدا یان بە پێچەوانەوە لەگەڵ ئەوەیکە کارێکی داهێنەرانەی تاکە لە قالبێکی دیاریکراودا و لە لایەکیتریش هەندێ وزەی شاراوەی زمان و ئەدەبی کوردی بەرجەستە بکاتەوە.

«١»

هایکۆ قالبێکی دیاریکراوی شێعرییە وەک کورتترین جۆری شێعر لە جیهاندا ناسراوە کە پێکهاتەکەی بۆ یەکەم جار نیزیکەی دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا لە دوو قوتابخانە لە ژاپۆندا هاتە ئاراوە کە لە کاتەوە تاکوو ئێستا بێبەری نەبۆ لە گۆڕانکاری و بە پێی ڕەوتی مێژوو ناوەڕۆکگەلی جۆراوجۆری بە خۆیەوە بینیوە کە لە قۆناغێکی دیاریکراو بە تێکەڵاوکردنی فەلسەفەی زەین لە ناخی هایکۆدا دەرەتانێکی بەفراوانتر بەرەورووی ئەم ژانرە هۆنەرییە بووە، کە لەراستیدا لە گشتی بنەما و ناوەرۆکییەکانیدا تەنیا گرینگی دراوە بە شتی بچووک و پەراوێز و هەندێ جار فەرامۆشکراو یا خۆد ئەو شتگەلانەی کە هەموو دەیبینن بەڵام ناتوانن بیخەنە قالبێکەوە و گوزارشتی لێبکەن و ئەوە هایکۆیە کە وەک مێتۆدێک سەر لە نوێ تێڕوانینەکان بە مانای نوێ و بە نیشاندانی





وێنەی ترەوە دەردەخات.

بەربڵاوی بنەما ناوەڕۆکییەکانی شێعری هایکۆ لە ژاپۆندا وای نەکردوو کە کار لە سەر قالبە سەرەکییەکەی بکات و لەم فۆرمی سێ دێرییە بترازێ و تاکوو ئەو شوێنەی بۆی هەبووە فۆرمی خۆی پاراستووە کەوایە دەکرێ بڵێین هایکۆ بە گشتی لە یاسا گونجاو و سەرەتاییەکەی شێعری ژاپۆنی بۆ فۆرم و زمان لاینەداوە و لە پێنج ــ حەوت ــ پێنج بڕگەدا شێعری بەرەو بوارێکی نوێی ئەزموون یا ئەندێشەی شاعیران راکێشە کردووە .

لەم نێوەندەدا هەندێ دەستەواژە و رێکەوەندی سەرەکی و تایبەت بە هایکۆ هەیە کە بێشک لە بواری فۆتێنیکییەوە سەرچاوە لە شوێنی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە داهێنانە دەگرێ بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێ کە سەر بە هەستی مرۆڤە و کانگای سەرەتاییەکەی رووحی مرۆڤ بووە و هەیە و ئەم کۆمەڵە هایکۆیەی بەردەست بێبەری نەبووە لەم تایبەتمەندییەی کە بە پێی ئەم دەستەواژانە ناودێر دەکرێن. لێرەدا بە پێی پێویست و گونجانیان لەم بەرهەمەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین.

یەک لەوانە "وابی"یە کە بەهۆی لە کار نەکردنی باری سرووشتی و وەرزەوشە لەو بەرهەمەدا و بەگشتی گۆڕینی باری سرووشتی بۆ گونجانی باری کۆمەڵایەتی پێناسەیەکی بەربڵاوتر لە خۆ دەگرێ و خاڵی بەقەوەت و لایەنی بەرزی و پێداگری شێعری لە روانگەی جیهانی دەرەوەی هزری شاعیر، گەلێک بچووک و بەرتەسک خۆ دەنوێنێ و لە راستیدا گەورەترین سامانی شاعیرە ..

راژگە
چەنێک ماچت دەمێ ؟
کانیاوی بزەم هەڵنەگەڕێ.

یان:

" دەست"م
لە بەرۆکی خەیاڵی هەوەسمەو
شەقام گوڵباران .

کە ئەم سامانە دەکرێ خەیاڵ، هەست، بزە یان بیرۆکەیەکی تەنانەت بچووک و بێ بایەخیش بێ .

دووهەمیان "سابی"یە کە ئاماژە بە تەنیاییەک دەکات کە زۆر بە دەگمەن لە ناخی کەسایەتی و ئاکارەکانی ئەکتەرێکی شانۆ یاخۆد سینەما هەست پێدەکرێ، تەنیاییەکە کە لە گەڕانەوە و گەڕانێک بۆ ناخی خوڵقێنەر دەست دەکەوێ و بە پرتاو هەستی خوێنەرەوە دەبزوێنێ، ئەوە تەنیا نووسەرە کە هەستی بە سەرچاوەی ئەم دیاردەیە کردووە و بێ هیچ ترسێک لە وتن و خستنە بەرچاوی خۆی، دەیدرکێنێ..

تەنیاییم چۆن بژیێ ؟

" تف "

مێژۆکی ساوایەتیم نەبێ.

یان :

" پەژان"م

چەن غەریب و نامۆیە

لە تنۆکە ئاوێکدا.

سێهەمیان "ئاوارە"یە کە نە بە تەواوەتی ئاماژەیە بۆ خەم و نە هەستێکیشە کە دەرئەنجامیکی تاراوگە بێت بەڵکوو بە گشتی بریتییە لە تامەزرۆیی گەڕانەوە بۆ رابردووی خوازراو. لە راستیدا سەرچاوە لە رابردوویەك دەگرێ کە لە لای خولقێنەر دڵخۆشکەر و خۆشەویست بووە یاکوو تەنانەت هەستێکی خۆشی پێدەبەخشێ.

"من"

کچەکەی گۆرانی شەڤرەشی دایکم و

تاقڕانی.

بەڵام هایکۆ لە روانگەی شاعیرەوە سەرەتایەك بوو بۆ دەسپێکی سەفەرێکی شێتانە کە هەر سووچەی بزۆزی و تەماحێکی نەسرەوتووی لە تەکدا خویا دەبێ و لە وشەیەکدا کۆ دەبێتەوە و بە سێ دێڕان ئامێز دەکاتەوە بۆ میوانییەك کە چەقڵەسەمای شەڕاب و خەڵووز و سووتانی باڵە و فیتەفیتی نەزۆکی خۆمە لە رووخساری ئاوێنەوە و بە کۆ پێیەکان دەگیرسێنێتەوە لە جەغزی کوێری‌دا و لە حەقدە برگاندا نەقووڕچان لە ناخ و رووح دەگرێ کە لە بێداری خۆی ئەرخەیان‌تریان کاتەوە.

لەم وتارەدا هەوڵدراوە بۆ پۆلێنکردنی تایبەتمەندییەکانی زمانی و هەروەها دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی بەرهەمەکە بە بواری کۆمەڵایەتی و ئاماژە کردن بە رێبازێکی دیار کە بە تایبەتی ئەم بەرهەمە پەیڕەوی لێدەکات .

«۲»

جۆن ئاشبێری رای وایە: ئەو شێعرەی کە شتێك دەڵێت پێش ئەو خوێنەر ئەو شتە دەزانێت (چێژ بێت یا مەعریفەت ) ئەوە لە راستی‌دا ئەو جۆرە شێعرە هیچ نادات بە خوێنەر و لە رووی حسی و مەعریفیشەوە داهێنان نییە و هیچ بەهایەکی نییە" ئەمە تا رادەیەك بەو واتایەی کە شێعر بەر لە هەر شتێ پێویستە جیهانبینێکی نوێ هەڵبگرێت.

سا بچێژە

نیشانەکانی ئازار—

تاوان لە «کێلگە بوون»مانە

شاعیر لە چوارچێوەی زمانێکی رەخنە ئامێزی دیاریکراو بەرانبەر بە دەسەڵات یان باشتر وایە بڵێن کلتوور و نەریتێك کە لە ناخی‌دا پێگەیوە و تێروانین و رامانێکی





جیاوازی بۆ براوەتەوە و لە هەوڵی هێنانە کایەی سەرسووڕمانێکی گشتی بەرانبەر بە دەسەڵات و نەریتەی کە وایکردووە حەز و ئارەزووکانی خۆمان وەك تاك لە ناخ و زەیندا بنبەست بکرێ و بە پێچەوانە حەزەکانی ئەوانی‌تر کە لە ناخی ئێمەدا رەنگ بە خۆوە ناگرن، بە ئامانجی سەرەکی خۆی بگات لێرەدا مەبەست لە تاك تەنیا وەك شاعیر نییە..

من و سێ را

من و ئاوێنە و پەتێك

منێك و من و هۆر.

هەر کام لەو منانە رۆڵێ کەسایەتێك دەگێڕن کە دەکرێ جیا و جیاواز بن لە شاعیر و دەکرێ بڵێن بە گشتی تەواوی ئەو تاکانەی ناو کۆمەڵگایەك دەگرێتەوە. بەم شێوەیە شاعیر بە گژ ئافەتەکانی ژیان چووە و نەهامەتییەکانی دەسنیشان کردووە و مانیفستی شێعری خۆی بەرەو رێبازێکی دیاریکراو لە بەستێنی بیرێکی نوێ بەرەو داهێنانێکی لەبارتر تەیار دەکات. تەنانەت ئەم دیسیپلینە دیارە لە نێو و بەرگی کتێبەکەشدا رەنگی داوەتەوە و وا دەردەکەوێ کە نووسەر بە گشتی بۆ بەدیهێنانی بەرهەمەکەی ئەم رێبازەی رەچاو کردووە. بە چەشنێ کە هەوڵ دەدا دژایەتییەکان، نەوەکوو دیارده پێکەوە گونجاوەکان زیاتر بەرجەستە بکاتەوە و لەم پێوەندییەدا رەفزی ئەو مەنتیقە سواوەی بکات کە رێگرە لە بەردەم رامانی زێدەتر و رێخۆشکەرە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵێکی نائاگا.

تەنانەت هەندێ جار لە پێکهاتەی زمانی شێعرییەتی کەلك وەردەگرێ بۆ گەیاندنی توانای عەقڵانی لە رۆچنەی باوەڕهێنانەوە و بۆ راهێنان لە سەر هۆنەری تایبەتی مەبەستی خۆی پێداگرە لە سەر راهێنان بە باوەڕداربوون بۆ کەسایەتییەکی تاك لە ناو کۆمەڵگادا. لە راستی‌دا ئەمە هێمایەکی زۆر گرینگە بۆ هەر کەسێ بە تەمای رزگاربوون لە کۆی ئەو نەریتە نارێکە باوانە بێ و خوازیاری پێکهێنانی ئاڵوگۆرێك لە ناو کۆمەڵگادا بێت .

لەم بەرهەمە شێعرییەدا تا رادەیەك پێداویستەکانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەستنیشان کراوە و لە لایەکی‌تر ئەو ناکۆکیانەی لە ناو کۆمەڵگادا بۆ گەیشتن بەو پێداویستیانە رێگرن، بەرجەستە دەبێتەوە. هەندێ جار رێوشوێنێك دیاری دەکرێت بۆ کەمرەنگکردنەوەی ئەو ناکۆکیانە و پێکهێنانی ئاڵوگۆرێك و لە ئاکامدا گەیشتن بە پێداویستەکانی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤی پێ نەخشین‌تر دەکرێ.

بە گشتی هایکۆی بەرهەمهاتوو لەم

نووسەرە، هەڵگری تایبەتمەندییەکی خوازەییە و سەرچاوە لە تەوژمێك دەگرێ کە ئەزموونی مەعریفی لە خۆی بار کردووە بە چەشنێ کە خوێنەرەوەی بەرەورووی هەندێ بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی کردووە کە لە جیهانی دەرەوە ڕەنگ بە خۆوە دەگرێ و لە ڕاستیدا ( با "با" چیتر نەتانخووسێنێ ) دیاردەیەکە کە لە ناو کۆمەڵگای گشتی شاعیر سەری هەڵداوە و ناتوانێ بێبەری بێ لەم حاڵەتە ئەخلاقی و تێمی کۆمەڵایەتییە و گریمانەی وەی دەکرێ کە ئایا شاعیر بە تەمایە هەڵوێست بگرێ بەرانبەر بەو بەها ئەخلاقی و تێمی کۆمەڵایەتییە؟ یان بە لایەکیترەوە سەر بە ئایدۆلۆژیایەکی تایبەتە و دەخوازێ لەم ڕێرەوە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای باوەڕپێکراوی خۆی بە سەر خوێنەردا بچەسپێنێ؟ یان خۆد هێڵێك دابڕێژێ بۆ سنووردارکردنی حەز و خولیا مرۆڤایەتییەکان؟ یان با بڵێین دەرەتانێکی پێکهێناوە بۆ دەستەمۆکردنی ویستە ناوەکییەکانی مرۆڤ و خۆدەربازکردن لەم خوازە دەروونییانە؟

ئەمانە و زۆر پرسیارگەلیتر هەن کە زەینی خوێنەری لە کاتی خوێندنەوەی کۆمەڵە هایکۆی (با "با" چیتر نەتانخووسێنێ ) دەهاروژێنێ بەڵام ئەوەی بە زەقی هەستی پێدەکرێ ئەوەیە کە پەیوەندییەکی بەپێز لە نێوان جیهانی دەرەوە و جیهانی ناوەوەی شاعیر پێکهاتووە و شاعیر ڕاشکاوانە جیهانی ناوەوە واتە جیهانی هەست و ئارەزووکانی لە دەلاقەی جیهانی دەرەوە ڕادەگوێزێ و بەرانبەر بەو بەها ئەخلاقی و کۆمەڵایەتییە ڕووگرژە " ئەم ڕووگرژییە بەو واتایە نێ کە بە تەما بێت وەلایان بنێت و لێیان ترۆ بێت بەڵکوو بەگشتی مەبەستێتی هەست و نەستەکانی خۆی لە ناو ئەم دیاردە کۆمەڵایەتییانەدا بدۆزێتەوە و بەرەورووی خولیا شاراوەکانی بێت و بەگشتی تێفکرین و ڕامان دەکات بۆ جیهانی دەرەوە و گشت دیاردە کۆمەڵایەتییەکان تاکوو دۆزینەوەی زۆرینەی ئارەزوو و هەستەکانی ناخی نووسەی بەرهەم بێنێ و لە ڕاستیدا ئەمەیە کە ئەم بەستێنە دەرەخسێنێ کە (با "با" چیتر نەتانخووسێنێ ) یاخی پێشان بدرێ و تەنانەت هەندێ جار یاخیترینەتر بێ لە خۆیشی..

کچن و هەنیسکێك دۆڕاو

قێز...! قێز !

ژانە شەرمێك دەخۆنەوە .

یان بۆ ڕزگاربوون لەم وەهمە پەنا دەباتە بەر سێبەر وەك دەرەتانێك بۆ دەرباز بوون لە نەریتێکی چەقبەستوو کە خوازەی مرۆڤی ( نووسەری ) لە ناودا بەدی نایەت و وەهای دەنەخشێنێ کە چ ترسی لە شوردنەوەشی نییە .

دڵگیر مەبە

سێبەرێکمان نەخشاند

ئاویش نایشواتەوە .

لەم حاڵەتەدا شاعیر ئەزموونی زاتی خۆی لە شێعرەکانیدا دەخاتە ڕوو و پشت بە مەعریفەی تاکی خۆی دەبەستێت و جیهانبینێکی نوێ لە شێعرەکانیدا بار دەکات و بەم جۆرە داهێنان دەکات کە ئەم داهێنانە پەیڕەوی لە هەڵبژاردنێکی ئازاد و وشیار لە کۆدەکانی زمانی دەکا ئەگەرچی ئەم ئاگاییە هەندێ جار دەمامکی نائاگایی دایدەپۆشێ بەڵام بە گشتی شێوازێك دەگرێتە بەر کە خۆی لە گێڕانەوە دەپارێزێ و ئەرکی وتنەوە و وتن دەخاتە ئەستووی وشە. خوێنەرەوەی لە بەدیکردنی واتایەکی دیار بۆ وشەیەکی دیاریکراو کە هەندێ جار سنووری گشت واتاکانی داسەپاوی خۆی دەبەزێنێ و واتایەکی نوێ و تازە بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و هەندێ جاریش لە مانا ڕواڵەتییەکەی زیاتر ڕۆدەچێ بە شێوەیەکی تایبەتیتر لە سەر واتا ڕواڵەتییەکەی پێداگرە، ڕزگار دەکات و دەستی خوێنەرەوە ئاوەڵا دەکات کە خۆی واتا بۆ وشەکان دیاری بکات" وەها کە وشەی لە یەقینەوە بۆ گومان دەبات و لە تەك مانابییەوە بۆ فرەواتایی ڕادەگوێزێ و بۆ نوێکردنەوەی مانا و زمان هەنگاو دەنێتەوە و ئەم مەعریفە سەرچاوە لە ئەزموونێکی مێژووی دەگرێ و بێگومان ئەنجامی تێپەڕکردنی قۆناغێکی دیاری نووسەرە .

«٣»

تا ڕادەیەکی زۆر زمانی ئەم بەرهەمە هایکۆییە توانای مەدلوولاتی جۆراوجۆری هەیە. وشە سەربەخۆکان ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕن لە بەدیهێنانی ئەم جەغزی مەدلوولاتییە" وەها کە هەر کام لەم وشانە دەکرێ کلیلێك بن بۆ کردنەوەی دەق و شیکردنەوەی هەرە زێدەتری ئاماژەپێکراوەکان و ئاشکراکردنی نەهێنی و نادیارییەکانی هایکۆکان، ئەمە لە حاڵێك دایە کە بە پێی ڕوانگەی گادامێرەوە هیچ کات ناتوانی وشەیەك بدۆزێتەوە کە شتێکی بە بێگومان و بە عینییەت بدرکێنێ بە چەشنێ کە یەك هایکۆ دەرەتانێکی زۆر بەرهەم دێنێ بۆ پێکهێنانی مەدلوولەکان و نەخشاندنی دالەکان. بەڵام ئایا هایکۆ بە پێی ئەو قەوارە سەرەتاییەی بۆی دیاریکراوە هەڵگری ئەم زمانە بەربڵاوە هەیە یان تەنیا نەخشاندنی وێنەیەکی مەبەست بێ کە

تەنیا ڕۆڵێکی بۆنزایی ( فەلسەفی ) بگێڕێ یاکوو تەنانەت سەرچاوەی لە زەینی بودایی وەرگرتبێ وەك ..

گەڵاکان
لە"با" بپرسن
کامتان یەکەمین گەڵا بوون کەوتنە خوار

سۆشۆکی

ئیشکردن لە سەر زمانی ئەم بەرهەمە ئەم بەستێنەی ڕەخساندووە کە خوێنەر بە ئاراستەیەکەوە نەڕوانێتە دنیای شێعرەکە و تەنیا یەك ناوەڕۆك دیاری بکات. ئەمبێرتۆ ئیکۆ دەڵێت: بەرهەمی هۆنەری نابێت بەرهەمێکی داخراوە بێت کە لە ڕاستیدا ئەم تایبەتمەندییەی ئاماژەی پێکرا بەڵگەیەکە بۆ ئەم بەرهەمە کە لانیکەم وەك بەرهەمێکی کراوە تێڕوانینمان لە سەری هەبێ.

من بزە نیم و
"بزە"
ماندووی ژوانێکی بێتاوانە لێم .

جووڵە لە وشەدا بزاوی هزری و زەینی زێدەتر دەکات. بۆ وێنە لەم هایکۆیەدا «بزە» لە بواری سینتاکسەوە واتا دەوری وشە لە ڕستەدا دوو ڕۆڵی سەرەی دەگێڕێ و بێگومان ئەم دوو ڕۆڵە شوێن لەسەر واتا و مانای وشەکە دادەنێ و بە یەك واتا خۆ بەدەستەوە نادا بەڵکوو باری سیمانتیکی وشە فرەتر دەکات .

«٤»

بێشك بەرهەمی ئەدەبی ژانرێکە کە لە ڕاستیدا بارگاوی کراوە لە هزرێك، کە ئەم هزرە بۆی هەیە نێگەتیڤ بێ یان پۆزەتیڤ. لە هەر حاڵدا بەرهەمی ئەدەبی پابەندی ئەم هزرەیە و بە تەمایە گوزارشتی لێبکا. بۆ وێنە نووسەری هایکۆ لە ڕاستیدا بیرۆکەیەك هانی داوە و هەستی بزواندووە جا ئەم بیرۆکەیە لە زەین و هەستیدا چەشنی تەمومژێك بووبێ یان ڕوون و ئاشکرا بێت، ئەوە ئەرکێکی خستۆتە سەر شانی نووسەر کە هەوڵ بدا گوزارشتی لێ بکا. لە لایەکیتر ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم بیرۆکەیە بە تەواوەتی نەگوازرێتەوە ناو بەرهەمەکە و هەمیسان هەندێ گۆشەنیگا و بۆچوون لە مێشکدا پێکهێنەری ئەم بیرۆکەیە بووبن کە بەرانبەر بە یەك لە پەلەقاژە دابن.

ئەمە حاڵەتێکە کە نووسەر و بەتایبەتی شاعیر لە پێش نووسیندا بەرەورووی دەبێتەوە و دەسکەوتی ئەم حاڵەتە بەرهەمێکە کە پێکدێ، بەڵام ئەوە کاتی نووسینە کە زیاتر لە هەموو کاتێ ڕەنگ لەو حاڵەتە وەردەگرێ. ئەمە کاتێکە کە لە سێ ئاستاندا خۆی دەنوێنێ" یەکەم : بینراوەکان واتا ئەو ئاستەی کە خەزێنەی ڕۆشنبیری شاعیر تەنیا بە ڕۆچوون لە ناخی کۆمەڵگا ناوەستێ بەڵکوو پەنا دەباتە بەر کەرەستە گەلیتر کە لە ناو کۆمەڵگادا باوەڕپێکراوە و زۆر جار وەك بەڵگەیەك پشتی پێدەبەستن و نەریتە نارێکەکانی پێ جێگرتر دەکەن :

سا بچێژە
نیشانەکانی ئازار—
تاوان لە "کێڵگە بوون"مانە .

دووهەم : بونیادە قووڵەکانی هزری نووسەرە کە لە ڕاستیدا خوێنەری تووشی وەستان و ڕامانێك دەکات و نووسەر تا چەن توانای هەبۆ لە پێکهێنانی پێوەندی لە زمانی هزری زەینی و زمانی ئەم کۆمەڵە بۆچوون و گۆشەنیگایەی کە لە مێشکیدا جێگر بووە و بە جۆرێك کە لە زمانێکی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو لایەنە بەدی بکرێ کە ئەگەری پچڕانی تا ڕادەیەکی زۆر نەوی کردبێ و هەمیش پێداویستی هۆنەری بەرهەمەکەی ڕابگرێ.

ژن لە شێعر و
من لە ژندا —
سەرەتای سەفەرێکی شێتانەین.

ئەم هایکۆیە لە ڕاستیدا هێڵێکی سەرەکی دیاری دەکات بۆ ڕۆچوون بۆ ناخی ئەم بونیادە لە زەینی نووسەر و لایەنە جێی سرنجەکانی ئەم بونیادە بۆ خوێنەرەوە دیاری دەکات.

ئەگەر بێتوو بەپێی کۆد یان کێڵگەیەکی واتایی لە ناو ئەم هایکۆیەدا بۆ ناخی شێعرەکە ڕۆ بچین" بۆی هەیە کە تەنیا بیرۆکەیەك لە ناو ئەم سێ دێڕە شێعرییە بیچم بکرێ و پێکهاتەیەکی ئەستوونی بە خۆیەوە بگرە، بەڵام بێگومان نکۆڵی لەوش ناکرێ کە هەر کام لەو وشانە دەکرێ کۆدێکی سەربەخۆ و جیاواز بن و لە هەمان کاتیشدا پەیوەندییکی قووڵ لەگەڵ یەکتر پێکبێنن و ئەگەر بێتوو لەم ڕێڕەوە بڕوانینە شێعرەکە، پێکهاتەیەکی ڕایەڵەیی هەست پێدەکرێ کە هەر کام لەم ڕایەڵانە دەکرێ لە چەندین جەمسەرەوە بارگاوی بکرێن کە لە هەر کام لەم بەستەرانەدا گۆشەنیگا و بۆچوونی هزری نووسەر بەرجەستە دەکرێت .

بەم پێیە دەکرێ بڵێین ئەم هایکۆیە دەتوانرێ سەرچاوەیەکی پڕ لە وزە بێ بۆ بەدیکردنی بیرۆکە سەرەکییەکانی پێکهێنەر بۆ ئەم بونیادە لە لایەن شاعیرەوە .

تەنیاییم چۆن ببزوێنێ
" تف"
مێژۆکی ساوەیەتیم نەبێ .

سێهەم: بونیادی ڕووکەش و ئەوەیکە

نووسەر تا چەن توانای هەیە لە هەڵبژاردنی لایەنە بەنرخەکان تاکوو ئەزموون و بیرۆکەی خۆی لە زماندا بگوازێتەوە. دیاردە سەرەکییەکەی لەم بەرهەمەدا نووسەر دەستی داوەتێ و تەقەلای بۆ گەیشتنی هەیە بە ڕای من کەسایەتێکی تایبەت و ناسنامەیەکی دیاریکراوە کە هەندێ جار وەك دوو لایەنی سەرەکی بەرانبەر بە یەك ڕادەوەستن، بەرانبەر بە یەك لە هەوڵی پێگەیشتن دابوون و بەرهەڵستی یەکتر بوونەتەوە و دژ بە یەك بەرهەمەکەیان پێگەیاندووە و تەنانەت هەندێ جاریش لایەنە بەرانبەرەکەی نەفی کراوەتەوە بۆ گەیشتن بە کەسایەتێکی یەکدەست و یەکگرتوو کە لە ڕاستیدا بە قازانجی کەسایەتی جێی سرنجی نووسەر بووە و بە تێکرایی لە پێگەیاندنی دێڕی کۆتایی هایکۆدا هەنگاویان ناوەتەوە .

من و
"نیشانەکانی ئازار"ــــ
گەشەی خەونێکی بێ غوسڵین.

ئەم بونیادە دەستێکی باڵای هەیە لە ڕەنگدانەوەی باری هایکۆیی هایکۆکان لەو چوارچێوەی باسی لەسەر کرا، بەو جۆرەی کە تایبەتمەندی سەرەکی هایکۆ چ لە ژاپۆن و چ لە لایەن ئینگلیزییەکانەوە زۆر جاران خاوەنی هێڵێکی بڕینە کە ئەگەر جگە لە بواری ڕێزمانی ئەم هێمایە بڕوانینە ڕۆڵی ئەم هێڵە لە هایکۆدا، ئەم دوو پاژییە و لە ئاکامدا هەوڵدانیان بۆ پێکهێنانی پاژی سێهەم دەرفەتێك دەخوڵقێنێ کە لایەنە بەنرخەکانی بیرۆکەی نووسەر بە قەوەتتر و سەربەخۆتر خۆ پێشان بدەن و لە کۆتاییدا ئامانجێك دەکەوێتە دەستی کە لە ئاڵوێرکردنی ئەم دوو لایەنە بەرهەم دێت.

من ـــ
لە چێژی تەمەن بەفر و بزە هەنیسك
تۆش کاژستان.

هەندێ جار ئەم پاژبەندییە تەکووزی خۆی دەبەزێنێ و گۆڕان لە شوێنی دێڕەکان بەدی دەکرێ. لە ئاکامدا بەو شێوەیە نووسەر هەر دوو لایەن یان با بڵێن چەندین لایەن بۆ خوێنەر دەخاتە ڕوو و بەپێی مێتۆدی شێعرییەت و بنیادی زمانەوە زانست و مەعریفەتێك بۆ خوێنەر بەرهەم دێنێ کە لە ڕاستیدا ئەزموونی گوتارێکی دەستە جەمعییە. کاتێك خوێنەر گەیشتە ئەو ئاستەی شیکردنەوەی بەرهەمەکە و مەعریفەی بەرهەمەکەی لا پەسەند بوو. ئەوە تا ڕادەیەك بەو چێژە دەگات کە لە ڕوانگەی "بارت"ەوە دەرئەنجامێکە لە شیکردنەوەی دەقێکی





داهێنەرانە هەستی پێدەکرێت .

**سەرچاوەکان :**

**١.تریفەی مانگ لەسەر دارکاژ(هایکۆ).و،لە فارسی بۆ کوردی جەبار سابیر.**
**٢.با"با" چیتر نەتانخووسێنێ(هایکۆ). شەویار گولابی ئازەر.**
**٣.بەراوەردی پۆستەرە شێعر و هایکۆی ژاپۆنی.بۆشرا کەسنەزانی.**
**٤.بیری رەخنەیی هاوچەرخ.کۆمەڵە وتاری وەرگێڕدراو.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد .**
**٥.گەڕان بە دوای بووندا یۆتۆپیای ئازادی.لێکۆڵینەوەێ ئەدەبی. عەتا قەرەداخی .**
**٦.ڕێبازە ئەدەبییەکان .دۆکتور هێمداد حوسێن.**
**٧.بنەمای هایکۆنوسی. ئینترنێت.**

# كوڕی گوڵە خوێناوییەكەی گۆران

ئاری عوسمان خەیات - كفری

*تێبینی/ باشتروایە پێش خوێندنەوەی ئەم چیرۆكە، خوێنەر بگەڕێتەوە بۆ بۆ لاپەڕە (١٩٠)ی چاپی یەكەمی دیوانی عەبدوڵڵا گۆران، یان ئەم لاپەڕانەی لای خوارەوە، كە بەرامبەر چاپەكانیان دیاری كراون :

(٩١)چاپی سێیەم

(٨٧)چاپی دووەم

(٩٥)چاپی چوارەم... كورە چووزانم خۆ مەعقول نییە، خوێنەری كورد، ئەوەشی نەخوێندبێتەوە.

من دەمێكە دەمەوێ باسی ئەو كوڕەی گوڵە خوێناوییەكەتان بۆ بگەم، بەڵام هێشتا لەسەر ئەوە ڕێك نەكەوتووین، كە چۆن دەست پێ بكەین، كە ئەڵێم (ڕێك نەكەوتووین چۆن دەست پێ بكەین)،







مەبەستم لە منو خۆمە، بەڵام هەرچۆنێك بێ لە ئێستەدا، بۆچوونی من بەسەر خۆمدا زاڵ بوو، بەوەی پێم گوت: با هیچ نەبێ شتێك هەر بۆ خوێنەران بگێڕمەوە، چونكە ئەمە پەیوەندی بە ژیانی ئەوانەوە هەیە... ئیدی ئەویش (خۆم) لێگەڕا، ئەوەندەی بتوانم لەو شوێنەوە دەست پێ بكەم، كە گۆران دەنووسێت:

ڕاكشێ تاوێ سەر بنێرە سەر ڕانم

با بگریم بۆ دڵێ بۆ گوڵێ دۆڕانم

) هەڵبەت ئەمە دوا حیواری كچەیە، كە بەو كوڕە داماوەی دەڵێت(

لەڕاستیدا نازانم بۆچی گۆران پێمان ناڵێ، دوای ئەو حیوارە عەنتیكەیە، كوڕەی گوڵە خوێناوییەكە چی بەسەر دێت، من بڕوام بەو قسە قۆڕە نییە، كە دەبێ خوێنەر خۆی لەوە تێ بگاو ئەمە كۆتاییەكی نازانم چییەو ئەم شتانە... چونكە بیرتان نەچێ شاعیران بەشێوەیەك خوێنەر لەناو زمانی مەجازدا ون دەكەن، مەگەر بەس خۆیان بزانن... ئەوەتا گۆرانیش بەو شێوەیە سەرەداوی چیرۆكە ڕاستەقینەكەی لێ ون كردووین... بەڵێ، هەر ئەمەش لە سەرەتاوە كێشەی نێوان منو خۆم بوو، كە ئەگەر ئێمە هیچ سەرەداوێكمان بەدەستەوە نییە، ئەدی چۆن بتوانین چیرۆكی عەشقێكیوا بگێڕینەوە؟

هەنوكە منیش لەبەردەم هەمان كێشەی گەورەدام، واتە ناتوانم چیرۆكەكەتان لە سەرەتاوە بۆ بگێڕمەوە، بەڵام تازە بڕیارێكەو داومە.. دەی ئەوەیە دەبێ بە ناچاری لەو كۆتاییەی گۆرانەوە دەست پێ بكەمو بەمەش ڕاستەوخۆ دەتانگوێزمەوە سەر كۆتایی مەسەلەكە..

كەواتە ئەوەی من بۆتانی دەگێڕمەوە چیرۆكی كۆتاییەكانەو هەرگیز تۆی خوێنەر ناتوانی بەهیچ شێوەیەك سەرەتا ڕاستەقینەكەی بدۆزیتەوە، نە لەم چیرۆكەی منو نە لە شیعرەكەی گۆرانیشدا، چونكە هەمیشە سەرەتاكان نادیارن، سەرەتاكانی عەشق دەڵێم، ئەو عەشقەی كە هەركەسەو بە خواستی خۆی ناوێكی لێ دەنێت، وەك ئەوەی دەڵێن: عەشق كوێرە، یان شەلە!! لەم ڕوانگەوە ئێمە ناتوانین ئەوە بسەلمێنین ئاخۆ چۆنو بە چ شێوەیەك ئەم كوڕە دڵی لەو كچە چووە، كە ئەوەشمان نەزانێ، دواجار لەوەش تێ ناگەیەین، چۆنو بۆچی تا ئەو ڕادەیە، كچەی پەرستووە؟

بەڵێ.. وەك گوتم ئەوەی پێویستە بیزانن ئەم كۆتاییە سەیرەیە، ئەویش: دوای ئەوەی بەخێراییەكی سەیرو پەرجووئاسا ئەمبۆلانسەكە دەگاتە شوێنی ڕووداوەكەو بە پەلە كوڕەكە دەگەیەنێتە یەكێك لە






گزنگ ١٠٢
ئایار ٢٠١٢

باشـــترین نەخۆشـــخانەکانی وڵاتو لـــەوێ دکتۆرێکی بەڕەحم، تیماری برینەکـەی سـەر دڵـی دەکـات، ئیـدی ئێـستا هــەروەك خـۆی دەیگێڕێتەوە، باوکی پێـنج منـاڵی چـاو زیتـە (خوا نەیبڕێ)، کە تەمەنی هەریـەکیان تـەنها یەك ساڵیان نێوانـە. بەڕاسـت کوڕەکـە ئـەوە چەند ساڵێکیشە خوێندنی زانکۆی بە ئاسـتی (باش) تـەواو کـردووە، بـەڵام هێـشتا تـەعین نەبووە... کوڕەکە ئێستا هەموو شتێکی وەك هێڵێکـــی کاڵـــەوەبووی یادگارییـــەکان لا ماوەتـــەوە، هەرچـــۆنێك بمانـــەوێ شـــتێك لەبارەی سـەرەتای عەشـقی ئـەو، بـۆ کـچەی گرووڵێگرتـووی بـزانین، بـە خەمبارییەکـەوە دەڵێ: تەعین نـەبوون کـەی کێـشە بـوو، مـن خـوام لە حەفازە گۆڕین نەماوە!

وتار و لێکۆڵینەوە



# من و دەریا و عەباس جەمیل جیماو

ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

شیعر بارانە ئاسمانی دەروون و سرووشت جوان دەکا، خەونە لە ڕۆخی دەریاکاندا لە ئاریشەی ڕۆژگار ورد دەبێتەوە، میوانێکە لە ناخی ئاو و هەموو گومان و ڕاستییەکان دەکۆڵێتەوە، شیعر تارماییەکان لە توێی.. وێنە و مەبەستا شیدەکاتەوە، هەناسەیە دڵ لە پەستی زاخ دەدا، چاوە.. نیگاکان دەژمێرێ لە مەملەکەتی هەنسکا.. لە ڤیان دەگەڕێ.

(من و دەریا).. کتێبێکی شاعیر عەباس جیماوە، لەلایەن یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوکەوە بەچاپ گەیشتووە. کۆمەڵە شیعرێکی تێدا لەدایکبووە.

ئەی ژنە ئاوییە
بەردەکان
دەیانەوێت شتێك بڵێین
سێ شەوە
پەنجاکانیشت
بەرگی قرشیان پۆشیوە
لەکاتێکدا خۆیان تۆبەرەی وردە یاقوتن

شاعیر پێناسەی ژنێکمان بۆدەکات...





ڕەنگە لەناخیدا جۆرە وشکییەك بەدی بکرێت، هێندە بە سیمای عەشق و جوانیەکاندا نەڕوانیێ. بێهودەییەکی بەباڵای شاعیردا بڕیبێ، ئەو سووتانەی ئەم بە گڕی دامرکاوە، وشەکانی باڵیان لە کوانووی بێ ئەمەکیدا.. لە گیانەڵای نەمریدان و دەیانەوێ جاویدانیەك لەنێو ژانەکانی عومرا بپۆشن.

وەلێ ئەو بێئاگایە لەمانای ئەمەك و ڕاستیەکان، تەنانەت لەبەرانبەردا بەردەکانیش دەیانەوێت بێنە گۆ، هەرچوون پەنجە نیانەکانی بەرگی بێبەزەییان پۆشیوە، قرش ئاسا نیازیان لەناوبردنی چوارچێوەی خۆیانن. لە کاتێکدا سەرچاوەیان ئاوە و.. پێکهاتەی مرواری و یاقووتن، ئەم کاردانەوە و ڕەنگدانەوەیە. کێ دروستی کردووە، کەسەکان یاخود کچە ئاوییەکە.. خۆی تەنها بە رووکەشی بارانی بەزەیی لەبەژنی دەبارێ و لەناخەوەش نیازی لەناوبردنی دڵسۆزان و شاعیرە. ئەو هاوکێشە دژە باوە.. ئاراستەکەی هۆنیار دەگرێتەوە، ئەوەتا دەڵێت:

منیش لە هۆگریتا
وەکوو نیل بۆ ئێوارە خوانێکی سینەت و
پێکێك لە سۆز
پێچەوانەی گشت ئادەمییەکی کۆلانەکەتان
شەپۆلێ فەزای هەستەکانم
تا بێ گەورەتر دەبن

شاعیر لاواز و گۆشەگیرە لە ئاستی دڵخوازەکەیدا، هەر بۆیە ئاوەژوو لە کۆمەڵ و ناسیاوانی، لەبەر خاتری دڵەکەی نیل ئاسا.. هەموو مەوداکانی تەسك کردووەتەوە و کۆمەڵ پەراوێز دەکات و لە خاڵی بەژووان گەیشتێکا.. لە سینەی دڵدارەکەیدا دەتوێتەوە، بۆ ئەوەی پێکێك لە خۆشەویستی هەڵدا و هەموو شەپۆلەکان تێك شکێنێ. هەموو چرکەساتێکیش بەتاوتر.. بۆ مەبەستی دەکۆشێ و تاو ئەدات.

شاعیر چاك دەزانێت، ساردیەك لەبەرامبەردا چرپووەتەوە و تەنانەت چاك هەست بە سەدای ناخی دەکات.

پێنووسە سێ برگەکەشت
وەکوو غەزەلێکی پڕاو
دەنگ و بێ ژانن
لەکاتێکدا
شەپۆلی پەیڤ وەنەوشەیی و
شەیدای عیشق و عیرفانن

شاعیر جۆرە ئالۆزی و نەگونجانێك هەرێمی دەربڕینیان تەنیوە، ئاخر.. (خوازە) سەدای ناخە، ئەوەتا ئاواتەکەی جۆرە تێنەگەیشتنێك لە گوفتار و غەزەلەکانیدا

دەرئەکەوێ کە هەست بە ئەندێشەی ئەم ناکەن، ئیتر چۆن لێشاوێك لە عیشق و عیرفان دروست دەکەن بۆ کێ.. گەر واش بێت بەری وەفا و رەنجی بۆ شاعیر نییە و ئەم فریودراوانە دەیەوێت لەسایەی پەیڤی شیرینی ئەودا ئارام بگرێت.

منیش لەسەرساميا
وەکو منالە قەرەجێك بەلەنگانە
بەبێ زەینی
بۆ نیگایەك
لە کۆڕی ژوانی رازەکانتا
چڵە شیعرێك
پەیکەری دڵم
لە شێوەی بایەکی لماوی
لەبەر پێتا دەڕوانم

هەر بۆیە خۆی وەکوو رەوەندێکی بەستەزمان دێنە پێش چاوو، هەست بە کاڵفامی خۆی دەکات، کەچی کۆڵ نادا، دەیەوێت ئەو گوڵەی بۆنی نەکردووە، رەنگە لە یەخەی ئەمیش نەدرێ، بەگەشاوەیی بمێنێتەوە، بەرامبەر ئەم هەموو دڵڕەقیەی ئەو دڵی بکاتە چڵە شیعرێك و چەشنی چاککەرەوەیەك گەرداوی هەڵوەستەکانی هەڵگرێ.

ئای ئەزیزم
مەرجان هەرەسی هێنا و
دەیەوێت
برۆکانی خۆی بڕوێنێتەوە
چەشنی گوڵە گەنمێك
لەسەر زوڵف قەترانی تۆدا
لەنگەر بگرێ.

شاعیر هێندە بە جوانی ئەڤینەکەی سەرسامە، نیو ئەوەندە.. شەنگیەکی لە ئاکارەکانیدا دەرنەخستووە دار و بەرد و مەرجان.. هەمووی لە بەرامبەر هاوەڵەکەیدا دڕیان داوە و هەرەسیان هێناوە، کەچی ئەم وای دادەنێت هەمووشیان لە خزمەتی ئەودان و دەیانەوێت جوانتری بکەن. ئیتر شاگەشکەی سینە و برۆ و زوڵف قەترانی بووە، لە روانگەی خۆیەوە، هەموو وەکوو ئەو لە هۆڵی ئەودان و هەمان خۆشەویستی ئەم خۆشیانی ئەوێ.

سێبەری ملوانکە
خوێنینەکەشت
لەنێو باخی شەمامەکان
هەر زیکر و
سەما دەکات

شاعیر هێندە سەرشێتانە لە دولبەرەکەی دەڕوانێ، تەنانەت سێبەری ملوانکەکەی کردووە بە سەماکەر و گوایە لەنێو باخی مەمکەکانیدا هەر خەریکی زیکر و حاڵن. ئاخر بۆکێ.. دیارە جێماو خەو دەبینێ هەر بە خەیاڵیش دەگەڕێتەوە بۆلای ئەویندارەکەی.

تۆ بۆمن
بەرامەی گوڵە
تابلۆکانی "ڤانکوخ" ی و
تا ئەبەد پیر نابێ

ئەوەتا ئەوی بە بۆنی ئەو گوڵانە داناوە کە بوونەتە بەهرەی ڤانکوخ و داهێنانەکانی، باشە شاعیر چاك دەزانێت، کە ڤانکوخ بۆ کێ گوێی خۆی بڕی و.. ئاکامیش هەر بۆ یارەکەی بوو. خۆی کوشت. نازانم شاعیر بیر لە چی دەکاتەوە ئەوەتا دەڵێت:

شەرمنن
مەخموورن
ئەستێرەکان
چاوەکانت
مانا بە شەوەزەنگ دەبەخشن

کەواتە شاعیر خۆی بە قەرزاری ئەم نازدارە دەزانێت کە بوونەتە داینەمۆی هەست و نەست و شیعرەکانی کە ئەویش تەنها جوانیەکەیەتی.

هەر دوێ شەو
وەکوو بەدمەستێکی بێ شەراب
دەستی چەپم خستەسەر شانی مانگ و
دەمڕوانیە سەمای
پەرەسێلکەیەکی دەنوك شکاو
غەفرەی عەیارت
بە ڕیتمەوە

شیعر شۆڕبوونەوەیە بۆ دیوی ناوەوەی راستیەکان. دەرهێنانی جوانیە لە شاراوەکان. بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە هەڵسین ناشیرینیەکان جوان بکەین، بەڵکو گەڕانە بەدوای نەزانراوەکاندا و خستنەڕوویان بەو شێوەیەی کە لای زۆرکەس تار و مەنگە.

لە زۆر کۆپلەکانی کاك عەباس جێماودا، هەمان مانا و رێباز دووبارە دەبنەوە، بە دەگمەنیش چووەتە دەرووی دوورگە داخراو و مەنگەکانەوە. ئیتر رەنگە شاعیر ویستبێتی جۆرە دژواریەك دروست بکات و نوێگەری لە توێی شتە ئاشکراکاندا بێنێتە کایەوە، بۆیە وا لە خوێنەر دەکات، جۆرە ماندووبوون و ساردییەك و وشکییەك لە بەرهەمەکانیدا ببینێ.

ئەمەش لە خۆڕا نییە ئەم بۆچوونەم لا دروست بووە، چونکە شیعرەکانی ئەم کتێبەم چاك خوێندەوە، شیعری ئەمڕۆ لێکخشانە لەگەڵ زماندا و خەیاڵی قووڵ و وێنەی شیعری و ریتمی شنە بەخشە. ئیتر پێویستی بە رستەی درێژ و لێکدراو نییە.

دەستخۆشی لە کاك عەباس دەکەم، هەوڵێکی چاکی داوە، ئەم بەرهەمانەشی لەوانەی پێشوو جیاوازترن.. خوازیارم لە بەخششی بەردەوامدا بێت.



ئەرشەد تەحسین عوسمان

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی

# لەچکەکەی خەیاڵ[٧]

# مەملەکەتی حکایەتەکان

## دوایین بەش

**بەشی هەشتەم**

**شوێن و کات**

**یەکەم : کات**

هەرچەندە لەبەشی چوارەمدا " حیکمەتی شەو وەك ڕەگەزێکی ژیان "، بە درێژیی باسی کاتمان کرد و ئەوەمان روون کردەوە کە کاتی ڕووداو بە شێوەیەکی گشتی بایەخ بەشەو دراوە و شەو گرنگی خۆی هەیە، شەو ماڵی لە کۆشکردنی حکایەتەکانە، شەو لەم ڕۆمانەدا بە تریفەی " خەیاڵ " ڕووناك کراوەتەوە و پڕ پڕ کراوە لە چالاکی،لەم ڕۆمانەدا شەوە زۆر تاریکەکان خۆش خەیاڵتر و پڕ نەشئەترن، لەم ڕۆمانەدا شەو تا تاریکتر و درەنگ تر بێت چەم و چنار و تەیرو تیور و ڕەز و باخ و تەنانەت کوچك و کەڵەکیش گۆرانی دەڵێن و قسە و باس دەکەن.

لەم ڕۆمانەدا شەو ڕووحی بە بەردا کراوە و بە قسە هێنراوە، لەم ڕۆمانەدا شەو تەنها



لە دوورەوە تەماشای حکایەت و ڕووداوەکان ناکات، بەڵکو تژیە لە خۆشی و ناخۆشی و جوانی و کارەسات، لەم ڕۆمانەدا شەو پێمان دەڵێت حەیفە بهێڵن خەو توخنی چاوتان بکەوێت و بانگامان دەکات تا لە حزووری شەودا سەرمەستی ئەو لە زەت و جوانیە ببین کە لە شەودا هەیە.

لەم ڕۆمانەدا شەو دەست و پەنجەی لە زووڵفی خەیاڵەکانیدایە و پرچی ئاڵۆزاوی حکایەتەکان شانەدەکات و کارەساتەکان دەنووسێتەوە و موعجیزەکان بەیان دەکات، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نووسەر ئاوڕی لە ڕۆژداوەتەوە کە وەك جێگرەوەی شەو هەژمار دەکرێت ، نووسەر درکی بەئەو ڕاستیە کردووە کە سەرجەمی کۆمەڵگە خوویان بە کار و چالاکیەوە گرتووە لە ڕۆژدا و شەویان زیاتر بۆ خەوتن و پشوودان تەرخان کردووە، هەر بۆیەش نەیویستووە لە خەڵك و کۆمەڵگاکەی دا ببڕێت (نووسەر دەبێ کات و کاری خۆی لە پێناو کۆمەڵدا بێت، ئەو میللەتەی کە لە ناویان دا دەژێت، پێشاندانی ناحەزی و ناپاکێکانیان، لێقەوماوی و چارەڕەشییەکان، هەژاری و نەداری و دەربەدەرییەکان و هەروەها هۆنینەوەی هۆنراوەی ئازادی و خۆشی و پیاهەڵاگوتن بە شادی و کامەرانی و کار و تێکۆشان و شەرەف و ئینسانییەتی خەڵکێکی کە لەگەڵیان دەژی، ئەرکی سەر شانی ئەوییە)[٢٩].

لەم ڕۆمانەدا سەرباری ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە بەشەو دراوە، ڕۆژیش ئەرکی خۆی هەیە و کاری تێدا دەکرێت، ئەوەتا هەموو ڕۆژێك خەیاڵ لە ماڵی باوکیەوە بۆ ماڵی حسە کەڕی مێردی دەبرێتەوە و شەویش لە ماڵی حسە کەڕی مێردیەوە ڕادەکاتەوە بۆ ماڵی ئەحە شاپەی باوکی، ئەمە ڕێك بەشکردنی کاتە بە یەکسانی، ئەوەتا یەکسانی هەیە لە نێوان شەو و ڕۆژدا، چونکە هەر دووکیان ڕۆڵی خۆیان هەیە وەك کات، ( **تا قیامەت ئەم یارییە ناشیرینە بۆ من نابڕێتەوە، بە ڕۆژ باوکم ڕادەستی حسە کەڕم دەکاتەوە و بەشەویش ئەم چەم و چنار و دارستان و تاریکیە ڕێگەی منە و دێمەوە ناو ئەم بێشە تاریکانە و دووبارە توشی تۆ دەبمەوە)**[٢٢٧] .

لەم ڕۆمانەدا زۆرکات دەبینین کاتەکانی ژیان پێچەوانەی واقع کراونەتەوە، بە چەشنێك شەو ڕۆڵی ڕۆژ دەبینێت و کار و چالاکی و فەرمانی تێدا ئەنجام دەدرێت و بە پێچەوانەشەوە ڕۆژ ئەرکی شەوی پێدەسپێردرێت و بۆ خەوتن و پشوودان و




ئەمە پێدانی رۆڵە بە کات، کات لێرەدا کاردەکات و رۆڵی بە بەردا کراوە، کات هاتووەتە قسە و پێمان دەڵێت دەکرێ ئیشەکان و رۆڵ و ئەرکەکان پێچەوانە بکرێنەوە، بەڵام ئایا ئەم دابەشکردنی کاتە دروست و یەکسان جێبەجێکراوە ؟. ئایا رۆژ و شەو هەردوکیان وەك یەك گرنگیان پێدراوە ؟. بێگومانی وەڵامی ئەم پرسیارە نەخێرە، چونکە هەر شەو زیاتر رۆڵی پێ بەخشراوە و ئەرکی شەو و گرنگی شەو زیاتر زەق کراوەتەوە وەك لە رۆژ، بەواتایەکی تر سەرباری هەموو ئەو گرنگیەی کە لە واقعدا رۆژ هەیەتی، بەڵام لەم رۆمانەدا شەو هەژموونی تەواوی هەیە بەسەر سەرجەم رەوتی رۆمانەکەدا، رەنگە ئەمەش لەبەر ئەوە بێت کە (هەرگیز رۆژ بۆ گێڕانەوەی حکایەتەکان نابێت)[لا٤٠].

شتێکی تر کە لە سەر کات هەستی پێدەکرێت ئەو فلاشباکەیە کە نووسەر بۆ پانزە ساڵ پێشتر دەمانباتەوە، یان بە واتایەکی تر نووسەر چەند جارێك سەرنجمان بۆ پانزە ساڵ لەمەو بەر رادەکێشێت، **( مچە پیزێ وا بۆماوەی پانزە ساڵ دەبێت بە رۆژ لە کونی ژوورەوە نایەتە دەرەوە و بەشەویشدا یەك دەقیقەش چیە لە ماڵەوە ئارام ناگرێ و لە دەشت و دەر ژیان بەسەر دەبات)**[لا٣٧]، **(لە هەموو ئەو** حەسانەوە بەکار دێت، **(مچە پیزێ وا بۆماوەی پانزە ساڵ دەبێت بە رۆژ لە کونی ژوورەوە نایەتە دەرەوە و بەشەویشدا یەك دەقیقەش چیە لە ماڵەوە ئارام ناگرێ و لە دەشت و دەر ژیان بەسەر دەبات)**[لا٣٧].

**(بە رۆژا جوڵە ناکات و دەخەوێت بەشەویشدا دەبێتە ئاگری قورەت و ئارامی لێ دەبڕێت)**[لا٣٢].





**شەوانەی ئەو پازدە ساڵەدا هەر شتێکم بینی بێ بەرەو رووی چووم)**[لا٧]، **(بەڵێ لەماوەی ئەو پازدە ساڵەدا بەتایبەت ئەو ماوانەی کۆتاییی)**[لا٨]، **(کچم پازدە ساڵ لەمەو بەر، تازە کەم کەم هاموشۆی ناو ئەم باخ و دارستان و ئەشکەوتانەم دەکرد)**[لا١١]، **(کچێکی تازە پێگەیشتووی هەر وا چواردە پانزە ساڵانم بینی دایکی هێنابووی تا شێخ بیبینێ و عیلاجی ئەو بەڵایەی بکات کە بەسەری هاتووە)**[لا٥٣]،ئەمە سەرباری ئەوەی چەند جارێك سەرنجمان بۆ دو ساڵ لەمەو بەر رادەکێشێت کە خەیاڵی تێدا بە زۆر بەشوودرا.

نووسەر بەتەواوی شپرزە بووە لە نوسینەوەی کات و رۆڵ دان بە کات، هەر بۆیەش لە کۆتایدا خراپ تووشی نا ئومێدی دەبێت و بە بارێکی دەروونی پڕ لە هەڵچوون و داچوونەوە دوا پێکی "شەو" هەڵدەدات، **(دوا پێکم هەڵدا و بەو شەوە ساردوو سامناکە پەنجەرەی ژوورەکەم کردەوە و قەڵەمەکەم فڕێ دا)**[لا٢٠٠]، ئەمەش بۆخۆی دان پێدا نانێکی نووسەرە لەسەر ئەوەی کە هەر لەشەودا ئەم رۆمانە و حکایەتەکانی ناو ئەم رۆمانەی نەخشاندوە و دیسان رۆڵێکی تری بەخشیەوە بە کات.

ئەمە لە رووی کاتەوە وەك کاتی رووداوی رووداوەکان، وەلێ کات لە رووی سەردەمەوە، ئەوە تا رادەیەك ئاڵۆزە، چونکە سەرجەمی ئەو رووداوانە و ئەو کارەساتانەی لەم رۆمانەدا خراونەتە روو رێڕەوێکی مێژووی لە مێژینەیان هەیە و بەشێکی زۆریان رەگ و ریشەیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردیدا داکوتاوە، چ لە رابردوودا بوونیان هەبووە و چ ئێستاش کە بەردەوامن و هەست پێدەکرێن، بۆیە ناکرێ بڕیار لەسەر ئەوە بدەین کە ئەم رووداوانە و ئەم کارەساتانە کەی روویانداوە و بۆ چ سەردەمێك دەگەڕێنەوە.

سەرباری ئەوەی کە دەتوانین بڵێین ئەم رۆمانە باسی ئەم سەردەمە دەکات و بۆ ئەم سەردەمە نووسراوە، وە نووسەرەکەشی نووسەری ئەم سەردەمەیە و ئەم رۆمانەش لە هەنگاوە سەرەتاکانی نووسینێتی لانی کەم وەك رۆمان، بەڵام لەلایەکی ترەوە دەتوانین کات و سەردەم بۆ رابردوو بگێڕینەوە بەو پێیەی کە زۆرێك لەو بەسەر هات و رووداوانەی باسکراون سەلمێنەری ئەوەن، ئەوەتا شەو چرا بۆ رووناك کردنەوەی ژوورەکانیان بە کار دێنن، بۆ ئاوی خواردنەوە و تەنانەت بۆ مردوو شۆرینیش سوود لە ئاوی کانی وەردەگرن، لە حەوزی ئاوی مزگەوتدا دەست نوێژ دەشۆن، بۆ هاتوو چۆ پێ و

رێبواری دەکەن، بۆ چارەسەر کردنی دەرد و نەخۆشی و مەینەتیەکانیان دەچنە لای شێخ و سەید و حەکیمان، گومانی تێدا نیە هەر یەك لەو دیاریدە و وێنانەی باسکراون مۆرکی گوند و دێهاتەکانی کوردستانن و هەمووشیان بۆ رابردوو دەگەڕێنەوە، چونکە ئێستا زۆربەی هەرە زۆری گوندەکانی کوردستان و تەنانەت شوێنە دوورە دەستەکان بێ بەش نین لە تەکنە لۆژیا و پێشکەوتنەکانی سەردەم، لانی کەم زۆربەی هەرەزۆری گوندەکان ئۆتۆمبیل و کارەبا یان پێگەیشتووە، یان بۆ ئاوی خواردنەوە پرۆژەی راکێشانی ئاویان هەیە و زۆرکەم ئەوە بەدی دەکرێت کە ئاوی کانی بەکاربهێنرێت، ئەمڕۆ سەردەمی پێشکەوتنەکانە، لانی کەم سوودیان لە بیری دەستکرد بینیوە لەم سەردەمەدا.

لەلایەکی تریشەوە ئەم رۆمانە تەواو خاڵیە لە سیاسەت و حزبایەتی، ئەمەش بۆخۆی مایەی هەڵوێستە کردنە، ئاخر لەم سەردەمەدا سیاسەت خۆی خزاندووەتە کون و قوژبنی ژیانەوە و هەژموونی هەیە بەسەر هەموو کایەرۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان و تەنانەت داب و نەریتیشەوە، هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کات وەك سەردەم بۆ سەردەمێکی دوورتر دەگەڕێتەوە، هەروەها زۆرێك لەو بابەت و رووداوانەی باسکراون لەم سەردەمەشدا بوونیان هەیە، بەم پێیەش بێ دەبێ ئەم رۆمانە لە رووی کاتەوە بۆ ئێستا و ئەم سەردەمەش راست بێت.

**دووەم : شوێن**

شوێن بنەمای سەرەکی رووداني رووداوە، واتە ئەگەر شوێن نەبێت هیچ رووداوێك روونادات، رووداویش بنەمای سەرەکی پێکهاتنی رۆمانە، پانتایی ئەم رۆمانەش بریتی یە لە "ئاوایی"، گومانیشی تێدا نیە ئاوایی بە واتای گوند یان دێ، بە گوێرەی گێڕانەوەکانیش سەرجەمی کارەکتەرەکانی ئەم رۆمانە گوند نشینن، سەرجەمی رووداوەکانیش لەسەر زەمینی گوندەکان روودەدەن، سەرجەمیان دیمەنی ناوچەی شاخ و دارستان و شیو و دۆڵ و چەم پیشان دەدەن، بە پێی ئەم لێکدانەوانەش بێت ئەمە تەواو ئەو بۆچوونە رەت دەکاتەوە کە دەڵێت ( بەپێی قسەی شارەزایان رۆمان زادەی شارە و قۆناغی سەرمایەداری لەگەڵ خۆیدا رۆمانی خولقاندووە)[٣٠].

بەڵێ ئەم رۆمانە هەڵقوڵاوی گوند و ناوچە شاخاوی و شیو و دۆڵەکانی کوردستانە، ئەم رۆمانە نمایشی ژیانی کۆمەڵگەی گوند نشینی کوردستان دەکات ، سەکۆی سەرجەم رووداوەکانیش هەر لە






چوارچێوەی کۆمەڵگە هەژار نشیەکان " هەژاری چ لە رووی ئاستی رۆشنبیری و چ لە رووی باری دارایی" ی کوردستان دەسوڕێنەوە.

هەر لەسەرەتای رۆمانەکەوە کە وێنەی پیاوێکی گۆشەگیر و دوور لە ئاوەدانی دەردەخات کە سەو لە کەژ و کێو و بێشەلانەکانە و (**بە رۆژیشدا لە جیاتی ئەوەی بێتەوە ناو ئاوەدانی، لە ئەشکەوتێکدا ژیانی دەبردە سەر)**[لا٥]، تا دەگاتە دووا دیمەنی رۆمانەکە و تا دوا رووداو هەر هەموویان هەر لە گوندەکانن و لە ئاوایی و چیاو شیو و دۆڵ و دارستانەکان روودەدەن.

(ئەگەر چی نووسین کردەیەکی زاتیە، بەڵام هەمیشە رەنگدانەوەی ئەو سەردەم و قۆناغەی کۆمەڵگەیە، کە تێیدا دەق بەرهەم دێت، وەزیفەی نووسین تەنها پیشاندانی رووە گەش و جوانەکەی ژیان نیە، یان راستر بڵێین تەنها بە خستنە رووی دیووە جوانەکەی قۆناغ و سەردەمێك وەزیفەی نووسەر کۆتایی نایەت، بەڵکو ئەرکی سەرەکی و بناغەی نووسەر لەبەرهەمهێنانی دەقدا خستنە رووی ئەو لایەنانەی ژیانە، کە کەم و کورتیان تێدایە دەست نیشانکردنی ئەو کەم و کورتیانەیە)[٣١].

رێك هەر واشە، ئەم رۆمانە هێندەی بایەخی بە دۆزینەوە و باسکردنی کەم و کوڕیەکان داوە کە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە، هێندەی پەنجەی خستووەتە سەر دیاردە و نەریتەکانی کوردەواری هێندە باسی شار و شارستانیەتی نەکردووە، هەرچەندە کەمتر باسی شوێنەکانی کردوە و بە شێوەیەکی سەر پێیی ناوی شوێنی هێناوە، کە ناو هێنانەکەش بە شێوەیەکی گشت گیر بووە نەك تایبەتی بکات بە شوێنێکی تایبەت.

بێگومان شوێن بنەمایەکی سەرەکی دیمەنەکانە، کە شوێن نەبێت دیمەنەکان نە روو دەدەن و نە دەشگێڕدرێنەوە،، هەر شوێنە کە دیمەن و رووداوەکانی لەسەر رووداوە کە گوند و ئاواییەکانی کوردستانە و هەر لەشوێنیش دیمەنەکان بۆیەکدی گێڕدراونەتەوە کە دیسان هەر گوند و ئاواییەکانی کوردستانە، بە واتایەکی تر شوێن بووەتە هۆی گۆڕینی جۆر و چۆنیەتی رووداني رووداوەکان.

هەر لەسەرەتای رۆمانەکەوە دیمەنی شوێنێك نمایش دەکات کە دارستان و بێشەلان و چەم و دارستانی نێوان دوو ئاواییە، یان باشتر بڵێین نێوان ئاواییەکەی باوکی خەیاڵ و مێردە بەزۆر پێدراوەکەی، دوای ئەوەش هەر بەوێنەی کامێرایەکی ڤیدیۆیی کە فیلمێکی سینەمایت پیشان بدات، دیمەنی رووداوەکان بۆ ماڵی باوکی

خەیاڵ و بۆ مزگەوت و چەم و بێشەڵان و،،،، **هتد**، کە سەرجەمی ئەو شوێنانەی پیشان دەدرێن و شوێنی رووداوەکانن، بریتین لە ناوچە و شوێنی گوندەکان و ئاوایییەکانی کوردستان، کە ئەمانە سەرجەم بەسەر یەکەوە گەواهی ئەو راستیە دەدەن کە شوێن لەم رۆمانەدا دەرەوەی شارە و دوورە لە جەنجاڵی و بالاخانەی بەرز و ژاوەژاوی خەڵکی، لەم رۆمانەدا ژوورەکان سادەو بازنەیین و پەنجەرەکان بە نایلۆن گیراون کارەکتەرەکان لە دەلاقە بە نایلۆن گیراوەوە تەماشای یەکدی دەکەن و روانینەکان دەڕژێننە میحنەت خانەی یەکدیەوە کە ئەمەش رێك پێمان دەڵێت شوێن لێرەدا گوندەکانە .

لەم رۆمانەدا ژوورەکان بە چرا رووناك دەکرێن و کارەکتەرەکان بە بێشە و جەنگەڵستانی هەزار بە هەزاردا گوزەردەکەن و چەم و دارستانەکان دەبڕن، بە دار گوێزەوە سەگی هاوشار دەبەستنەوە و نان و ئاوی نادەنیچ تا لە برسان دەمرێت، لە کانی ئاو دەهێنن و لەسەر سەکۆی مزگەوتەکان مردوو دەشۆرن، ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم رۆمانە زادەی گوندە و شوێن بریتیە لە گوند، لە هەمووشی گرنگتر **(جارێکیان مەلای ئاوایییەکەمان ئەو ئاواییەی بە قوڕی خوا گیراوە)**[٣٥٧]، ئەمە ئەو پەڕ دان پێدانانی راستەوخۆی نووسەرە و کە سەکۆ و شوێنی رووداوەکان گوند و ئاوایییەکانی کوردستانن و بەتایبەت ئاواییە بە قوڕ گیراوەکەی ئەوان.

**بەشی نۆیەم**

**کارەسات و مەینەتی**

(مرۆڤ لەسەرەتای پەیدابوونییەوە لە کێشە و ململانێدایە، کێشەی مرۆڤ بەردەوام و ئاڵۆزە، ململانێی بەردەوام بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان ودابینکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسوودەیی هەمیشەیی)[٣٢]،

هەر کە دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی ئەم رۆمانە، بە کۆمەڵێك کارەسات و مەینەتی ئاشنا دەبیت کە سەراپا بۆنی نەگبەتی و بەد بەختی لێ دێت، هەر کە دەچیتە ناو رووداوەکانی ئەم رۆمانەوە ئەوا بە مل کۆمەڵێك کارەساتی نەخوازراودا دەکەویت کە تا رادەیەکی باش تووشی ئازاری ویژدانی دەبیت، چونکە هیچ ویژدانێك ئاسەدە نابێت بە بینین و خوێندنەوەی ئەو نەهامەتیانەی کە لەم رۆمانەدا باسکراون، مەگەر تەنها ئەو عەقڵیەتەی کە ئەو مەرگە ساتەی خولقاندووە و وەك ئەم کۆمەڵگەیە بیردەکەنەوە.

لەسەرەتاوە بە مەینەتیەکانی مچە پیزێ ئاشنا دەبین کە سەراپای ژیانی نەهامەتیە و بەشی هەر رەنج و ناڕەحەتی کێشانە، هەر لەسەرەتای رۆمانەوە بە مرۆڤێك ئاشنا دەبین کە بەر نەفرەتی ئاوایی و خەڵکەکەی کەوتووە و هەمووان بەمایەی بەڵا و شەڕ و شۆڕ و نەگبەتی تەماشای دەکەن و **(خەڵك بیانویستایە دوعای شەڕ و نەفرەت لە یەکێك بکەن دەیانوت خوا کراسەکەی مچەپیزێ بکا بەبەری تۆشدا، خوا نەفرەتت لێبکا و بتکات بە موعجیزەی زەمان وەك چۆن مچەپیزێی کرد)**[٥٧].

کەمێك دواتر و هەر لە درێژەی رەوتی رۆمانەکەدا بە کچێکی بەش مەینەتی دوور لە سۆزی دایکایەتی پەروەردەبوو ئاشنا دەبین ئەویش خەیاڵە، کە هەر لە کاتی لە دایك بوونیەوە دوورە لە سۆزی دایکی و تامی یەك دڵۆپە شیری ایکی و یەك قومە سۆزی دایکایەتی نەکردووە، هەر لە ساتوەختی لە دایك بوونیەوە کراسی مەینەتی و خەم و ژانی بەبەردا کراوە و نەك هەر بۆخۆشی بگرە بۆ دایکیشی بووەتە مایەی مەینەتی و بووەتە مایەی کوژرانی دایکی، چونکە لەبەر ئەوەی ئەم ناوی بنرێت " خەیاڵ" دایکی گیانی کێشراوە و لەسەر کێوی دێولێوەوە فڕێ دراوەتە خوارەوە، ( **بەقیمەتی مەرگی خۆی ئەحە شاپەی ناچار کرد ناوت بنێ خەیاڵ)**[١٦٧] .

مەینەتیەکانی ئەم کچە بە خەم گۆشکراوە هێندە زۆرن کە **(دوای ئەوەی باوکم بە زۆر دامی بەحسە کەڕی هاوڕێ و سونعی خۆی)**[١٠٧]، **(دووساڵە بە رۆژدا بە دەم شەق و لێدانەوە رەوانەی ئەوبەری چەمەکەم دەکەنەوە و منیش شەوانە هەڵدێم و بەم حاڵەوە کە دەمبینی دێمەوە بۆ ئەمبەری چەمەکە)**[١٠٧] .

ئەمە پیشەی کچێکە کە لە ژیانی هیچ خۆشی نەبینیوە و هەر بەشی مەینەتی و کارەسات بووە و خێری لە شووەکەشی نەبینیوە، بەڵکو هەر بەشی هاتووچۆ بووە لە نێوان ماڵ باوکی و ماڵی مێردە بە زۆر پێدراوەکەی کە ئەویش هێندەی باوکی تەمەنی هەبوو. هاتووچۆش بە رێگەیەکی سامناك و ترسناك و پڕ لە هەستی دڵە راوکێ کە مەگەر خەیاڵ وتەنی تەنها نەگبەتێکی وەك ئەو بتوانێت بەو رێگایەدا گوزەر بکات.

بەڵێ ئەم رۆمانە مەینەتیەکانی ژنان و کچانمان بۆ بەیان دەکات، پێمان دەڵێ ئەوە باوك و کۆمەڵگەی باوك سالاریە کە منداڵی خۆی پێ کۆیلەیە و هەر وەك دیل مامەڵەیان لەگەڵ دەکات و هەر چی بیەوێت بەرامبەریان بیکات بۆی رەوایە،

ئەوە باوکە کچەکەی بە زۆر دەدات بە شوو بە پیاوێکی هاوتەمەنی خۆی و کچەش پێی رازی نابێ و تەنانەت ئامادەنیە یەك شەویش لای بمێنێتەوە و هەموو شەوێك وەك بەندیەك هەڵدێت لە دەستی و باوکیشی هەموو رۆژێك وەك دیل دەیباتەوە بۆ لای پیرە پیاوەکەی کە بەناو بوەتە مێردی **(ئەم هەموو سەفەر و هەڵات هەڵات دەیکەیت و لە دەست حسەکەڕ هەڵدێیت و منیش بەرۆژدا دەتنێرمەوە و تا سەرچەم رەوانەت دەکەم، ئەو چەم و بێشە و چنارانەی هەر کەبانگی ئێوارەی دا مەگەر هەر تۆ بەم شێت و وێتیەی خۆتەوە بوێری پیایا گوزەربکەیت، هەرچی رۆژە من بە دیلی تۆ تۆ دەبەمەوە سەرچەم و رادەستی حسەکەڕت دەکەمەوە کەشەو بەسەردا دێت بەم دیمەنە سامناکەوە دێیتەوە)**[لا٤١٧] .

ئەم رۆمانە باسی ژن کوژیمان بۆدەکات ، ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە چۆن پیاو دەسەڵاتی هەیە بەسەر ژنەکەیدا و بە ویست و ئارەزووی خۆی مامەڵەی لەگەڵ دا دەکات، بەراستی کارەساتە پیاو هەرکات ویستی بتوانێت و بۆی هەبێت ژنەکەی خۆی بکوژێت، کەسیش نەبێت لێپێینەوەی لەگەڵ بکات و بلّی بۆ وات کرد.

کارەساتەکانی ئەم رۆمانە لە بن نایەن، ئەم رۆمانە کارەسات رێژکراوە بە گێڕانەوەی مەینەتی، سەرجەمی کارەساتەکانیش شەرعیەتیان پێدراوە و پاساویان بۆ هێنراوەتەوە، هەریەکەو پاساوی خۆیان هەیە بۆ روودانیان، حەسرەتی مردنیش زاڵترین کارەسات و مەینەتیە لەم رۆمانەدا و هێندەی هەبوونی کارەساتەکن حەسرەت بە مەرگ خوراوە، وەلێ هەموو جارەکانیش مەرگ نایەت و هەموو جارەکانیش حەسرەتەکانیش دووبارە دەبنەوە و زیاتر و زیاتریش دەبن، (ئاواتی هەمووتان بەمەرگی من زۆر کەمترە لە ئاواتخواستنی من بە مەرگی خۆم)[لا١٠٤] .

کەچی مەرگ هەر نایەت و مردن هەر نابێتە میوان و کارەساتەکەش لەوێدایە لە ناو ژیاندا مەرگێکی پڕ لە ئازار بۆ زیندووەکان دروست دەکات کە دەیانجار پڕسوێترە لە ئازاری مردن، **(چ کارەساتێکی گەورەیە بۆ هەتا هەتایە نەمریت و کەچی لە ناو ژیاندا تامی مەرگ بەبەردەوامی بچێژی ؟! ئیتر من دەبمە دواهەمین کەسی دنیا کە بە زیندویی دەمێنێتەوە، دەبێ من هەموو جەنازەکانی دنیا ببینم، مەحکومم بەوەی گۆڕ بۆ هەموو جەنازەکان هەڵکەنم)**[لا٨٤] .

سەرباری هەموو ئەو کارەسات و مەینەتیانەی کە هەن لەم رۆمانەدا، مەینەتی و ئازارێکی نەبڕاوەی تر





دەبینرێن کە لە هەموو ئازارەکان پڕ سوێترە و هەژموونی بەسەر تەواوی مەرگە ساتەکانی تردا هیە ئەویش ئازاری ویژدانییە، هەستی خۆ بەتاوانبار زانین و خۆسزادان، بەرای من ئازاری ویژدان لە هەموو ئازارەکان کاریگەرتر و سوتێنەر ترە بۆ ناخی مرۆڤ، ئازاری ویژدانیش دەرەنجامی کاری هەڵەشەیی و ئەوکارانەیە کە مرۆڤ بێ ئایندە بینی و لێکدانەوەی دەرەنجامەکەی و بێ بیرکردنەوە ئەنجامی دەدات،کارەسات ئەوەنیە شتێکی دونیایی یان ماڵیت لە دەست بچێت بەڵکو ئەوە **(کارەساتە گریان هەتا هەتایە وازت لێ نەهێنێ، گریانەکەش لە تاو ئازاری جەستە نەبێت، بەڵکە لە تاو ئازاری رۆح بێت، بڕوام وایە بە چەقۆی کول سەرتاپای گیانت توێ توێ بکرێتەوە و خوێی تێبکرێ ئازاری کەمترە لە ئازاری هەست کردن بە گوناهباری، هەستکردن بە تاوانباری)**[لا١٥] .

چونکە ئازاری ویژدان هەمیشە لەناو ژیاندا مەرگت پێدەبەخشێت **(ئاخر هەموو سات و کات و شەو و رۆژێك لەناو ژیانا دەمرم)**[لا٢٨]، **(دەبێ لەناو ژیانا دەست و پەنجە لەگەڵ مەرگا نەرم بکەم)**[لا٣٣] .

**بەشی دەیەم**

**ئیرادە**

یەکەم : گەشبینی

(رۆمان لە هەموو هونەرەکان پتر لە ژیان دەچێت، تەنیا بەوە چێدەبێت کە ئەو وێنەیەی پیشانمانی دەدات زادەی یاخی بوون بێت لە فەرمانەکانی رۆمان،، رۆمان بە مانا گشتییەکەی بریتییە لە باری سەرنجی شەخسی دەربارەی ژیان، هەر ئەم باری سەر نجەشە کە بە پلەی یەکەم بایەخەکەی پێك دێنێت، ئەم بایەخەش بە گوێرەی دەوڵەمەندی و چڕی باری سەرنجەکانی نووسەرەکە دەگۆڕێت، بە کورتی رۆمان داستانێکی خودیە)[٣٣] .

ئەم رۆمانە، رۆمانی هەڵچوون و داچوونەکانە، لەم رۆمانەدا ئیرادەی ژیان لە ململانێدایە لە نێوان گەشبینی و رەشبینی دا، مەینەتی و کارەساتەکان هەرچەند زۆربن، خەم و پەژارەکان هەرچەند تاڵ و پڕ سوێ بن، کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیان هەرچەند سەخت بن، ئەوەترووسکەی هیوا و گەشبینی هەر هەستی پێ دەکرێت و دەبینرێت، بەڵام تا رادەیەك کەم و بێ ئەنجامن.

هیوای گەیشتن بە بەختەوەری و ئومێدی گەیشتن بە ئاواتەکانی ژیان و هێنانەدا خۆزگەکان، بووە بە بنەمای ژیانکردن لەم مەملەکەتە، هەر بۆیەش کەسێکی وەك مچە پیزێ دوای تەمەنێك دوورە پەرێزی و هەڵبژاردنی ژیانی گۆشەگیری و تەنیایی و

دوور لە ئاوەدانی، بەڵام هێشتا سەرقاڵی ژیانە،

ئەوە چرای گەشبینیە کە وا لە خەیاڵ دەکات کە هەموو شەوێك لە زیندانی ماڵی مێردە پیرە بە زۆر پێدراوەکەیەوە بەرەو گۆڕەبەناو ماڵەکەی باوکی هەڵبێت و بێشە و چەم و دارستان ببڕێت و لە هیچ سڵ نەکاتەوە، دەنا هیچ شتێکی تر نیە پاڵی پێوە بنێت هەتا وەکو **(دووساڵە بە رۆژ دا بە دەم شەق و لێدانەوە رەوانەی ئەوبەری چەمەکەم دەکەنەوە و منیش شەوانە هەڵدێم و بەم حاڵەوە کە دەمبینی دێمەوە بۆ ئەمبەری چەمەکە)**[١٠,١١٧] ، **(بەرۆژ باوکم رادەستی حسەکەڕم دەکاتەوە و بەشەویش ئەم چەم و چنار و دارستان و تاریکیە رێگەی منە و هەڵدێم و دێمەوە ناو ئەم بێشە تاریکانەوە)**[٢٢٧].

خەیاڵ چی لەم دەردی سەریە دەوێت، بۆ دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەمبەری چەمەکە ؟، ئەگەر گەشبینی و ئومێد بە گەیشتنی خۆشبەختی و بەختەوەری و رزگاربوون لەو مەینەتیە نەبێت، ئەگەر گەشبینی پاڵی پێوە نەنێت و هیوای کۆتایی هاتنی نەبێت لە خەمەکان چیتر هەیە وای لێبکات ماڵی مێردەکەی بە جێبهێڵێت و روو لە تاریکی و چەم و دارستان بکات، لە کاتێکدا دڵنیایە کە دووبارە باوکی تا ئەمبەری چەمەکە دەیهێنێتەوە و رەوانەی ماڵی حسەکەڕی مێردی دەکاتەوە.

هەر لە درێژەی بەردەوام بوونی حکایەتەکانی رۆمانەکەوە چەندین دیمەتی تری گەشبینی بەرچاو دەکەوێت کە هەندێکیان هێندە گەشبینانە بنیاتنراون تێکڕا قاقایان لێدەچۆڕێت و هەندێکی تریان لەکاتی خوێندنەوەی لاپەڕەی رۆمانەکەدا دەبنە رووخسار و بە رووتدا زەردەخەنەدەکەن، **( ئەوەندە بەئارامی گوێی گرتبوو لەناو زوڵمەتی چاوەکانیەوە زەردەخەنەیەك کەدەتوت نۆبەرەی ناسکترین بەهێیە دەڕژاو هێواش هێواش بەرە و رووم هات و تا هێزی تیابوو باوەشی پیاکردم)**[٣٨٧] ، **(کچم هەستەکەم سەفەر و زیارەتەکەمان تا ئاستێکی باش جێگەی گرتووە، هەست ناکەی دەروونت تۆزێك ئارام بۆتەوە ؟، هەست ناکەی حکایەتە نەفرەتیەکان وا چۆڕ دەبن تیاتا ؟)**، **(خەڵك هێواش هێواش دەستیان کردەوە بە ژیان و هاتوچۆ و سەرقاڵی ژیان و قوربانی و نەزرکردن بوون، حەیوان سەربڕین و گۆشت بەشکردن تا نزیکەی مانگێك درێژەی هەبوو. ئەوەندە بە قوڵی و ئارامی و دڵنیاییەوە پێدەکەنین و ژیانیان دەکرد وەك ئەوەی پەلەی تۆڵەکردنەوەیان بێت لەو ماوە زۆرانەی کە بەدەست**





**حکایەتەکانەوە گیریان کردبوو)**[١١٤] ، **(دووبارە هاتمەوە سەر ئەو خۆش کەیفی و دڵنیایی و ئارامیە زۆرەی ناوخەڵکی گرتۆتەوە)**[١٢٠٧].

گەشبینی بۆ رەوینەوەی خەمەکان، بۆ چارەسەربوونی کێشەکان، بۆ زاڕێژ بوونی زامەکان، ئەوان بۆ گەیشتن بەم گەشبینیە هۆکار و بیانووی خۆیان هەیە، تەنانەت گەیشتووەتە ئەو رادەیەی کە ئەوان بڕوایان وایە (بەرەکەتی خوا لەرێی دەنگی دەفەکانەوە ئەم موعجیزەیە یەکلایی دەکاتەوە)[٦١٧].

ئەوان سەرباری ئەو هەموو مەینەتی و خەم و کارەساتەی بینیویانە و بەسەریان هاتووە، بۆ هەڵکردنی چرای خۆشبەختی و ئومێد لە دڵیاندا شێخێك کە پیاوێکی ئایینیە دەکەنە بە بەهانە و دەیانەوێت لە رێی زیارەتکردنی جەنابی شێخەوە بەڵا و خەمەکانیان بڕوات و هەر بۆیەش پاش گەڕانەوەیان لای شێخ پڕ بەدڵ هاواری هیوا و ئومێد و گەشبینی دەبیسترێت، سەرباری ئەوەشلەم رۆمانەدا بەڵا و خەم و مەینەتیەکان هەر شیرینن و خۆشەویستن چونکە گەشبینی زاڵە بەسەریاندا **( بەڵایەکی لە رووحمم خۆشتر ئەوێی هەتا هەتایە)**[٣٧٧].

گەشبینی بەچەشنێك هێزت پێدەبەخشێت کە مرۆڤی گەشبین و دڵ پڕ لە هیوا هەنگاوی مەزن دەنێت و ئامانجی مەزنی لە دڵدا دەڕوێت، ئەگەر مرۆڤ گەشبین بوو کام کار قورس و گران بێت هەنگاوی بۆ دەنێت، بەڵێ چرای ئومێد وا لەمرۆڤەکانی ئەومەملەکەتەی ناو ئەم رۆمانەدەکات کە ئیرادەی تەماشاکردنی جەنازەیان هەبێت **(دەنا ئێجگار زەحمەت بوو لەو تاریکیەدا هیچ ببینم)**[٣٧٧]، ئەوە هیواو گەشبینیە وا لە مرۆڤ دەکات لە تاریکیدا ببینێت.

**دووەم : رەشبینی**

ئەم رۆمانە پڕە لە هەڵچوون و داچوونە دەروونیەکان، بەچەشنێك کە چرکە ساتێك نیە مرۆڤەکانی ئەو مەملەکەتە لە بارێکی دەروونی جێگیردابن، رێك وەك سروشتی کۆمەڵگە ی کوردی، چونکە پڕاو پڕە لە کارەسات و رووداوی جەرگبڕ و مەرگ ئاسا،هەمیشە مەرگەساتەکان رەشبینی و بێ هیوایی دروست دەکەن، هەردەم کارەساتەکان تووشی بێ هیواییت دەکەن.

لەم رۆمانەدا کە هەر لەسەرەتای خوێندنەوەی رۆمانەوە مرۆڤ گەلی دوورە پەرێز و گۆشەگیر و بێ هیوا دەبین، تروسکاییەك هیوات بۆ نامێنێتەوە، کە هەر لەسەرەتاوە مەرگ و مرۆڤ کوژی دەبیت لێوان لێو دەبیت لە هەستی رەشبینی، هەرلەبەر ئەوەی کە (مرۆڤ دایم لەسەر حاڵ و هەوایەکی تایبەت نیە و ئاڵ و گۆڕی بەسەردا دێت، لێ بڕاوترین کەس جار و بار

تووشی سەر لێشێواوی و سستی ئیرادە دەبێت )[٣٤].

لەم ڕۆمانەدا پشێویەکی سەیر هەست پێدەکرێت، سەرباری ئەوەی زۆرکات مرۆڤی گەشبین و دەستەواژەی هیوا بەخش هەست پێدەکەین، وەلێ ڕەشبینیی و بێ هیواییەکان هێندە زۆرن کە زۆرکات مرۆڤەکان حەسرەت بە مەرگی خۆیان دەخوازن و ئاسوودە دەبن بە مردن، **(ئاواتی هەمووتان بەمەرگی من زۆر کەمترە لە ئاواتخواستنی من بە مەرگی خۆم)**[ل١٠٤]، **( سەدان جار جگە لەوەی ئاواتم بە مردنی خۆم خواستووە هەوڵی زۆریشم داوە تا بە مەرگ بگەم)**[ل١١٨]، وەلێ مەرگیش دەرگایان لێ ناکاتەوە، **(چ کارەساتێکی گەورەیە بۆ هەتا هەتایە نەمریت و کەچی لە ناو ژیاندا تامی مەرگ بەبەردەوامی بچێژی ؟!)**[ل٨٤].

لەم ڕۆمانەدا ڕەشبینیی و بێ هیوایی و نەبوونی ئیرادەی گەیشتن بە بەختەوەریی و دەرچوون لە مەینەتی هێندە زۆرە و هێندە زاڵە بەسەریاندا کە چەندین ڕێگای سەخت دەگرنە بەر زۆر ڕزگار بوونیان لەو قەیرانە و هەر بێ سوود دەبێت، تەنانەت کار دەگاتە هەوڵی خۆ کوژیی و چەندین جاریش ئەوە تاقیدەکەنەوە، بەڵام هەر بێ سوود دەبێت.

لەم ڕۆمانەدا ڕەشبینیەکان بە ئەندازەیەکن کە **(ئاوی چوارکانی وشك دەکات)** و شتێك لە حەوزی مزگەوتدا نامێنێتەوە بە ناوی " ئاو "، لەم ڕۆمانەدا ڕەشبینی پاش مەرگیش بەرۆکیان بەرنادات و تەنانەت جەنازەکانیش مێروولە ڕێژ دەبن.

لەم ڕۆمانەدا هەمووان لە ڕا ڕایی و شپرزەیی و پشێویی و نا ئارامی دەروونیدان، هەر بە چەشنی هەڵچوون و داچوونەکانی ژینگەکەیان،یان زۆرکات دەبینین لە ترۆپکی خۆشی و گەشبینیەوە دەگەڕێنەوە بۆ نەهامەتی و بێهیوایی و ڕەشبینی، **(دڵنیابە ڕۆژێك دێ تێدەگەی ئەوشتانەی تۆ دەیڵێیوانییە، ئەم هەموو ئومێد و ئیرادە و مژدانەی پەخشی دەکەیتەوە بڕوات پێ نامێنێ)**[ل١٠٠]، **(بەڵێ هەرگیز وەك ئەوان دڵخۆش نەبووم بەڵکو ترسی کارەساتێکی گەورە هەمیشە بەدڵما ختورەی دەکرد و بەنی جەرگمی ڕادەکێشا)**[ل١١٥]، **(منیش زۆر بە پێچەوانەی ئەوانەوە ئایندەیەکی سامناك و ترسناك لە نیگای جادووگەری چاوەکانتا بەدی ئەکەم)**[ل١٢٠].

هەوڵدان بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی و هەڵدانەوەی هەستی گەشبینی بەچەشنێکە کە زوڵم و زۆرداری لە مرۆڤەکان دەکرێت، لەم ڕۆمانەدا بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی کچەکانیان بەزۆر دەدەن بە شوو، دەیدەن





بە پیرەپیاوێك کە تەمەنی باوکیانی هەیە و بیر لەوە دەکەنەوە کە بەم هۆیەوە بگەنە بەختەوەری و هەستی گەشبینیان لا زیاد بێت، **(باش دەزانی بە چ زوڵم و زۆرداریەك خەیاڵم دا بە حسەکەڕ، ئەو زوڵمەشم بۆیە کرد بەهیوای بنبڕبوونی حیکایەتەکان و ئەو هەموو نەفرەت و ڕق و بە سوك سەیرکردنەی خەڵك بەرامبەر بە خەیاڵ دەیان کرد)**[ل١٠٩]، بەڵام مەینەتیەکان و ڕەشبینیەکان هەر تەواو نابن، ڕەشبینی لە دوای ڕەشبینی یەخەی دەگرێت.

ڕەشبینی تەنها بەرۆکی کارەکتەرەکان ناگرێتەوە، بەڵکو نووسەری ڕۆمانەکەش کۆت دەکات، هەربۆیەش " **کارەکتەرەکان لە ژێر هەژموونی نووسەر دەردەچن** "، و یاخی دەبن و نووسەر ناتوانێ کارەکتەرەکانی دەستەمۆ بکات و بیانخاتە ژێر ڕکێفی مەبەستیەوە و دژی نووسینەوەی حکایەتەکانی دەوەستنەوە.

نووسەری ڕۆمانەکە سەرباری ئەوەی " **هەوەسی نووسین وەك پوورەی هەنگ زیاتر تێوەی دەوروکا** "، بەڵام باش دەزانێت لەبەردەم چ ئەرکێکی قورس و چ تاقیکردنەوەیەکی ناداندایە و ناتوانێت هەرگیز ئەوەی لە خەیاڵیدایە بیخاتە سەر پەڕاو و بیان نووسێتەوە، هەربۆیەش **(تەواو تەواو نائومێد بووم لەوەی بتوانم حیکایەتەکان بنووسمەوە، دوا پێکم هەڵدا و بەو شەوە سارد و سامناکە پەنجەرەی ژوورەکەمم کردەوە و تا هێزم تیابوو قەڵەمەکەمم فڕێدا بێ ئەوەی یەك حەرفیشی پێ بنووسم، چارەنووسی قەڵەمەکەشم دایە دەستی ئەو تاریکیەوە تا وەك چارەنووسی ئەحە شاپە نادیار بێ)**[٢٠٠].

بەڵێ لە زەمەنی ڕەشبینی و مەملەکەتی بێ هیواییدا هەموو شت چارەنووسی نادیارە، ئاییندە تەواو لێڵە، مرۆڤەکان لە قەدەرێکی پڕ لە خەم و تراژیدیای ژیان و ئازاردا ئەتلێنەوە و تەنانەت دوای هەڵدانی دوا پێکیش هەر ناگەن بە تروسکایی ئومێد، مەیش چرای هیوایان هەڵناکات و سۆمای بینینیان گەش ناکات، ئەمە مەملەکەتی خەیاڵە مەزارگای هیوا و ئومێد و شنەی دایکێتی و سروەی هەرزەیی کچان ژیندە بەکمەرگ دەکات و ئایندەی قەڵەمیش وەك ئایندەی مرۆڤەکان کوێر دەکاتەوە.

## کۆتایی

بەخوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کە خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، ئێستا دەتوانین پوختەی بۆ چوونەکانمان سەبارەت بەم ڕۆمانە بەم چەشنە بخەینە روو :

* ئەم رۆمانە تا رادەیەكی باش تازەگەری لەرووی ناوەرۆك و تەكنیكی دارشتن و نوسینەوە تێدا بەدی دەكرێت، هەروەك فرە رەنگیەك و فرەدەنگیەك هەیە، كەتا رادەیەكی باش رۆمانەكەی بەرەو دەرچوون لەتاك دەنگی بردووە و لەسادەیی گێڕانەوە دەربازی كردوە.

* لەناو نانی ئەم رۆمانەدا حكایەتێكی شاراوە هەیە، هەڵبژاردنی ناونیشان بۆ رۆمانەكە كۆمەڵێ پرسیار لای خوێنەر بەجێ دەهێڵێ، هەروەك ئەو حكایەتە نە گێڕدراوانەی كەلەناواخنی رۆمانەكەدا بەرچاو دەكەون و بە نەمانی كارەكتەرێك نامێنن، ئاواش بەداخستنی پەڕەكانی ئەم رۆمانە پرسیارەكان بێ وەڵام ون دەبن.

* لەم رۆمانەدا كۆمەڵێ بابەت و دیاردەی كۆمەڵایەتی و واقعی ژیان خراونەتە روو، شت گەلێ كراونەتە كەرەسەو بابەتی رۆمان كە لە كۆمەڵگەدا رەنكیان داوەتەوە و بەچاك و خراپ كاریگەریان هەبووە و نەفرەتیش لەدیاردە دزێوەكان كراوە.

* ئەم رۆمانە هەڵگری پەیامی یاخی بوونە، یاخی بوون لە ژیانێ كەسەرجەمی لایەنەكانی كۆمەڵگەی دەسەپاچە كردووە و گیرۆدەن بە كۆمەڵێ لایەنی خراپی ژیان و داوای یەكسانی و پاكبوونەوە لەخراپە و رێزگرتن و ژیان دۆستی دەكات، داوای گەڕانەوە بۆ ژیانێ دەكات كە سەرجەم تاكەكانی كۆمەڵگە تێیدا خۆشبەخت و ئاسوودەو كامەران بن. ئەم رۆمانە پێمان دەڵێ : عەیبەكان لەناخی خۆماندایە و دەبێ هەر لە ناخی خۆشماندا بەدوای چارەسەر بگەڕێین بۆیان.

* لەم رۆمانەدا ئازار و مەینەتیەكان هێندە زۆرن كە خەڵكی خۆزگەی رزگار بوونیان بەمەرگ دەخوازن، ئازارو مەینەتییەكانیش بەشێكی هەرە زۆریان لەسەر دەستی مرۆڤەكان خۆیان و بەهۆی خراپی بیركردنەوەیانەوە درووست دەبێت، كاتێك ویژدانێكی خەوتوو یان بێئاگا كارەساتێ ئەنجام دەدات و پاش ماوەیەكی زۆر ئەو ویژدانە بەئاگادێ و كەسەكە لەتاو ئازاری ویژدانی تاسەی مەرگ ئەكات و هەوڵیشی بۆ دەدات، وەلێ پێی ناگات و سزای ژیان لەسەری بەردەوام دەبێت.

* لەم رۆمانەدا زۆرترین فەنتازیا و زۆرترین خەیاڵ دروستكراوە، تا رادەیەك هەندێكیان گەیشتوونەتە ئەفسانە و بەرگی موعجیزەی بە بەرداكراوە هەرچەند بەشێكی زۆری ئەم موعجیزانە لەلایەن خودی خەڵكەكەوە رەتكراوەتەوە و دژایەتی كراوە.

* لەم رۆمانەدا ئیرادەی مەرگ و ژیان لە ململانێیەكی بەردەوامدان، بە ئەندازەیەك





هەمیشە جێ پێ بەیەك لێژ دەكەن و پێبڕكێی هاتنی یەك دی دەكەن و وەلێ هیچیان نایەن و هەردووكیشیان ئامادەگیان هەیە، چونكە هەمیشە ژیان لێو رێژە لە مردنێكی لەسەر خۆ و هەمیشە مردووەكان لەناوژیاندا سەمادەكەن.

* لەم رۆمانەدا ئایین و كلتوور و داب و نەریت شانبەشانی یەك و بە شێوەیەكی هاوتەریب ئاوێزانی یەك بوون و رۆمانەكە دەنەخشێنن، هەژموونی ئایین و دیاریدە كلتووری و كۆمەڵایەتیەكان كاریگەریان لەسەر رەوتی رووداوەكانی ئەم رۆمانە هەیە و دەسەڵاتێكی باڵای بڕیاردانی چارەنووسی مرۆڤەكانیان هەیە.

* لەم رۆمانەدا رەخنەیەكی توند ئاراستەی كۆمەڵگەی پیاوسالاری و باوكسالاری كراوە و لۆمەی ئەو هەژموونە بەردەوامەی كە باوك چ وەك پیاو چ وەك باوك دەیگێڕێت بەتایبەت لە كوشتنی بەناحەقی ژنان و بەزۆر بەشوودانی كچان.

* كات لەم رۆمانە لەبری ئەوەی رۆمانی پێ برازێتەوە رۆڵی پێدراوە، لەم رۆمانەدا كات لە دوورەوە نەوەستاوە و تەماشای رووداوەكان بكات، بەڵكو وەزمان هاتوە و ئیرادەی كار و فرمان و هەستی بینینی لای ئەكتەرەكان دروست كردووە، شەو بووەتە هۆی كار و فرمانی و گرنگیەكی یەكجار زۆری پێدراوە بە جۆرێك رۆژ بۆ گێڕانەوەی حیكایەتیش نابێت.

* شوێن لەم رۆمانەدا گوند و ناوچە و ئاواییەكانی كوردستانە و نوسەر ویستوویەتی واقیعی كۆمەڵگەكەی خۆی بنوسێتەوە و پەیوەست بووە شوێنەكانی كوردستانەوە.

* لەم رۆمانەدا كارەسات و نەهامەتی دەست و پەنجەی لەگەڵ ژیان تێكەڵ كردوە و لێو رێژە بەمەینەتی، كارەساتەكان هێندە زۆرن هەرگیز لە نووسینەوە و گێڕانەوە نایەن، تەنانەت وای لێهاتووە ژیان بووەتە مەینەتی و مەرگیش بە رەوا نابینرێ هێندە كارەسات رۆڵی هەیە.

* لەم رۆمانەدا پەشێویەكی بێ ئەندازە هەست پێدەكرێت لە ئیرادەدا، هەستی گەشبینی و رەشبینی لە كێبڕكێیەكی توند دان و سەرەنجام رەشبینی سەردەكەوێت و گەشبینی و هیوا و ئومێد مل بۆ نەهامەتیەكان كەچ دەكات.

سەرچاوەکان:

٢) ئارام صدیق ستاتیکای گێڕانەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی
٣) دانا عەلی سەعید هەژان بروسکە گەڕانێك بەناو شاری مۆسیقارە سپیەکانی بە ختیار عەلی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی
٤) محەمەد کوردۆ گەڕان بەدوای شعر و جیاوازیدا ٢٠٠٦
٥) ئارام سدیق ستاتیکای گێڕانەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی
٦) حەمەکەریم عارف دەربارەی رۆمان و چیرۆك چاپی یەکەم ٢٠٠٨
٧) جەلال ئەنوەر سەعید تەکنیکی گێڕانەوە لە ئێوارەی پەروانەی بەختیار عەلیدا٢٠٠٩
٨) دانا عەلی سەعید هەژان بروسکە گەڕانێك بەناو شاری مۆسیقارە سپیەکانی بە ختیار عەلی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی
٩) دانا عەلی سەعید هەژان بروسکە گەڕانێك بەناو شاری مۆسیقارە سپیەکانی بە ختیار عەلی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی
١٠) محەمەد کوردۆ جوانی و جیاوازی چاپی یەکەم ٢٠٠٨
١١) دانا عەلی سەعید هەژان بروسکە گەڕانێك بەناو شاری مۆسیقارە سپیەکانی بە ختیار عەلی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ سلێمانی
١٢) ئارام سدیق ستاتیکای گێڕانەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی لاپەڕە٦٥
١٣) محەمەد کوردۆ ژنێك دەمرێ پیاوێ بەچراوە نایە کۆ شعر چاپی یەکەم ٢٠٠٥
١٤) مهرداد مهرین جیهانبینی شۆپنهاوەر وەرگێڕانی هونەر عبدالله چاپی یەکەم ٢٠٠٩
١٥) ئارام سدیق ستاتیکای گێڕانەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی لاپەڕ٤٠
١٦) مهرداد مهرین جیهانبینی شۆپنهاوەر وەرگێڕانی هونەر عبدالله چاپی یەکەم ٢٠٠٩
١٧) هەندرێن ، شەبەنگی بوون زایەڵەی دەق ، راڤەی دەق ، چاپی یەکەم سوید ٢٠٠٨ لاپەڕە١٠٦
١٨) مهرداد مهرین جیهانبینی شۆپنهاوەر وەرگێڕانی هونەر عبدالله چاپی یەکەم ٢٠٠٩
١٩) محەمەد کوردۆ جوانی و جیاوازی





چاپی یەکەم ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٨
٢٠) مهرداد مهرین جیهانبینی شۆپنهاوەر وەرگێڕانی هونەر عبدالله چاپی یەکەم ٢٠٠٩ لاپەڕە ٥٧
٢١) محەمەد کوردۆ جوانی و جیاوازی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ لاپەڕە ٢٤
٢٢) ئارام سدیق ستاتیکای گێڕانەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی لاپەڕ ٢٧
٢٣) جەبار سابیر ، ئەفسوونی گێڕانەوە سلێمانی ٢٠١٠ لاپەڕە ٧٦
٢٤) عەتا قەرەداخی ، گەڕانەوە لە واقعەوە بۆ خەیاڵ سلێمانی ٢٠٠٤ لاپەڕە ١٩
٢٥) ئیبراهیم یونسی ، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین ، وەرگێڕانی : نەبەزجەهانگیر پور ، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٥ لاپەڕە ٤٤
٢٦) حەمە کەریم عارف ، دەربارەی رۆمان و چیرۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ لاپەڕە١٣٩
٢٧) جەبار سابیر ، ئەفسوونی گێڕانەوە سلێمانی ٢٠١٠ لاپەڕە ١١٤
٢٨) حەمە کەریم عارف ، دەربارەی رۆمان و چیرۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ لاپەڕە ١٦٣
٢٩) عەتا قەرەداخی ، گەڕانەوە لە واقعەوە بۆ خەیاڵ سلێمانی ٢٠٠٤ لاپەڕە ١٩٣
٣٠) ئیبراهیم یونسی ، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین ، وەرگێڕانی : نەبەزجەهانگیر پور ، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٥ لاپەڕە ٢٤
٣١) جەبار سابیر ، ئەفسوونی گێڕانەوە سلێمانی ٢٠١٠ لاپەڕە ١٠٣
٣٢) ئارام سدیق ستاتیکای گێڕانەوە چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی لاپەڕ ٢٧
٣٣) تەیب جەبار ، گەڕان بە دوای ئیقاعی وشەدا ، سلێمانی ٢٠٠٩ لاپەڕە ٣٧
٣٤) حەمە کەریم عارف ، دەربارەی رۆمان و چیرۆك ، چاپی یەکەم ٢٠٠٨ لاپەڕە٤٣
٣٥) ئیبراهیم یونسی ، گوڵبژێرێك لە هونەری چیرۆك نوسین ، وەرگێڕانی : نەبەزجەهانگیر پور ، چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠٥ لاپەڕە ٣٣

گزنگ ١٠٢
ئایار ٢٠١٢



# ئەفلاتوون و شاعیران

و: لە فارسییەوە: رزگار جەباری

لە راستیدا تێڕوانینی ئەفلاتوون لە بارەی شاعیرانەوە بەدەر نیە لە ناروونی: هەندێجار خەریکی ستایشی شاعیرانە و هەندێجاریش سەرزەنشت. لە لایەکەوە شاعیران بە بوونەوەرانی ئیلاهی دەزانێت، و لە لایەکی دیکەوە بێ مشتومڕ لە کۆمارەکەیدا پەسەندیان ناکات. هۆکاری ئەم دوالیزم و ناروونیە چیە؟

لە رستیدا تێڕوانینی ئەفلاتوون لە بارەی شیعرەوە لە سەرتاسەری نووسینەکانیدا چوون یەکە: چی لە نامەی یۆن، لە نووسینەکانی سەردەمی لاوێتیدا، و چی لە نامەی یاساکاندا واتە دوا نووسراوی ئەو. ئەفلاتوون هەر چەندە هەمبەر بە شاعیران زۆر سەختگیرە، لەگەڵ ئەو هەمووەشدا لە رەگەزی ئیلاهییان دەزانێت: ((...شاعیران گەوهەرێکی ئیلاهییان هەیە، لە خوداوەندەوە سروش وەردەگرن، ئەودەمانەی دەپەرژێنە سەر هۆنینەوە، بە هاوکاری فریشتەکان -موزەکان-، لە



گزنگ ١٠٢
ئایار ٢٠١٢

رووی حەقیقەتەوە، چرکە بە چرکە بە حەقیقەتی مێژوویی دەگەن)) (یاساکان، سێەم). هەر بەم پاساوەوە هۆمیرۆس ((لە سۆنگەی حەقیقەت و سروشتەوە)) دەدوێت (هەمان سەرچاوە). کەواتە بۆچی ئەفلاتوون، شاعیران لە کۆمارەکەیدا پەسەند ناکات؟ بۆچی خەریکی رەخنە و سەرزەنشتیانە؟ ئەم پرسیارە، بە پێی تیڕوانینی ئەفلاتوون لە نامەی کۆماردا، بە تایبەتی کتێبی دەیەم، دێتە ئاراوە، لەو سۆنگەوە تەماشای رەخنەی شیعر دەکەین وه ك لە کۆماردا هاتووه، تاکو لەو پرسیارە دەربازبین.

بەم پرسیارە دەست پێدەکەین: شاعیران چیان لەدەست دێت بۆ شاری ئایدیاڵی؟ یان له راپەڕاندنی کۆماردا دەتوانن چی بکەن؟ ئایا دەتوانرێت سوود لە شاعیران وەربگیردرێت بۆ فێرکاری هاوڵاتیانی تازەلاو؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت بزانین شاعیران چی دەڵێن و لە شیعرەکانیاندا چلۆن وەسفی خوداوەندان، جیهانی دیکە، دادپەروەری و ستەم و دەرەنجام قارەمانان دەکەن. لەم سۆنگەوە رەخنەی ئەفلاتوون لە شاعیران، بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندی بە شێوازی ئاخاوتنیانەوە هەیە لەبارەی خوداوەندان، جیهانی دیکە، راست و ناڕاست، ژیانی پاڵەوانان و بابەتگەلی لەوجۆرە و بە کورتی ئەو شتەی کاریگەری هەیە بەسەر پەروەردەی هاوڵاتییانەوە. لێرەدا بە کورتی دەدوێین، لەبارەی رەخنەی ئەفلاتوونەوە لەو بابەتانەی ئاماژەمان پێدا لە هۆنراوەی شاعیراندا:

-١گێڕانەوەی ناتەواوی شاعیران لە ژیانی خوداوەندان:

))پێت وایە کە خودا وەکو جادوگەرێك دەتوانێت بچێتە سەر وێنەگەلی جۆراوجۆر...یان خوداوەند زاتێکی ساکارە، کە وێنەی خۆی بۆ وینەگەلی دیکە ناگۆڕێت...کەواتە نابێت هیچ شاعیرێك پێمان بڵێت خوداوەندان وەکو رێبوارانێکی بێگانە، بە هەمەچەشنی و فرەجۆری پۆشاکی گۆڕدراوەوە، بە شاراندا دەگەڕێن)) (ئۆدیسە، هەڤدەم،..).

((هەربۆیە نابێت دایکان گوێ بە قسەی شاعیران بدەن، و نەکەن ئەفسانەی نابەجێ بۆ منداڵەکانی خۆیان بڵێنەوە کە خوداوەندان، لە کاتەکانی نیوە شەودا، لە شێوەی بێگانە و بە روخسارگەلی جۆراوجۆرەوە هاتووچۆ دەکەن، بۆ ئەوەی نە سوکایەتی بکەن بە قەلەمڕەوی خوداوەندان و نە منداڵەکانی خۆیان ترسنۆکتر بار بێنن)) (کۆمار.(

لەم بارەوە لە کۆماردا دەخوێنینەوە:

((گەورەترین درۆ لەبارەی خراپترین بوونەوەرەوە گووتراوە، کە کۆمەڵە کردەوەیەك -بە وتەی هیزیۆد- لە ئۆرانوس وەشاوەتەوە، دەدرێتە پاڵی و دەڵێت، کرۆنۆس تۆڵە لە -ئۆرانۆس- دەکاتەوە، کەسێکی وا نەیتوانیوە ئەو بەسەرهاتە بە شێوەیەك هەڵبەستێ. وێڕای ئەوە، شرۆڤەکەی هیزیۆد لەبارەی کارەکانی کرۆنۆس، ئەو ئازارانەی ئەم خوداوەندە بە دەستی کوڕەکەیەوە چەشتوویەتی، دەگێڕێتەوە، تەنانەت ئەگەر راستیش بێت، بە رای من، نابێت بۆ منداڵی بگێڕینەوە کە پاکن و خاڵێن لە هۆش، بەڵکو باشتر وایە بەشاراوەیی بیانهێڵینەوە، و ئەگەر گووتنیان پێویست بێت، دەبێت لە نێوان کۆمەڵێکی بچووکدا وەکو نهێنییەکی شاراوە بیانهێنینە سەر زار، ئەوەش دوای قوربانیکردنی قوربانییەکی شایستە و گەورە نەك بەرازێك، بۆ ئەوەی تا ئەو شوێنەی دەکرێت ژمارەی گوێگران کەم بن.((

-٢ناڕوونی لە زمانی شیعردا: بەکارهێنانی خوازە، مەجاز و ...

لەم بارەوە سوقرات دەڵێت: ((...ئەو چیرۆکانەی ئەمڕۆ دەگووترێنەوە، لەوانەش ئەوەیە کە هیرا -هاوسەر و خوشکی زیۆس کە بە خواوەندێکی دڵرەق و بێ بەزەیی هەژمار دەکرێت لە ئەفسانە یۆنانییەکاندا- چلۆن بە دەستی کوڕەکەی کۆت وبەند دەکرێت، یان هفایستۆس بە تاوانی ئەوەی ویستی بەرگری لە دایکی جەفادیدەی خۆی بکات کە چلۆن باوکی لە ئاسمانەوە دەیخاتە سەرزەوی، یان داستانی جەنگەکانی خوداوەندان کە هۆمێرۆس گێڕاونییەتییەوە، لەم داستانگەلە چی خوازە بەکارهێنرا بن و چی خوازەیەك لە ئارادا نەبێت، نابێت لە شاردا پەسەند بکرێن، چونکە منداڵان و لاوان ناتوانن جیاکاری بکەن چی شتێك خوازەیە و چی شتێك خوازە نییە، هەر شتێك بە منداڵی لە زەیندا جێگیر بکرێت هەرگیز ناسڕدرێتەوە. لەو سۆنگەوە دەبێت زۆر ورد بین، یەکەم شتگەلێ کە دەیبیستن، ئەفسانەگەلی زۆر باش و هاندەر بن بۆ وەدەستهێنانی فەزیلەت)).

هەروەها لە رەخنەی ناو یان ناوەکانی جیهانی پاش مردن کە شاعیران بە کاری دەبەن، سوقرات دەڵێت: ((هەروەها کۆمەڵە ناوگەلی ترسهەژێن کە دەدرێن بە جیهانی مردووان، دەبێت تەرك بکرێن. وەکو ئستۆکس کاوکۆتس -رووباری ناڵەکان، رووباری نەفرەت لێکراو-، جیهانی ژێرزەوی، جیهانی تارماییەکان و ناونیشانگەلی لەوجۆرە، کە هەر گوێگرێك







دەخاتە ترسەوە. رەنگە بەکاربردنی ئەم ناوانە لە برێك بابەتدا سودمەند بن، بەڵام دەترسین پارێزگارانی ئێمە لە کۆمەڵە ناوێکی لەوچەشنە بترسن و تووڕە بن و دەرەنجام سستر لەوە بن کە نابێت ببن((

-٣دادگەر و نادادگەر بە وتەی شاعیران

شاعیران تەنها ناپەرژێنە سەر گێڕانەوەی ژیانی خوداوەندان، بەڵکو لە بارەی مرۆڤ و کردار و هەڵسوکەوتیشانەوە خەریکی حوکمن، بەڵام لەمبارەوە هەمیشە باش نادوێن: ((دەڵێین کە شاعیران لەبارەی مرۆڤیشەوە زۆر بە خراپی -بەبێ هەڵسەنگاندن- دەدوێن، چونکە قسەکانیان ئەوە دەڵێت کە زۆرێك لە ستەمکاران تەمەنێك لە خۆشگوزەرانی بەسەر دەبەن لە کاتێکدا کە خەڵکانێکی دادپەروەر هەن رۆژگاریان رەشە، بەم قسانە ئەوەمان دەخەنە زەینەوە کە ستەمکاری و نادادپەروەری ئەگەر لە چاوی خەڵکدا شاراوە بێت، بۆ خودی مرۆڤ سودمەند دەبێت، لە کاتێکدا کە سودی دادپەروەری هەمیشە بە کەسانی دیکە دەگات و بۆ خودی دادپەروەر بەرهەمێکی جگە لە زیان نیە. کەواتە، ناچار دەبین لەم قسانەیان رابگرین و داوایان لێ بکەین لە گوفتار و چیرۆکەکانیاندا دروست پێچەوانەی ئەم ناوەرۆکانە بهێننەوە))

(هەمان سەرچاوە.(

-٤قارەمانان و مرۆڤە گەورەکان لە گێڕانەوە ی شاعیردا

هەنوکە با ببینین لەبارەی پاڵەوانان و منداڵانی خوداوەندانەوە چلۆن دەدوێن. ئایا شێوازی گوفتاریان شایستەی هاوڵاتیانی کۆمارە یان نا، لەمبارەشەوە گوێ لە رەخنەی ئەفلاتوون دەگرین: ((هەروەها باوەڕ ناکەین و رێگە نادەین کە بڵێن تزەیۆس، کوڕی پۆسییۆن و پایریتوس کوڕی زیۆس دەستیان دابوویە دزی و رفاندنی توانکارانە، و کوڕانی خوداوەندان و پاڵەوانان بە کارگەلی ناتەندروست و دژە ئاییندار تێوەگلا بن کە بە درۆ ئەمڕۆ دەدرێتە پاڵیان، بەڵکو شاعیران ناچار دەکەین یان زاریان لە چیرۆکگەلی لەو چەشنە دابخەن، یان بانگەشە نەکەن ئەو کەسانەی دەستیان داوەتە کردەوەگەلی لەوجۆرە منداڵانی خوداوەندان بوونە. رێگە نادەین بە لاوانمان بڵێن خوداوەندان بەرهەمهێنەر و سەرچاوگەی خراپەن و پاڵەوانەکان هەرگیز لە مرۆڤ باشتر نین، چونکە ئەوەمان سەلماند کە خوداوەندان هەرگیز سەرچاوەی گەندڵی نین و کەواتە هەموو قسەکانی ئەوان ناراست و پێچەوانەی ئاییندارین)) (هەمان سەرچاوە). لە لایەکی

دیکەوە شاعیران لەبارەی مرۆڤە مەزنەکانەوە بەجۆرێك دەدوێن کە رەنگە ئەو گوزارشتە خاوەنبیر دوچاری سستی و لاوازی بکات، کە شایستەی ئەو نیە. حوکمی سوقرات لەبارەی ئەم جۆرە گێڕانەوە شاعیرانەیە بەم چەشنەیە: ((کەواتە گریان وشیوەنیش –لە نێوان شیعرەکاندا– دەسڕینەوە، واتە ئەو گریان و شیوەنەی کە دراوەتە پاڵ مرۆڤە مەزنەکان...–چونکە– پێمان وایە کە هزرمەند مردن بۆ هزرمەندێکی دیکە کە هاوڕێیەتی بە نەگبەتی هەژمار ناکات...کەواتە شیوەن و زاری بۆ ناکات...کەواتە لە کەسانی دیکە بۆ لەدەستدانی منداڵ، برا یان ماڵ یان هەرشتێکی دیکە دەناڵێنن. لەم سۆنگەوە کەمتر لە کەسانی دیکە دەم لە گازندە دەکەنەوە و لە کەسانی دیکە جوامێرترن. کەواتە حەق بە ئێمەیە ئەو شیعرانەی مرۆڤگەلی بەنێوبانگ لە باری گریان و شیوەن بەرجەستە دەکات، وەلاوە بخەین...تا ئەو لاوانەی بۆ پاراستنی نشتیمان پەروەردە دەکرین زەجە و زاری بە شەرم بزانن)). (هەمان سەرچاوە) کەواتە وتەی شاعیران، لە بارەی خوداوەندان و منداڵانی خوداوەندان، پاڵەوانان و مرۆڤە مەزنەکان راست و ناڕاست،هەمیشە خاڵی نیە لە ناروونی، لەم سۆنگەوە ناتوانین بی بیرکردنەوە و لەخۆوە هەر جۆرە شیعر و دەقێك فێری تازەلاوان بکەین. بەرلەوەی خەریکی زیاتر روونکردنەوی ئەم بابەتە بین، وەیادهێنانەوەی چەند خاڵێك بە جێ دەبێت.

-٥جۆری هەڵسوکەوت لەگەڵ شاعیران لە شاری ئایدیاڵیدا

رەخنەی شیعر لە لایەن ئەفلاتوونەوە ئاماژەی سەرنجی ئەوە بۆ شاعیران. بۆیە سەرەڕای سەختگیری ئەفلاتوون هەمبەر بە شیعر، شاعیر و سۆفیست لە بۆچوونی ئەودا یەکسان نین: شاری ئایدیاڵیی ئەفلاتوون سۆفیست لە هەناوی خۆیدا پەسەند ناکات، لەکاتێکدا کە شاعیر بۆ فێرکردنی هاوڵاتییانە لاوەکەی بانگەواز دەکریت. لەم سۆنگەوە، دەبێت ئەوە بزانین چی جۆرە شیعرێك بۆ ئەم کارە گونجاوە. پێویستیی ئەم پرسەش رەخنەی شیعر و شاعیرێتییە.

لەگەڵ ئەمەدا، ئەگەر شاعیرێك لە کۆماردا پەسەند نەکرێت، هەڵسوکەوتێکی شایستەی لەگەڵدا دەکرێت و رەوانەی شارێکی دیکە دەکرێت: ((ئەگەر مرۆڤێك کە بتوانێت بە کارامەییەکی تەواوەوە بچێتە سەر هەموو شێوەیەك و لاسایی هەموو شتێك بکاتەوە، بێتە لای ئێمە و بیەوێت شیعرەکانی خۆی بخاتە نمایشەوە، وەکو بوونەوەرێکی پیرۆز، سەرسوڕمان و خۆشەویستانە نوێژی بۆ دەکەین، و پێی دەڵێین پیاوێکی وا لە شاری ئێمەدا نییە، و رەواش نیە کە هەبێت، و پاش ئەوەی عەتری بەسەر دەپرژێنین نەوار دەپێچینەوە رەوانەی شارێکی دیکەی دەکەین))...پێناچێت قسەی ئەفڵاتوون لەبارەی ئەوجۆرە شاعیرانەوە خودان ئاڵۆزی بێت. لە راستیدا هەڵسوکەوتێکی وا، واتە چەورکردن و تاجەگوڵینەلەسەرنان ، تایبەت بووە بە پەیکەری خوداوەندان (یاداشتی وەرگێڕی فەڕەنسی ل–١١٠(

- ٦شێوازی ئەفلاتوون لە رەخنەی شاعیران

شێوازی ئەفڵاتوون لە رەخنەی شیعردا شیاوی سەرنجە. بۆ نموونە. کاتێك کە لەبارەی هەڵسوکەوتی منداڵەکانی کرۆنوسەوە دەڵێت: ((تەنانەت ئەگەر جووڵانەوەی کرۆنوس و شێوازی هەڵسوکەوتی منداڵەکانی لەگەڵیدا دروست بوایە، دەبوایە دوورەپەرێزی بکات لە گێڕانەوەی سەرسەریانە و بی پیشەکی ئەو چیرۆکە((..

یان لەبارەی بەکارهینانی نوواندن لە شیعردا: ((...لە و چیرۆکانە چی نوواندن بەکاربێت و چی بە کار نە برابیت...چون منداڵان ناتوانن قسەی نوواندن لە قسەی نانوواندن بناسنەوە((

کەواتە، ئەفڵاتوون ئاگاداری فرە روو بوونی وتەی شاعیرانە.

لە کۆتاییدا رەخنەی شیعر، تایبەتمەندیی زمانی شاعیرانە و جیاوازییەکەی لەگەڵ شێوازی ئاخاوتنی فەلسەفیی ئەفڵاتووندا روون دەکاتەوە. لە راستیدا جەوهەری شیعر و زمانی شاعیرانە، لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی سەختگیری ئەفلاتوونە هەمبەر بە شاعیران.

سەرچاوە\ ئینتەرنێت

نووسینی: سەعید بنیای موتلەق

# قەیرانی رەخنە، قەیرانی ئەدەبی

و: لە فارسییەوە: نەسیم چۆمانی

هەر لە کۆنەوەی باس لە قەیرانی ئەدەبی و لە قەیرانی فەرهەنگیش بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت، هەروەها قەیرانی رۆمان، قەیرانی ئەدەبیات و ئەوەش، بابەتێکە کە هەمووان لەسەری کۆکن. چەند ساڵ لەمەوبەر سیگرە (Segre) باسی لە قەیران کردووە. گومانم لەوە هەیە کە بێشک دەستکەوتە مەرجدارەکانی سەبارەت بە بارودۆخی رەخنە دەتواندرێت پۆلێن بکرێن و هاویەش بن.

بە بڕوای من قەیرانی رەخنە پەیوەندییەکی بەرتەسکی بە قەیرانی ئەدەبیاتەوە هەیە: ئەگەر ئەدەبیات بوونی هەبێت، رەخنەش بوونی هەیە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر ئەدەبیات بوونی نەبێت، ئەوا رەخنەش لەناو دەچێت و نامێنێت. ئەو ئەدەبیاتەی کە لە بەڵگە و لۆژیکی رەخنەگرانە سەرچاوەی نەگرتبێت، جێگای تێڕامان نییە. ئەوەش بەم مانایەیە کە بەشەکانی رەخنە لە ساڵەکانی داهاتوودا پەیوەندییەکی تەسکی لەگەڵ بەشەکانی ئەدەبیاتدا دەبێت و لە







لایەکی دیکەشەوە مکور بوون لەسەر خاڵە جێگای مەترسییە. بە تایبەتی من بڕوام وایە کە ئەدەبیات شوێنی تایبەتی خۆی هەیە، هەر چەندە مێدیۆمی ئەدەبی، تارادەیەک ئیتر وەکو مێدیۆمی سەرەکی و ناوەندی فەرهەنگ نییە. نووسین کارێکی سەرەکی و گشتییە، بە پێچەوانەی ئەو بارودرخە زاڵ و تایبەتیە کە بەردەوام خاوەنی بووە، زیاتر لەوە نییەتی و ناتوانێت کە هەبێت. لەو کاتەوەی کە سینەما و وێنەکێشان و میدیاکان هاتنە کایەوە، نووسین رەهەندێکی تازەی وەرگرتووە و دەورێکی جیاواز دەبینێت و ئەمڕۆ چەندین میدیای وەکو میدیای وێنەیی و میدیاکانی گەیێنەری زانیاری و هەواڵ کۆمەڵێك دەرفەت دەرەخسێنن کە ئیتر نووسین دەرەقەتی وێنا کردنیان نایەت. بۆ نمونە: ئەمڕۆکە هەواڵێکی ئاوانگارد بە مانای پوختی وشە لە رێگای مێدیۆمەوە ناگوازرێتەوە: رەنگە لە رێگای میدیاکانی تر بگوازرێتەوە. بەهەر حاڵ نووسین درێژە بە بەدەستهێنانی کرداری بونیاتنان دەدات، چونکە زمانی رەخنە نووسینە و من ناتوانم هەر جۆرە داهێنانێکی نوێ دوور لە لێ وردبوونەوە، بە مانایەکی تر دوور لە رەخنە بەرچاو بخەم.

کەواتە ئەدەبیات و رەخنەی بۆ چ کەسێك دەتوانێت جێگەی گرنگی بێت؟ رەخنەگر بۆ چ کەسێك دەنووسێت؟ بە بڕوای من هەموو ئەو کەسانەی کە لە رێگای نەك تەواو چێژێکی بروایانە و کاریگەریانە ئارەزووی لە ئەدەبیات دەکەن و سەرگەرمی رەخنەگرتنن. رووبەڕووی ئەو گەنجانە دەبینەوە کە ئەدەبیاتنیان لا زۆر خۆشەویستە و رەنگە خودی ئەوانیش دەستێکیان لە نووسین دا هەبێت یان خەونی نووسینیان لە سەردا هەیە. بەم جۆرە نایەتە بەرچاو کە لە ژینگەیەکی تایبەتی، بە تایبەت لە جۆری پەسندی گەنج، کە بە هەر شێوەیەك ( ژینگەی گرنگتر هەن، لەدەستدانی ئارەزووی ئەدەبی دەبێت هەستی پێ بگرێت) تەنانەت ئەوکاتەی کە من بیر لەو گەنجانە دەکەمەوە، زۆربەی جار بیر لەو کەسانە دەکەمەوە کە لە شوێنە دیاریکراوەکاندا رووبەڕوویان دەبمەوە: زانکۆ یان کتێبخانەکان، بەمجۆرە نەك نوێنەری دونیای گەنج بە مانا گشتیەکەی، کە بۆ میدیاکانی تر، رەنگە بەهۆی جۆری مۆسیقاکەی هەستیارتر بێت، بەڵام هەر ئەم دونیایە، ئەدەبیات بە ستایلێکی پێش داوەرانە دەخاتەڕوو. نووسینە رەخنەییەکان سەرەڕای توێژینەوە و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی تر و خستنەڕووی بابەتە بەرچاوەکان، روو دەدەن. ئێمە بەردەوام بۆ خوێنەر دەنووسین. بابەتەکە پەیوەندی بە گوێگرێك هەیە کە تامەزرۆی سەرکەوتنە لە خێرایی ئەوەی

دەیخوێنێتەوە. بە پێی خەسڵەتە ئەو خوێنەرەی کە زۆر بە ئەزمون نەبێت، هەرچەندە ئامادەگی تێگەیشتنی ئەو کارەی هەیە کە ئێمە بەردەوام سەرقاڵی وەرگرتنی ئەزمونین. ئێمە بۆ خوێنەر بە ئاراستەی وێناکردن و  بە مەبەستی فۆڕمدان بە خۆمان دەنووسین، ( ئەوەش دەکرێت لە چیرۆکێك یان ئەنتۆلۆژیەکی ئەدەبی سەرچاوە بگرێت). لەلایەکی دیکەوە، نووسینی ئەدەبیش پەیوەندی بەم بەشەی بابەتەکانەوە هەیە. نووسەرێك، بۆ کێ دەنووسێت؟ دەزانین کە بۆ خوێنەرێك بە ئاراستەی پەسند کردنی بەرهەم دەنووسێت. ئەو نووسەری کە خوێنەرێکی دیاریکراوی هەیە، رووبەڕووی کارکردی جیاواز دەبێتەوە. بە مانایەکی تر دەزانێت کە سەلیقەی گشتی چین، چ جۆرە چیرۆکێك لەگەڵ زەوقی گشتیدا دەگونجێت و وێنای دەکات لە کاتێکدا بڕوای وایە کە لە لایەن زۆرینەی خوێنەران دەخوێندرێتەوە و لەم رووەوە پێشبینی زۆر لەبەر چاو ناگرێت. بێگومان رەخنە لە گرنگی و رەهەندەکانی داهێنانی ئەم نووسەرە کەم دەکاتەوە و دڵێکی سەرقاڵی نییە، ئەگەر لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە سەبارەت بە سەلیقەی خوێنەران بێت: بە مەبەستی ئاراستە کردن بە خوێندنەوە و توێژینەوەی کۆمەڵناسی لەگەڵ رووکردە کۆمەلأیەتیە دیاریکراوەکان ، بەلأم ئەم جۆرە نووسەرە ئەو شتەی کە خوێنەر داوای دەکات بە زمانی دانایات و بۆ ماوەیەکی درێژ ناتوانێت لە ریزی نووسراوە رەسەنەکاندا بێت: بە تێپەڕینی کات لە بەهاکەی کەم دەبێتەوە و مێژوو لە بیری دەکات. ئەو کاتە مێژوونووسان و کۆمەڵناسان گرنگی پێ دەدەن، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە و بارودۆخی بلأوکردنەوە، خوێندنەوە، پێرستەکانی ئامار خوێندنەوە و .. بێت. رەخنەگر روو لە کۆی خوێنەرە دیاریکراوەکان نانووسێت و بە هیچ شێوەیەك مەبەستی نییە کە فراوانی بکات. (ئەو) هەوڵ دەدات بیر لە بۆچوونێکی تابیەتی بکاتەوە و خوێنەران دڵنیا دەکاتەوە. ستاندال (Stendhal) (بۆ ئەوەی نمونەیەکی گەورەتر بهێنینەوە بە مەبەستی فروانکردنی بەرهەمی داهێنەرانە) ئەوەی دەخستەڕوو " من لە ١٩٠٠ دەرکم پێ دەکرێت": بە مانایەکی تر گشت خوێنەران قۆناغەکانیان تێدەپەڕێنن و بە دەرفەتی خوێنەرێکی دیکە دڵنیا دەبوویەوە. ئەو نمونەیەی کە هێنامانەوە زۆر ورد نییە، بەلأم بۆ دەرخستنی ئەم مەبەستە بەهرەی لێ وەردەگرین کە رەخنەگرێك، لە حوکمی ئەو پەیمانەی کە درێژە بە ئامانجێکی ئاشکرا و بەڵگەدار نادات ــ ئاماژە بە بنکەی زانیاریەکان دەکەین کە پێویستی بە پێناسە و بە پێی ستاندەرەکانی فەرهەنگی سەردەمە ــ لە بنکەی زانیاریەکان فراوانترە و کردارەکە





مەترسیدارتر  و ئازادترە. رەنگە بتوانێت دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە بەردەوام بێت و یان بڕژێتە ناو هیچەوە. گوتارێکی کورت پابەند بوونی لێ وردبوونەوەی کەسیە، بەلأم بۆ کەسێکی تر دەخرێتە روو و پێویستی بە یەکیکی تر هەیە. رەخنە ژانرێکی ئەدەبیە و گشت ئەدەبیاتی مۆدێرن (داهێنانی بەرهەمێکی یان رەخنە) مۆهۆنی گشت خوێنەرانە و دەکەێتە پێشەوە، هەوڵ دەدات بۆ لایەکەی تری ئاسۆکان رێدەکات.

٣ـ ئایا بە راستی دەبێت ئاسۆی وەرگرتن ببینێت؟ بێگومان وانییە. بە شێوەیەکی جیاواز ناوەڕۆکێك دەخوێێتەوە، چونکە ئەو فەرهەنگەی کە تیایدا دروست بووە دەگۆڕێت. بەمجۆرە بارودۆخی رەخنە بەرپرسیاریەتیەك وەردەگرێت و رەخنەگرە گەورەکان وەکو نووسەرە گەورەکان دەگمەنن. رەخنەگر، ئەگەر حیسابگەر بێت، بەردەوام دەست پیشخەری دەکات: شتێك دێنێتە سەر زمان کە یەکەمین کاردانەوە نەرنیەکان سەرسوڕمانی دروست دەکەن و لەم رووەوە شێوازی بیرکردنەوە و داوەری را دەگۆڕێت. ئیلیۆت (Eliot) بۆچوونی تایبەتی خۆی لە ئەدەبیاتی ئینگلیزی دەخاتە بەرچاو و کە تیایدا میلتۆن (Milton) و وۆردزورت (Wordsworth) و رۆمانتیك پۆلێن دەکات و ئەم بۆچوونە زاڵ دەکات.

پێویستە کە رەخنە ئەدەبیات وەکو داهێنانێکی بەرهەمهێنەرانە بژمێرێت. بەم هۆیەوە من بە چاوی گومانەوە تێیدەڕوانم، بە لایەنی کەمەوە ئەو کاتەی کە رووبەڕووی بەرهەم دەبێتەوە. بێگومان کاتێك ناوەڕکێك دەخوێنیتەوە خۆت لە بارودۆخی وەرگرتن دادەنییێت، بەلأم تەنیا کاتێك هەولدەدەی کە ئەو ناوەڕۆکە دەرك بکەی ، چێژی لێوەردەگری. وەرگرتن ئەو کاتە گرنگی هەیە کە بەرهەمهێن دەگرێت، واتا رەخنە بەرهەم دەهێنێت.

٤ـ ئاشکرایە کە ئاسانترین شێوازی نارەوا بەرهەمهێنانی رەخنە گرتنە، هەروها کە ئاسانترین شت بۆ دەرخستن، روونکردنەوەی " ئەدەبیاتی مردووە": وادەردەکەوێت کە ئیتر کارکردێك لەم ئەدەبیاتە نابینرێت، ئەگەر ئەدەبیات مردووە، بێگومان رەخنەش مردووە. ئەگەر ئەدەبیات داهێنەرانە روو لە خامۆشییە، ئیتر هیچ کەس لە ئەدەبیات تێناگات. لیۆپاردی (Leopardi) بڕوای وایە کە خراپی رۆژگار و سەردەم زیان گەیاندن بە تێگەیشتنی پێویست لە شیعر بوو، تێگەیشتنێکی زیرەکانە سەبارەت بە بابەتێکی لیۆپاردی، لە خوێندنەوەی ویرژیل(Virgilio) ، ئۆراس (Orazio) ، دانتە(Dante)،پترارك (Petrarca) و.. بەرهەم هاتووە. ئەگەر ئەمجۆرە

هەستیاریەی سەبارەت بە ناوەرۆکێکی بوون نییە، ئەو ناوەرۆکە لە دەستت دێتەدەرەوە. لیۆپاردی بە مەبەستی پاراستنی (ناوەرۆك)ە دوو جۆرە ئەدەبیاتی نوێ دەخاتەبەرچاو: جۆرێکی کە تایبەتە بە داهێنەران ( کە هێشتاش دەرك بە ویرژیل دەکەن) و جۆرێکی تری گشتیە، کە ئەمڕۆ بە ئەدەبیاتی گشتی ناوی دەبەین. لیۆپاردی دوو سەدە بەر لە ئێستا ئەم وتارەی خستەڕوو. سەدەیەك بەر لە ئێستا مالارمە(Mallarmé) دووبارەی کردەوە. پرسی مەرگی ئەدەبیات گشت مۆدێنێتەی گرتەوە و رووبەڕوو بوونەوەی هێشتا کۆتایی نەهاتووە. بەم پێیە دەتوانن گەشبین بین. گومانم هەیە کە دەبێت ئێمە کارکردێك وەربگرین کە گوایا ئەدەبیات و رەخنەی دەبێت بە" چاوپۆشین" لە هەموو شتێك درێژە بکێشێت. ئەم گۆڕانە لە منەوە نییە: لۆکاچ (Lukacs) باس لە "هونەری چاوپۆشین" دەکات. کارکردن بە چاوپۆشین رەنگە چەندین ئاسەوار کە رەنگە بێتە بەرچاو و رێگا لە جۆرێك لە داهێنانی نوێ بگرێت، ئەو داهێنانەی کە هەمان کێشیان هەبێت، کە لە سەدەی بیستەم بوویەتی، کاتێك دێتەوە بیرمان گالیماردیش نووسینی پرۆستی لە قۆناغی یەکەمدا پەسند نەکرد. یەکەم، بیر لەوە دەکرێتەوە کە ئەدەبیات تاوەکو دوێنێ بەرگری کردووە و دووەمیش بە شێوەیەکی ئاشکرا خاوەنی چەندین بەڵگەی شاراوە و ئاڵۆز بە ئاراستەی شیکردنەوە بە مەبەستی پیدا بوون ، بووە: پێویستی ئەدەبیات لەبەرچاو گیراوە. لە لایەکی دیکەوە ئەدەبیات تەنیا بۆ ئەم مەبەستە هاتۆتە بوون کە نووسەری گەورە هەبوونە کە ئەمڕۆ رەنگە بوونیان نەبایە. لە راستیدا ئەمڕۆ و بە شێوەی روونتر لە دوێنێ، زانستی راستەقینە زانیاریە، هەرچەندە ئاڵۆزیش بێت، بەلاّم لەژێر ئەم بارودۆخە نا بڕوایانەی مرۆڤ لە جیهاندا، پێویستی بە بوونی راستیەك بە روونی ئاشکرایە و (ئەگەر ئەدەبیات راستیەك بسەلمێنێت کارکردێکی کاریگەریانەی دەبێت). ئەو راسیتەی کە لە جۆری زانستیەکەی نەبێت. چەندین فەرهەنگ و زانستی جۆراوجۆر هەیە کە هەرچەندە لە جۆرە زانستیەکەی نین و پێویست نین. بۆ نمونە رەفتارەکان، هیچ جۆرە دەرفەت و بوونی رەفتاری فراوان بۆ فێربوونی بۆ گشت ئێمە نییە، کە بکرێت رووی تێبکرێت، لە کاتێکدا یەك جۆرە بڕواپێکردنی مرۆیی پەیوەست بە راستیەکانی زانستی هەیە، ئەو راستیانەی لە لایەن کۆمەڵگەیەی زانستی مایەی سەلماندن و جێگیر کردنە . لوپرینی (Luperini) بە دروستی باس لە کۆمەڵگەیەکی هێرمۆنتیکی دەکات: ئەم کۆمەڵگەیە زانستی نییە، بەڵکو بەشێکە کە لە تایبەتمەندی راستی ناوەرۆك





دەکۆڵێتەوە کە ناکرێت چاوەڕوانی جۆرە زانستیەکەی بکرێت و هەرچەندە رەنگە بۆ مرۆڤایەتی گرنگیەکی راستەقینەی هەبێت. بە کورتی پێویستە زانستی ئەدەبیات لە زاستێکی ورد و بێ کەموکورتی جیا بکرێتەوە کە لەسەر بنەمای ژماردن و زمانە دەستکردەکان و . دورست بووە. شیعر جێگیرە بێ ئەوەیکە ورد و ژمێراو بێت و رەخنەی ژانری ئەدەبییە کە لە نێوان ئەدەبیات و فەلسەفەدا شوێنی خۆی هەیە. ئەگەر بە پێچەوانەوە باس لە قەیرانی رەخنەی فەلسەفە بکەین ( لە هەمان بابەت کە سەبارەت بە رەخنە و ئەدەبیات هاتە پێشەوە دەدۆزینەوە. لە کاتێکدا کە هیچ کات باس لەوە ناکرێت کە قەیرانی زانستی بوونی هەیە، جگە لەوەیکە پەیوەندی بە تەندروستی و هەژموونی دانیشتوانەوە هەبێت. قەیرانی زانستی مانایەکی دەگەیەنێت: زانست لەو ولاّتانەدا دووچاری قەیران دەبێتەوە کە بە شێوەیەکی گونجاو لە لایەنی ئابوریەوە دابین ناکرێت و بەم شێوەیە باشترە کە باس لە قەیرانی بونیادەکانی زانستی بکرێت. نمونەی ئیتاليا).

٥- بە کورتی ئەو زانیاریانەی کە پێویستن هەروەها رواڵەتی مرۆڤناسانە وەردەگرین، چونکە پەیوەندی بە چەمکی ژیان و ستایل و ئامانجەکانەوە هەیە، ئەمڕۆ بارگرانی سووخواردن بە شێوەیەکی نەگونجاو لە لایەن خەڵکەوە وەردەگیرێت. بە پێچەوانەوە ئەم دیاردەیە هیچ پەیوەندییەکی بە زانیاری زانستەوە نییە، کە ئەوانەی پەسندی دەکەن زۆر کەمن و هەر کەسێك لە روانگەی تایبەتی خۆی، لە لایەکی دیکەوشەوە بە پێشکەوتنە تەکنۆلۆژییە گرنگەکانەوە کە بوونی جیهان دەگۆڕن. ئەم زانستە ناکالاّیی بووە کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی راستەقینە و پەیمانێکی تەواو بەرگریی لێ دەکرێت، لە بەرامبەردا ئەدەبیات بۆ سروشتی پارێزگارانەی ئێمە گرنگی نییە و لە رووداوە زانستی و ژمێردراوەکان نییە و بەمشێوەیە باس لە ئامانجەکەی دەکرێت کە ناکرێت چاوپۆشی لێ بکرێت. بەلاّم ئەگەر بەراورد لەنێوان هونەری پەسندی گشتی و هونەری ناپەسندی گشتی بکەین زۆر ئاڵۆزە و لێرەدا ناتوانین باسی لێوە بکەین. پێویستە باس لەوە بکەین کە ئەدەبیات هەروەکو لێوردبوونەوەی ئەخلاقی و فەسلەفی بە فەرهەنگی بە چەمکی مرۆڤناسانە، زانیاری دەبەخشێت. لەم رووەوە پێویستە بە شێوەیەك کار بکرێت کە رەخنە بگونجێت. رەنگە پێیوست بێت کە رێگاچارەی باسکاڵی هەڵبژێردرێت. زیاتر لە وەلاّمێك بە قەیرانی رەخنەیی دەدینەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی " فیروزە"

نوسینی: گویید گولیلمی

# یەشار کەمال



و: حەمەکەریم عارف

***ئـەم کـارە بـە جەڵـەبیو لاسـایی کردنەوە ئەنجام ناردێت...***

***تەنانەت ئەگەر دەربارەی کەسێکیش شتێك دەنووسیت، دەبێ ببی بەو، بچیتە پێستو کلێشەی ئـەوەوە، ئەگـەر دەربـارەی ناوچەیەكو خەڵکی ئـەو ناوچـەیە، بـەردو خـاکی، ڕەنـگو بۆی ئـەو ناوچـەیە قسە بکەی، دەبێ دەقاو دەق، کوتو مت ببـی بەو ناوچەیە وەکـو چۆن هەیـە... دەبـێ سەدی سەد ببی بە هەمان ناوچە... دەبێ سەرەتا خۆت، پاشان دراوسێکەت، دوای ئـەوە گوندییـەکانو پاشـان سەرانسەری ناوچـەکە... بـێ هـیچ لاسـایی کردنەوەیەك... ڕێك وەکو چۆن هەیە، بەو ئاوایە باس بکەیتو بگێڕیتەوە...***

یەشـار کـەماڵ، لـە ڕۆماننووسـە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی نوێی تورکیایەو زۆر دیمانەو هەڤپەیڤینو کورتە چیرۆکیشی هەن. لە گوندی گوکچەلی (همیتـە)ی سـەر بـە ناحیـەی عوسمانیـەی سـەر بەسـتانی ئەدەنا هاتووەتـە دنیـا. لـە تەمـەنی چوار ساڵیدا بابی لە دەست دا. ماوەی سێ دانە مانگ لە قوتابخانەی سـەرەتایی بورهـانلی کە دوو سەعاتە ڕێیـان لـە گوندەکەیانـەوە دوور بـووە، خوێندوویـەتی (١٩٣١). دوای قوتابخانەی جەمهوریەت کـادیرلی (١٩٣٨)، چووە قوتابخانەی یەکـەمی ئـەدەنا، بـەڵام لە دوا ساڵدا بە ناچاری دەستی لە خوێندن هـەڵگرت. لـە ئـەدەنادا زۆر کـاری هەمـە جـۆری کـردووە وەکـو کارمەنـدیو بەڕێوەبـەریی لـە کۆمپانیـای بیناسـازی، نوێنەرایـەتی مامۆسـتایان، کرێکـاری لـە مەزرائێن لۆکە، میراوی لـە بـاخو بێـستانان، کاروبـاری ئیـداری کـشتوکاڵ. سـەر کرێکاری، گێرەو خەرمانکوتی،و کارمەندی لە کۆمپانیای بوتلێن غاز،و ئەنجام لەسـەر کـاری ڕۆژنامـەوانی گیرسـایەوە. لـە پـاڵ سازدانی دیمانـەو نووسـینی سـیناریویاندا، ڕۆمـانو کورتـە چـیرۆكو شـانۆنامانیش دەنووسێت. لە ساڵی ١٩٨٢دا خەڵاتی نێو دەوڵەتی (delduca)ی پاریسی بەدەست هێنا.

یەشـار کـەماڵ، ئـەنادۆڵو چـلۆنایەتی ژیانی خەڵکەکەی بـە هەسـتو نەفەسێکی فولکلۆرییـەوە لـە بەرهەمـەکانی خۆیـدا نیشاندەدات. یەشار کەماڵ لە پێشا زیـاتر خەریکی شیعر بوو، لێکۆڵینەوەی لە بواری فولکلۆردا دەکردو تا ئەم دواییانە پـتر لـە چل جار کاری خـۆی گۆڕیـوە. دیـارە ئـەم کارە گۆڕکێیـەو بـاری سـەرنجە وردەکـانی بەدەم کـارێن جـۆراو جـۆرە، ئـەزموونێکی دەوڵەمەنـدی لا دروسـتکردووەو ئەمـە زۆر بـە ئاشـکرا لـە نووسـینەکانیدا ڕەنگـی داوەتـەوە. یەشـار کـەماڵ بابـەتو تیمـەی بەرهەمەکانی خۆی لە گوندەکانی ناوچـەی تـۆرۆس، مـەزرادارانی چـوقوور ئـاوا، ئاغایـانو ڕێگرانـی کـۆن، کرێکـارانو جوتیارانی بێ کارو دەستکورتو لە ژیـانی دژوارو سـەختی ئـەو خەڵکانـەوە هەڵدەهێنجیو هەڵدەگوێزی کـە سـاڵانێکی زۆر هاودەردیـان بـووە. یەشـار کـەماڵ لایەنگری لە هونەرێك دەکات کە ناسنامەی سـەربەخۆی، خـۆی هـەبێتو بـەرخورد دەگەڵ حەقیقـەتی ژیـانی جڤاکی خـەڵکی تورکیـادا بکـات: "مـرۆڤ کاتـێ مـرۆڤو سەردەمییە کە بتوانێ بەخۆیدا بـچێتەوە، بگەڕێتەوە بۆ خۆی. نیشتمانی مە خودانی کـەلتوورو شارسـتانیەتی هەڵبژاردەیـە. میللـەتی مـە ناسـنامەی خـۆی هەیـە."و بـاوەڕی وایـە: "ڕووکردنـە ئـەم کـەلتورو ناسـنامەیە، بایەخـدان بـەم کـەلتوورو ناسـنامەیە قـازانجێکی زۆر بـە ئـەدەبیاتی تورك دەگەیەنێ". یەشار کەماڵ، سوود لە زمانێکی نوێ، دینامیکی، زندووو تایبەت،و رسـتەێن کـورتو زاراوەو وشـەی هەمـە جۆری ئەوتۆ دەبینی کە ڕەنگو ریشەی لە سـەردولکە، گـۆرانیو سـتران، پەنـدی پێـشینانو بـەیتو بـالۆرەی خۆمـاڵی ناوچەی تۆرۆسو ئافسانانو زمانی خەڵکی ئەو ناوچەیە دایـە. یەشار کـەماڵ سـەرەتا

بە لێکۆڵینەوە لە فولکلۆر دەستی بە نووسین کردو پاشان لە ڕێگەی نووسینی سیناریۆ، شانۆنامە، ڕۆمان، کورتە چیرۆك، دیمانە، پێکەنینۆکو شیعر ناوبانگی دەرکرد. گرینگترین بەرهەمێن یەشار کەماڵ بریتین لە: گۆرانی خۆماڵی چیفتەچاپا ( یەکەم وتاریەتی لەسەر فۆلکلۆر، ١٩٤١). سەردولکان (گۆڤاری فولکلۆر، چاپی خانەی خەڵکی ئەدەنا، ١٩٤٣). لە دەورو بەری ساڵی ١٩٥١دا شیعرێکی زۆری بە ناوی کەماڵ سادق گوکچەلی لە بلاڤۆکێن جیاوازدا بڵاوکردەوە. ئەو هەڤپەیڤینە دوورو درێژەی کە لە ژێر سەرناڤی "حەوت ڕۆژ لە گەورەترین مەزرای جیهان" دا بەزنجیرە لە ڕۆژنامەی جەمهوریەت بڵاوی کردەوە لە ساڵی ١٩٥٥دا خەڵاتی ئەنجوومەنی ڕۆژنامە نووسانی بە دەست هێنا. بەرهەمەکانی تری بریتین لە: زەردە گەرما (کۆ چیرۆك، ١٩٥٢). پەنجا ڕۆژ لە لێڕە گڕگرتووەکاندا (چەند گوتو بێژێکە. ١٩٥٥). تەنەکە (ڕۆمان، ١٩٥٥). چوقورئاوای گەرم (کۆ دیمانە، ١٩٥٣). حەمەدۆك (ڕۆمان، ئەم ڕۆمانە کە لە هندییەوە تا چینی بە بیستو شەش زمان پاچڤە کراوە، باسی جوامێری خەڵکی سی ساڵ لەمە پێشی چوقوور ئاوای تەنیاو بێ پەنا دەکاتو لە ڕاستیدا سەربهوردی یەکێك لە سەدو پەنجا ڕێگرو یاخی کێوەکانی تۆرۆس لە نێوان ساڵانی ١٩٢٣–١٩٣٣ دەگێڕێتەوە" کڵاو ڕۆژنەی پەرییان ( زنجیرە گفتوگۆ، ١٩٥٧)، دژمنی ناموس (سیناریۆ، ١٩٥٧). گا کێوی ڕەنگین (سیناریۆ، ١٩٣٨) کاراجا ئۆغڵان (سیناریۆ، ١٩٥٨). کاریتە (ڕۆمان، ١٩٦٠). دەست هەڵبڕە (کۆ وتار، ١٩٦١). زەوی ئاسن، ئاسمان مس (ڕۆمان، ١٩٦٣)، کۆی چیرۆکە کورتەکانی یەشار کەماڵ (١٩٦٧)، سێ ئەفسانەی دەڤەری ئەنادۆڵ (١٩٦٧)، میهرگیا (ڕۆمان، ١٩٦٩، براوەی باشترین کتێبی بیانی لە فەرەنسا، ١٩٧٩). حەمەدۆك (ڕۆمان، بەرگی دووەم). ئەفسانەی چیای ئاگری (ڕۆمان، ١٩٧٠)، ئەفسانەی هەزار گا (١٩٧١)، سەرانسەری ئەم وڵاتە (گفتوگۆ، ١٩٧١). تاوانی بازاڕی ئاسنگەران (ئاغایانی ئاقچاساز، بەرگی یەکەم، ڕۆمان ١٩٧٣). هەوری لە کوڵ (دیمانەو هەڤپەیڤین، ١٩٧٤). خوێ لە هەنگویندا (کۆ وتار، ١٩٧٤)، ئەفسانەی چیای ئاگری (شانۆ نامە، ١٩٧٤). یوسف، یوسفە چکۆلەی من (ئاغایانی ئاقچاساز، ڕۆمان، بەرگی دووەم، ١٩٧٥). منداڵان مرۆڤن (چەند گفتوگۆیەك دەربارەی منداڵانی بێکەس، ١٩٧٥). ئەگەر مارەکە بکوژن (ڕۆمان، ١٩٧٦). جوامێری چاکیر چایی (١٩٧٦) سالح تەمەشای ئەم چاوانەی من بکە (ڕۆمان، ١٩٧٦). سوڵتانی فیلانو مێرولە شەلەی ڕدێن سوور (ڕۆمان، ١٩٧٧). ئاسمان شینە (گوڵبژێرێکی ئەدەبیاتی فولکلۆری تورك، کۆ کردنەوەی یەشار کەماڵو سەباحەدین ئەیوب ئوغڵو، ١٩٧٨). باڵندەکانیش ڕۆییشتن (چیرۆکی درێژ، ١٩٧٨). تۆرانی دەریا (ڕۆمان، ١٩٧٨). سەربازانی خوا (١٩٧٨). هیچکەس (ڕۆمان، ١٩٨٠) درەختی رزیو (وتاری جڤاکی، ١٩٨٠). حەمەدۆك (بەرگی سێیەم، ١٩٨٤، بەرگی چوارەم، ١٩٨٧). فوتوبیوگرافی (١٩٨٨).



## حەمەدۆك (١٩٥٥–١٩٨٧):

حەمەدۆك، داستانی مرۆڤیکە کە تاقەتی بچووکی، زوڵمو بێدادی نییەو مل بۆ ئەو شتانە نادات و یاخی دەبێت. یەشار کەماڵ لەم ڕۆمانەدا، نەك هەر وەکو ڕۆماننووسێکی کلاسیك، بەڵکو وەکو داستان سەرایەکی زۆر بە توانا، فەزاو هاماجێکی تەواو تازەی ئەنادۆڵو، شیعرو فولکلۆری ئەو دەڤەرەمان پێ نیشاندەدات. پوختەو شیلەی ڕۆمانی حەمەدۆك کە بۆ زۆربەی هەرە زۆری زمانانی دنیا پاچڤەکراوە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

حەمەدۆك کوڕی بێوە ژنێکە. لە دڕکە جاردا بە دووی گاجووتانەوە، بە پێی خوێناوی زەوی دەکێڵێ. زۆر لە عەبدی ئاغاو دڕکەجاڕ بێزارە. حەمەدۆك ڕۆژێ لە کاتی زەوی کێڵاندا، گایەکان بەردەداتو دەڕەڤێ. لە گوندی کەسمە لادەداتو دەچێتە ماڵی کوجە سلێمان. سلێمان کە دەزانێ حەمەدۆك لە دەست زوڵمی عەبدی هەڵاتووە دڵی پێی دەسووتێو کۆمەکی دەکات. دەیکات بە شوانی گوندەکە. هاوین دێت، دڵی حەمەدۆك تەنگ دەبێت، غەریبی دایکی دەکات، دەکەوێتە بیری دایکی کە چۆن بەتاقی تەنیا دەرەقەتی درەوو کاری خەرمان دێت. خۆی بە یەکێك لە گوندییەکان بەنێوی پانجاك هوسوك نیشان دەداتو شوێنی نیشتەنی خۆی پێدەڵێت. عەبدی هەرکە شوێنەکەی حەمەدۆك دەزانێ، یەکسەر بەرەو گوندی کەسمە بەڕێدەکەوێت و ماڵی سلێمان خۆ بگرە وا هاتم. حەمەدۆك لەگەڵ خۆیدا دەباتەوە. ئازاری نادات، بەڵام دژمنیەتی. ئەو ساڵە برسییان دەکات. بە ناوی سزادانو تۆڵەوە دارو نەداریان لێ دەستێنێ.

حەمەدۆك لەم هەلومەرجو کەشو هەوایەدا دەڕسکیو گەورە دەبێت. وردە وردە حەز لە خەدیجەی دراوسێیان دەکات. ئەشقی ئەو دووە بەرە بەرە دەبێ بە ئەشقی مەحاڵ. ڕۆژێ حەمەدۆكو مستەفای برادەری لێدەبڕێن بچن بۆ شاری. هەڵبەتە ئەم جۆرە دێهاتییانە زۆر بەکەمیو بە زەحمەتی دەتوانن بچنە شاری، ئەویش دەبێ بە پرسی عەبدی ئاغای بێت. حەمەدۆكو مستەفا بە بیانووی ڕاوەوە وەڕێ دەکەون. شار بۆ وان دنیایەکی دیکەو بە هەشتێکی ئەفسوونکەرە. ئەو شەوە لە کاروانسەرایەکی شاردا ڕۆژ دەکەنەوە.

لەوێ سەرجۆخەیەکی پیر، حەسەن ماراشلی هاو ژووریانە. ئەمە کابرایەکی دنیادیدە، زاناو قسە خۆشە. حەمەدۆک لەوەوە فێر دەبێت کە دنیا فرە گەورەیە. لەوەوە دەزانێ کە لە چوقوور ئاوا کەسانی وەکو عەبدی ئاغای تیا نییە کە خاوەنی هەموو شتێك بن. شاری ناڤبریش ئاغای نییە. لەگژ فکران ڕادەچێ. دنیایەکی بەرین‌و بێ سنوورو کەوشەنی دێتە بەر چاوان. حەمەدۆک کە دەگەڕێتەوە گوند، حەمەدۆکەکەی جاران نییە، حەمەدۆکێکی دیکەیە، بە تەواوەتی گۆڕاوە. سەرجۆخە حەسەنیشی زۆر خۆش دەوێ. بڕیار دەدات خەدیجە ڕەدوو بخات‌و بڕۆن لە چوقوورئاوا کە ئاغاو ماغای تێدا نییە، ئاکنجی ببن. ڕێك لەم کاتەدا خەدیجە لە برازایەکەی عەبدی ئاغا، کە لە گوندەکەی دراوسێیاندا دەژی، مارە دەبڕن. حەمەدۆك شەوێك خەدیجە هەڵدەگرێت‌و بە دوو قۆڵی وەرێدەکەون‌و چوقوورئاوا خۆت بگرە واهاتم. عەلی ناوێکیان شوێن دەخەن کە بیاندۆزێتەوە، لێ شوێن پێیانی پێ هەڵناگیرێت. جەندرمە دەیخەنە ژێر کوتەك بەلام عەلی شون هەلگر هەر نایان دۆزێتەوە. ئێستا حەمەدۆکی ناسیووەو خۆشی پێیدا چووە. ئیدی جەندرمەکان بە خۆیان دەکەونە تاقیبی حەمەدۆك. بارچاوشێك بە نێوی عاسم دەکەوێتە هەوڵ‌و تەقەلای دەستگیرکردنی حەمەدۆك.

عاسم پیاوێکی جوامێرە. حەمەدۆك یەك دوو جارێك خستوویەتیە داوەوە، بەلام ڕەحمی پێدا کردووەو چاوپۆشی لێکردووە. ئەنجام جەندرمەکان حەمەدۆك لە شکەفتێکدا گەمارۆ دەدەن. شەڕێکی گەورە دەقەومێ. حەمەدۆك گوللەی پێ نامێنێ. لەلایەکی تریشەوە خەدیجە لە حاڵی زایین دایە. حەمەدۆك دەستەسڕەکەی بە لوولەی تفەنگەکەیەوە دەکات‌و تەسلیم دەبێت. بارچاوش عاسم دەچێتە ئەشکەوتەکەوە. لەو کاتەدا کە دەخوازێ حەمەدۆك دەستگیر بکات، ئیراز دێتە پێشەوەو مەلۆتکە نوێزاوەکەی نیشان دەدات‌و دەڵێت:

– بار چاوەش! تۆ حەمەدۆکت دەستگیر نەکردووە. ئەم ساوا نوێزاوە بووە بایسی ڕادەست بوونی وی.

عاسم تیچاوێك دەداتە ساڤالۆکەکەو پەی بە مەسەلەکە دەبات. یەکسەر فیشەکدانەکەی لە پشت دەکاتەوەو هەڵیدەداتە بەردەم حەمەدۆك:

- ئەمە هەڵگرە! هەڵیگرەو لە دوای نەوە تەقە بکە...

وەردەسوڕێ‌و دەڕوات.

حەمەدۆك. لە سۆنگەی جوامێری عاسمەوە ڕزگاردەبێت. منداڵەکەی گەورە دەبێت. لەو ڕۆژگارەشدا شەڕێکی بەرچاو دەقەومێ. مولازم فاروق، حەمەدۆك دەخاتە گەمارۆوە. خەدیجە لەو شەڕەدا زامدار دەبێت، دەمرێت. ئیراز داوا لە حەمەدۆك





دەکات کە منداڵەکە بەو بسپێرێت‌و حەمەدۆك ئەم کارە دەکات. ئیراز منداڵەکە وەردەگرێت‌و بۆ شوێنێکی نادیار دەڕوات. حەمەدۆك بەتەنێ دەمێنێتەوە.

عافواتی گشتی دەردەکەن‌و گشت چەتەو ڕێگرەکان لە پەناگا کوێستانییەکان وەدەردەکەون. هیچ ڕێگرێك لە چیا نامێنێ. کوجا عوسمانی گوندی وای وای، زۆر دڵبەندی حەمەدۆکە. حەمەدۆك، ڕێگرێکی بە نێو کالایجی کە دژمنی ئەوان بووە، کوشتووەو ئەوانی لە ستەم‌و زوڵمی وی ڕزگارکردووە. عوسمان‌و هاوشارییەکانی خۆیان بە قەرزارباری حەمەدۆك دەزانن. خەڵکی گوندی وای وای مەزرایەکی بە ڕووبەری سەد دۆنمی* دەدەنێ‌و خانوویەکی بۆ دروست دەکەن. حەزدەکەن حەمەدۆك لە دوای جێبەجێکردنی یاسای عافواتی گشتی لە گوندەکەی وان جێگیرو ئاکنجی ببێت. ئەسپێکی ڕەسەنی عەرەبیشی بۆ پەیدا دەکەن. کوجا عوسمان بە نوێنەرایەتی خەڵکەکە بە سواری ئەسپەکە بۆ دەگیرمەن ئولوك، گوندەکەی حەمەدۆك دەڕوات. حەمەدۆك دەبێ بە سواری ئەم ئەسپە بۆ گوندی وای وای بڕوات‌و خەڵکەکەش چاوەڕوانن تا بەشکۆو شانازییەوە پێشوازی بکەن.

عەبدی ئاغا لە ترسی حەمەدۆك هەلاتووەو لە شارا لە نزیکی بارەگای سەرکردایەتی جاندارمرییەوە، لە خانوویەکدا ئاکنجی بووە. تۆپاڵ عەلیشی لەگەڵە. عەبدی ئاغا متمانەیەکی زۆری بە تۆپاڵ عەلی هەیە.

حەمەدۆك، بە گومان‌و دوو دڵییەوە لە چیا دێتە خوارێ‌و بەرەو گوندەکەی خۆی پەل دەبێتەوە. دایە حۆری لە گوندی پێشوازی دەکات. دایە حۆری دراوسێیانەو حەمەدی لە خۆی خۆشتر دەوێ. دایە حۆری یەخەی حەمەدۆك دەگرێ‌و دەڵێت:

– ئەی حەمەدی ژندڵ! بۆ کوێ؟ دەڕۆیت خۆ بە دەستەوە بدەی؟ ئەم هەموو گوندییانە چاویان بڕیوەتە تۆ. یەك دوو ساڵە جگە لە نانی وشك تێریان لە هیچ نەخواردووە. جگە لە نان هیچی تریان نەبووە، بەلام لە زوڵم‌و ستەم دوور بوون. عەبدی لە ترسی تۆ بۆ گوند نەهاتووە... ئێستا ئەگەر تۆ تەسلیم ببیت‌و دەست لە کارەکانت هەڵگریت، دێتەوەو دیسان گوندیی دەکەوێتە ژێر باری زوڵم‌و ستەم‌و بەدەم برسێیتیەوە دەناڵێنێ. دایکی تۆ لە ڕای ئەمە مرد؟ خەدیجە لە پێناوی ئەمەدا کوژرا؟ دەڕۆی تەسلیم ببی؟ دەڕۆی لە گوندی وای وای ئاکنجی ببیت؟ لەم کاتەدا کوجا(قۆجە) عوسمان دێت‌و ئەسپەکەی دەداتێ. گوندییەکان نەفرەت لە عوسمان دەکەن‌و دەڵێن "کوێر بیت پیرە مێرد.". حەمەدۆك سواری ئەسپەکە دەبێت، لە نێو ئاپۆڕاکەدا تۆپاڵ عەلی بەدی دەکات. ئاماژەیەکی دەداتێ. عەلی بەرەو دەرێی گوند دەڕوات. حەمەد لێی دەپرسێت ماڵی

عەبدی لە کوێی شاردایە؟ تۆپاڵ، ئەدرەسی تەواوی ماڵەکەی عەبدی پێدەڵێت. حەمەدۆك پاش وەرگرتنی ناونیشانی ماڵەکەی عەبدی خۆی بە شاردا دەکات. بە خەنجەرەکەی خۆی دەرگای ماڵەکە دەکاتەوەو دەچێتە قاتی سەرەوە. عەبدی ئاغا، لە ژوورەکەی خۆیدا نووستووە. حەمەدۆك بانگی دەکات: "ئاغا، ئاغا! من هاتم!" و بێداری دەکاتەوە. عەبدی چاو هەڵدێنێ. سەرەتا باوەڕناکات. بە چاوانی ئەبڵەقەوە وشك دەبێت. چاوانی دەردەپۆقن. فەرموو درێژەی حەمەدۆك بخوێننەوە:

حەمەدۆك میلی تفەنگی ڕاکێشاو سێ گوللەی نا بە سینگی عەبدی ئاغاوە. لامپای ژوورەکە بە هۆی تیراندازییەکەوە کوژایەوە.

گوندییەکان حەمەدیان بینی کە لە ناوەندی مەیدانەکەدا وەکو کێو بەسەر ئەسپەکەوە دانیشتبوو. هەموان، بچووك و گەورە، پیرو گەنج، دەوریان دا. بازنەیەکی گەورە چێ بوو. ورتە لە کەسەوە نەدەهات. تەنانەت دەتوانرا هەناسەدانی خەڵکەکەش بژمێردرێ.

هەموو چاویان بڕی بووە ئەو. سەدان چاو بڕابوونە ئەو وسووربوون لەسەر وەی کە بێدەنگ بن.

ئەو سوارە کێو ئاسایەی کە لە ناوەڕاست دا دەبینرا سووکە جوڵەیەکی کرد. ئەسپەکە یەك دوو شەقاوێك چووە پێشێو ئەوسا وەستا. سوارەکە سەری هەڵبڕی. چاوی بە حەشاماتەکەدا گێڕا. دایە حۆری بێ ڕەنگ دیار بوو. ساکا بوو. پێڵووە چرچەکانی دەکرانەوەو دادەخران. چاوی بڕی بووە ئەوو چاوەڕوانی قسەیەك یان جۆڵەیەکی ئەو بوو.

ئەسپەکە دیسان جولا. حەمەد ئەسپەکەی رووەو دایە حۆرێ ئاژۆت. کە گەییە ئاستی ئەو، جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکێشاو گوتی: " دایە حورێ! دایە حۆرێ! تەواو بوو... گەردنم ئازا بکە."

بەرەو چیای ئالاداغ وەرێکەوت. وەکو هەورێکی ڕەش لە گوند وەدەرکەوتو لە چاو ون بوو.

***

یەشار کەمال دەڵێت: "لە ساڵانی ١٩٢٥–١٩٣٣دا پتر لە سەدو پەنجا یاغی لە چیاکانی توروسدا دەسوڕانەوە. حەمەدۆك یەکێکە لەوانە."و لە ڕۆمانەکەی خۆیدا باسی خاكو خەڵکی دەڤەری ناڤبری دەکات:

بناری توروس لە دەریای ناڤینەوە دەست پێدەکات، لە کەنارەکانی دەریای ناڤینەوە، لەو کەنارانەوە کە شەپۆلان خۆی پێدا دەدەنو بەرەبەرە بەرزدەبنەوەو خۆ بۆ لوتکەکان هەڵدەدەن. ئاسمانی دەریای ناڤین پەڵە هەوری چڕو سپی لێنابڕێت. کەنارێن دەریای ناڤین تەختانیو هەموارن، لمەکەی هێندە بە تروسکەیە دەڵێی جەلایی کراوە، لمەکەی هێندە نەرمە لە نەرمە گۆشت دەچێت... تا چاو بڕدەکات هەر دەشتو کەنارەو یەکپارچە بۆنی دەریاو خوێیە. لە دوای لمەلانە تەختانیو هەموارەکەو لە پاش زەوییە کێڵدراوەکان ئیدی مەزراکانی چوقوور ئاوا دەست پێدەکات. دەوەنەجاڕو قامیشەلانو تودڕكو ترێ کێویلکە، دەرو دەشتیان داپۆشیوەو تا چاو هەتەر دەکات سەوزاییەکی تۆخی پڕ لە بێشەلانی جۆراو جۆری چڕەدارستانی تاریکتر لە هەر لێرەوارێکی تاریكو سامناکە.

تۆزێك لە پێشتر، ئەگەر بە تەمابیت بە ئاناوارزاو عوسمانیەدا تێپەڕیو بۆ ئیسلاحیە بڕۆیت، دەگەیتە کۆمەڵێك زۆنگاوی پانو بەرین. ئەم گولاو وزۆنگاوانە لە مانگەکانی هاویندا قوڵەقوڵ دەکولێنو بۆنێکی هێندە بۆگەنو ناخۆشیان لێدێت، کوڕم دەوێ لێیان نزیك ببێتەوە.

بۆنێکی قێزەوەر لە نەیجەزارو پوشو پەلاشو دارو دەوەنی گەنیوو قوڕە لیتەی ئەو ناوە هەڵدەستێ. بەلام هەر هەمان ناوچە، هەر ئەو زۆنگاوانە لە زستاندا دەبن بە سەرچاوەو کانیاوانی زولاڵو روون. هاوێنان پوشو زەلو دڕوان سەریان دەگرێو ئاوەکە نابینرێ، لێ زستانان لە تۆ وایە چارشێوێك بووەو لەسەر ئاوەکەیان لاداوە. کە لە گۆلاو و زۆنگاوەکان رەت دەبیت، یەکپارچە وەردو شۆوە. خاکەکەی ئەوەندە بە پیتو بڕشتە یەك وچڵو یەكو پەنجا دەبڕێ،و گەرما نەرمو خۆشە.

هەندێ تەپۆلکەو بەرزایی چڕە دارستان دێتە ڕێت، ئەم تەپۆلکانە لە بۆنی دارکاژدا نقوم بوون، کە لە گردۆلکەکان رەت دەبیت، لە پڕ کۆمەڵە تاوێرێك دەردەکەون. لە ناکاودا ترس سەراپای مرۆڤ دەگرێت. لە هەمان کاتدا بێشەیەکی چڕە کاژان دەردەکەوێ. شۆکەی کاژەکان لەبەر تیشکی هەتاودا وەکو بلوور دەدرەوشێتەوەو تك تك دەتکێتە سەر عاردی. پاش ئەوەی یەکەمین کاژستان دەبڕێ، دیسان دەکەوێتە ناو دەشتێکی پانو بەرین... خاکەکەی شینکێکی بێ پیتی نەزۆکە...

لێرەوە لوتکە بەفرگرەکانی زنجیرە چیای تۆروس ئەوەندە نزیك دیارە، لە تۆ وایە هەر کە دەست بەرز بکەیتەوە، دەست دەیگاتێ.

تا ئەو شوێنەی کە دار بەڕووان تەواو دەبێ هیچ زەوییەکی دی نابینی. هەرهەموو هەورازو نشێوەکان یەکپارچە دار بەڕووە. داربەڕووەکان ئەستوورو کورتە بالاو کەم لقو پۆپن. بەرزی بڵندترین لقیان لە مەترێك زیاتر نابێت. گەلای کەسکی تۆخ، لا لا سواری یەکتر بوون، زۆر بە قووڵی رەگیان لە زەوی داکوتاوەو مەحکەم وەستاون. وا دێتە بەرچاو کە هێز نییە بتوانێ بیانجولێنێ.

ئەو عاردەی کە بەڕووانی لێدەڕوێ، سپی خاکو بێ پیتە. خاکەکەی لە گەچ دەچێت، یانی گەچۆڕە... خاکێکە ئێژی سوێندی خواردووە کە جگە لە بەڕوو هیچ درەختێکی دیکە لە خۆ نەگرێت.

ئەو لەو جۆرە خاکو عاردەدا گەورە دەبێو باڵا دەکات. لەم خاکە بێ بڕشتەدا دەڕوێو دەڕسکێ.

بە هەزار و یەك نەگبەتی... وەکو پێویست نەیتوانی باڵا بڕفێنێ. شانو لاقەکانی گەشەیەکی ئەوتۆیان نەکرد، دەستو لاقەکانی وەکو لقو پۆپی وشکی درەختان بوو، وشکو لاواز. دەموچاوی گەنمڕەنگو لاواز بوو... گەنمڕەنگێکی خۆرانگاز... ئەگەر بە چاوی کڕیاری سەیرت کردبا، بێگومان ئەو دار بەڕووانەت وەبیر دەکەوتنەوە. کورتە باڵاو لاواز... عەینی بەڕوو، ڕەگێکی بتەوی لە خاکدا بوو. گشت ئازای بەدەنی وشکو مکوم بوو. تەنیا یەك شوێنی بچووکی بەدەنی بە پاراویو تازەیی مابووەوە. لێوەکانی وەکو لێوی منداڵان نەرمو پەمەیی بوو....و زۆر بە ناسکی دەجوڵان. هەمیشە بزەیەك بەسەر لێوانییەوە بوو.... بزەیەك هاوتای زبریو بێ ڕەحمیەکەی بوو.

حەمەدۆك ئەو بەیانییە شادی لێدەچۆڕا. خۆرە تاوێکی خۆش بوو، بەو هەوا خۆشە دەچووەوە دەرێ، پیاسەیەکی دەکردو دووبارە دەگەڕایەوە. چاکەتێکی لەبەر بوو کە لە قاچاغچیانی گرتبوو، دەستەسڕێکی لە گیرفان دا بوو، هەر جارەی بە جۆرێ دەری دێناو خۆی پێوە مژول کرد بوو. دەستەسڕەکەی دەکردەوەو دووبارە قەدی دەکردەوەو هەڵیدەگرت. کڵاوەکەشی تازە بوو. کڵاوەکەی لەسەرنا، لێوارە ڕەشو پانەکەی کڵاوەکەی هێنایە سەر هەنیەی.پاشان بردییە دواترەوەو لە ئاوێنەدا تەمەشای خۆی کرد. بە دڵی نەبوو. دووبارە لێوارە ڕەشەکەی کڵاوەکەی هێنایە دەرێو هێنایە سەر هەنیەیو بەو دەقەوە وازی لێهێنا. شەرواڵەکەشی نوێ بوو. دوو ساڵ لەوەپێش کڕی بووی بەڵام لەبەری نەکردبوو و نها لەبەری دەکرد.

گۆرەوییەکانی لە پێ کردنو دووبارە دایکەندنەوە. ئەم حەمکە گۆرەوییە! گۆرەوییەکی زۆری هەبوو. دایکی باش گۆرەوی دەچنی، جوانترین نەخشی لێدەکردن. دوا گۆرەوی لەپێ کرد، ئەم جووتەشی بەدڵ نەبوو. لە پێی داکەندنو توڕی دایە سوچێکەوە. تیچاوێکی دایە دایکی. هەستاو دەرکی سەندووقەکەی کردەوە. ناو سەندووقەکە بۆنی سێوی کێوی لێدەهات. کە سووچێکی سەندووقەکەدا چاوی بە جووتێ گۆرەوی نەخشین کەوت، تەزوویەکی پێداهات. دانەوییەوەو هەڵیگرت. بۆنی سێو هەموو شوێنێکی پڕکردبوو. کە دەستی بەر گۆرەوییەکە کەوت، لەرزەکەی زیاتر بوو.





خورپەیەك بە دڵیا هات. و ئۆخژنێکی بەلەزەتی لە دڵو دەروون گەڕا. هەستی بە جۆرە گەرمی، بە جۆرە نەرمییەك دەکرد. ڕووناکی ناو سەندووقەکە کەم بوو و ڕەنگی گۆرەوییەکە تاریك دەینواند... دەرهێناو دایە بەر ڕووناکییەکەو تەمەشای کرد. ڕەنگەکان لەبەر ڕووناکییەکەدا دەدرەوشانەوەو جوانتر خۆیان دەنواند.

دەنگی گۆرانییەکی خۆماڵیو ناوچەیی دەهات... ئەم گۆرانییە بەشەو جۆرێکە، بە ڕۆژ جۆرێکی دی... ئەگەر منداڵ بیڵێ جۆرێکەو، ژن بیڵێ جۆرێکی دییە... گەنج بیڵێ جۆرێکە، پیر بیڵێ جۆرێکی دیکەیە... ئەگەر لە چیادا بگوترێ جۆرێکەو لە دەشتو جەنگەڵو دەریادا بگوترێ جۆرێکی دییە. زۆر جۆری هەیە... بەیانیان جۆرێکە، نیوەڕوان جۆرێ، عەسران جۆرێکەو، شەوان جۆرێکی دییە.

گۆرەوییە بە نەخشو نیگارەکە وەکو گۆرانییەك وابوو. بە گەرمی گۆرانییەکی خۆماڵی چنرا بوو، لەسەر نەزمی گۆرانییەکی خۆماڵی چنرا بوو. پێکهاتەی ڕەنگە زەردو سوورو کەسكو شینو نارنجییەکانی، نەرمیو ناسکیو ئارامییەکی سەیریان بە چاو دەبەخشی. شتێکی لێ دروست بوو بوو وەکو ئەشق یان میهرەبانی.

ئەشق بوو. ڕەگی لە دابو نەریتدا بوو. بێ حیکمەت نەبوو کاتێ حەمەدۆك دەستی بەر ئەم گۆرەوییانە دەکەوت لەرزی لێدەهاتو تەمەشاکردنی لەبەر ڕووناکییەکە دەیهێنایە جۆشو خرۆش. لە چنینی ئەم گۆرەوییەدا نەخشی دوو باڵندە دیار بوو. دوو باڵندە کە دەنووکیان لە دەنووکی یەکدی نابوو و یەکیان ماچ دەکرد... و دوو درەخت... بە دوو قەدی بچووکەوە...و گوڵێکی گەورە بەسەرەوە... دوو درەخت کە بەردەوام بە پاڵ یەکەوەنو لە تۆ وایە گوڵەکانیان لە حاڵی ماچ ماچێندان.... ڕوبارێکی سپی بە بەینی ئەم دوو نەخشەدا ڕەوانە. بەردەڵانێکی سوور لە کەناری ئاوەکەدا هەیە. ئەوەی دەبینرێ سەمای مەشخەڵو ڕەنگەکانە.

گۆرەوییەکەی لە پێ کرد، پاتاوەکانی بەسەریا لە پێ کرد. گۆرەوییەکە تا ئەژنۆ دەهات. تاکو ئەژنۆی ئەو، باڵندەکانو ڕوبارە سپیەکەو گوڵە ئاشقەکان دەبینران.

هەستێکی دەروونی پێی گوت خۆزگە خەدیجەش بەم وەزعو حاڵەوە دەی بینیت. بەرەو ماڵەکەی وان کەوتە ڕێ. خەدیجە لە ئاستانەی دەرگاکەدا وەستا بوو. کە حەمەدی بینی چاوە درشتە جوانەکانی درەوشانەوە. کە گۆرەوییە دەستچنەکانی خۆی لە پێی حەمەدۆکدا بینی زۆر دڵ خۆش بوو.

حەمەدۆك، لەوێندەرەوە بەرەو ناوەندی گوند ڕۆیی.

***

لە رۆمانەکانی یەشار کەمالدا، بە تایبەتی لە حەمەدۆکدا بایەخێکی زۆر بە دەشتی چوقوور ئاوا، ویقار، میوانپەروەری‌و جوامێری گوندییانی تورك‌و!، ژیانی چادرنشینانی تورکمان! و رەوەندان دەدرێت. بۆیە رۆمانەکانی وی سەرباری بایەخی هونەریی، تایبەتمەندیی فولکلۆریشیان هەیە. نووسەر بەمجۆرە دەست بە فەسڵی دووەمی رۆمانی حەمەدۆك دەکات:

باران نمە نمە دەباری. شتێك لە نێوان تەم‌و بارانەکەدا بوو. بای نەدەهات. تەم‌و مژ دەشتی ئاناوارزای گرتبوو. بەیان لە ئەنگاوتندا بوو. لە قۆڵی رۆژ هەڵاتەوە، لەو دیو مژو بوخارەکەوە، ناو بەناو رۆشناییەکی گۆنگ بریقەی دەدایەوە. کابرایەك خۆی لە پاڵتۆ جوانەکەیەوە پێچا بوو و سەری نابووە سەر قۆناغی تفەنگەکەی کە لوولەکەی بە قەدی بەڵاڵوکە کێوییەکەوە نابوو. ئەژنۆکانی بە تەواوەتی کۆکردبوونەوەو بە وڕگی خۆیەوەی نابوون، بە چیچکانەوە خەوی لێکەوتبوو. پۆلە باڵندەیەك بە زیقە زیقێکی زۆرەوە، بەسەر سەری ئەوەوەو لەسەر چڵێن بەڵاڵوکەکە هەڵفڕین. کابرا چاوی هەڵێنان‌و دووبارە لێکی نانەوە. دوای تۆزێك خەبەری بووەوە. چاوانی هەڵگلۆفتن،و بێ هیچ مەبەستێك چاوی بەم لاو بەولادا گێڕا. شەکەت‌و ماندوو بوو. بە نە بەدڵی هەستا.

دەمی تاڵ بوو. تفێکی ڕۆکرد. تفەکەی بەر داوە جاڵجاڵۆکەیەکی سەر پنجە دڕوویەك کەوت. دانەوییەوە، تفەنگەکەی هەڵگرت‌و کردییە شانی. خەنجەرێکی درێژی چەرکەسیانەی بە زیو نەخشاوی، لەلای چەپەوە بەقەد خۆیدا کردبوو، خەنجەرەکەی ئەوەندە درێژ بوو دەگەییە ئەژنۆی. دەمانچەکەشی لە پاڵ خەنجەرەکەدا بەستبوو. چاکەتێکی ئەستووری ئاوریشمی دەستچن‌و رەنگاو رەنگی لەبەر بوو، سێ رەخت فیشەکی بەسەر چاکەتەکەوە لە خۆ دابوو. دووربینێکی دوو چاوی رەش‌و گەورەی تازەی لە مل کردبوو.

پاتاوەکانیشی کە لە چەرمی ئەستوور دروست کرا بوو، هەر تازە بوو. دەرلینگی شەرواڵە خورییەکەی لە نێو گۆرەوییە نەخش‌و نیگادارەکەی نابوو و تا ئەژنۆکانی هەڵیکێشا بوون، رەنگی شەڕواڵەکەی قاوەییەکی ئاچوخ بوو، دەسکاری گوندییانی ناوچەی تۆرۆس بوو و بە توێکڵە گوێزان رەنگ کرا بوو. لە سێ قۆڵەوە حەپەی سەگ‌و بانگی کەڵەباب دەهات. کابرا رووی کردە باشوور، هیچ شوێنێکی بۆ دیاری نەدەکرا. رووی کردە ئەو سەمتەی کە بانگی کەڵەبابەکەی لێوە دەهات. ئەو دەنگانە کە لە رۆژئاواوە دەهاتن گۆنگ‌و نامەفهووم بوو. هێشتا دەنگی قوڕباقانی شەو، لێرەو لەوێ دەهاتە گوێ... لە قۆڵی رۆژهەڵاتەوە ناو بەناو دەنگێکی نامەفهووم دەهاتە گوێ‌و دوای ماوەیەکی کورت دەبڕا. لە دووری دوورەوە، لەو دیو دڕوەڵانەکەوە، دەنگی شاورێك (فیکە) هاتە گوێ. دنیا گڕەو سەبونێکی بەترەف بوو. هەتاو بە ئەندازەی ڕمێك بەرز بوو بووەوە. بەڵام تەمومژ بواری دیتنی خۆری نەدەدا. رووناکییەکی خەیاڵ وڕوژێن، لە پشت تەمو مژەکەو ئەو بارانەوە کە هێدی هێدی دەباری، دەبینرا.

بە قۆڵی چەپدا کەوتە ڕێ. هێزی تیا نەبوو. ئەژنۆکانی دەچەمین، چوار دانە رۆژ بوو کە بەڕێوە بوو. دوێنێ نیوەڕۆ ئازووقەی تەواو بوو بوو، لێ نها هەستی بە برسیەتی نەدەکرد. بە هیچ جۆرێ بیری لە برسیەتی نەدەکردەوە. چوار رۆژ لەوەپێش سەربازان لە ساورونگزوین ئابلۆقەیان دابوو. ژمارەیان زۆر بوو. دابوویانە بەر دەسترێژی گوللە. خۆشبەختانە وەختێ کە دەوریان گرت، دەمەو خۆرئاوا بوو. دنیا بەرەو تاریکبوون دەچوو و بارانیش دەستی بە بارین کرد. نزیکی نیوەشەو بوو کە وەکو پشیلەیەك دیواری ئابلۆقەی سەربازەکانی شکاند. ئیدی نەیدەتوانی لە چیاو چۆڵاندا درێژە بە ژیان بدات. دنیاوبنیا سەرباز بوو. گوندیانیش بە بەردو گۆپاڵ‌و چەك بەگەڵ وان کەوتبوون. لە هەر دڕەوڵان‌و دەوەنەجاڕو لە هەر ژێر دارو دەوەنێکدا، لە دووی ڕاوە یاغیان بوون. هەمووی هەفتەیەك لەوەپێش بوو کە هەزاران گوندی، عەلی کوجایان، کە خۆی لە لوتکەیەکی زۆر عاسێ تاقەت کردبوو، دەستگیر کرد.

تەنیا یەك پەناگە، یەك تروسکەی ئومێدو یەك رێگەی رزگاری هەبوو، ئەویش ئەوە بوو خۆی بگەیەنێتە گوندی وای وای. لەوێش تەنیا ماڵی قۆجە عوسمانی شك دەبرد.

دوو دڵ بوو، ئەگەری ئەوە لە ئارادا بوو هەرکە بگاتە گوندی وای وای، خەڵکی گوند رادەستی دەوڵەتی بکەن. لەوەشە وەکو برایەك، وەکو کوڕێکی خۆیان بیگرنەخۆ، ئەمە جگە لەوەی قۆجە عوسمان زۆر پیر بوو و سەری لە گوێی قەبر دەلەرزی. لە مێژیش بوو هیچ خەبەرێکی لێی نەبوو. باشە ئەگەر مردبێ چی؟ چ کەسێکی دیکەی خەڵکی گوندی وای وای ئەو دەناسێت.

کاتی خۆی بەشێوەیەکی رەوتەنی سەرێکی ساری ئومەتی دابوو و شەوێکیش لە ماڵیان مابۆوە، بەڵام خانەخوێیەکەی زارەتەرك بوو بوو. جا ئەگەر نها قۆجە عوسمان بترسێت چ دەبێ؟ قۆچە عوسمان ساردی‌و گەرمی رۆژگاری چەشتووەو پیرەمێرێکی دڵپاك‌و جوامێرو مەردو ڕەندە. بەڵام ئیدی ئەمە بەشەرە... مەعلوم نییە....

هەستیکرد بیرکردنەوەو نەخشەدانان نای گەیەنێتە هیچ شوێنێ‌و دادی نادات، چاری

نییەو دەبێ بەرەو گوندی وای وای دایکێشێت. تەنانەت ئەگەر شوێنێکی دیکەو پەناگەیەکی دیکەشی هەبوایە، سەری پێوە نەبوو بۆچوونە گوندی وای وای. بیری ئەم گوندەی دەکرد. نەیدەزانی قۆجە عوسمانو خەڵکی ئەم گوندە کە تا ئەو رادەیە دڵبەندی ئەو بوون، نها هەڵوێستیان چۆنو چی دەبێ؟ ئەو تا نهوو نەك هەر زیانی پێنەگەیاندوون، بەڵکو سوودیشی بۆیان هەبووە. بەڵام وەزعی کوجا عەلی بەلەنگازی، کە دۆستی هەژارانو دژمنی مل ئەستووران بوو، لەبەرچاو بوو. گوندییان عەلییان لە چیادا دەستگیر کردو بە دەم تێهەڵدانو تف بارانکردنیەوە، رادەستی فەرماندەیان کردو پێیان گوت: "قوربان، یاخوا عەمری هەموو دژمنەکانتان کورت بێ". و پاشان سێ رۆژ و سێ شەو بەزمو شاییان گێڕابوو.

کە خۆی بە گوندەکەدا کرد بەردەوام بیری لەو ساتە دەکردەوە کە کوجا عەسمان دەستو لاقی ببەستێو رادەستی عەلی سەفا بێگی بکات. زۆری حەز دەکرد بزانێ عەلی سەفا بێگ چۆن پیاوێکە؟

دوێ شەو کە کەوتبووە دڕوەڵانەوە، زەردەسیریو دڕوان هەموو دەستو پێو لاقو لەتەریان بریندار کردبوو. زامەکانی دەسووتانەوە. باران لە یەکبینە بەڵام هێواش دەباری. مێشەنگوینان لە نێو پوورەدانە تەڕەکانیان کزکۆڵەیان کردبوو....

دڕكو دڕکەزیبەکە زۆر زۆر بوو، نەیدەتوانی لەوەی خێراتر بڕوات، تاوەکو نیوەڕۆ بەو جۆرە بەردەوام بوو تا گەییە ئاودڕکەیەك کە دڕوەڵانەکەی لە سەرێ را تا خوارێ شەق دەکرد. لە بناری شاخێکدا کە چوار ئاودڕکە یەکیان دەگرتەوە، سێ درەختی گەورەی بینی. قەدی درەختەکەی ناوەڕاست کلۆرێکی تێکەوتبوو وجێی دوو زەلامی تیا دەبووەوە. خۆی بەو کلۆرە دارەدا کردو پشتی پێوەدا. پاڵتۆکەی ئاوی بارانەکەی دانەدابوو و بەدەنی تەڕ نەبوو بوو. بەڵام لاقی تەڕ بوو بوون. پاڵتۆکەی سفت چنرا بوو، یەکپارچە نەخشو نیگاری جوان بوو و تا سەر ئەژنۆی دەهات، تفەنگەکەی لە تەنیشت خۆیەوە هەڵپەسارد. دووربین، خەنجەرو، دەمانچەکەشی لە پاڵ تفەنگەکەی دانان.

چاوی نوقاندن. زۆر برسی بوو، بەڵام بەلایەوە گرینگ نەبوو. ساری ئومەت کاتێ نیشانی گوندی وای وای بۆ هەڵدەدا گوتبووی: "کە لە خوارەوە دێی دەبێ لە نازلی کیشلاوەوە بەرەو ساورونو بڕۆیت تا بگەیتە کاراچالیلیك*" و لەسەری رۆیی بوو: "لە کاراچالیلیکەوە بۆ سەرەوە هەڵگەڕێ تا دەگەیتە گردێك، لە بناری گردەکەدا سێ درەخت هەیە، لەوێندەرەوە تا گوندی وای وای دوو سەعاتە رێیە. دەبێ بە شەو خۆت





بە گوندیدا بکەی. لە ناوەندی گوندا درەختێکی گەورە هەیە، لە ژێر ئەم درەختەدا تەختە بەردێکی مەڕ مەڕی سپییان چەقاندووە کە هەندێ شتی لەسەر نووسراوە، ئەم بەردە شەوانیش لە سپییەتیدا دەدرەوشێتەوە. تروسکەدارە، کە گەییشتیتە ئەوێندەر پشت لە دارەکەو روو لە باشوور پەل ببەوە. ئەگەر زۆریش تاریك بوو و چاو چاوی نەبینی هەر بڕۆ. دەگەیتە بەر دەرگایەك. لەوێوە قوجە عوسمان بانگ بکە. یەکسەر دەرگاکە دەکرێتەوە".

بیری لەوە کردەوە کە ئەگەر دەرگاکە نەبێتەوە چ دەبێت.و ئەوسا بیری لەوەش کردەوە کە ئەگەر دەرگاکە بکرێتەوەو لە ناو ماڵەکەدا رووبەڕووی خەڵکی گوند ببمەوە دەبێ چ بکەم.

لە نێوان خەو و بێداریدا شەوی لە کلۆرەدارەکەدا رۆژ کردەوەو هاتە دەرێ، هەوا تۆزێ فێنك بوو بوو. باران هێشتا نەرم نەرم دەباری. تروسکەی رووناکییەکە جوان بوو، شەوی بە تەمو مژ لە کاراچالیلیك باری دەکرد. بۆنی گوڵو گولیلیکی جوان دەشتو دەری تەنی بوو و پیاوی مەست دەکرد.

تفەنگ، دووربین، خەنجەرەکەیو هەرچییەکی تری هەبوو لە ژێر پاڵتۆکەی نان، ئەگەر کەسێك لە دوورەوە تەمەشای کردبا هیچی پێ نەدەبینی. ئەم پاڵتۆیە تەنیا یەك عەیبی هەبوو ئەویش ئەوە بوو کە لە چوقوورئاوادا نەباو بوو نە کەس لەبەری دەکرد. پاڵتۆو باڵاپۆش گوندییانی چیایی لەسەر جلکەوە لەبەریان دەکرد. بەڵام گرینگ نەبوو چونکە ئەو قەرار بوو بە شەو خۆی بە گوندیدا بکات.

***

لە پشت ماڵەکەوە چوونە سەر رێگەیەکی خۆڵەپەتانی. خۆڵ دەگەییە گۆزینگان (قولەپێیان)و وەکو پشکۆ وسکڵ دەڕژایە نێو پێڵاوانو پێی دەستووتاندن. هەتاوەکەش لە پشتەوە، شانوملی دەسووتاندن. پەڕەی گوڵو لاسکی گیای قەراخ رێگەکە لە ژێر تەپوتۆزدا چرمسی بوون (ژاکا بوون، سیس بوون). هێلکە شەیتانۆکەی سپی لێرەو لەوێ بەسەر ئەو گوڵو دڕکە تەڕانەکەی کە لە ئاگردا نەسووتا بوون، دەبینرا، سەیران، کە قەت حەزی لە شەیتانۆکە نەدەکرد، ئێستا بەلایەوە جوان بوو.

سەیران، بەلۆقەلۆق لە پێشەوە دەڕۆییو دایە قەمەریش بە هەموو هێزو توانایەکی خۆی هەوڵیدەدا خۆی بگەیەنێتێ. دایە قەمەر بەدەم هانکە هانکەوە چۆڕ چۆڕ ئارەقە لە هەموو گیانییەوە دەڕژا. هاواری کرد: "سەبرکە کیژم، هێواش! پێت ڕاناگەم. کەمێ هێواش!".

سەیران ئاوڕێکی پاشەوەی دایەوە. زۆر لە دایە قەمەرەوە دوور بوو. شەرمی بە خۆی هات. وەستاو چاوەڕوانی دایە قەمەری کرد. دایە قەمەر کە بە تۆپزی

خـۆی بکـێش دەکـرد بـەدەم کـەوتن‌و هەستانەوە دوای ماوەیەك گەییە ئەو. ئەوو ئەم ڕێگا دوورە! زەحمەت بوو.

"گیـانم دەرهـات تـا گەییمـە تـۆ کیـژم! خەریکە دەمرم. وای لـە دەسـت ئـەم ژانـە ئەژنۆیە! نەفرەت لە پـیری. پـیری‌و هـەزار عەیب".

سـەیران کـە خەجاڵـەتی ئـەو خەمساردییەی خۆی بوو، ڕووی نەدەهات، چاو لەبەر دایە قەمەر هەڵبڕێ.

دایە قەمەر بۆ هێور کردنەوەی وەزعەکـە پێکەنی و گوتی:

"کیـژم، بۆچـی پەلـە دەکـەی؟ خـۆ هـەر دەگەینـە بێـستانەکە. پـێش ڕۆژاواش دەگەیەنێ...."

دایە قەمەر خۆشحاڵ بوو و پێدەکەنی.

هێشتا ماندوویەتییان دەرنەچوو بـوو کـە سـەیران هەسـتاو لـە جێـی خـۆی وەسـتا. ئۆقرەو ئارامی لـێ هـەڵگیرا بـوو و سـەبری سـەرڕێژ بـوو بـوو. دایـە قەمـەریش ئیـدی نەیدەتوانی لەوەی پـتر دانیـشێت. ئـەویش هەسـتا. دیـسان بـەو گـڕەی گەرمایـە دەستیان بە ڕۆییشتن کـرد. سـەیران دوای کەمێك نقومی بیرەکانی خۆی بـوو. پێـشی دایە قەمەری دایەوەو زیاتر پێـی هـەڵگرت. دایـە قەمـەر چـیتر بـانگی نـەکرد. سـەیران گـورج و گـۆڵ، چـالاك‌و چـەلەنگ ڕێـی دەکردو لە تۆ وایە دەفڕێ. دوای کەمێك لە چاو ون بـوو. دایـە قەمـەر دوای ماوەیـەك گەییـە بێـستانەکە. سـەیران نەیـدەتوانی تەمەشای چاوانی بکات.

خەلیل کۆسە هاواریکرد: "دایـە... "و بـە غار بەرەو پیری چـوو و گـوتی: "بـاش بـوو هاتن، ئەمڕۆ دوو پۆڕم ڕاوکرد. یەکێکیانمان بە برنجەوە بۆ لێ بنـەو ئـەویتریان بـۆ مـامم ببە. پۆڕی قەڵەو و گۆشتنن."

حەمـەدۆکیش بـە غـاردان هـات‌و دەسـتی دایـە قەمـەری مـاچ کـرد. دایـە قەمـەر نیگایەکی کرد. حەمەد بوژا بـووەوەو چـاوە سستەکانی نهـا تروسـکەیان تـێ کـەوتبوو و دەدرەوشانەوە.

"دایە خێر هاتی. غەریبیم دەکردیـت. هـاپۆ عوسمانم چۆنە؟ دەنگ‌و باسی گوند؟"

دایـە قەمـەر گـوتی: "سـەلامەتیت، هـیچ نییە...."

ژێـراو ژێـر تەماشـای سـەیرانی دەکـرد. سـەیران جـۆش‌و خرۆشـی پێکـەوتبوو، دەموچاوی سوور هەڵگەڕا بوو، بە زەحمەت هەناسەی دەدا، دڵی خێـرا خێـرا لێـی دەدا. بەڵام حەمەدۆك هەر مێشیش میوانی نـەبوو. دایە قەمەر بـە وردی تەمەشـای دەکـردو لـە دڵی خۆیدا دەیگوت: "کیژە بەلەنگازەکـەم، کچە شەنگوڵەکەم، دەبینی هەر گوێشی لـێ نییـە، دەڵێـی هـەر لێـرەش نییـە! ئیـدی بەخت‌و ناوچـەوانی تـۆش ئەمـە بـووە. بـەو سەروچـاوە جوانەتـەوە، بـەو قـەدو بـالا عەرعەرییەتـەوە، بـەو چـاوە گەشـانەتەوە، هەر تەمەشاشت ناکات. تەنانەت ئـەو جلکـە جوانـەش نـابینێ کـە لەبـەرت کـردووە، لـە بەرانبەریـدا وەکـو گەلایـەکی لـە حـاڵی سەمادایت‌و کەچی هەر گوێشی لێ نییە...

سەیرانەکەی من، ئەی کچە بەخت ڕەشەکەی من، دیسان دەبـێ بـسووتێی‌و بـسازێی، مـن نەمدەزانی وا دەبێ... وام دەزانـی ئاگـادارە. وای کیـژە خـشکۆکەی مـن، وای... نهـو چ دەکەی؟   تەنانەت خەلیلە کۆسەش هەسـتی کرد کەچی ئەو هێـشتا نـازانێ کـە .... کچە گوڵەکەم... کیژە بێ چارەکەم...."  سەیران لـە بـیری ئـەوەدا بـوو کـە ئایـا ئـەو هەسـتی پێکردووە یان نا. سەرسام‌و سەرگەشتە بـوو و، نەیدەتوانی چاو لە حەمەدۆك هەڵگرێ. نـە قسەی دەکـردو نـە هیـچی دەژنـەوت، تـەنیاو تەنیا نقومی تەمەشا بوو.

تـا عەسـر لـە ژێـر سـێبەری فێنکـی داربییەکاندا ڕۆنیشتن. حەمـەدۆك تارادەیـەك وەخـۆ هـاتبووەوە بـەڵام هـەر هیـچی نەدەگوت‌و غەرقی هزرین بـوو. پـیس نـوقمی بیروخەیاڵەکانی خۆی بوو. دایە قەمەر لە دڵی خۆیدا دەیگوت: "چۆن دەبێ پیاو گەنج بـێ، بەقووەت‌و ڕەشید بـێ، سـەڵت‌و ڕەبـەن بـێ‌و بەو حاڵەشەوە گوێ بەوە نـەدات کـە شـۆخە کیـژێکی وەکـو سـەیران بـەو جلـە ئـالاو والایانـەوە لـە بەرانبـەریا وەسـتاوە؟ ناشـێت جادوویان لەم پیاوە کردبـێ؟ باشـە دەشـێت پیاوێك ئەقڵی لە دەست نـەدابێت‌و تەمەشـای شۆخە کچێکی وەك سەیران نـەکات؟ وای لـە تۆ حەمەدۆك! وەی لە منت کەوێ دلاوەر! ئاغایانی بـێ دیـن‌و جەندرمـەی بـێ ئیمـان بڕستیان لە هەژاران بڕیوە...

ئەمـە بـۆ سـەیران نـاخۆش بـوو، و دڵـی دەهاتـە ژان... بەختـەورەی بـە دەسـتی خودایـە، قیـسمەت‌و نـسیبە، کـەس بـە ئازایـەتی خـۆی بـە دەسـتی نایـەنێت... هەوەڵ عەشقی عەزیز، عەشقێ کـە هیـچی لێ شـین نـەبوو و هـیچ ئاکـامێکی نـەبوو.. ئـەم کیـژە دامـاوە دەفـەوتێ، دەبـێ تـاکو مـردن بێهـودە هەڵبقرچـێ... سـەیرانە بەلەنگازەکەی من... تەمەشا چۆن چاوی بڕیوەتە ئەو، ئەم گەنجە چەند خەمسـاردو ساردو سڕە....

حەمەدۆك لە ناکاو سەری هەڵبڕی، چاوی بڕییـە چـاوی دایـە قەمـەرو بـە دەنگێکـی لـەرزۆك‌و هەڵـچوو گـوتی: "دایـە تـۆ ئینسانێکی ئاقـڵ‌و کارامـەو پـڕ ئـەزموونی. دەمەوێ پرسیارێکت لێبکەم".

بە پەلە شریتی عومری ڕابـردووی هێنایـە بەرچاوی خۆی، هەڵوەستەیەکی خێرای لـە ئاسـتی هـەر یـەکێك لەمانـە کـرد: دایکـی، خەدیجە، منداڵەکەی، گروبـان ڕەجـەب کـە لـەو خـوارەوە لـە بـاتلاغی ئاقـچاسازدا نوسـتبوو، جـەبار، عەلیـە شـەل، قۆجـە عوسمـان، عـەلی دورمـوش، دایـە حـوری، هەمزە، وەزعی ئێستای گوند، سمایلە

کەڕە،و پاشان دووبارە گوتیەوە: "دایە، تۆ دایکێکی دڵپاکو بە ئەزموونیو تەمەنێکت بەسەر بردووە. پێم بڵێ من چی بکەم؟ عەبدی ڕۆیی. هەمزە هات. هەمزەش دەڕوات ، بەکر دێت. عەلی سەفا دەڕواتو ...."

دایە قەمەر بۆی تەواو کرد: "کەنعان دێت...."

"گوندی وای وای–ش دەبن بە دژمنم. خەڵکەکەی نەفرینم دەکەنو هەموو هەینییەك مەلود بۆ شادیی روحی عەلی سەفا ساز دەکەن...."

دایە قەمەر لە فکران ڕاچوو، زۆری بیرکردەوەو ئەنجام گوتی: "حەمەد گیان ببورە من ئەقڵم بەهیچ کوێیەك ناگات. بمبورە".

حەمەدۆك ڕوویکردە سەیرانو گوتی: "خوشکێ، خوشکە سەیران، تۆ لەمبارەیەوە چ دەڵێی؟".

تازە جوانی سەیرانو سەروسیماو جلە جوانەکانی دەبینی. لە دڵی خۆدا گوتی: "ئەم هەموو جوانییە، جوانیش بەو رادەیە !" دووبارە کردەوە: "یانی بە راستی شتی وا دەبێت؟"

سەیران، لەرزی، هیچ قسەیەکی نەکرد. ڕەنگی دەموچاوی گۆڕا. ئارەقەی کردەوە. دەستەکانی سڕ بوونو زاری وشك بوو.

"خوشکێ تۆ چ دەڵێی؟ قۆجە سلێمان، مشتو مڕو گەنگەشە، شەڕو پێکادان، دژایەتی کردنی زوڵمو ستەم... تۆ چ دەڵێی؟ خۆ ئەگەر هیچ ئاکامێکیشی نەبێ ئەوەت بۆ دەمێنێتەوە کە بەگژ ستەمکاردا چوویتو بۆڕت پێداوە. بەڵام ئایا ئەمە چ بایەخێکی هەیە؟ ها؟ تۆ چ دەڵێی؟

سەیران زۆری قسان پێبوو، لێ هیچی نەدەگوتو بێدەنگ بوو. ئەگەر قسەی کردبا، لەرزینی دەنگی لە قاوی دەدا. ترسی لەمە هەبوو. نەیدەتوانی هیچ نەڵێت. لە حاڵێکا کە چاوی بڕی بووە عاردی بە کاوەخۆ گوتی: "نازانم برا، من نازانم، هیچی لێنازانم، تۆ لە هەموو ئێمەو لە هەموو خەڵکی دی باشتر دەزانی. تۆ حەمەدۆکیت."

دایە قەمەر ڕابوو و کەمێك هێوەتر ئاگری کردەوە. قاپلەمەکەی خەلیل کۆسە پاكو خاوێن بوو. دایە قەمەر ئێرەیی بەخاوێنی قاپلەمەکەی خەلیل برد. خوێ، ڕۆنو، پۆڕێکی قوتو قەڵەوی ئاوەڕووتکراوی بەقەد مامرێ... دایە قەمەر بە دڵخۆشییەوە کەوتە مشووری پڵاولێنان، بۆنی ڕۆنو پڵاوی کوڵاو سەعاتە ڕێیەك دەڕۆیی.

سەیران لە شوێنی خۆی ڕۆنیشتبوو و بێ جوڵە چاوی بڕی بووە حەمەد.







حەمەدۆك گوتی: "ئۆه ه ه...." بە قووڵی بۆنی خۆشی خورادنەکەی هەڵمژیو پاشان گوتی: "دەستت نەڕزێ دایە."و لەسەری ڕۆیی: "خواردنی وا بەلەزەت هەر لەم جۆرە دایکە نازەنینانە دەوەشێتەوە."

دایە قەمەر لە سەیرانی خوڕی و گوتی: "هەستە کچێ! یانی چی لەوێندەر دانیشتوویت؟ هەستە سفرەکە راخە."

سەیران دەمودەست هەستا. سفرەکە لە کەپرەکە هێناو لەسەر سەوزە گیاکەو لە عاردی رایخست. سوراحییەکی شووشەی تەژی ئاوی تەزی دانرا بوو. خەلیل تۆزێ لەوەپێش لە کانییەکەی ئەولای هێنا بوو.

هەر چواریان چوارمشقی لە دەوری سفرەکە دانیشتنو کەوتنە خواردنی پڵاو بە پۆڕ. حەمەدۆك شانی وەبەر خواردنەوە نابوو، لە خواردنا، هیچ عەیبی نەبوو. بەڵام سەیر ئەوە بوو کە هیچ ئاوڕێکی لەو کیژە جوانە نەدەدایەوە کە لە ئاگری ئەشقو ڤیاندا دەسووتاو دەژیایەوە. بێگومان حەمەدۆك خەمێکی هەبوو، لە شتێکی کەم بوو، بەڵام ئەو شتە چی بوو؟



***پەراوێز:***

***– هەر دۆنمێك یەکسانە بە هەزار مەتری چوار گۆشە.**

** – شوێنێکە بۆ وەبەرهێنانی هەڵوژەی کێوی.*

***سەرچاوە:***

*سید کەمال کاراعلی اوغلو*

*صد سال رمان نویسی در ترکیە*

*برگردان: داوود وفایی/ نشر میترا /تهران ١٣٨٧*



# شەش بنەمای زێڕین لە نووسینی کورتەچیرۆکدا

و: شەهرام فاتحی

ئەگەرچی ئەمڕۆ بنەماکانی چیرۆکنووسی، تووشی ئاڵوگۆڕ و هەڵکشەو داکشە گەلێکی تایبەت بووە و هیچ داخوازی ڕاسپێردن و ڕێسایەك ناگرێتە ئەستۆی خۆی، بەڵام زۆر سەیرە شەش بنەما زێرینەکەی چیخۆف تا ئێستاش بۆ نووسینی کورتەچیرۆکێکی باش و شایانی خوێندنەوە، پێویست و بەجێن. ئێستاش دەتوانین هەست بە نوێبوون و پاراوبوونیان بکەین بە مەرجێك بە جوانی بە کار بهێندرێن. ئێستاش





دەتوانی بە پاڵپشتی ئەم بنەما بەنرخانە بێینە سەر شەوق و کورتەچیرۆکی جوان بخولقێنین بۆ ئەوەی بۆ هەتاهەتایە لە هەرێمی ئەدەبیاتی چیرۆکیدا بمێنێتەوە، لەبەر ئەوەی چێخۆف بە دوابینییەکی تایبەت بە خۆی، کەرەسە سەرەکی و هەتاهەتاییەکانی هەموو بیرۆکە ئەدەبییەکانی یەکجێ لەم شەش بنەمایەدا کۆ کردۆتەوە. ئەگەرچی لە هەندێك لە گۆڕەپانە چالاکەکانی ئەدەبیاتی چیرۆکی جیهاندا ئەم بنەمایانە لە بیر چوونەتەوە، بەڵام بە یەقینەوە دەتوانین بڵێین لە مێشکی زۆربەی هەرە زۆری نووسەران و چالاکانی جیهانی چیرۆکدا، بڕوا کردن بەم بنەمایانە جێگەی تایبەت و بە نرخی خۆیان هێشتۆتەوە. ئەمڕۆکەش بەشی گرینگ و شایانی پێهەڵاگوتنی ئەدەبیاتی چیرۆکی، بزووتنەوەی خۆیان لە سەر ئەساسی ئەم بنەمایانە درێژە پێدەدەن.

بۆ زانینی نهێنی ئەم بنەمایانە، چاوپێداخشانێك بەسەر ئەم شەش بنەمایەدا دەکەین.

بنەمای یەکەم : خوبواردن لە زۆربێژی سەبارەت بە ڕامیاری، ئابوری، کۆمەڵایەتی

وێڕای بوونی بیرۆکەی نوێ لە سەردەمی ئێستادا، هێشتا ئەم بنەمایە لە سەر پێی خۆی ڕاوەستاوە و درێژە بەژیانی دەدات، ئەم بنەمایە ١١٥ساڵ بەر لەئێستا واتە لە ڕۆژگاریکدا دەربڕاوە کە بەرهەمە ئەدەبییەکان پڕبوون لە زۆربێژی سەبارەت بە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی، دژایەتی کردنیش لەگەل ئەوانە دووربینی و نەترسییەکی زۆری پێویست بوو، بەڵام چیخۆف لەبەرچاوگرتنی ئەم مەسەلە گرینگەی لە سەرووی هەموو بنەما بە نرخەکانی دانا و تا کۆتایی تەمەنیشی پێی وەفادار مایەوە. ئەگەر بە سەبر و تەحەمولەوە بروانینە ئەم بنەمایەی چیخۆف، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم نووسەرە ڕێگەی لە نووسین سەبارەت بەم خاڵانەی سەرەوە نەگرتووە و دەشزانێت کە کورتەچیرۆك بە بێ ئەو خاڵانە نابێت، بۆیە بە لێهاتووانە و ژیرانە نووسەری کورتەچیرۆکی لە زۆربێژی سەبارەت بە ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری ئاگادار کردۆتەوە.

بنەمای دووەم: بەرچاویەتی تەواو

ئەم بنەمایە یەکێك لە بنەڕەتیترین بنەماکانە کە چیخۆف بۆ خۆشی بە لە

بەرچاوگرتنی ئەم بنەمایە بوو بە یەکێك لە بەیــدۆخترین نووســەرەکانی جیهــان. لەهەموو کورتەچیرۆکەکانی چیخۆفدا ئـەم بنەمایـە لەبـەر چـاو گـیراوە کـە بـە باشـی ئاشـکرایە. ئیمــە نــاتوانین چــیرۆکێکی چـیخۆف بدۆزینــەوە کــە لەســەر بنــەمای بەرچاویەتی تەواو دانەمـەزرابێت. لەوانەیـە بگوترێـت بـۆ مەگـەر قارەمانـەکانی نـاو چـیرۆکەکانی چـیخۆف هۆشـیان نـەبووە، بیریان نەکردۆتەوە، نەچوونەتە نـاو دنیـای خەیالاتەوە؟

دەبێ بڵەین بـا هـەیانبووە بـەڵام هـەمووی ئەمانـە بـە شـێوەیەك کـە چـیخۆف تێیـدا وەسـتا بـوو لـە نێـوان چـیرۆکەکانی و کـردەوە و هەڵـسوکەوتی کەسـایەتی نـاو چیرۆکەکانیدا دەگونجاند و بە بەرچاویەتی تەواو دەیهێنانە ناو چێرۆکەکانەوە. لەبـەر ئـەوەی چـیخۆف مرۆڤێکـی کۆمەڵایـەتی و خەڵکخوازبوو، هەموو کردەوەکـانی مرۆڤـی لە پەیوەندی راستەوخۆ لەگـەڵ گۆمـەڵگادا دەبینی.

بۆ وێنـە ئەگـەر سـەرنج بدەینـە یـەکێك لـە چـیرۆکەکانی چـیخۆف بـەناوی"پرسـە" بۆمــان روون دەبێتــەوە کــە مەبەســتی چیخۆف لە بەرچاویەتی تـەواو چییە. لـەم چــــــیرۆکەدا کالـــــــــسکەچییەك (عەرەبانەچییەك)ی پیر کورەکەی دەمرێ، لەبەر ئەوەی کەسی نەماوە تا دەردی دڵی لەگەڵ بکات لە کۆتاییدا دەچێت بۆ تەویلە و رووداوەکان بۆ ئەسپەکەی دەگێڕێتەوە. بە چاو پێداخشاندنێکی ورد بەم چیرۆکەدا بۆمــان دەر دەکــەوێت کــە روونتریــن خاڵـەکانی کـە بـوون بـو هـۆی مەنـدۆخی چیرۆکەکە، لـە رانـانی"بەرچـاویەتییەکی بێلایەنانە" سەرچاوە دەگرێت.

بنـەمای سـێهەم: گێڕانــەوە و وەســفی راستەقینەی کەسایەتی و ئەشیاکان

ئـــەم بنەمایـــە لـــە بەشـــێکی بـــچووکی چیرۆکنووسی ئەمرۆ کە بە چیرۆکی زەینـی و دەرون ناسی ناوبانگی دەرکردووە، لەبەر چاو ناگیرێت، بـەڵام لەبەشـە گرینگـەکان و چـالاکەکانی چیروکنووسـیدا تـا ئێـستاش درێژە بە ژیانی خۆی دەدات، لەبەر ئەوەی وەســـفی راســـتەقینەی کەســـایەتی و ئەشیاکان یـەکێك لـە هۆکارە گرینگـەکانی راکێـشانی گـوێگر و خوێنــەرە، چــیخۆف خۆشی یەکێك لەو نووسەرانەیە کە راسـتی لـەناو چـیرۆکەکانیدا بۆتــە هــۆی ئــەوەی پێــشوازییەکی بێوێنــەیان لــێ بکرێــت، چــیخۆف هیــچکات لــە هــیچ یــەك لــە





چـیرۆکەکانیدا سـەبارەت بـە مرۆڤـەکان و ئەشـــیاکان درۆی نـــەکردووە. نـــە وای لێکردوون کە چییەتیان لـە دەسـت بـدەن و نە ئەوەندەشی وەسف کردوون کە خوێنـەر بروایـان پێنـەکات. دیـارە لێرەدا مەبەسـت ئەوە نییە کە نووسەر ئەو شتەی دەیبینێـت بێ کـەمو کـور بۆمـان بنووسـێتەوە، لەبـەر ئــەوەی ئــەم شــێوە نووســینە هــیچ جیتوازییەکی لەگـەڵ فۆتـۆگرافی بـە کامێرا نابێــت. لەوانەیـــە لـــەدنیای ئـــەمڕۆدا پێکـەنینمان بـەم خاڵـە بێـت و بڵـەین کـە منداڵێکی سەرەتاییش ئەوە دەزانێت، بەڵام دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین کە١١٥ ساڵ بــەر لەئێــستا، کــە هــەر نووســەرێك بــە ئـارەزووی خـۆی کەسـایەتی و ئەشـیاکانی دەهێنانــە نــاو چــیرۆکەکانی و بەکــەیفی خۆشـی وەسـفی دەکـردن، چـیخۆف ئـەم بنەمایەی لەبەر چاو گرتووە.

خاڵی گـرینگ ئەوەیـە کـە، چیخۆف وێـڕای لیهاتوویـەکی بێوێنـە کـە لـە گوڵبـژێرکردنی کەســـایەتی و ئەشـــیاکاندا هـــەیبوو، بلیمەتییـــەکی تایبـــەتی هـــەبوو کـــە لـــە گۆشــەیەکرا دەیروانییــە کەســایەتی و ئەشیاکان کە کەمتر چاوێك ئـەم روانگەیـەی هەبوو.

بنەمای چوارەم: ئەوپەڕی کورتبێژی

لـەم بنەمایـەدا، چـیخۆف ئامـاژەی بـە هەســـتیارترین بنـــەما لـــە هونـــەری چیرۆکنووسیدا کردووە. بێ شك لـە هـەموو زەمـــان و مەکانێکـــدا و تەنانـــەت لـــە پێـشرەوترین بیرۆکـــەکانی ئەدەبیـــدا، کورتبڕی یەکێك لـە رەمـزە سـەرەکیەکانی سـەرکەوتنە. چـیخۆف ئـەم بنەمایـەی بـۆ کورتەچـیرۆك دەربریـوە، بـەڵام ئەمرۆکـە نووسەرە بە ئەزموونەکانی رۆمانیش لەبـەر چاوی دەگرن. پێویستە نووسـەری کورتـە چــیرۆك بــۆ ناســاندنی مرۆڤــەکان و ئەشیاکان، بەکـەمترین وشـە زۆرتـرین مانـا بگەیەنێت و دیمەنەکە لەم رێگایەوە بخاتـە بــەر چــاوی خوێنــەران. دەســتەواژەی "ئەوپــەڕی ژیــان لــە کــەمترین جێگــادا" وەدیهێنــەری ئــەم مەســەلەیە. پێویــستە نووسەر زۆرترین بار بـە بچووکترین شـیوە دەسکەبەندی بکات بۆ ئەوە بە ئاسانی بـە مەنزڵگەی پێویست بگات.

بنەمای پێنجەم: نەترسان، رەسـەنایەتی و خۆپارێزی لە کلێشەیی کردن

ئەم بنەمایە پێویستییەکەی ئـەوەتۆی بـە شرۆڤەدان نییە لە بـەر ئـەوەی بنەمایـەکی روون و ئاشـــکرایە و لـــە هـــەموو نوسـراوەیەکدا بەتایبـەت کورتـە چـیرۆك،

دیاری کەرە.

ئەوە ڕاستییەکی دان پێدانراوە کە نووسەر هیچکات نابێ بترسێت. نەترسان لە بەرامبەر بوونەوە بە مەسەلەی کۆمەڵگا و مرۆڤەکان، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانە بۆ ڕاکێشانی گوێگر و بۆتە هۆی بڕوای ئەوان بە نووسەر. هەرکات نووسەرێك بە ترس و دڵەڕاوکێ باس لە مەسەلەیەك بکات، بەرهەمەکەی وەك پێویست لە ناو دڵەکاندا جێگەی خۆی ناکاتەوە. زۆربەی هەرە زۆری خوێنەران، بەرهەمی نووسەرانێکیان بەلاوە خۆشە کە بە نەترسی، لێهاتوویی و هۆشمەندییەکی تایبەت و هونەرمەندانە، باس لە قسەی ئەوان و دەردی دڵەکانیان لە چوارچێوەی کورتە چیرۆکدا دەکات. بۆ وێنە، ئەگەر نووسەرێك دەیهەوێت باسی بێبەشەکانی کۆمەڵگا بکات نابێ لە هێرش کردن و رخنە گرتنی تاڵانکەرانی ئەو بێبەشانە بترسێت کە بە بەهانەگەلێکی جۆراوجۆر بەرامبەر بە بڵاوکراوەکانی بەربەست درووست دەکەن. دانەرانی ئەم خاوەن هێز و ئاڵتونانە، لە هەموو هێمە کۆمەڵایەتییەکاندا دەر دەکەون، بەتایبەت لە هەرێمی ئەدەبیات و هونەردا، وەك ڕخنەگرانی مۆدێرن یان وەك هونەرمەندانی پێشڕەو کە بە کاریگەری وەرگرتن لەو تریبوونانە کە لە ئیختیاریان دایە هاوار دەکەن"هونەر بۆ هونەرە."

پێویستە نووسەری ڕاستەقینە لەم رخنە و زڕاندن و نادادوەریانە نەترسێت، لەبەر ئەوەی ئەم نەترسییە کەمترین ئەرکێکە کە هاویژراوەتە ئەستۆی نووسەر. پپویستە نووسەر لەم ڕێگایەدا ڕەسەنایەتی خۆی بپارێزێت، واتە باسی ئەو شتانە بکات کە رەسەن بن و دووبارە کردنەوەیان بۆ خەڵك خۆش بێت و ببێت بە هۆی پێشکەوتنیان. هەروەها روون و ئاشکرایە کە ئەگەر نووسەر لەم ڕێگەیدا بتوانێت لە کلێشەیی کردنی مەسەلەکان خۆی بپارێزێت، پێشوازییەکی باشی لێدەکرێت.

بنەمای شەشەم: دڵنەوایی

سەردێڕی ئەم بنەمایە خۆی لە خۆیدا هەموو شتێك دەگەیەنێت. پێویستە نووسەر مرۆڤەکانی خۆش بوێت، ئەوە تایبەتمەندییەکە کە لەزۆربەی نووسورە گەورەکاندا هەیە و بۆتە هۆی سەرکەوتیان. دیارە مەبەستی چیخۆف ئەوە نییە کە نووسەر تەنیا دلۆڤانی







بەرامبەر بە قارەمانانی چیرۆکەکی بنوێنێت، مەبەست ئەوەیە کە نووسەر دلۆڤان بێت و هەستی مرۆڤایەتی بەرامبەر بە مرۆڤەکان لە ناخی دابێت. لە ڕاستیدا نووسەر پێویستە روانگەیەکی هەمەلایەنە و دڵنەرمی هەبێت کە هەموو کەسایەتییەکانی ناو چیرۆکەکە بگریتە خۆی. دڵسۆزی بۆ مرۆڤەکان لە گەڵ سەلماندنی چەپەڵی هەندێکی تر، جیاوازە. نووسەری چاك وباش لە ناو چیرۆکەکانیدا تەنانەت بۆ کەسایەتی چەپەل و پەستیش دڵسۆزی دەنوینێت.

# گۆتە دەبێتە موریدی حافز



و: سیما چۆمانی

یوهان ڤۆلفگانگ گۆتە (١٨٣٢ ـ ١٧٤٩ز) شاعیر و بلیمەتی ناوداری ئەڵمانی، گەورەترین کەسایەتی ئەدەبی سەدەی نۆزدەیەم لەسەر لوتکەی بەرزی مێژووی مرۆڤایەتی و ئەدەبیاتی جیهانی پاڵی داوەتەوە .

گۆتە جادووگەرانە و زانایانە دەینووسی و دەیخوێندنەوە. وشەکانی هۆش دەرفێنێت و لەسەر رۆح و گیانی مرۆڤەکان دەنیشێت. وشەکانی سیحراوی و پڕ مانایە کە تیایدا بەهرە و لێهاتوویی شەپۆل دەدات. گۆتە سەرەتا سەرنجی نەتەوەی ئەڵمانیای بە لای خریدا راکێشا و دواتر گەلانی جیهانی بۆ خوێندنەوەی بەرهەمەکانی بانگهێشت کرد کە زۆر بە توندی ستایشیان دەکرد. ستایشی گەلانی جیهان لە پیاهەڵدانی گۆتەدا، رۆشنبیرانی جیهانی خستە جۆش و خرۆشەوە و لەم رێگەیەدا خرۆشێکی زۆریان بەرپا کرد. لە ئێستادا ئەو بەرهەمانەی لە ستایشی ئەودا بڵاو کراونەتەوە، لە دوو هەزار کتێب تێپەڕیوە .

## گۆتە و مرۆڤایەتی

لەم بەرهەمانەدا وتەی رەخنەگرانی جیهانی لە سەرەتا و کۆتایی سەرجەم دێڕەکانی کتێبدا دەخوێنینەوە کە لە






سەردەمی یۆنانیەکانەوە تاوە ئێستا، جیهانی مرۆڤایەتی بە قەدەر هیچ کەس ئەوەندەی گۆتە قەرزاربار نیە. هەروەها لە ستایشی پلەی بەرزی ئەم پیاوە مەزنەی ئاسمانی ئەدەبیات وتەی زۆر هەیە کە : " گۆتە لە چوار رایەڵەکەی ئەدەبیاتی دنیایە ! " گۆتە لە ریزی دامەزرێنەرانی راستەقینەی کۆشکی فەرهەنگی مرۆڤایەتی دەژمێدرێت کە تاوەکو شکۆی زانایی لە دنیادا مابێتەوە، ناو و یادی ئەو لە جیهانی مرۆڤایەتیدا فەرامۆش ناکرێت. رۆحی مرۆڤ لە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ئەم کەسایەتیە پڕ بەهایەی جیهانی لە هیلاکی رۆژانە دوور دەکەوێتەوە، شار و دیار و وڵاتەکەی دەپێچێتەوە و خۆی دەگەیەنێتە هەموو جیهان، لە جیهانی خاکی دوور دەکەوێتەوە تاوەکو فڕین بەرەو ئاسمان تاقی بکاتەوە؟ بە خوێندنەوەی بەردەوام، دەکرێت بە شێوازی خۆی بۆ ئاسمانەکان رێگەی خۆت بدۆزیتەوە .

## گۆتە، هەلومەرجی سنووردار و داهێنانی فراوان

ئەمیل لودیگ، شاعیر و شانۆنامە نووس و بیوگرافی لێهاتووی ئەڵمانی (١٨٨١ـ ١٩٤٨ز) و نووسەری بەرهەمە ناسراوەکانی جیهانی هەروەکو بسمارک و ڤاگنەر و ناپلیۆن و .. لە ستایشی ئەم شاعیرە ئەڵمانیە بەمجۆرە دەنووسێت:" گۆتە بە تەنیا رەنگدانەوەی سەرجەم مرۆڤایەتی و ئاوێنەی گشت رووکار و گۆڕانەکانیەتی". ئەو وتە و نووسینانەی سەبارەت بە گۆتە نووسراوە، زێدەڕۆیی تیادا نەکراوە. لێهاتوویی لە رادەبەدەری لەسەر زاری هەموو کەس بوو تا ئەوەی لە ریزی بیرمەندان و داهێنەرانی دنیا ناسێنرا .

گۆتە فێری زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و ئیتاڵیایی و ئینگلیزی و عیبری بوو.زاڵبوونی بەسەر ئەم زمانانەدا نیشانەی ئەوەیە کە لە فێر بوونیاندا سەرکەوتوو بووە. هەروەها ئارەزووی لە هونەریش هەبوو،بە باشی وێنەکێشان و مۆسیقاش فێر بوو. لە کۆلێژی یاسا درێژەی بە خوێندندا تاوەکو دکتۆرای بەدەست هێنا. خوێندنەوەکانی لە بوارە فراوانەکانی وەکو پزیشکی و فیزیا و زانستەکان و رووەکناسی و...چڕ کردەوە و چەندین کتێبی جیاوازی نووسی، لەوانە چەرخی پێگەیشتنی رووەک، تیۆری رەنگەکان، خوێندنەیەکی گشتی بۆ زانستی سروشتی و خوێندنەوەیەک بۆ مورفۆلۆژی. سەرەڕای ئەوانەش عاشقی ئەدەبیات بوو. شەیدایی گۆتە بۆ ئەدەبیات لەگەڵ ئاوێتەیەک لە زانست و هونەرە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ هێزی

داهێنەرانیدا یەکی گرتەوە و بەرهەمی پڕ بەها و بە نرخ هاتە کایەوە. ئەو بەرهەمانەی کە مرۆڤایەتی وەکو میراتی جیهانی ناوی دەبات. " فاوست" ناوی بەرهەمێکی ئەم شاعیرە ناودارەی جیهانییە کە پیرۆزی خۆیی هەیە. لەسەر ئەم بنەمایە، گۆتە خولقێنەری ئەم بەرهەمە بە قەشەیەکی تەواو یان بە وتەی ناپلیۆن بناپارت مرۆڤێکی راستەقینە دادەنێن .

گۆتە کاریگەری زۆری بەسەر ئەدەبیاتی ئەڵمانیا و ئەوروپا دانا. ئێستاش ئەوانەی بە دوای ئەدەبیاتی جیهانیدا دەگەڕێن، بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی مەست دەبن. ئەو بەرهەمانەی کە هزری بەهرەداریان پێ دەبەخشێت .

"دیوانی رۆژهەڵاتی" یەکێکی ترە لە بەرهەمەکانی ئەم زانا بلیمەتە. تەنیا لە زمانی فەرەنسیدا یازدە وەرگێڕدراوەی جیاواز لەم بەرهەمە هەیە. شەیدایی ئەو وەرگێڕانە بووە هۆی ئەوەی کە رێگەی پڕ لە هەوراز و نشێوی وتەی ناودار و شاعیرانەی بۆ گۆڕینی وشەکان بدۆزنەوە و دەروونی هۆشیار بەم بەرهەمە دەگمەنانە ببەستنەوە ! . هەروەها دەکرێت سەبارەت بە شکۆ و مەزنی ئەم کەسایەتیە جیهانییە بنووسرێت، بێ ئەوەی لە چێژ و شیرینیەکەی کەم بێتەوە. بەرهەمەکانی گۆتە پڕ لە ناسکی و هزری داهێنەرانەن. بەهەر حاڵ بە خوێندنەوەی بەرهەمەکانی گۆتە، وەکو گوتەر، ورتەر، ئەیفی ژەنی، ئەگمونت، ئاوازەکانی رۆمی، فاوست، دیوانی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی، خوێنەر دووبارە ستایشی بکاتەوە .

## گۆتە و شەیداییەکەی بۆ حافز

گۆتە سەرەڕای ئەم ناز ناوە جیهانیەی ، شەیدای خواجە شەمسەدین محەمەد حافزی شیرازی دەبێت. ئێرەیی پێ دەبات و سەری رێزی بۆ دادەنوێنێت و ناوی حافز چەندین جار دووبارە دەکاتەوە. رەنگە بیەوێ بە دووبارە کردنەوەی ناوی حافز بە شێوەیەکی پەرجویانە بە جامی ئەبەدی وشە بگات و وەکو ئەو دەست بۆ نووسینی غەزەل برێت. گۆتە بە هێنانەوەی ناوی حافز مەست دەبێت، بەڵام بۆی دەردەکەوێت وتەکانی نەگونجاون و وشەکان ناتوانن پەی بە رازی دەروونی ببەن. وشەکان ناتوانن دەروونی گۆتە فێنک بکەنەوە، بۆیە لە بێ تواناییدا بە دوای وشە و دەستەواژەی تردا دەگەڕێت، بەڵام باسەکە هەر درێژە دەکێشێت .

## لاسایی کردنەوەی حافز

دیوانی رۆژهەڵاتی گۆتەتان پێ دەناسێنم تاوەکو هەست بە ماندوێتی زۆری تێکەڵ بە چێژ و زەوقی ئەم شاعیرە ئەڵمانییە بکەن. گۆتە ئاواتی ئەوەی هەبوو لاسایی شاعیری ئێرانی حافز بکاتەوە :

"ئەی حافز ئاواتمە لاسایی ستایلی غەزاڵ نووسی تۆ بکەمەوە. وەکو تۆ، روو لە کێش و سەروا بکەم و غەزەلەکانم بە وردەکاری وتەکانت برازێنمەوە. سەرەتا بیر لە ماناکەی بکەمەوە و پاشان بیڕازێنمەوە. هیچ ویشەیەك لە کێشەدا دووبارە نەکەمەوە، تەنیا ئەگەر بە رواڵەتێکی یەکسان، مانایەکی جیاواز ببەخشێت. ئاواتمە هەموو ئەو رێسایانە بەکار بهێنم، تاوەکو شیعرێکی وەکو تۆ، ئەی شاعیری شاعیران، بنووسم! ئەی حافز، هەروەکو تەنیا بڵێسەیەك بۆ ئاگر تێبەردانی و سووتاندنی شاری ئیمپراتۆرەکان بەسە، لە وتە دڵڕفێنەکانی تۆ ئاگرێکی وەها بەربۆتە جەستەم کە سەرتاپای ئەم شاعیرە ئەڵمانیەی بە جۆش و خرۆش هێناوە ."

لاسایی کردنەوە، ئەویش بۆ کەسێکی وەکو گۆتە بلیمەتی ناوداری ئەڵمانی، لە حافز شاعیری غەزەلنووسی ئێرانی، ئاواتێکی گەورەیە. بە هێنانەوەی ئەم ئاواتە، گۆتە خۆی دەگەیەنێتە مەنزڵگەی مەبەست، واتا کانی سازگاری شیعر دەگەیەنێت. گۆتە لە ساڵی ١٨١٤ بە رەوانی بەمجۆرە دەنووسێت :

"حافز، وتەکانت هەروەکو ئەبەدیەت گەورەن، چونکە بێ سەرەتا و کۆتایین. وتەکانت هەروەکو گومبەزی ئاسمان، تەنیا بە خۆیان پەیوەستن و لەنێوان نیوەی غەزەلی تۆ لەگەڵ پارچە و سەرەتای قەسیەدەیەکدا جیاوازییەك نابینرێت، چونکە هەموویان جوان و دڵرفێنن. تۆ ئەو کانیە سازگارەی شیعر و پڕ لە چالاکی کە هەر ساتێك شەپۆلێك لە دوای شەپۆلێکی تر هەڵدەقوڵێت. دەمی تۆ بەردەوام بۆ ماچ کردنی سروشت و بۆ ئاواز خوێندن و گەروت بۆ بادە نۆشین و دڵت بۆ خۆشەویستی ئامادەیە. ئەگەر دنیاش کۆتایی پێ بێت، تۆ حافزی ئاسمانی، ئارەزوو دەکەم کە تەنیا لەگەڵ تۆدا بم وەکو برایەك، لە خۆشی و ناخۆشیتدا بەشدار بم. لەگەڵ تۆدا بادە بنۆشم و وەکو عاشق بم، چونکە ئەوە شانازی ژیانی من و بەهای ژیانی منە. ئەی سروشتی قەسەکەری من، ئێستا کە لە حافزی ئاسمانی ئیلهامت وەرگرتووە، سەر لە هێزی خۆت بدە و ئاوازێکی نەوتراو بێنە سەر زارت، چونکە ئەمڕۆکە پیرتر و گەنجتری لە هەموو کات .

## داخوازی گۆتە لە حافز

درەوونی گۆتە بە یادی حافز شەپۆل دەدات، قووڵ دەبێتەوە، لە هەموو کات زیاتر فراوانتر دەبیت. لەگەڵ ئەوەشدا،

زیاتر لە رابردوو نا ئاسودە و هەڵچوون دەبێت و بۆ چەند ساتی دواتر، ئارام دەبێتەوە و دووبارە بۆ بەرزی دواتر نا ئاسودە و شەپۆل دەست پێ دەکاتەوە .

گۆتە لەم بەرفراوانی و قوڵ بوونەوەی دەروونیدا، وەکو مامۆستا ناوی حافز دەبات. داوای لێ دەکات کە لە گۆتە خۆش بێت و مۆڵەتی ئەوەی پێ بدات بەردەوام لە بەزمی عیشقی حافزدا دانیشێت، سەیری حافز بکات، دەرفەتی پێ بدات بە دوای ئەودا رێ بکات و گۆتە لە دیاری مەترسیدا رزگار بکات و بە مەنزڵگەی بەختەوەری بگەیەنێت. ئەگەر سەیرێکی دیوانی دڵرفێنی گۆتە واتا " دیوانی رۆژهەڵاتی" بکەین، لەو شوێنەی کە روو لە حافز دەکات و دەڵێت:" تۆ خۆت لە نیوەی رێگە هیلاك بێت، ئەوانی تر ناوەستن تاوەکو بە کۆتایی رێگە بگەن؟ کەواتە مامۆستا، لێم ببوورە ئەگەر هەندێکجار لە رێبوارێکدا دڵ دەخەمە ژێر پێی خەرامانێکدا کە بە نازو عیشوە پێ لەسەر زەوی دادەنێت و هەناسەکانی وەکو بای شەماڵ دەروونی عاشقان دەلاوێنێتەوە! حافز! بهێڵە بۆ ساتێکیش بێت لە بەزمی عیشقی تۆدا دانیشم، تا لەو کاتەدا کە بسکی پڕ لە پێچی لوولی دڵدار لێك دەکەیتەوە و بە دەستی شنەی بای دەسپێری، هەروەکو تۆ لە نێوچاوانی درەوشاوەی بە دیدی ستایشگەرانە بنوارم و لەم دیدارەدا ئاوێنەی دڵ پاك کەمەوە، ئەو کاتە مەستانە گوێ بۆ غەزەلی دەیەم کە تۆ بە زەوق و دڵخۆشی لە ستایشی یاردا دەینووسی و بە نووسینی ئەم غەزەلە، دڵ و دەروونی شەیدات دەلاوێنیەوە. دواتر ئەی مامۆستا، سەیری تۆ بکەم کە باڵندەی رۆحت لە ئاسمانی ئارەزوودا دەفرێت. بە پەلە بانگی ساقی دەکەیت تاوەکو جامەکەت پڕ بکات لە مەی ئەرخەوانی و بە یەکجاری تینوێتیت بشکێنێت و خۆت بێ ئارام لە چاوەڕوانیدا دەمێنیتەوە تاوەکو بادەی گوڵڕەنگ، ژەنگی هزر لە ئاوێنەی دڵت پاك بکاتەوە و ئەوکاتە وتەیەکی ئامۆژگاری بڵێی تاوەکو بە دڵ گوێی لێ بێت و بە گیانیش وەریبگرێت. ئەوکاتەش لە دنیای نائاگاییدا بەرەو دنیای نهێنیەکان رێ دەکەیت و هەواڵی پڕشنگی دەروونت وەردەگری، تۆ دەبینم کە لە خۆبردووانە پەردەی نهێنی لا دەدەی تاوەکو خاڵی عیشقی دڵی خەڵوەت نشینان ببێتە خوێن و کەمێك لە رازی پەنهانی لە پشتی پەردە بێتە دەرەوە. حافز ئەی پارێزەری مەزن، ئێمە هەمووman بە دوای تۆدا وێڵین تا بە ئاوازە دڵرفێنەکانت لە هەوراز و نشێوی ژیاندا





رێنوێنیمان بکەیت و لە مەترسی دیار بەرەو مەنزڵگەی بەختەوەری ببەی."

## رێزدانان بۆ حافز

جێگەی سەرسوڕمانە، بەڵام ئەوە راستە کە گۆتە لەم دیارە سەرلێشێواوە. بە شانازیەوە نازناوی موریدی حافز لە خۆی دەنێت تاوەکو لەم سەرلێشێواوییە رزگاری بێت. گۆتە لە "دیوانی رۆژهەڵاتیدا دەڵێت: حافز، من ئەگەر خۆم بەرامبەر تۆ دابنێم جگە لە شێتی شتێکی تر نییە. تۆ ئەو کەشتییەی کە بێ باکانە بایەکان بە لاوە دەنێت و سینەی دەریا لێك دەترازێنێت و پێ دەنێتە نهێنی شەپۆلەکان و من ئەو تەختە شڕەم کە بێهۆیانە چۆماخ خۆری ئۆقیانوسم. لە دڵدا وتە دڵرفێنەکانی تۆ هەندێکجار شەپۆل لە دوای شەپۆل لا دەدات و هەندێکجاریش دەریایەك لە ئاگر تووشی هەڵچوون دەکات. بەڵام ئەم شەپۆلە ئاگرینانە من لە خۆیدا لوول دەدات و قووت دەدات. لەگەڵ ئەوانەشدا، من هێشتا کەمێك زاتی ئەوە بە خۆم دەدەم کە خۆم بە موریدانی تۆ دابنێم."

## ئاشنایەتی گۆتە با حافز

چۆنیەتی ئاشنا بوونی گۆتە لەگەڵ حافز پرسیارێکە لە جێی خۆیەتی. بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەتا پێویستە باس لە ئاشنا بوونی گۆتە لەگەڵ رۆژهەڵاتدا بکەین. یەکێك لە کتێبەکانی وانەی گۆتە تەورات بوو کە لە ماڵەوە و لە قوتابخانە پێی ئاشنا بوو. هەروەها قورئانیشی لە رێگەی وەرگێڕانە ئەڵمانیەکەی خوێندەوە. ئەمجۆرە رەفتارە لە قۆناغی قوتابخانەدا، ئاماژەیەك بوو بۆ زیرەکی و هۆشیاری لەرادەبەدەری گۆتە. خوێندنەوەی ئەم دوو کتێبە ئاسمانییە بە تایبەتی قورئان، ئیلهام بەخشی گۆتە بوو لە نووسینی کۆمەڵێك لە پارچەکانی دیوانی (اصحاب الکهف) و خوای ئیبراهیم و محەمەد (د.خ).دواتر شانۆنامەیەکی بە ناوی "محەمەد" نووسی کە لە وتارەکانی ناپلیۆن لەساڵی ۱۸۰۸ بە درێژی باسی دەکات. دوای ئەوەش لەگەڵ ئایینی هیندو ئاشنا بوو. لەم ئاشنابوونەیدا شەیدای چیرۆکی "راما" و "سیتا" بوو. لە کۆتاییدا شانۆنامەکی لەسەر بنەمای ئەم دوو ئەفسانە ناسراوە، نووسی.هەرچەندە بە تێپەڕبوونی کات ئەفسانەکانی هیندی گرنگی خۆی لای ئەو لەدەستدا، چونکە سەرەڕای هەموو گرنگیان نەیانتوانی تینوێتی شاعیرانەی ئەو بشکێنن. گۆتە لە تەمەنی ٤٢ ساڵیدا ئاشنایەتی لەگەڵ ئەدەبیاتی ئێراندا دروست کرد. واتا تەواو لەو کاتەی کە ناوبانگی ناوبراو لە سەرانسەری ئەڵمانیا و ئەورووپادا بڵاو

بوویەوە. خوێندنەوەی بەرهەمەکانی لە لایەن هەوادارانی ئەدەبیات زۆرتر دەبوو و لەلایەن رۆشنبیران و قوتابیانی زانکۆ و نووسەرانەوە پێشوازی لێکرا. گوڵستانی سەعدی یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی ئێرانی بوو کە گۆتە پێی ئاشنا بوو و گۆتە گوڵستانی بە تەنیا نمونەی ئەدەبی رۆژهەڵاتی ناوبرد . دواتر گوڵستان بوو بە ئیلهام بەخشی دیوانی گۆتە. سەرەڕای ئەوەش، زۆر کاریگەری لەسەر گۆتە دانەنا و رۆحی قووڵی تێراو نەدەکرد. لە تەمەنی ٥٩ ساڵیدا بوو کە بەرهەمی وەرگێڕدراوی "لەیلا و مەجنونی" جامی، شاعیری ئێرانی خوێندەوە و لە تەمەنی شەست ساڵیدا بەرهەمی " خەسرەو و شیرین"ی نیزامی خوێندەوە. بە خوێندنەوەی ئەم دوو بەرهەمە بە تەواوی شەیدای ئەدەبیاتی ئێرانی بوو و لەم دوو بەرهەمە بۆ نووسینی شیعرەکانی سودی وەردەگرت. ساڵی ١٨١٤ ساڵی نەهامەتی بۆ ئەوروپا و گۆتە بوو. هیلاکی دەروونی و پەرێشانی و نارێکی باڵی بەسەر ئەورپاو رۆحی گۆتەدا کێشابوو. گوتە بۆ رزگار بوون لەم پەرش و بلاوییە رووی لە هزری رۆژهەلاتی کرد. رۆژهەلات ئەو پەناگە و هزرەی پێ بەخشی.گۆتە لە ساڵی ١٨١٤ لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا بە تەواوی تێکچوو. " کوتا" دەزگای بلاو کراوەی بەرهەمەکانی گۆتە، بەرهەمێکی وەرگێڕدراوی لە هامر، وەرگێڕی ناوداری نەمساوی لە دوو بەرگدا بە ناوی غەزەلیاتی حافز بۆ گۆتە نارد. هێشتا چەند لاپەڕەیەکی لێ نەخوێندبوویەوە کە لەناکاو ستایشی کرد و لە سەرەتای کتێبەوە دەستی بە خوێندنەوە کردەوە، چونکە بە وتەی خۆی، لە پڕدا بۆی درەکەوت کە وزەی پێ بەخشیوە و تا ئەو کاتە وێنەی نەبووە. ساڵی ١٨١٤، رۆژی زێڕینی گۆتە بوو. لەم رۆژەدا ئەم شاعیرە ناودارەی ئەڵمانیا بۆ یەکەمین جار ناوی حافزی لەسەر پەڕاوی یاداشتەکانی خۆی تۆمار کرد و وتی ئەمە لە ئەدەبی رۆژهەلاتیدا بێ وێنەیە، ئەوی شەیدای خۆی کردووە. خوێندنەوەی بەرهەمەکانی حافز، رۆحێکی تازەی بە دەروونی گۆتە بەخشی. بێ هۆ خۆی بە مەستی بینی تا ئەوەی نووسی: " لە پڕێکدا لەگەڵ بۆنی ئاسمانی رۆژهەلات و نەسیمی رۆح پەروەری ئەبەدییەتدا ئاشنا بووم کە لە دەشت و بیابانەکانی ئێرانی دێت. ئاشنای مرۆڤێکی تایبەتی و بێ وێنەی بووم کە کەسایەتیە سەرسوڕهێنەرەکەی کاریگەری بەسەر منەوە هەیە". ئەوەی جێگەی سەرنجە گۆتە توانی حافز لە رێگەی بەرهەمی وەرگێڕدراوی هامر بناسێت، چونکە جادوی وتەکانی حافز



ناتواندرێت وەربگێڕدرێت.لەم رووەوە وەرگێڕانی هامر هەڵەی و کەموکوڕی تێدا بوو. سەرەڕای ئەوەش، ئەم کەموکوڕیانە نەبوونە کۆسپی بەردەم ناسینی گۆتە سەبارەت بە حافز. گۆتە لە گۆشەنیگای لاوازی و کوموکوڕی و هەڵەوە، شکۆ بێ وێنەکەی حافزی بۆ روون بوویەوە و بەرە بەرە رێچگەی خۆی بەرەو هزری حافز ئاراستە کرد. گۆتە لە ساڵی ١٨١٤ لە دەریای زانایی و وتەکانی حافزدا دەخنکا. هەموو غەزەلێکی حافزی شیرازی دەجار دەخوێندەوە، تا ئەوەی کە زۆرتر لە دەستەواژە و وشەکانی حافز دەگەیشت و بە هزر و رەوانبێژی سیحراوی ببوو. لە زۆربەی شیعرەکانی گۆتەدا، لە هەندێك شوێن هاوشێوەی حافز دووبارە دەبێتەوە. وادیارە ئاگایانەو بێ ئاگایانە گۆتە بیر و زمانی راستەوخۆی بە دەستی حافز سپاردووە. لە کۆتایی زستانی ١٨١٤ گۆتە لە دەفتەری یادگاریەکانی خۆیدا بەمجۆرە پەردە لەسەر ئەم شەیدابییە هەڵدەداتەوە و دەنووسێت: " خەریکە شێت دەبم، ئەگەر بۆ ئارامکردنەوەی جۆش و خرۆشم دەست بۆ نوسینی غەزەل نەبەم ، ئیتر ناتوانم ئەم کەسایەتیە پایە بەرزە لە بیر بکەم کە لە ناکاو پێی ناوەتە ژیانی منەوە ." نووسینی غەزەل بە وەرگرتنی ئیلهام لە حافزەوە، دەبێتە عیشقی گۆتە و بۆ ئەوەی باشتر بتوانێت غەزەل بنووسێت بیر لەوە دەکاتەوە کە بە خولقاندنی بەرهەمێك لە جیهانی خەیاڵدا گەشتێك بۆ ئێران بکات و دیوانەکەی خۆی وەکو دیارییەکی سەوزی رۆحانی پێشکەش بە گەلانی جیهان بکات. لەوە بە دواوە خۆی بە رێبواری نیشتمانی رۆژهەلاتی دەزانێت و بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی دیوانەکەی بەم تێڕوانینە دەنووسێت کە لەگەڵ کاروانەکانی ئاوریشم و میسکدا بە رێکەوتووە و لە رێگە باریکەکانەوە بەرەو شیراز هەڵدەفڕێت. بە گوێی جیهان گوێی لێ دەبێت کە " رێنوێنی گەشتەکەی، گۆرانیە دلڕفێنەکانی حافز دەلێتەوە". گۆتە بە وشە پڕ لە جۆشەکانی بەمجۆرە دەنووسێت:" ئارەزووی گەشتەکەی شیرازم کردووە تا ئەو شارە بکەم بە مەنزلگەی جێگیری خۆم". حافز بە گۆتە رۆحێکی تازە و دنیایەکی تازە و جۆش و خرۆشێکی تازەی بەخشی، چونکە توانی گۆتە لەگەڵ رۆحی راستەقینە و جوانیەکانی فەلسەفەی رۆژهەلاتدا ئاشنا بکات .

١. نووسینی : ئەحمەد ئاخوندی
٢. سەرچاوە: گۆڤاری " هوما "



ن/ ئۆکتا فیابات

# چەپکی شین

و/ حسێن علی

لەخەو هەستام هەموو جەستەم نیشتبۆ سەرئاو. گەرمیەکی زۆر لەو ڕاڕەوەی کە تازە بەخشتی سوور بەرد ڕێژکرا بو دەهات. پەپوولەیەکی باڵ خۆڵەمێشی لە دەوری ڕۆشنایيە زەردەکە باڵە فڕێی دەکرد و بەملاو ئەولادا دەکەوت. لەو جۆلانە تۆڕییەی کە لەسەر خەوتبووم بەپێ ی ڕووت چاپووکانە و بە ئاگایەکی زۆرەوە ڕۆیشتم بۆ ئەوەی پێ بە دوو پشکێکدا نەنێم کە تازە لە کوون هاتبۆ دەرەوە و بە دووی هەوایەکی پاکدا دەگەڕا. هەر یەکێك لە ئێمە لەوشەوەدا– ئەو شەوە دەتوانی– گوێ بیستی هەناسەی شەوی مێینەی تۆقێنەر بێت. بۆ ناوەڕاست ژوورەکە گەڕامەوە بۆ ئەوەی ئاوی ناو حەوزە کانزاییەکە بەتاڵ بکەم، و سنگ و قاچمی پێ بسڕم، نەختێك چاوەڕێم کرد بۆ ئەوەی ووشك ببمەوە، ئینجا زۆر بەباشی



پۆشاکەکەم پشکنی لەترسی ئەوەی مێشوولەی تێدا بێت، جلەکانم لەبەر کرد، و لەسەر پلیکانە سەوزەکان بە ڕاکردن هاتمە خوارەوە. لەدەرەوەی پەناگەکە و لەڕێمدا بە پیرەمێردە بێ دەنگ و یەك چاوەکەی خاوەنی ساختمانەکە گەیشتم لەسەر کورسیەك دانیشتبوو سیگاری دەکێشا و چاوی نیوە کراوە بوو– بە دەنگێکی گڕ پرسیاری کرد: ((بۆ کوێ؟))

وەڵامم دایەوە: ((بۆ گەڕان، ڕۆژێکی گەرمە. هە؟!))

((هممممم))، هەموو شوێنەکانیان داخستووە، هەروەها ڕووناکی ئەم شەقامە زۆر کەمە، هەر نییە، باشتر وایە بمێنیتەوە. شانم هەڵتەکاند و منگە منگێکم کرد: ((زوو دەگەڕێمەوە))، ئینجا تاریکییەکە هەڵیلووشیم. لەسەرەتادا نەمتوانی هیچ شتێکی دەور و بەرم ببینم، لە کاتێکدا سیگارم دادەگیرساند بە درێژایی شەقامی (کۆبل ستوون) بە پەلە کوتیێ هەستم بە ڕێگەکە کرد، هەورە ڕەشەکە لەڕووی مانگ دوور کەوتەوە و روناکییەك بڵاو بۆوە کە دیوارێکی ووردو خاشکراوی ڕووناك کردەوە چاووم نوقاند بۆ ئەوەی خۆم لەم ڕووناکیە بپارێزم. بە سووکی بایەکە فیکەی دەهات و بۆنی خورمای هیندی لەگەڵ خۆی دەهێنا.. دەنگی گەڵاو مێرووەکانی شەوگار گیزەی دەهات،و سیسرك لەنێو سەوزە گیا درێژەکاندا کۆبوونەوە. سەرم هەڵبڕی دیتم کە ئەستێرەکانیش کۆبوونەتەوە. بە بیرمدا هات کە گەردوون تەنیا ڕێبازێکە لە هێما بوونی تۆقێنەر دیالۆگێکی هەمیشەییان لەنێواندا هەیە. من و جیڕەی سیسرك و بریسکەی ئەستێرەکان لەم دیالۆگی گەردوونییە لە ڕادەبەدەرەدا تەنیا هەڵوێستێکی پەرش و بڵاوین. ئەم ووشەیەی کە من تێدا بڕگەیەکم چی بوو؟ کێ ووشەکە دەڵێت؟ وە بۆ کێ دەوترێت. سیگارەکەم فڕێدا و چەمانەوەیەکی وەك ئەستێرەیەکی کلکداری بچکۆلەی لەسەر ڕاڕەوەکە بریسکەیەکی جێهێشت.

بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر خۆ ڕۆشتم. ئەوساتە لە نێوان لچ و لێوی کاتدا هەستم بە بەختیاری و ئازادی و دڵنیایی کرد. شەوگار باخچەی چاوو بوو کاتێك لێ ی تێپەڕ دەبووم گوێبیستی کردنەوەی دەرگایەك بووم. ئاوورم دایەوە، بەڵام نەمتوانی هیچ شتێك جیا بکەمەوە. پێش ئەوەی گوێ بیستی دەنگی بێزارکەری هەنگاوی کەسێك بم هەنگاوی خێرام نا. هەرچەندە دەمزانی ووردە ووردە سێبەرەکە لێم نزیك دەبێتەوە نەم دەوویست ئاوڕ بدەمەوە. هەوڵم دا ڕا بکەم، بەڵام نەمتوانی. وە پێش ئەوەی

بەرگری لەخۆم بکەم، هەستم کرد نووکی چەقۆیەک بە پشتمدا دەچەقێ و دەنگێکی خۆش دەڵێت: ((گەورەم ئامۆژگاریت دەکەم نەجووڵێت گەرنا دەیکەم بە پشتتدا)).

بێ ئەوەی ئاوڕ بدەمەوە پرسیارم کرد: ((مەبەستت چییە؟)).

دەنگە ناسکەکە بە دەنگێکی بەرزی پڕ لە ئازار وڵامی دایەوە: ((گەورەم چاوەکانت)).

((چاوەکانم! چییان لێدەکەیت؟ گوێ بگرە هەندێ دارایم هەیە، بڕێکی زۆر نییە بەڵام بەشدەکات. هەرچییەکم هەیە دەتدەمێ بەڵام وازم لێ بێنە. تکات لێدەکەم مەمکوژە)).

((گەورەم مەترسە، ناتکوژم. هەموو ئەوەی دەمەوێ تەنیا چاوەکانتە)).

((ئەی چی لە چاوەکانم دەکەیت؟)).

((خۆشەویستەکەم چەپکە چاوی شینی دەوێت، و وەک دەبینی لەم دەوروبەرەدا دەستکەوتنیان زۆر گرانە)).

((دەترسم ئەوەی دەتەوێ بۆتی جێ بەجێ نەکەم چونکە چاوەکانم قاوەیین و شین نین)).

((گەورەم هەوڵت بێ سوودە. باش دەزانم چاوەکانت شینن)).

((ئایا چاوی پیاوێکی وەک خۆت دەردێنی؟ دەستکاریان مەکە و منیش بەرامبەر بەوە شتێکت پێدەدەم)). بەدەنگێکی ووشک و ڕەق وەڵامی دایەوە: ((ڕۆڵی ئادەمیزادێکی خاوێن لەگەڵ من مەبینە و بەخێرایی بۆ دواوە وەرچەرخێ)).

وەرچەرخام. دیتم لاوێکی نابووتی لاواز بوو، شەبقەیەکی قەراخداری پانی لەسەر کردووە و نیوەی ڕووخساری داپۆشیوە، کێردێکی گەورەی بە دەستەوەیە و ڕۆشنایی مانگی پەرچ دەکردەوە.

((ڕێم بدە ڕوخسارت ببینم)).

دەنکە شخارتەیەکم داگیرساند و لە ڕوخسارم نزیک کردەوە. لەسەرەتادا لە ئاگرەکەی سڵەمیمەوە. بەمشتێکی جێگیر پێڵوی چاومی کردەوە، بەڵام نەیتوانی بە باشی بیبینێ. لەسەر نوکی پێ ڕاوەستا و بۆ ماوەیەکی زۆر لە چاوەکانم وورد بۆوە. کڵپەکە پەنجەکانمی سووتاند منیش دەنکە شخارتەکەم فڕێدا. تاوێک بەسەر چوو.

((ئایا ئێستا تۆ باوەڕت هەیە کە چاوەکانم شین نین؟)).

((خۆت بە زیرەک دادەنێیت، وانییە؟ دەنکە شخارتەیەکی ترداگیرسێنە)).

دەنکێکی ترم داگیرساند، زۆر لە چاوەکانم نزیک کردەوە. بە توندی قۆڵی پۆشاکەکەمی ڕاکێشا و فەرمانی دا: ((کڕنووش بەرە)).

کڕنووشم برد. بە مستی قژمی ڕاکێشا و سەرمی بەرزکردەوە، بە دڕدوکی و چاو







تێبڕین بەسەرما چەمایەوە. کێردەکەی ئەوەندە لە چاووم نزیک بۆوە تابەر برژانگی چاووم کەوت. بە تووندی چاووم نوقاند.

((چاوەکانت بکەرەوە)).

چاوەکانم کردەوە. ئاگرەکە برژانگەکانمی سووتاند، بێ هیچ ئاگادارییەک جێ ی هێشتم. ((باشە، بردتەوە، چاوەکانت شین نین)).

کوچە و کۆڵانەکان هەڵیان لووشی، خۆم بەسەر دیوارەکەدا داو بە هەردوو دەستم سەرم گرت. پەرشی خۆم کۆکردەوە، جارێك ساتەمە دەبردو جارێك لەسەر پێ ڕا دەوەستام. بۆ ماوەی کاتژمێرێك لە ڕێگە چۆڵەکانی شاردا رامکرد. کاتێك گەیشتمە گۆڕەپانی شار لە دوورەوە خاوەنی ساختمانەکە دەرکەوت. هێشتا لەبەر دەرکەکە لەسەر کورسییەك دانیشتووە. بێ ئەوەی وورتەم لێوەبێت چوومە ژوورەکەم و ڕۆژی دوایی شارەکەم جێهێشت.

**سەرچاوە**

**کتێبی ((الساژجە)) قصص من ((الادب العالمی)**

**ئیبتهاج ئەلحارتی. کردوویەتی بە عەرەبی.**



پاولۆ کۆیللۆ

# دانایی گەورەکان*

و: تاهیر عوسمان

## * پیشەی راوچی

پیرەمێردێکی راوچی کەبە زیرەکترین راوچی رێوی ناوچەکە دادەنرا . دواجار بڕیاری دا دەست لە کارەکەی هەڵگرێ . سەرجەم کەلو پەلەکانی کۆکردەوەو بڕیاریدا روو لە باشووری وڵات بکا کە ئاوو هەواکەی خۆشترە. بەڵام بەر لەوەی لە خڕ کردنەوەی شتەکانی ببێتەوە گەنجێك سەردانی کردو پێی گوت دەمەوێ فێری بەهرەکەت بم . لەبەرامبەریشدا ئامادەم کۆگاکەت و هەروەها مۆڵەتی راوکردنی تایبەتی خۆت بکڕم و لەبەرامبەر نهێنیە کانیشت پارەت پێ دەدەم . پیرە مێردەکە بەم پێشنیارە رازی بوو . رێککەوتنێکیان مۆرکرد . سەرجەم نهێنیەکانی راوکردنی رێوی فێری لاوەکە کردو بەو پارەیەی کە بەدەستی







کەوت خانوویەکی جوانی لە باشور کڕی کە ئاوو هەوای زۆر خۆشتر بوو . بەڕادەیەك کە هەرگیز لە زستاندا پێویستی بە دار کۆکردنەوە نەما . تەنانەت ئەگەر بۆ جارێکیش بێ .سەرەڕای ئەوە کەبەهار داهات سۆزێکی زۆری بۆ گوندە کۆنەکەی لەلا بەرپا بوو . بڕیاریدا بگەڕێتەوە تا چاوی بە هاورێکانی بکەوێ . لەوێش چاوی بەو لاوە کەوت کەلەبەرامبەر نهێنی کارەکە سامانێکی زۆری پێدابوو . راوچی پیرەمێرد لە گەنجەکەی پرسی : باشە وەرزی راوکردن چۆن بوو ؟ لاوەکە گوتی:تەنانەت یەك رێویشم راو نەکردوە. پیرەمێرد هەستی بەحەپەسان و سەر سوڕمان کردو پرسی بۆ بە پێی ئامۆژگاریەکانی من کارت نەکرد؟
لاوەکە بە دووچاوی خەفەتبارەوە و گوتی: بەڵێ باراست گۆ بم لەگەڵتدا . نەخێر وام نەکرد. چونکە پێم وابوو شێوازەکەی تۆ رۆژگاری بەسەر چووەو وام زانی رێگایەکی تایبەت بەخۆم بۆ راوکردنی رێوی دۆزیوەتەوە بۆیە هیچم دەست نەکەوت!!!!

## *دەست بە سندوقەکەوە بگرە

پیرەمێردێك بەدرێژایی ژیانی کاری کردو کاتێك خانە نشین بوو کێڵگەیەکی بۆ کوڕەکەی کڕی تا بەڕێوەی ببا . وە بڕیاریدا کۆتاییەکانی تەمەنی بە دانیشتن لە هەیوانی خانووە گەورەکەی بەسەر ببا . کوڕەکەشی سێ ساڵان کاری کردو پاشان هەستی بە بێزاری کرد وەبە هاورێکانی دەگوت باوکم هیچ کارناکاو هەموو کاتی خۆی بەسەیرکردنی باخچەکەیەوە بەسەردەبا . منیش کۆشش دەکەم تاوەکو نانی بۆ پەیدا بکەم .رۆژێك لە رۆژانیش بڕیاریدا کۆتایی بەو نا دادپەروەریە بێنێ !!. سندوقێکی داری گەورەی دروست کرد چووە هەیوانەکەو بە باوکی گوت باوکە ئایا رازی دەبی بچیتە ناو ئەو سندوقەوە . باوکی داواکەی بە جێهێناو کوڕەکەش سندوقەکەی خستە پاشەوەی لۆریەکەوەو بردیە لێواری شیو ێکەوە. و لەو کاتەی خەریك بوو پاڵی بە سندوقەکەوە دەنا بکەوێتە ناو شیوەکەوە . گوێی لەدەنگی باوکی بوو دەیگوت کوڕەکەم ئەگەر ناچاری بمخە قوڵایی ناو شیوەکەوە . بەڵام ئاگاداربە دەست بە سندوقەکەوە بگرە . چونکە تۆش چەند ساڵێکی تر بەناو تەمەندا دەچی و کوڕەکانت بێگومان پێویستیان بە سندوقێك دەبێ تا ئەوانیش تۆ بخەنە ناویەوە.........



## *باڵندەی رەش دەگاتە بڕیار

باڵندەیەکی رەش لەتە نانێکی دۆزیەوە . هەڵی گرتەوەو بۆ دوور فڕی . کاتێك باڵندە گەنجەکانیش ئەمەیان بینی . شوێنی کەوتن تا پەلاماری بدەن . کاتێك زانیشی رووبەرووی جەنگێکی دژوار بۆتەوە . باڵندە رەشەکە پارچە نانەکەی فڕێ دایە ناو دەمی مارێکەوەو لەبەر خۆیەوە دەیگوت: کاتێك کە پیر دەبی شتەکان جیاواز دەبینی . ژەمێکم لەدەست دا ئەمە راستە . بەلاّم سەرەڕای ئەوە ئەگەر هەوڵی بۆ بدەم بەیانی پارچە نانێکی تر پەیدا دەکەم . خەریك بوو لە ئاسمان شەڕێك هەڵبگیرسێنم . براوەکەش دەبووە مایەی قین لێ هەڵگرتن . وە ئەوانی تر لە دژی رێکدەکەوتن رق و قین دڵی باڵندەکانی پڕ دەکرد . بەڵکو لەوانەبوو ئەوە بۆ چەندین ساڵ بەردەوام بێ . ئەمەش دانایی گەورەکانە. کە توانای دەست هەڵگرتنە لە باوەڕ سەرکەوتنێکی کاتی لە بەرامبەر دەست کەوتێکی بەردەوام دا





## باوەڕ هێنان بە سنوورەکان و کۆشش کردن**

جەنگاوەر بە بێ دەنگی دەمێنێتەوە و وزەی خۆی لە وشەکاندابە فیڕۆ نادا . چونکە ئەمە هیچ شتێك بەدی ناهێنێ .باشتر وایە توانای خۆی لەبەرگری و ئارامگرتن و باوەڕ هێنان بە بوونی کەسێك کە چاودێری دەکا. . بەکار بێنێ . هەروەها باوەڕ هێنان بە گفت و گۆ . جەنگاوەری روناکی ناتوانێ هەمیشە گۆڕە پانی جەنگ بەکار بێنێ چونکە لە ناکاو خۆی لە نێو شەڕێکدا دە بینێتەوە کە مەبەستی نەبووە. لەو حاڵەتەشدا هەرگیز ناتوانێ رابکا. چونکە جەنگ بەدوایدا دەڕواو شوێنی دەکەوێ . بۆیە لە ساتە وەختی ململانێیەکدا ، کە ناکرێ پشتی تێبکرێ . جەنگاوەر بە سڵەمینەوەو ترسنۆکی لەگەڵ نەیارەکەیدا دەدوێ . هەوڵدەدا ئەو هۆکارانە بزانێ کە بەرامبەرەکەی ناچار کردوە گوندەکەی خۆی جێ بهێڵێ و بێ بەدوای کەسێکدا بگەڕێ تا لەگەڵیدا بجەنگێ . بەبێ ئەوەی شمشێرەکەشی هەڵکێشێ جەنگاوەر باوەڕی پێ دێنێ کەوا ئەمە جەنگی ئەو نی یە . جەنگاوەری روناکی گوێ لە قسەکانی نەیارەکەی دەگرێ وە تەنها لەکاتی پێویستدا دەجەنگێ . واتە لە حاڵەتی نەبوونی هیچ بەدیلێکی دیکە ، لەم کاتەشدا بیر لە سەرکەوتن یا شکست ناکاتەوە . بەڵکو بەم شێوەیە دەجەنگێ کەشەڕەکە لەسەری پێویست دەکا جەنگاوەری روناکی ئەو ئامۆژگاریە کۆنە لەبیر ناکا لەمەڕ قبوڵکردنی مەینەتی و رەخنەکانەوە . زوڵمیش روودەدا . دوور نی یە جەنگاوەر لە ناکاو خۆی لە بارو دۆخێکدا ببینێتەوە کە شایانی ئەو نی یە . لەچەند ساتە وەختێکیشدا کە توانای نی یە داکۆکی لە خۆی بکا . لە کاتی لەمجۆرەدا جەنگاوەر بەبێ دەنگی دەمێنێتەوەو وزەی خۆی لە وشەکاندا بە فیڕۆ نادا چونکە هیچ بەدی ناهێنن ، بەڵکو باشتر وایە هێزی خۆی لەبەرگری و ئارامگرتن و باوەڕ هێنان بە بوونی چاودێری کەرێك خەرج بکا . هەرکەسێك کە مەینەتیەکانی زوڵم ببینێ . پێی رازی نابێ . چاودێری ئەوە بە جەنگاوەر دەبەخشێ کە زۆر پێویستیەتی کە کاتە. چونکە درەنگ بێ یا زوو مەسەلەکان جارێکی تر لەبەرژەوەندی ئەودا دەگەڕێنەوە . جەنگاوەری روناکیش کەسێکی دانایە . هیچ لەبارەی شکست هێنانیەوە نادرکێنێ و باس ناکا!!!!!

## *باوەڕ هێنان بە ئەفسانە کەسیەکان

جەنگاوەری رووناکی پێی وایە کەوا هۆکاری هەموو ژیانی . ئەفسانە کەسییەکەیەتی. لێرەشدا هاوەڵەکانی دەڵێن ( بیرۆکەکانی مایەی سەر سوڕمانن) . جەنگاوەری رووناکی بۆ چەند خولەکێك هەست بە شانازیەوە دەکا . پاشان لەوەی کە گوێ بیستی دەبێ شەرم دایدەگرێ . چونکە ئەو باوەڕەی نی یە کە دەری دەخا . لەو ساتانەدا فریشتە بە گوێی جەنگاوەردا دە چرپێنێ ( تۆ تەنها ئامرازێکی رووناکیی هیچ هۆکارێکیش نی یە هەست بە شانازی یاخود گوناهەوە بکەیت . تاکە یەك هۆکار هەیە ئەویش دەبێ بۆ قەدەری خۆت بژی.)!!

## *ڕێز گرتنی سنوورەکان

تیر هاوێژێك رۆژێك لە رۆژان بەنزیك دێرێکی بەناو بانگی راهیبە هیندۆسەکاندا تێپەڕی . دێرەکەش بە توندو تیژی و سوور بوونی ئەویان دەزانی لە بواری فێر کردن و راهێناندا . کاتێك کەبەتەنیشت باخچەکەدا رەتبوو راهیبەکانی بینی دانیشتوون و دەخۆنەوە و چێژ لە کاتەکەیان وەردەگرن . بەدەنگێکی بەرز گوتی: ئەو شوێن کەوتوانەی رێچکەی خودا . چەند مایەی گاڵتە پێکردنن . خۆیان دەڵێن بەرزەفت کردن پێویستە، بەڵام دەیانبینی لە پەناوە خۆیان مەست و سەر خۆش دەکەن .گەورەی راهیبەکان وەڵامی دایەوە و گوتی: کەوانەکەت چی بەسەر دێ ئەگەر بەیەك جار سەد تیری پێ بهاوێژی ؟ . تیر هاوێژەکە گوتی: دەشکێ .راهیبەکەش گوتی: ئەگەر مرۆڤ پاڵی بەخۆیەوە نا سنووری توانا کانی خۆی تێپەڕێنێ . بەهەمان شێوە دەشکێ . ئەگەر هاوسەنگیەك لە نێوان کارکردن و پشووداندا دروست نەکەی ئەوە حەماسەتەکەت و وزەکەت لەدەست دەدەی و زۆر دوور ناکەویتەوە .

## *شارە شارراوەکە

ناسك بەسەرۆکی راهیبەکانی دێری سیکتای گوت: بەتەواوی لەمەبەستی ژیان دەزانم و دەشزانم خودا چی لە پیاوەکان دەوێ . وەدەزانم باشترین رێگای شوێن کەوتنی کامەیە . سەرەڕای ئەوە ناتوانم هەموو ئەرکەکانم بەرامبەر خودا بەجێ بگەیەنم . سەرۆك ماوەیەکی زۆر بێدەنگ مایەوە و پاشان لە کۆتاییدا گوتی: تۆ بە بوونی شارێك لەسەر رۆخەکەی تری ئۆقیانووس دەزانی و ئاگاداری . بەڵام هێشتا بەلەمەکەت نەدۆزیوەتەوە . وەکەلو





پەلی خۆت کۆنەکردۆتەوەو دەریاکەت نەبڕیوە . کەواتە لەبەرچی درێژە بە قسەکانت دەدەی و باسی شێوەی شارەکەو چۆنیەتی گەیشتنە شارەکەو گەڕان بە شەقامەکانیدا دەکەی ؟؟؟زانینی مەبەست لەژیان . یا زانینی باشترین رێگای ملکەچ کردن بۆ خودا بەتەنیا بەس نی یە . دەبێ ئەوەی بیری لێ دەکەیتەوە بیخەیتە بواری جێ بەجێ کردنەوە، ئەوکاتە رێگای گەیشتنە ئەوێت بۆ دەردەکەویً ..!!!

*** دانایی گەورەکان واتە زانینی چۆنیەتی دەست هەڵگرتن لە سەرکەوتنێکی دەمودەست لەبەرامبەر دەست کەوتێکی بەردەوامدا**

سەرچاوە : سایتی موحیت



# ئاو

ئەمینی فەقیری

و/ لەفارسییەوە: خالید فاتیحی

١

گەنم و جۆیان داچاند سەرەتای بێکاریان بوو.تەواوی ڕۆژێ دادەنیشتن و لێرەو لەوێ دەدوان، لە ڕابردوو لە ئاینده،غەیبەتی ئەم و ئەویان دەکردو پاشانیش کە ماندوو دەبوون مریشکێکیان وەکو نیشانە بە لکەدارێك یان بە لووساوکەی ئاوەڕۆیەکەوە دادەکردو بە ساچمەزەن نیشانەیان لێدەگرت–گوللەی دووتمەن و دواتر یاری جگێن و شقارتێن یان دەکرد.زستان لەلای جوتیارەکان وەرزی ئارامی و لەماڵ مانەوەو چوونەشاربوو.کە پایز تێپەڕی هەمووان لە ناکاو زانیان بێ بارانییە.لەبەردەم قەلا قسەیان دەکرد.باسی خوداو بەرەکەتەکەیان دەکرد، دووعای بارانیان نەبوو تا بیخوێنن چونکە هەمیشە ڕازیبوون، سروشت ڕازی دەکردن.ئاوەکەیان لە گەلییەوە دابین دەبوو کانییەك بوو وەك تروومپایەکی دە ئینجی ئاوی دەداو پێنج گوند مەدارایان پێدکرد.تازە دەیانگوت ئاوی گەلییەکە کەم بووە–گەنمەکان ببوونەقەرسیل زەویەکەی سەوز داپۆشیبوو.یەك دووباران بارین گەنمەکان بووژانەوەو لاسکەچەماوەکانیان ڕاست کردنەوە. جوتیارەکان ئومێدیان هاتەوەبەر.ماوەیەك تێپەڕی باران نەباری ئاسمان بەخیل بوو.بەقین بوو،هەوری ڕەش دەهاتن هەموو دەچوونەوە ماڵێ بەلاّم سەعاتێکی نەدەبرد هەموو دەڕەوینەوە.دوور دەکەوتنەوە.ئاوی کانییەکە بەهۆی بەفربارینەوە زیادی دەکرد، چاوەڕوانی ساڵێکی خراپیان دەکرد.ساڵێکی دژوارو نەبوونی و خەمی نان.

٢

پێش جەژن ماشێنی ئاودێری گرەی لێهەستاو ئەندازیاری ئاودێری دابەزی و گوتی: بەهارێ کانییەکە دەبێتە بەشێك لە ئاودێری،خەڵکەکە پێکەنین کانییەك کە هەزاران ساڵە ئاوی ئەو گوندانە دەدا ببێتە بەشێك لە ئاودێری؟هەقی ئاوێ بدەین؟ بۆ ڕووبارەکە هەقی ئاویان دانابوو،هەقیان بوو.دەریایەك ئاوبوو.بەلاّم ئەو کانییە کە بەحاڵەحاڵ ئاوی پێنج گوندانی دەدا بۆچی؟هیچ کەس ئەوشتەی بەهەند وەرنەگرت،یەك دووباران باری،گەنمەکان هەڵکشابوون پێش جەژن بیست سانتیم بەرزببوونەوە،خۆشحاڵی لە ڕووخساری هەمواندا دەبینرا.دووکاندارەکان خۆشحاڵ بوون ژیانی جوتیارەکان لەژێر دەستی دوکاندارەکان بوو کە پشتیان لە ژێرباری قەرزدا شکابوو.گەنم یەك (مەن) تمەنێك لەسەر خەرمانیش پازدە ڕیاڵ،چەڵتووك چوارتمەن لەسەر خەرمان دووتمەن،تا ئێستا چەند لەو دووکاندارانە لەسەدەقەی سەری هەمان خەڵکەوە ببوونە حاجی،ئێستاش ئەگەر بەوردی سەرنجتدەدا، دووکاندارەکانن گەنمەکان بەرونزمی پێدەکەن و مەزەندەی دەکەن و هەڵی دەسەنگێنن.چونکە ئی خۆیان بوو.جوتیاری بەستەزمان ئاوی دەدا،خەمی بارانی دەخوارد خەمی کانی دەخوارد لەسەر ئاوێ بەشەڕ دەهات و هەتا دەشکوژراو ئێستاش ئەگەر باران نەباریبا بەروو بوومەکە باش نەدەبوو،کاری دووکاندارەکانیش خراپ دەبوو،پارەکەیان پێ دابین نەدەکراو دەمایەوە بۆساڵی ئاینده–نەشیان

دەتوانی قسەبکەن-خەڵکی داخیان دەکردن دوای دووسێ ڕۆژان لە پاشەملە قسەیان هەڵدەبەست و ئەوانیش ناچاربوون بارگەوبنەیان وەپێچن و لێدەن بڕۆن و بەوحاڵەشەوە جوتیاربوو دەدۆڕا-دوکاندار چاوی لە زەویەکە دەبڕی و چاوەڕوانی دروێنەی دەکرد ئەوساڵ نا ساڵێکی دیکە-ئەگەر ئەوساڵ نیوەی خەرمانەکەی بردبا ساڵی دواتر تەواوی خەرمانەکەی دەبرد-بۆئەو فەرقی نەبوو.

٣

لەوکاتەی ڕیفۆرمی زەوی کرابوو هەموو ببوونە خاوەنی زەوی دەتگوت ئەوانەت گۆڕیون.ڕەخنەیان لە هەمووشتێك دەگرت.سەدی دوویان نەدەدا.دەگژیەك ڕادەچوون،دووبەرەکی بوو،کوێخا مانایەکی نەبوو.گوندی قاسم ئاوا حەوتسەد دۆنم زەویان هەبوو کە زۆربەیان داچاندبوو: ((ئەو سوپاتەرویجە لەکوێن،تا بێن ڕێوشوێنێك دابنێ و نەهێڵێ زۆری داچێنن،زەمانی ئاغای،ئاغادەیگوت: پەنجا دۆنمی داچێنن بەسە،دامان دەچاند بەرهەمێکی باشمان دەبوو-ئێستاش ئەسەد تەواوی زەویەکانی نزیك سەرچاوێی داچاندووە کاك محەممەد، ڕۆستەم، کاوس،قوربان عەلی،باشە کاتی چەڵتوك چاندن چۆن ئاو دەگاتەخوارێ دەڵێین بابە با ئەوساڵ بوورەبێ،لێگەڕێ پارچەزەویەکت دامەچێنە،ئەوساڵ ئاوکەمە کانییەکە لەتوانایدا نییە،پێڕاناگا تاقسەیەك دەکەی دەڵێ جوتیاری سەربەخۆم.جوتیاری سەربەخۆ سەرت بخوا،(شا)زەوی داویەی تا پێکەوە برابین،ئێستا من هەوڵدەدەم ماڵی یەکێکی دیکە بخۆم فلانیش هەروا...))

هەموو چاوەڕوانی شەڕیان دەکرد لەسەرئاوێ.چەندە ئاویان کەم بوو لەبەرچاو لێکەری زەوی زیاتریان داچاندبوو،دەیاندیت (زاکر) تەواوی زەویەکانی داچاندوون و وەلی خانیش دەیچاند.سوپای تەرویجیان دەویست کە بەزۆر لەپشت سەریان بێ و ناچاریان بکا،هەموورۆژێ بە جوت و گا زەویان دەکێڵاو پاشان تۆویان پێوەدەکرد.

٤

چەڵتوکەکانیان لە جەولان کرد تا چەکەرەی بدەن.ئێستا چەکەرەیان دابوو.دوای پێنج ڕۆژی دیکە بۆ چاندن ئامادە دەبوون.ئەگەر نەیان چاندبان خرادەبوون.ئێستا پەینیان دێنا،ئاودەستەکانیان بە تاڵ دەکرد،بۆ تۆزەپیسایییەك بەشەڕدەهاتن،دەیان گوت





کودی کیمیایی بۆ گوڵەدان زەرەری هەیە.ڕەگی چەڵتوکەکان دەڕزێنێ و دەیسووتێنێ.ئەگەر بەوردی سەرنجتدابا دەتدیت هەموو سەرگەرمی پەین کێشان بوون.گەورەوبچوك،تێکۆشانبوو بۆ ژیان،بۆ دووکانداره سووت خۆره بێ ویژدانەکان،ئێوارەبوو کە ئەندازیار هات.کارەکان تەواوببوون.لەپێش قەلأدانیشتبوون.ماندوێتی ڕۆژێکی کارکردنیان لەش دەردەکرد.مقۆمقۆیەکیان دەربارەی سەرچاوە زانیبوو کە دەیانویست بزانن ڕاستە یان نا.ئەندازیار گوتی: بەیانی تەواوی پیاوماقولأنی گوندی قاسم ئاواو جەعفەرئاواو نووسرت ئاواو عەلیاواو حەسەن ئاوا دەبێ بێنە گەلیەکە بۆ دابەشکردنی ئاو.

خەڵکەکە هاواریان کرد جەنابی ئەندازیار ئەو ئاوە خودا بەشی کردووە هیچ هۆیەك نییە دابەشی کەی.ئەندازیار وەلأمی دایەوە:((پەیوەندی بەمنەوەنییە،دەستوورم پێیە.بەیانی ئەگەر نەیەن بەغایب لەقەڵەم دەدرێن.بێ ئامادەبوونی ئێوە ئاوەکە دابەش دەکرێ.ئەوکاتە حکومەت لەبارەی ئێوە بڕیاردەدا.))خەڵکەکە کەوتنەبیرکردنەوە.ماشێنی ئاودێری بە دەشتەکەدا دەگەڕا.نیگاکان نیگەران دیاربوون دوای چەندساتێك بێدەنگی هەرلەوێ کەوتنە ڕاوێژکردن هەموو یەك بەڵێن گوتیان لەژێرسەری گوندی عەلیاوادایە.ئەوەی کراوە ئەوان کردوویانە،پەیکێکیان بۆ گوندەکانی دیکەنارد بۆ ڕاوێژکردن.سەرەنجام بڕیاریاندا کە بەیانی هیچیان نەچنەگەلییەکە. ئەندازیاریش بەبێ ئامادەبوونی ئەوان هەرکارێکی دەیکا بابیکا،شڵەژانێك گوندی داگرتبوو.باسەکە لەسەرئاوێ بوو.لەسەر چۆنییەتی دابەشکردنی ئاو.بەیانی کەتازە هەتاو لە تلۆفکی سپی دارەکانی دەدا ئاودێرەکانی ئاوایی خەبەریان هێنا کە عەلیاواییەکان هاتوونە گەلی و جادەلێدەدەن،دارەکان دەبڕنەوە تاماشینی ئەندازیار بتوانێ بگاتە سەرچاوە.دەیانگوت:ماستاوان دەکەن.خۆهەڵدەکێشن.

٥

پیاو ماقولأنی تەواوی ئاواییەکان بێجگە لە عەلی ئاوا هاتنە قاسم ئاوا کۆبوونەوە.دانیشتن و قسەیان کرد.کوێخای جەعفەرئاوا: ئەوبێ شەرەفیەی ببینە،چی دەکەن،چۆن ماستاوان دەکەن و دەپاڕێنەوە.کوێخای

نووسرەت ئاوا:خەبەرمان هەیەپارەیان داوە دۆنمی چل تمەن ئەوەبیست ڕۆژە.پیاوماقوڵی حەسەن ئاوا:دەبێ ئەندازیاری ببینین بەبێ پارە هیچ ناکرێ.پیاوماقوڵی قاسم ئاوا:بەڵام زۆری دەبیاتەوە—عەلیاواییەکان ساڵانی ساڵ بەپاڕانەوە ئاویان بردووین—ئێستا بە پەنجا دۆنم زەوی بەئەندازەی یەك ئاوایی ئێمە کە حەوتسەد دۆنم زەویە ئاوێ بەرن.یان گوندی جەعفەرئاوا کە هەشت سەد دۆنم زەویان هەیە.پیاوماقوڵی نووسرەت ئاوا:بەخوای ئەگەر لەملیشم دەن ناهێڵم وابێ!ئێستا چەڵتوکەکان چەکەرەیان داوەو خرادەبن ئەگەرنەیان چێنین،ئەوەچ حاڵێکە بنیادەم لە ئاوایی وەمێنێ،دەچێتەزیندان بۆ هەقی خۆی بۆ ژیانی خۆی.پیاوماقوڵی حەسەن ئاوا:هەروەکو گوتمان دەبێ ئەندازیاری ببینین،دەبێ لە ڕاوێژی بگەین.دەرگاکرایەوە یەکێك گوتی ئەندازیار هاتۆتە گەلی و کۆبوونەوەی کردووە،کە ئێوە ئامادەنەبوون.کلیلەی ئاوەکەی گرتۆتەوە،ئاوی تەواوی گوندەکانی ئێمە بۆتە سێ یەك.ئاوی عەلیاواییەکان بەسەرجۆگادا لرفەی دێ! دۆش دامابوون بیریان دەکردەوە ئەگەر نەچن ئەندازیار دەست بەئاوەکەوە ناگرێ.بیریان لە چەڵتوکەکە دەکردەوە خەڵکی ئاوایی لەحەساریێ کۆببوونەوە—ڕووخسارەکان شێوابوون((عەلیاواییەکان ئاگردەدەین)) کوێخای حەسەن ئاوا هاتە بەردەرگا داوای لە خەڵکەکەکرد ئارام بن:هۆی.. کاری نابەجێ نەکەن ئێمە ئەندازیاری دەبینین—دەبێ بەبێ شەڕوهەرا هەقی خۆمان وەربگرین،شەڕ هیچ دەردێك دەرمان ناکا.دواتریش زیندانەو داماوی،بیر لە ژن و منداڵەکانتان بکەنەوە،ئەوان سەرگەردان دەبن.خەڵکەکە هێوربوونەوە،گوتیان ((خوائاخیری وەخێر گێڕێ.))

٦

پیاوماقوڵەکان بە سواری ئەسپ وەڕێکەوتن.سەعات دووی دوای نیوەڕۆبوو.هەتاوی بەهاری بەتین بوو جموجۆڵ بوو بۆ پارە کۆکردنەوە.هەموو چوونەلای دوکاندارەکان،هیچیان نەبوو.بەقەرز وەریان گرت و خستیانە سەرحسابەکانیان و سەعات چواربوو کە مەشەدی سەبزعەلی هات و پارەکانی لەناوەڕاستێ هەڵڕشتن.دووهەزار تمەن بوو،دەیگوت ئی سێ ئاواییانە گوندی قاسم ئاوا حەوت سەدتمەنیان هەبوو هەمووی دەیکردە دووهەزارو حەوت






سەدتمەن.بەس بوو.هەموولەسەر تەپۆلکە بەرزەکەی قاسم ئاوا ڕاوەستابوون و تەماشای ئەسپەکانی حسێن خان و مەشەدی سەبزعەلیان دەکرد کە باڵیان گرتبوو.هەتاو تەواو هەڵکشیبوو کە گەیشتنە شارۆچکە.ئەندازیارو سەرۆکی مەخفەر دانیشتبوون ـ سڵاویان کرد کەس وەڵامی نەدانەوە.باسی ئاوو هەقی خۆیان کرد،ئەندازیار دەیگوت: پێیان گوتووم ئاوای دابەش کەودەیکەم.من کارم بە چەڵتوك نییە.کارم بەدۆنم زەوی نییە.

-بەڵام دادپەروەرانە نییە،نەخودا پێیخۆشەو نەپێغەمبەر،چەڵتوکەکانی ئێمە هێشتا نەچێنراون.

-زەویش دەمرێ،زەویش لەتینوان قەڵش قەڵش دەبێ.زەوی دەبێ تێرئاو بێ و برنج بەخەڵك بدا.گەنم و جۆ بداتە خەڵکی هەمووعەلیاوا پەنجا دۆنم زەویان هەیە ئەویش گەنم و جۆیە.چەڵتوك لەخوار چۆمی دەکەن ئاوێ لە ڕووباری دێنن،عەلی ئاوا دووبەش و ئێمەش دووبەش.

-دەمت درێژمەکە.بەتۆچی ناپیاوی لادێی،زەویان داویەی هاربووی؟

-ئێمە هارنەبووین.ئێمە بۆ خاوەنشکۆ دایدەچێنین.چوارساڵە زەویان داوینێ هێشتا بەرهەمی نەبووە کە وایە ئێمە ڕەعیەتی خاوەنشکۆین،ئێستاش جەنابی ئەندازیار بۆ واهات و هاواردەکەی دەتوانین پێك بێین.شایانی جەنابتانی نییە دەتوانین دووبارە خزمەتتان بکەین.ئەندازیار دەستی کێشایەوە،لاچاوی کابرا شین هەڵگەڕا.خوێن لەلوتیەوە فیچقەی کرد.کابرا بەتوڕەییەوە هاواری کرد: ئەدی عەلیاوا لەکوێڕا ئاوێ دێنن؟

ئەندازیار شیڕاندی:ئێوە پێتان وایە بەرتیلم وەرگرتووە،نانەجیبینە؟

-قوربان عەلیاواییەکان وادەڵێن.

فەرماندەی مەخفەر گوتی:جەنابی ئەندازیار درۆدەکەن ئەوانە دەستیان لەپشتە.لە دێهاتی نانەجیب مەگرە.

کاتێك بانگی ژاندرمەی دەکرد،دووئەسپ سوار بە دەشتەکەدا دەهاتن.ئەندازیار پێدەکەنی: ((چ میللەتێکن!))

فەرماندەی مەخفەر گوتی((چیت دیووە؟))

٧

کاتێك حسێن خان و مەشەدی سەبزعەلی گەڕانەوە ئاوایی،خەڵکەکە چاوەڕوانیان بوون.کە لەمەسەلەکە گەیشتن خەبەریان بەهەموو ئاواییەکان دا.هەموویان لەژێر سەری عەلیاواییەکان دەزانی.حسێن خان دەیگوت:

))مەحاڵە هیچ بکرێ،بەو جادە درووستکردنەیان ناتوانن حاشای

لێبکەن.بەڵام ناتوانی ئەوەی بەکاربەدەستی دەوڵەت بڵێی،دوورت دەخەنەوە.مرۆڤ دەبێ بەدەستی خۆی هەقی خۆی وەربگرێ.))

خەڵکەکە پەسەندیان کردو گوتیان: ((ئێمە لەبێ ئاویان دەمرین، چ ئەوساڵ چ ساڵێکی دیکە.دەبێ ئاو ئاوایی بخوسێنێ.))

پاشان گۆپاڵەکانیان هێنانەدەرو بە قۆچەقانییەوە هاتن لەسەر تەپۆلکەکە ڕاوەستان.تەپ وتۆزێك لەدوورەوە دیاربوو.باقی ئاواییەکانی دیکەش جولابوون.پیاوماقوڵەکان هەمووسواری ئەسپ ببوون.گوندی قاسم ئاوا تێکەڵ بەگوندەکانی دیکەبوو.ڕووخسارەکان تووڕەدیاربوون.گۆپاڵەکان لە دەستیاندا وەکو تووکە پەڕێك وابوو.مەشەدی سیاوەش دەیگوت: ((دەبێ عەلیاواییەکان تەفروتووناکەین کە ئیدی نەچن جادەلێدەن و پارەی بدەن،ئێمە ئاوەکەی بەردەدەینەوە.)) خەبەر بەدێی عەلیاوا گەیشتبوو.چووبوون لەوبەری ڕووباری سەنگەریان گرتبوو.لافاوی خەڵکی تورە کەوەك ڕوەکولله هێرشیان هێنابوو،هیچی بۆ نەدەهێشتنەوە.هاواریان دەکردو جنێوی دایك و خوشکیان بەیەك دەدا.شڕی یەکتریان دەرهێنا.بە قۆچەقانی بەردیان داویشت.چوار ئاوایی بەبڕواو هێزی زۆریان لەڕوبارەکاندا.عەلیاواییەکان لەبەریان هەڵاتن.سێ چوارکەس سەریان شکابوو.تەپ و تۆزو شەڕێکی تەواوبوو.هات و هاوارێك بوو دەنگ وەدەنگی ڕانەدەگەیشت.سەرەنجام عەلیاواییەکان لەسەر تەپۆلکەیەك کە بەسەر دەشتێ دا دەیڕوانی سەرکەوتن و بە ساچمەزەنەکانیان تەقەیان لە چوار ئاوایی دەکرد.دەکەس برینداربوون.بەڵام کاتێك زانیان لەگەڵ تفەنگ هیچ ناکرێ،بەماندوویی گەڕانەوە گەلیەکە.عەلیاواییەکان لەترسان لە شوێنی خۆیان نەجولان.ئاوی عەلیاوایان گرتەوەو نەیان هێشت یەك دڵۆپە ئاویش بە جۆگاکەیاندا بچێتە خوارێ.چاودێریان داناو بۆخۆیان گەڕانەوە.ماندوو مجرۆ.لە پشتەوەشیان هات و هاواربوو.خەبەری شەڕەکە گەیشتبۆوە مەخفەر بەڵام بەرپرسێکیان نەنارد.سەرۆکی مەخفەر گوتبووی: ((هەتا کاتێك کەسێك نەکوژرێ،لەشوێنی خۆم ناجولێم!))

شەوبوو،شەوی سەرکەوتن بوو.

٨

شەو،شەوی سەرکەوتن بوو.ئەوانەی لەچۆنییەتی کارەکە شارەزابوون دەیانزانی هەرشتێك بکەن تاوانبارن.بەیانی



کە بۆ دابەشکردنی ئاو ئامادە نەببوون و پارەیان بۆ بەرتیل بردبوو و ئێوارێش کە بەکۆمەڵ هێرشیان بردبوو.بەڵام شوکری خوایان دەکرد کە نەگەیشتبوونە یەك.هەموو تووڕەبوون،حەتمەن بیست سی کەس دەکوژران.شەوێ ئاوێکی زۆر بە جۆگاکاندا دەهاتەخوار.بەڵام بەچی دەچوو؟کێ تاقەتی ئاو داشتنی هەبوو.یان بەشەوێك ئاو چۆن دەکرا چەڵتوکەکان بچێنی.بەیانیش هەمان بەزم و ڕەزم.دیارە عەلیاواییەکانیش ڕانەدەوەستان.تووڕەببوون،نەیان دەزانی بەیانی کە ئەندازیار دێتە گەلییەکە چی بکەن.چۆن داوای لێبووردن بکەن،کارەکەیان لە لێبووردن تێپەڕیبوو،گەیشتبووە دڵ یەشان.مرۆڤ هەقی بێ بەڵام لە بەرامبەردا خۆی بەتاوانبار بزانێ و بترسێ.کەسیش نەبێ بە هانایەوەبێ.ئورجی پیرەمێرد گوتی: ((نەدەبوو ئەو کارەتان کردبا.بۆچی کە قاسیدتان نارد بۆلای ئەندازیار،دووکەسی گەنج و بێ ئەزموونتان نارد کە بەقسەیك هەڵچن و بەقسەیەکیش بێدەنگ بن؟ئەو جۆرە جێگایانە کەسێکیان دەوێ کە بەنەرمی تێیان بگەیەنێ.چما دەکرێ بە ئاشکرا بەرتیل بدەیە کاربەدەستی حکومەت؟ئەویش لەبەردەم سەرۆکی مەخفەر؟وەك ئەوەی ئەوانە هەرکارێك دەکەن لەبەرچاوی یەکدی دەیکەن،بەڵام لەبەرچاوی خەڵکی خۆ تێك نابەستن.ئێوە بەو کارەتان وەك ئەوەی ترەقەیەکتان بۆ تۆپچی لێدابێ.

٩

بەیانی ئاسمان هەورێکی چڵکن دایگرتبوو.هەوا گەرم بوو.داری باخەکان دەلاژانەوە ئاوی ڕەگیان وشکببوو.گەڵاکان زەردەبوون،جۆگاکان لەوشکیان قەڵش قەڵش ببوون.ئاوایی لە خەوهەستابوون.نیگەرانی ئەوکارەی کردبوویان و ئەوکارەش کە دەیانویست بیکەن.ئەمڕۆ ئەندازیار دەهاتە گەلی ئەویش لەگەڵ فەرمانبەرانی دەوڵەت.عەلیاواییەکان دەستیان لەسەر دەست دانەنابوو.هەوڵی خۆیان دابوو.تەنیا شتێك کە ئەوانی سەرسام کردبوو پشتیوانی سەرۆکی مەخفەرو ئەندازیاربوو لە عەلیاواییەکان.ئەوان نەیاندەتوانی بڵێن کە عەلیاواییەکان پاکوبێ تاوانن.هەمیشە خراپترین کەس خۆی بەپاکترین کەس لەقەڵم دەدا.تیشکی هەتاو لە جادەکەی دابوو.خەڵکی دەستە دەستە لەبەردەم قەلای ئاوایی کۆ ببوونەوە پیاوماقولان بەناو ئاواییدا بڵاو ببوونەوەو جاڕیان

دەدا.هەموو ئامادەبوون دەیانگوت پارێزگاری لەناموسە.ئەگەر ئاونەبێ ژیانیش نابێ.ناموسی چی.کوشتن لەوەی باشترە کە ئاونەگاتە بەرووبوومەکانمان.لەپەناجۆگا دانیشتبوون کە پڕاوپڕدەهات.دەیانزانی تا ئەندازیاردێ ئاویان هەیەو دواتر دەیگرێتەوە.پیاوەکان نانیان لە پێپێچەکانیان کردبوو لە پشتێیان بەستبوو.گۆپاڵ و پێمەڕەو دارلاستیك چەکیان بوون.تفەنگیان بەیانی زوو بەدزیەوە ناردبوویانە گەلی.منداڵەکان بەهێمنی لەبەرامبەر بابیان دانیشتبوون.ئاوایی بێدەنگ بوو خەڵکی هەموو لەبەردەم قەلا کۆببوونەوە.هەتاوێکی گەرم بوو.ناوچەوانیان گرژبوو.ئێستا تێگەیشتبوون کە ئەوکارەیان پێچەوانەیەو بەلام ڕێگای گەڕانەوەشیان نەبوو. کەسیش ئەوهەقەی بەخۆی نەدەدا. دەیانگوت ئێستا کە کارەکە لەگرێژەنەچووە،با بەرۆکی هەموان بگرێتەوە.نزیکی نیوەڕۆبوو کە تەپوتۆزی گوندەکانی دیکەش بەرزبۆوە.دەنگی هاتوهاواری ژنان لەودەشتە دەنگی دەدایەوە.ژنانی قاسم ئاواش وەلامی هاتوهاواری ئەوانیان دەدایەوە.خەڵکەکە مووی لەشیان ڕاست ببوونەوە.قاسم ئاواییەکان جولان و دەنگ و هاتوهاواری ژنانیش هەردەهات.دەشتەکە پڕببوو لەخەلك.دامێنی کراسەکانیان لەعەردی دەخشاو تەپوتۆزی بەرپادەکرد.

پیرەژنەکان دووعایان دەکرد کە خوایە نەگەنە عەلیاواییەکان. خودایە عەلیاواییەکان نەیەنە گەلی.خورمایان دەبەشیەوە.لەو گوندەی پیاوێکت دەست نەدەکەوت.ئاوایی چۆڵ و هۆڵ بوو.کاتێك خەڵکەکە گەیشتنە یەك هات و هاوارنەما.ئێستا کۆبەکۆبوون.گەلیەکە زۆر باسەفابوو.دۆلێك بوو بە درێژایی دووکیلۆمەتر.ئاوێکی ڕوون و زوولاڵ بوو تا دامێنی کێوەکە داری بەڕوو بوو.پڕبوو لەمیوەی کێوی.

عەلیاواییەکان جادەیان لێدابوو.بەوهەموو زەحمەتەوە بەچاوی سووك تەماشایان دەکرد.بە پەنجا دۆنم زەوی و یەك جادەوە دەیانویست بە ئەندازەی حەوتسەد دۆنم زەوی قاسم ئاوا،ئاو ببەن.پیاوەکان بلاوبوون.لە دووکیلۆمەتری ڕێگاکە دانیشتبوون.نیوەڕۆیە بە هێمنی نانیان خواردو ژنەکانیش هەر هاواریان بوو،سەمایان دەکرد.بیریان دەکردەوە کە ئەمڕۆئێوارە داهات سبەینێیەك نییە،یان حیسابێك نییە تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە هەقیانە.خوداش دەیزانی.بەلام هێشتا





نەیاندەزانی شەیتانەکان چی دەکەن.خوایان نەدەناسی،هەق بەلایانەوە بێ مانابوو،وشکبوونی بەرووبوومەکەیان بەلایانەوە بێ مانابوو.

سەعات سێی دوانیوەڕۆ دەنگی ماشێنێك هات.دووربین یان دانا،ماشێنی ئاو دێریان دیت کە بەجادەدا دەهات و تەپوتۆزی دەکرد.

١٠

هەموو دڵەکوتەیان بوو.ڕاوەستابوون تا ماشێنەکە دێتەگەلی.ئەو جادەیەی کێشابوویان تەخت نەبوو،مەترسی هەبوو بەلام جێب دەهات.خەڵکەکە لە دوولاوە ڕاوەستابوون.ئەندازیار ڕەنگی بە ڕوانەوەنەبوو.جێبەکە پڕبوو لەژاندرمە. حەوت هەشت ژاندرمە تێی خزابوون.ئارەقیان پێدا دەهات و تفەنگە (ئێم یێك) کە کانیان بە سنگیانەوە نووساندبوون.ڕێگایان بۆ جێبەکە کردەوە.دیاربوو گەورەپیاوەکان لەسەر سەرچاوێن.

جێبەکە هێدی هێدی گەیشتە نزیك سەرچاوێ.شێی ئاو تا پێنج شەش مەتر لەدەم و چاوی دەدا.فێنك بوو.دارەکان بەری خۆریان گرتبوو.ئاو بە گەلاکاندا دەهاتەخوار.خەڵکەکە بێدەنگ بوون.ئەندازیار لەبێدەنگی دەترسا.ئەگەر کەسێك قسەبکا مرۆڤ لەمەبەستی تێدەگات،بەلام کاتێك بێدەنگ بێ نازانێ چی لەناخدایە.ئەندازیار دابەزی.ژاندەرمەکان دەورەیان گرت،کەس نەجولاو کەسیش هەڵنەستا،ڕێزێکیان بۆ دانەنا. سەرنجەکان ڕقاوی بوون.پیرەژنێك کە قورئانی لەگەڵ نانێك لەسەر سینی دانابوو،هاتەپێش دڕی بە ژاندەرمەکان دا،لەخوار گەلیی کۆببوونەوە.ئارەقەی درشت لەسەر ڕووخساری ئەندازیار کەوتبوون.گێژبوو بیری دەکردەوە ئەگەر بەلایەکی بەسەربێ چی بکات.کێ لەو دیارە غەریبە بەهانایەوەدێ؟کاتێك بڕوانامەی دەرچوونیان دابۆیە،پێیوابوو لە ئاسمانێ ڕاهاتۆتەخوار،ئێستاش غرورو لوت بەرزیان تێك شکاندبوو.بەلام کاتێك بریسکەی لولەی تفەنگەکانی دیت دووبارە حاڵەتی جارانی وەرگرتەوە.پیرەژن بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: ((جەنابی ئەندازیار ئاوی ئێمەش بدە،ئێمە سەدان ساڵە لەگەڵ عەلیاواییەکان دراوسێین،خزم و خوێشین،وەك برایان بووین پێکەوە ئاوەکەمان بەشکردووە.ئاو بۆ چەڵتوك وەکوشیروایە بۆ منداڵ.ئێمە ساڵێك خەریکدەبین و خۆمان ماندوو دەکەین بۆ چەڵتوك چاندن.چەڵتوك چاندن بۆئێمە

جێژنی قوربانە.ئەگەر لەکاتی خۆیدا نەیکەین دەست خەرۆدەبین و ئەگەر لەوچەند ڕۆژەدا چەڵتوکەکە نەچێنین خراپ دەبێ.جەنابی ئەندازیار توخوا ڕەحم بکە،تۆ بەخاتری ئەوقورئانە.))ناڵەی پیرەژن کاری لە ئەندازیار نەکرد.ئەندازیار توڕەببوو،بیری دەکردەوە کە ئێستا ژاندەرمەی لێن ترسێك لەگۆڕێ نییە.نانەکەی هەڵگرت و لەتی کرد.بەدەستەکەی دیکەشی لەسینیەکەداکە قورئانی لەسەربوو.خەڵکەکە هەموو هەستان.هاواریانکرد(بەهاییە،بەهاییە).ژنەکان هۆرەیان دەکێشا.ئەندازیار ڕەنگی بەڕوانەوە نەمابوو.دەیویست بچێتەپێش و ئاوی جۆگای عەلیاواییەکان بکاتەوە.خەڵکەکە هرووژمیان برد.ژنەکان کراسی ئەندازیاریان دڕدڕ کرد.ژاندرمەکان ناچاربوون تەقەی هەوایی بکەن.لەسەرەوە تاوێریان بەردەدانەوە،ڕاوەستان باش نەبوو.سەرۆکی مەخفەر ئەندازیاری بردەناو ماشێنەکە.خەڵکەکە جێبەکەیان تا خوارگەلی بەڕێکرد.ئەندازیار سەری دەرهێناو گوتی: ((وەگریانتان دەخەم)) لاساییان دەکردەوە.سەرۆکی پاسگا لە ڕێگادا گوتی: ((جەنابی ئەندازیار کارێکی باشت نەکرد.تۆ ئەگەر بتەوێ لەناو ئەو خەڵکە خۆشەویست بی،دەبێ ڕێز یان لێبگری. دەبێ ڕێز لە کۆمەڵگابگری.خەڵك خۆ کەروگا نین.پێتوابوو دێهاتی سەدساڵ لەمەوبەرن،دەخەڵەتێن؟)) ئەندازیار بێدەنگ بوو ماشێنەکە تەپوتۆزی دەکرد.لەدەرێ دەنگی تەقەی تفەنگ دەهات،خەڵك لەخۆشیان تەقەیان دەکرد.ئاوەکە بەخۆڕایی بەجۆگادا دەڕۆیشت.ئێوارە داهاتبوو.هەموو هەستیان بەئارامی دەکرد.بەڵام بیریشیان لە تۆڵەدەکردەوە.ئەندازیار ئابڕووی چووبوو،ئەویش شتێکی کەم نەبوو.

١١

هێشتا ئاوایی هەرگەم و گوڕبوو.ورووژابوون،خەڵکەکە خۆشحاڵ بوون.پێیان وابوو کە ئیدی ئەندازیار نایەتەوە گەلی،پێیان وابوو یاسا هیچ نییە.—بەڕاستیش ئابرووچونەکە ئەندازیاری تووڕەکردبوو.بە ناوچەکەدا بڵاوببۆوە کە ژنان ئابڕووی ئەندازیاریان بردووە.—سەعات دەی بەیانی بوو کە کە قاسم ئاواییەکان زانیان کە ئەندازیارو جەنابی سەروان فەرماندەی تیپ و سەرۆکی مەخفەر بۆ نیوەڕۆیە میوانیان دەبن.دەستبەجێ کاوڕێکیان کوشتەوە.بە ماشێنی ئاودێری هاتن





بەڕووخۆشیەوە.دەیانگوت دەبێ تەواوی پیاوماقوڵان بێن بۆ لێپرسینەوە.بەڵام کەس نەهات.ئەوەندەی دانیشتن،هیچ باس نەبوو.حسێن خان دەستەونەزەر ڕاوەستابوو.بەرپرسی کۆمەڵەی هەرەوەزی بوو.وەزعی باشبوو.چووبووەتاران.ژنەکان لەحەساریێ کاریان دەکرد،دەبووخواردنی سی کەس ئامادەبکەن.حسێن خان ئەندازیارو جەنابی سەروانی بردەسەربان.ئەو چەڵتوکانەی خوساندبوویانن نیشانی دان وبەحەسرەتەوەگوتی: ((دەبوو ئەمڕۆ چاندرابان.))ئەندازیار سەری ڕادەوەشاند.هەتاو لەچەڵتوکەکانی دەدا کە چەکەرەیان کردبوو.سەوزببوون.ژنان لەکۆڵان و لەسەربانەکان ڕاوەستابوون و تەماشای ئەندازیاریان دەکرد.پیاوەکان بەحەسرەتەوە لەجۆگا بێ ئاوەکە ڕامابوون.هێشتا شێی هەرمابوو،بەڵام هەتاو خەریکبوو شێیەکەی هەڵدەمژی.بەیانی زوو هەمووژاندەرمەکان چووبوونە گەلی و ئاوی چوار ئاواییەکەیان بڕیبوو.خەڵکەکە خەمباربوون.نەیاندەزانی چۆن هەقی خۆیان بسەلمێنن.ئێستا هیواداربوون کێشەکەیان چارەسەربکرێ.تا نیوەڕۆیە باس لە چاوسوورکردنەوەبوو.کاتی نانخواردن حسێن خان خوێی زۆری هێنابوو.بە ئەندازیاری گوت : ((ئێمە ڕێزی زۆر لە خوێ دەگرین.ئێمە تەنیا داوای ژیانتان لێدەکەین.ئاوەکەمان بەردەنەوە.))

))ئێوە بەوعەقڵەتانەوە هەقی ژیانتان نییە.بۆچی دوێنێ ژنەکانتان هێنابووەگەلی؟))

))قوربان،یاسا ژنی ئازادکردووە،بۆهەر جێگایەك پێیخۆشبێ دەتوانێ بچێ.بۆ مەگەر ئاو بۆ ژنان نییە؟))

سەرۆکی مەخفەر گوتی: ((بۆچما تا ئێستاش من ناناسی کە دەتوانم چ کارێك بکەم؟))

))بۆچی گەورەم جەنابت سەروەری جگە لەچاکە هیچی دیکەمان لەتۆ نەدیووە.تکات لێدەکەین لەبەرئەوەی لەگەڵ کوێخای عەلیاوا هاوڕێن،بیهێنی بۆ ئێرە تا وەکو برایان لەدەوری یەك کۆببینەوەو کێشەکە چارەسەر بکەین.))

ئەندازیار بزەی دەهاتێ: ((بەیانی وەرە بۆ ناحیە تا کێشەکە چارەسەر بکەین.بنیادەم کاتێك تێدەفکرێ،دەبینێ کە دەبێ چاکەتان لەگەڵدابکات.))

حسێن لەبنەوە تەماشایەکی کرد لەدڵی خۆیداگوتی: ((ئەی بیژوو)) پاشان بەدەنگی بەرز گوتی: ((ئێمە دەبێ لەژێر سایەی تۆدا بژین.بەڵام شەرتی پیاوان.))

بەڵێنی بیست کەسیان لە حسێن خان وەرگرت.کاتی ڕۆیشتن،تەواوی ژنانی ئاوایی گەمارۆی ماشێنەکەیان دابوو.فەرماندەی تیپ بەئەندازیاری گوت: ((چاوت لێیە ئەگەر ویستبامان دەستگیریان بکەین،چ کێشەیەك درووست دەبوو،ڕەنگە دووسێ کەس کوژرابان.ژنەکان کوت کوتیان دەکردین.بەوەی دەڵێن زیرەکی!)) ئەندازیار پێدەکەنی.خەڵکەکە چاویان لەتەپوتۆزی ماشێنەکە دەکرد. لەبەرخۆیانەوە بۆڵەبۆڵیان بوو.هەموودەیانگوت: ((درۆیە)) بەڵام حسێن خان دەیگوت: (( قەولی پیاوانەیان داوە)) ئورج دەیگوت: ((کام پیاو؟ئەگەر پیاوبا ئاوەکەی بەردەدایەوە،لەگەڵ ئەوەی دەشزانێ هەقمانە.))

١٢

بەیانی هەمووپارەیان لە گیرفان هاویشت و هێنایانە گوندی قاسم ئاوا.بەکۆمەڵ،ئارام و قەراریان نەبوو.بەڵێن یاندابوو،ژنەکان خەمناك بوون.نان و پارەی زیادیان دەدانێ و دەیانگوت(( ئێوە ناگەڕێنەوە.))پیاوماقولان دەیانگوت ((قەولی پیاوانەیان داوە.)) جۆگاکە وشکوبرینگ بوو.قەڵش قەڵش ببوو.کاتێك وەڕێکەوتن خەڵکەکە لەسەر تەپۆلکەکە ڕاوەستابوون و تەماشایان دەکردن،هەندێك پیادەو هەندێکیش سواربووبوون. دواتر تەماشای زەویەکەیان دەکرد،بەدڵ حەزیان دەکرد بگرین.تەماشای گوندی عەلیاوایان دەکرد کە باخەکانیان دیاربوون.ئەرێ ئەو ڕقە کۆتایی دێ؟بەڵام ئەوان خەتایان نەبوو.مەشەدی سیاوەش دەیگوت: ((ئەندازیار کاتێك زەویەکانی ئێمەی دیت دەیتوانی ڕاپۆرتێك بنووسێ کە دابەشکردنی ئاوەکە دادپەروەرانەنییە. بەڵام کێ لەبیری منداڵە فەقیرەکاندایە کە لەبێ ئاوی و لە بێ ڕۆزیان لەوانەیە بمرن؟))

ژاندەرمەکان لە گەلی بوون.ئاو نەدەهات.چەڵتوکەکان ڕزیبوون.ئێواری خەڵکەکە لە پەنا کەلاوەکاندا دانیشتبوون و لە دەشتێ ڕامابوون.لە ناکاو ڕەشاییەك بەناو گەنمەکاندا دەهات.پاشان زیادبوون.کاتێك نزیك کەوتنەوە خەڵکەکە ئەسپ و کەرەکانی خۆیان ناسینەوە.کەسێکیشیان لەگەڵ ناردبوونەوە تا بیان دەنەوە.پیاوەنیان گرتبوون.خەڵکەکە پشتیان شکا.ئێستا پەنا بۆکێ بەرن؟ئیدی بیریان لە چەڵتوك چاندن نەدەکردەوە.بەیانی پیاوەکانیان دەبردنەشار.بۆ چاودێری کردن.بە تاوانی ئاژاوەنانەوە،دزی چەکداری،دژایەتی یاسا،تەقەکردن لە جێبی ئاودێری.قاسید دەیگوت: ئەندازیار شکایەتی کردووەو تەواوی ژاندرمەکانیش شایەتیان بۆ داوە.کەوتنەئاوایی بۆ ئەوەی ئەو پارانەی دابوویاننەوە دووبارە وەریان بگرنەوە.بەیانی یەکێکی دەم ڕاستیان ڕەوانەی شارکرد تا دۆست و ئاشنایان و پارێزەرەکان ببینێ.پیاوەکانیان بۆ چاودێری برد.عەلی ئاواییەکان بە جێبی ئەندازیار ڕۆیشتن.خەڵکەکە سەرسام بوون.لە ژێرباری خەمدا توابوونەوە.دەیانگوت: ((خودایە بۆخۆت شایەدبە.))

١٣

بەیانی کەمێك ئاویان بەردایەوە بۆ خواردن و خواردنەوە.کەس زاتی نەدەکرد دەمی لێبدا.هەفتەیەك تێپەڕی هەواڵ هات تا کاتی دادگایی کردن هەموو زیندانی دەکرێن.ئیدی ئازاد بوونیشیان بێهودەبوو.لە کاتی خۆی تێپەڕیبوو.چەڵتوکەکان بۆگەنیان کردبوو.ژنەکان بەیانیان هەڵگێڕو وەرگێڕیان دەکردن.بە هێمنی فرمێسکیان دەڕشت.ڕۆژێك هەموو چەڵتوکەکانیان لەپێش مریشکان لەکۆڵانێ ڕۆکرد.دەتگوت دڵی خۆیان فڕێ دەدەن.زەویەکان لەژێرتیشکی هەتاودا وشکببوون.نیروئاموور لەو دەشتەی کەوتبوون.

ئەندازیار هەمووڕۆژێ دەهاتەگەلی.دەیانخواردو دەیانخواردەوە. کەیفیان سازبوو.ئاوی ئەوێ فێنك بوو،زۆربەتام و چێژبوو.هەواکەی سازگاربوو.خەڵکی چاکەیان لەگەڵ ئەندازیار دەکرد.ئەندازیار پێیوابوو کینەیان لە دڵدا نەماوە.بەڵام نەیدەزانی ڕقی دێهاتی کۆتایی نایە.دێهاتیەکان بەرنامەکانیان ئارام و هێدی دەبەنەپێش.ئارام وەك فرمێسکی ژنەکانیان،کە بەبێدەنگی دەیان ڕشت.

سەرچاوە:

لە کتێبی: (یادگار خشکسالیهای باغ) وەرگیراوە.سال –١٣٧٦انتشارات نیلوفر



کوردستان گولابی ئازەر

# ئەوەت هەموو کات لە بیر بێ

ـ هانێ ئەو چەترەی هەڵدە با تەڕ نەبی، دەبیگرە.

ژنەکە هەروا سەری بەرداوەتەوە. چەترەکەی لێوەرگرتووە. بارانەکە توندتری دەکرد. ئەویش بە نووکی کەوشەکەی لە ئاوی قوڵکەکانی سەر شەقامەکەی هەڵدەدا. دەستی ژنەکەی توند دەکووشێ و یەخەی کۆتەکەی بۆ سەرێ هەڵداوە. ژنەکە هەروا سەری داخستووە. لە بەر دەرکەی قاوەخانە راوەستاوە. پیاوەکە چۆتە ژوورێ. ئەویش بەدوای دا دەڕوا. هەڵم و بۆنی سیغار و قلیان نێو قاوەخانەکەی داگرتووە. دەکۆخێ. ژنەکە دەکۆخێ. لەسەر تەختەی پەنا پەنجەرەکە دانیشتوون. داوای دوو چای دەکات. دڵۆپی بن میچی قاوەخانەکە بەسەر ژنەکەدا دێتە خوارێ. باسی ناکا. چاوی لە بارانەکەی ئەو بەری شووشەکە بڕیوە . ئەویش پاڵی داوەتەوە. قلیانەکەی وەلا دەنێ. بۆی ناکێشرێ. دڵۆپێکی بن میچکە دەکەوێتە نێو چای پیاوەکە. بە تووڕەیی جنێوێك حەواڵەی قاوەچییەکە دەکا. دەرکەی قاوەخانەکە بە توندی پێوە دەدا.

ــ دەربەست......دەربەست

هیچ تاکسییەك بۆیان راناگرێ. روو لە ژنەکەی دەکا و پێی دەڵێ: لێی گەڕێ با بارانەکەی ئەمڕۆش هەر هی ئێمەهـ بێ. هەر وەك ئەو ڕۆژە. سیغارەکەی داگیرساندووە. دەلینگی شاڵوارەکەی پڕپیشکەیەکیشی وێنەکەوتووە.

ــ ڕووی کردۆتە ژنەکەی و پێی دەڵێ: بۆ وای؟! هەر کات کەباران دەبارێ ئەوەات لێدێ؟

چاوی پشیلەکە لە نێو قاناوەکە شەوق دەدا. ژنەکە چاوی دەگەڵ شەوقەکە دەگێڕێ. ئەویش هەروا کە رووی تێ کردووە لێی دەپرسێ : باران کە دەبارێ چیت وەبیر دەهێنێتەوە؟ هاتۆتەوە ژێر چەترەکە پێی دەڵێ: وەبیر باران...بریسك...بۆنی سیغاری زارت...هەر ئەوانە.

ــ بۆنی سیغاری زارم؟

سیغارەکەی هاویشتۆتە نێو قاناوەکە و چەترەکەی بۆ لای ئەو زۆرتر دەبا.

ــ باران کە دەبارێ، بۆنی سیغاری زارت زۆرتر دێ.

دیارە ولامەکەی رازی ناکا. سەری داخستووە و چەترەکەی داوە بە دەستی ژنەکەی و پێی دەڵێت: هەر ئەو رۆژە وا بارانە توندەکە دەباری و قاناوەکان نەیاندەکێشا. هەر دە ماشێنەکمدا، سەیری بارانەکەم دەکرد. گەیشت بوومەوە دەفتەری کارەکەم ئەتۆ هێشتا نەهاتبوویە سەر کار، خۆ ئەوەت وەبیر دێت؟ بۆ ئەوەندە درنگ هاتیەوە؟ بارانەکە وەك گۆزەی سەرەوژێر بە سەر چەترەکەیان دا دەهاتە خوارێ. ژنەکە دەستی لە گیرفانی پاڵتەی مێردەکەی خستووە و پێی دەڵێ: ماشێن وەگیر نەدەکەوت، ئاخە بارانەکە زۆر توندی کردبوو، جەماعەت هێرشیان دەبرد بۆ تاکسی و پاسەکان. دەستی چەپی ژنەکەی دەکووشێ و چاوی لە چاوی بڕیوە و پێی دەڵێ: تامی ئەو چایەی وا بۆت هێنابووم هەر لە بن زارمە. باوەڕم نەدەکرد، هیچ کات ئاوا چاوم لە چاوت نەبڕیبوو، ئەرێ چۆن بوو هاتبوویە دیوەکەم؟ دەستی لە گیرفانی هێنابووە دەرێ و لە ژێر چەترەکە لا چووبوو. دیار بوو لە قسەیەك دەگەڕا هەتا فەزاکە بگۆڕێت.

ــ فکرم لێ نەکردۆتەوە. رەنگە لە بەر بارانە توندەکە بێت، ئەخە ئەوڕۆژە



بارانەکە زۆر توند دەباری، ئەها، بن میچی ماڵەکەشمان دڵۆپەی دەکرد. دەمەویست باسی ئەوەت بۆ بکەم.

ــ بن میچی ماڵەکەتان دڵۆپەی دەکرد؟ هەر باسی ئەوەت نەکردبوو.

ئەریٚ، زۆریش دڵۆپەی دەکرد. گۆشەی بەرماڵەکەی خوساندبوو، دایکم نوێژی دەکرد کە بارانەکە وا توندی کردبوو. بەرماڵەکەی لا بردبوو. قابڵەمەیەکی لە ژێر دانابوو. دەنگی دڵۆپی بارانەکە وا لە لێواری قابڵەمەکە دەکەوت لەگەڵ دەنگی تەسبێحەکەی دایکم تێکەڵ ببوو، بۆم باس نەکردبووی؟

ــ کارم بەوە نیە. لە باوەشم گرت بووی.







هەوەڵین جار بو خاڵەکانی سەر ملتم دەدیت. جوان بوو.

ــزۆرم دەست لە تاکسی هەڵ هێنابوو. مەجبوور بووم سواری خەت بم، تازە نیوەی ڕێگاکە بە پێیان هاتبووم، کەوشەکانم شەلاڵی ئاو ببوون. زۆر سارد بوو. دوایەش کردی بە تەرزە. مەگەر وا نەبوو؟

ماشێنێکی جیبی سەر ئاواڵە لە سەرەوەی ئەو کۆڵانەی وا پێی دا دەڕۆیشتن دیار بوو چراکانی هەڵ دەبوون و دەکووژانەوە. دیسان ژنەکە لە ژێر چەترەکە لا چووبوو. پیاوەکە پێی دەڵێ: بۆ هەر کات کە باسی ئەو ڕووداوە دەکەم دەتەوێ باسەکە بگۆڕی؟ ئازارت دەدات؟

ژنەکە چاوی تێبڕیووە و پێی دەڵێت: ئاخر ئەو ڕۆژە زۆر ڕووداوی دیکەش بوو کە ڕووی دابوو. جیبەکە زۆر بە توندی لە تەنیشتیان تێدەپەڕێ. دەنگی زەبتی ماشێنەکە لە کۆڵانە باراناوێکە گەڕاوە. پڕیشکەی قوڕاوەکە تا سەر چۆکیان هاتووە. پیاوەکە بە تووڕەیەوە ئاوڕی داوەتەوە و هەرایان لێدەکا: ملت شکێ، کوێری! دەستێکی بە دەلینگی شاڵوارەکەیدا دەهێنێ، بەڵام جێی خاوێنی نەماوە. ژنەکە بە ئارامی ڕووی تێکردووە و پێی دەڵێت: ئەوەش ڕەحمەتی بارانەکەیە بە تووڕەیی سەری هەڵێناوە و پێی دەڵێ: بە وەی دەڵێی ڕەحمەت؟ ئەوە باشتر کە نەسیبی تۆ بێت. چەترەکەی هەڵداوەتەوە و ژنەکە بە ئارامی دەچێتە ژێر چەترەکە. بارانەکە وەك گۆزەی سەرەوژێر بە سەر چەترەکەدا دەهاتە خوارێ. ژنەکە ڕووی تێکردووە و دەڵێ: پێم خۆش نیە هیچ کات لە لای هیچ کەس باسی ڕووداوەکەی ئەو ڕۆژە بکەی، ئەوەت هەموو کات لە بیر بێت. پیاوەکە سیغارەکە دادەگیرسێنێ، مژیکی لێ دەدات و دوکەڵەکەی دەرناداتەوە.

چیرۆك



# پێمخۆشبوو وەک ئێوە ژیابام

هێمن عوسمان عەبدوڵڵا

لەبەردەم ئاوێنە وەستاویت و، لەخۆت ڕادەمێنی، دەست بەناو قژتدا دەهێنی، چەند تاڵێك بە دەستتەوە دێت، بەجۆرێك دەکاری چەند جارێك پاتەی بکەیتەوە و، تا چەند موو بەسەرتەوە هەیە بەدەستی خۆت هەڵیان بکێشی . پاشتر گریان بدەیت و بە دیارییەوە سیگارێك پێبکەیت، دەتەوێ ئاوێنە کە جێبهێڵی و ناتوانی، وەك شتێك تاسەی دووری ئەم ئاوێنەیەت کردبێ، لە مێژبێ خۆت لەبەر ئاوێنە نەدیتووە . لەوەتەی ئاوێنەت نەبووە شانەت بە قژتدا نەهێناوە، ڕیشت نەتاشیوە، وەك ئەوەی سوێندت خواردبێ لەبەر هیچ ئاوێنەیەکی دیکەدا لە خۆت ڕابمێنی .

کات درەنگە دەبێ بچیتە سەر کار، هەوڵدەدەیت ئاوێنەکە لەگەڵ خۆت ببەیت، گەورە یەو بۆت نابرێ، چەند هەنگاوێك دوور دەکەویتەوە، دووبارە دەگەڕێیتەوە و هەندێ ووشە لەزارت دێنەدەر . کەس تێت ناگا، بە هەڵەداوان ووشەکانت زێدەتر لەزار دێنە دەرە، پرژەی ناو دەمت بەر ئاوێنەکە دەکەوێ، وەك چۆن منداڵێك شکولاتە دەخوات، کلینکست دەست ناکەوێ و ناچار و بەخێرایی بە قۆڵی کراسەکەت دەمی پاك دەکەیتەوە، ئاوێنەکە پاك دەکەیتەوە .

دەست لە تەماشاکردنی خۆت هەڵدەگریت، دەگەیتە لای دەرگەی حەوشەکە دووبارە دەگەڕێیتەوە و، ئەوەندەی دیکە و بەبێ ئەوەی هیچ ووشەیەك لەزارت بێتە دەر لەبەر ئاوێنەکە ڕادەمێنی . ماندوودەبیت، خۆت بە پێوە بۆ ڕاناگیرێ، کورسییەك دەهێنی و لەبەر دەم ئاوێنەکە دادەنیشی . کات درەنگە، گەر نەچیتە مەیدانی کرێکاران نانی ئەمڕۆت بۆ چنگ ناکەوێ، دەبێ تەواوی ئەو ڕۆژە خۆت لەبەردەم هورووژمی برسێتی ڕابگری، ناتوانی ئاوێنەکە جێبهێڵی و ناتوانی نەچیتە سەر کار . گەر ئاوێنەکە بشکێنی و پارچەیەکی لەگەڵ خۆت ببەی ئەوا تا ماوەیەکی دیکە، تا ئاوێنەت بیر دەچێتەوە خۆت نابینی، دەبێ ماوەی چەند ڕۆژێك کاربکەیت و سیگار نەکێشی تا بتوانی ئاوێنەیەکی دیکە بکڕی، دەترسێی تا دێیتەوە لە کار، بەبیانووی ئەوەی کە شکێنراوە، لێت شاردرابێتەوە، چونکە هەموو هەستیان بەوە کردووە تۆ دەتەوێ کارێك بکەیت و پێویستە لە ئاوێنەکە خۆت ببینی کە چۆن دەست بۆ ئەوە ڕادەکێشی .

بۆژە بوویت هێندە ئاوێنەت شکاند و، لەگەڵ خۆت بردت و، بۆت نەکرڕدرایەوە . ئەمێستا دەتەوێ کاری خۆت بە ئەنجام بگەێنی هەر چۆن بێ و، بە هەر زۆر لەخۆکردنێکبێ دەڕۆیت، زۆر دوور دەکەویتەوە چاوەڕوانی پاس دەکەیت ... بەر لە گەیشتنی دووبارە دەگەڕێیتەوە بۆ ماڵەوە، دەتەوێ هێندێکی دیکە بچیتەوە بەر ئاوێنەکە، ئەوەش ناکەیت بۆ ئەوەی خوخدە بەو کارەوە نەگری، دەگەیتەوە بەردەرگای ماڵەوە و ناچیتە ژوور دەڵێیت" ئێوارە دەگەڕێمەوە و دەتوانم تا ڕۆژ دەکاتەوە لەبەر ئاوێنەکە دانیشم " جودا لە ڕۆژانی دیکە کەمێك دڵخۆش دیاریت، چونکە پێت وایە ئەمشەو تەنیا نابیی پیاوی ناو ئاوێنەکە هەیە لەگەڵی بدوێی، بۆیی بیەیڤیت بێ ئەوەی لێت بۆژە بێ، دەگەڕێیتەوە بۆ وێستگەی پاسەکە و دەچیتە سەر کار، لە هەموو ڕۆژەکانی دیکەت خراپتر بەڵام دڵخۆشتر کار دەکەیت، جودا لە ڕۆژانی دیکە یادی شتێك دەکەیت، وەك ئەوەی کۆرپەیەکت لە ماڵەوە جێهێشتبێ و ئێوارە چاوەڕێی گەڕانەوەت بێ، ئەو ڕۆژە خۆ پارێزی لە زۆرشت دەکەیت تا بە باشی بگەیتەوە

ماڵ، بە بەر پرسیارییەوە هەنگاو هەڵدەگری، خۆت لە پەرینەوەی شەقامەکان دەبوێری لە دوکانێك میوە و شەراب دەکڕیت تا بەدەم پەیڤین لەگەڵ پیاوەکە نۆشیان بکەیت، بەر لەهەمووشت دەڵێیت "سلاو دەزانی ئەمڕۆ هزرم لات بوو ... تاسەم کردبوویت " پەردەکە دادەدەیتەوە، ئاوێنەکە دەبەیتە ژوورەکەی خۆت . لە دۆخێکی ناچیز دایت، نیگەرانیت سیگار لەدوایی سیگار گڕ دەدەیت، دوکەڵەکەی بە دەم و چاوی پیاوەکە دا دەکەیت، لێکڕا، لێکڕا، ڕەنگت دەگۆڕدرێ، باش دەبیت، هێندێکی پێ ناچێ وەك خۆتت لێدێتەوە، گیانت دەکەوێتە سەر ئارەقەیەکی سارد، لێوت ووشك دەبێتەوە، نیشانەکانی لێت دەردەکەوێ، لە مردووان دەرکەووتوە بەڵام تۆ هێشتا زیندوویت، بە گۆڕانە هزری و لە شییەکەتدا دیارە کەوتوویتە یادی ... یادەوەرییەکی کۆن، ئەمێستا شەرابەکەت دەست لێ نەداوە دەترسی بیخۆیت و هەڵی بێنیتەوە برسیتەوە هیچت پێ ناخورێ .

لەسەر کورسییەکە بەرامبەر و تەنیا خۆت دەبینی، لەگەڵ خۆت دەپەیڤیت هەڵدەسیت و، دەچیتە لای دیوارەکە چەند جارێك سەرتی پیادەکێشی دەتەوێ کەللەی سەرت بتەقێ، ببێت بە هەزار پارچەوە، خوێن فیچقە بکات و ژوورەکە بکەیتە گۆمی خوێن، دەست بە ژێر چەناگەتەوە دەگریت ڕوودەکەیتە ئەو مرۆیەیی لەو ئاوێنە دیارە، دەڵێی "بیکە ... نا .. مەیکە .. خۆت مەکوژە .. با .. بیکە .... جارێ چاوەڕێ بکە " دەگەڕێیتەوە، دەڵێی شتێکت وونکردووە ... بۆ مۆبایلەکەت دەگەڕێی، تەماشادەکەی بەدەستتەوەیە، بە کاتژمێرەکەی دەستت، نیوکاتژمێر دەگریت تا کاتژمێر و چاویلکەکەت بدۆزیتەوە .... وەك ئەوەی کە بێهۆش بووبێتی کە بەئاگا دێیتەوە دەبینیت ئەو لە دەستتدایە و چاویلکەکەت لە چاو، بە خۆت دەڵێی "هیچیانم وون نەکردووە" تەماشای خۆت دەکەیت ڕووتیت، زەکەرت بەدەرەوەیە لە نێوان چوار دیواردا هە موو گەردوون تەماشات دەکات، بەپەلە سەردەکێشیتە ناو بۆفییەکە قات و بیجامەیەك دەردەهێنی ئێستێك دەکەیت" بیکەمە بەرم نەیکەم خۆ کەس نامبینێ کە ڕووتم، ڕووتنیم ئا...ئا....ن..نا..ڕ ر ڕ..... ووو وتنیم جلم لەبەردایە ئای... بۆ ئەوەندە شپرزەم " دڵت لێدانەکانی لێکڕا، لێکڕا، دەبێت دەست دەخەیتە سەر دڵت لای چەپ نەماوە، چووەتە لای ڕاست، لێکڕا، لێکڕا، لەوێ نامێنێ شتێك نامێنێ





ناوی دڵ بێت و، لە ناو تۆدا لێبدات لە هیچ کوێ دەنگی نابیستی و ژێر سیستەمەکە و، ناو تەپڵەکی جگەرە و، شووشەی شەرابە سەر کەپسەکەی بۆ دەگەڕێی، نازانیت لەکوێیە، ئێستا هیچ شتێك نییە لەناو تۆدا ناوی لێدانی دڵ بێ .

گوریسێکت بە پانکەکەوە هەڵواسیوە دەکاریت کە قاچت لەزەوی دەبڕێ خۆت ببینی، بەرلەوە دەفتەرێك دەردەکێشی و چەند دێرێکی تیادەنووسیت -:

"هەموو مرۆڤی ئەم گەردوونە خۆشیان بوێم، من کەسیانم خۆشناوێ تەنانەت بە پڕمینەکانی دایکم هەڵدەچم"

"لەژیانمدا تەنیا ماسیم خۆشوویستووە، شەوانە دێتە خەوم، بەیانییەکەی پارەم چنگ دەکەوێ "

"بەکچێکم ووتوە خۆشمدەوێی و، پەیمانە بەم نزیکانە هاوسەرگیری بکەین، ئێستا کەوتووەتەوە یادم لە مرۆڤبوون بێزارم و دەستم پێی ڕاناگا بڵێین بەر لەوەی هاوسەرگیری بکەین با لێك جودا ببینەوە "

ئەم ووشانە، ئەم پیت خستنەپاڵ یەکە مانا گەلێك ناگەێنن، نازانرێ بۆ کێ جێدەهێڵدرێ، چەند لاپەڕەیەك هەڵدەدەیتەو و چەند پەیڤێکی دیکە دەنووسیت-:

"تەمەنی خۆمم لەیادکردووە نازانم چەندساڵانم، باوکم جار، جار، پێی دەگووتم :– زلحیز ... هەتیوە زللە، بڕۆ کارێك بکە، دوایی چەند ساڵێك ئێستا بە خۆم دەڵێم :– پێدەچێ گەورە بووبێتم چونکە بە ئاسانی ملم دەکەمە ناو گوریسەکە "

دەفتەرەکە تووڕ دەدەیت و، پەنجەرەی ژوورەکە دەکەیتەوە . سەر دەبەیتەدەرێ هەوای دەرەوە هیچ جودانییە، لەو پەنجەرەیەوە هیچ دیارنییە، هیچ شتێك نایەتە ژوور .

دەبینی پیاوی ناو ئاوێنەکە قاچی لەزەوی بڕاوە، دەست ڕادەکێشێت بۆ دەربازبوون، لێوی خەریکە شین دەبێتەوە، کەللەی سەری سور بووەتەوە، خوێن لە کەپوویەوە دێتە خوارێ، تۆ دەست ڕادەکێشی پیاوی ناو ئاوینەکە بە مرۆیەکی دیکە دەزانیت . هێندەی لە هەوڵی ئەوەدایت گوریسەکە لە ملی بکەیتەوە، ناخوازی ملی خۆت لە گوریسەکە دەربکێشی، پیاوی ناو ئاوێنەکە خۆتیت، هەمیشە ئەو خواستەی هەت بووە بۆ دەربازبوون و هاریکاریکردنی کەسانی دیکە، نیو هێندە بۆخۆتت نەخستووەتە کار . بۆیە هەرگیز نەتتوانی وەك ئەوانی دیکە بە سوودی خۆت بێی .

# گەڕان بەدوای ژیاندا

سوارە نەجمەدین

دەمزانی ئەو کابرایە دەبینمەوە، بەڵام (کەی ؟ و لە کوێ؟) ئەوەم نەدەزانی، هەرگیز وابەستە نەبووم بە بینینەوەیەوە، بە شتێکی گرنگم دانەدەنا، کاتی خۆی کە لە دوکانەکەیدا سەرنجی ڕاکێشام، تا چەند ڕۆژێك تاسوقی بووم، بەڵام وەك هەر تاسووقبوونێکی تر، ماوەیەك دوای خۆی کاڵبووەوە و بیرم لێنەکردەوە، تاکو دوێنێ سێشەمە، کە ڕێم کەوتە بیمارستانی منداڵانی تایبەت بە خوێن، ئەو کات بۆ چرکەیەك گەڕامەوە شازدە ساڵ بەر لە ئێستا، من لێرەدا ئەوەندەی مەبەستمە چیرۆکی بیمارستانەکە بگێڕمەوە، مەبەستم نیە، حیکایەتی کابرایەك بگێڕمەوە، کە شازدە ساڵ بەر لە ئێستا لە دوکانێکی لاچەپی بچکۆلەدا عەترێکم لێکڕیوە، بەڵام دڵنیام بۆ ئەوەی حیکایەتێك بە کاملی بگێڕدرێتەوە، پێویستی بە چەند حیکایەتێکی دیکە هەیە، کە دواتر ئەو حیکایەتە خۆشی





دەبێتە کەرەستە بۆ گێڕانەوەی حیکایەتی تر، کە لە کۆتایدا هەموو حیکایەتەکانیش پێکەوە حیکایەتێك پێك دەهێنن.

شازدە ساڵ بەر لە ئێستا تەمەنم بیست و هەشت ساڵ بوو، هێندە نەبوو، لە ڕەبەنی دەرچوو بووم، گەلێك دڵم بە دونیا خۆش بوو، نازانم بەروارەکەی بە دروستی کەیە، بەڵام دڵنیام لە هاوین و زستاندا نەبووین، ئەوەشیان حیکایەتێکی دیکەیە، کە ئێمەی گەیاندە لای ئەو کابرا عەترفرۆشە، کە گێڕانەوەی زۆری دەوێت، بەڵام من لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم کە شەوێك مەسیح هاتە خەووم و پێی گووتم ( ڕۆژێك ڕێگات دەکەوێتە، لای کابرایەکی بۆنفرۆش، کە زۆر حەز بە ئیشەکەی دەکەیت)، هەر واش بوو، من چوومە ئەو دوکانە عەترێك بۆ دیاری بکڕم( هەڵبەت بۆ ئەو کەسەم بوو، کە لە ڕەبەنی ڕزگاریکردبووم)، بەڵام زیاتر لە نیو کاتژمێرم پێچوو، لەوەش سەیرتر ئەوە بوو، کە هاتمە دەرەوە، میلی کاتژمێرەکەی دەستم لە جێگای خۆی نەجوڵابوو، دەمەو عەسرێکی درەنگبوو، کابرای دوکاندار شەرواڵێك و کراسێکی حەریری لەبەردابوو، رووخساری بەوە نەدەچوو هیچ خوێندەوارییەکی هەبێت، دوکانەکەی جێگای فرۆشتنی عەتر نەبوو، هێندەی ئەوەی جێگای گرتنەوەی عەتر بوو، پێشتر باوکم گەلێك لەو قسانەی بە گوێمدا چرپاندبوو، کە خۆشترین و بێ سەر ئێشەترین پیشە خوێندەوارییە، بەڵام وەکو مەسیح پێی گووتم، بەڕاستی عاشقی پیشەکەی بووم، لە تێکەڵکردنی شلەمەنیەکان چ بۆنێکت بوویستایە، بۆتی دروست دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا ئامێرێکی دانابوو، کە شلەکانی لە پەڕەی گوڵ دەچۆڕان، من هەستم دەکرد پەڕە لە زیندوویەتی، ئەو بەردەوام خالقی بۆنێکە، کە پێشتر نەبووە، بەڵام خۆی وای نەگووت، لە ڕووخساریدا هەستت بەبێزاری دەکرد، ( هەرچی بۆنێکی تازە کە لای من لە دایك دەبێت، بەستراوەتەوە بەسەربڕینی دەیان گوڵی ترەوە)، سەر ڕەفەکانی هەمووی شووشە بوو، لەسەر مێزەکەی بەر دەمی لەو شووشانەی دەر دەهێنا و لەگەڵ ئاوێکدا تێکەڵی دەکرد کەمن نازانم چۆنە و چیە، گەرچی هەستی بۆنکردنی مرۆڤ توانای هەزمکردنی سێ بۆن زیاتری نیە، بەڵام وا دەزانم ئەو ڕۆژە بە دەیان بۆن چووە لووتی منەوە، بە کابرام گووت، پیشەیەکی زۆر خۆشت هەیە، پڕە لە ژیان، بەڵام ئەو گووتی(بە نیازم وازی لێبێنم، حەزم لە کارێکە ژیانی تیا بێت)، دوێنێ سێ شەممە، بەدەم بانگەوازێکەوە چوومە بیمارستانی خوێن،



که منداڵانی تالاسیما پێویستی زۆریان بە خوێنە، لە بیمارستان ناردمیانە لای کابرایەك، کە دەبوو، ئەو لەگەڵ پەرستیارێکدا خوێنەکان وەربگرن و بەسەر نەخۆشەکاندا دابەشی بکەن، ئەو منی نەناسیەوە، (هەڵبەت بە خاتری حیکایەتەکە دەبێت من ئەو بناسمەوە)، گەلێك لە جاران بە کەیفتر بوو، جگە لە بۆنی خوێن هیچ بۆنێکی ترم لێنەدەکرد، دەبوو پەرستارەکە خوێنەکەم لێبگرێت و ئەو خێرا فریای نەخۆشەکانی بخات، جلەکانی کۆن و جەستەی ماندوو دیاربوو، بەڵام چاویی دەیگووت بە ختەوەرە، پەرستارەکە خوێنەکەی لێگرتم، گووتی بیدە بەو پیاوەی بەردەرگاکە بیبات بۆ نەخۆشی ژمارە سی و چوار، کە کیسە





خوێنەکەم دایە دەستی پێم گووت، لەبەر ئەم خوێنە وازت لە عەترەکان هێنا؟هیچی نەگووت، من لۆکەکەم لەسەر جێگای دەرزییەکە دانابوو، پەرستارەکەی ژوورەوە گووتی تا پێنج دەقە لەسەر کورسیەکانی دەرەوە چاوەڕوان بکە، نەوەك خوێنگرتنەکە زەغتت دابەزێنێت، کە هاتم بڕۆم کابرا هاتەوە، لە تەنیشتیەوە دانیشتم، وابزانم لەبەر ئەوەی پێشتر باسی کاتی عەتر فرۆشیەکەیم کردبوو، گووتی( ئەو کچەی ژوورەوە خوێنمژە، بەڵام جیاوازە لەو خوێنمژانەی حەزیان لە خواردنەوەی خوێنە، لێرە خوێنی کەسێك دەگرن، ناهێڵن ئەو کەسە بمرێت، کەسێکی دیکەش بەو خوێنە لە مردن ڕزگار دەکەن، بەڵام ئەوانەی دروێنەی گەنم دەکەن، سەدان سەر دەبڕن، تاکو برسیەك لە مردن ڕزگار دەکەن)، من هیچم نەگووت لۆکەی سەر جێگای دەرزیەکەم فڕێدایە ناو تەنەکە خۆڵەکەوە و هاتمە دەرەوە، کە زانی دەڕۆم گووتی (سی و دوو ساڵە لەبەردەم ئەم ژوورەدا خوێن دەگوێزمەوە بۆ نەخۆش).

بەهاری ٢٠٠٨

**سلێمانی**

# مرۆڤێکی تر

فەرهاد چۆمانی

دووركەوتوومەتەوە، هێشتا دەنگی گریانی منداڵێك دێتە بەر گوێم، وەك ئەوەی بە دەنگی گریانەكەی قەڵس بووبم" ئاوڕێك لە خانووەكە دەدەمەوە، ئەو خانووەی تێیدا لەدایكبووم.

«ئەدی ئەو منداڵە كێیە دەگری؟» لەخۆم دەپرسم.

ئەو كاتەی دەرگاكانم داخستن چ كەس لە ژوورەوە نەبوو، راستتر بڵێم ساڵگارێكە لە من زیاتر كەسێك هەناسەی لەم ماڵە نەداوە.

«تۆ بڵێی... !» بە گومانەوە دەپرسم و تەماشای بەرپێی خۆم دەكەم كە هەر تاریكییە بەرچاو دەبێت.

«نا، من ئێستا گەورەم وتەمەنم بیست و پێنج ساڵە.. » ماوەیەك بێدەنگ رادەمێنم...

چ زوو گەورەبووم! شیمانە دەكەم رێگای هانگاونانم لە ماڵەوەڕا تا ئێرە چەند ساڵێك چووبمە تەمەنەوە.. «بیست و پێنج»





چەندجارێك لەبەرخۆم ئەمە دەڵێمەوە.

ئێستا، كە دووراو دوور لە ماڵەكەم، یان لەدەنگەكە دەڕوانم وا دەزانم ئەو دەنگە لە هەر كەس زیاتر بە من ئاشنایە، «ئائا !.. ئەوە دەنگی منە« وەها بڕوا دەهێنم" «لە زەمەنێكی دوورەوە درێژ دەبێتەوە، تا ئەمشەو لەو ماڵەوە سەدای بێتە بەرگوێم كەوا خەریكە بۆ دواینجار ئاوڕی لێدەدەمەوە».

بەخێرایی ئەوەی ئەمشەو لەماڵەكەمدا روویدا دەهێنمەوە یادم""دڵتەنگیەكی لەنوێ تێرژاو لەدوای رۆژێكی ماندوو لە گەڕانێكی بێ سەرەنجام و بێهودە، سەركێشانم بە لاشیپانی كتێبخانەكەم، بەربوونەوەی دوو كتێب و بەرسەرم كەوتنیان، ئەنجماگیركردنی سەر ئێشەكەم و هەموو نەهامەتییەكانی ژیانم لەوانەوە، كەمێك بەبیردا چوونم و... خۆكوشتنم.

دڵم بە سبەینێی «ئەو» خۆشە كە ئەمشەو لەماڵە كەسنەدیوەكەمدا لە خۆمدا كوشتم.

سبەی لە خەو هەڵدەستێت و دڵی بە هەموو شتێكی كوچەوكۆڵانەكانی ئەم شارە خۆشدەبێت، ئاسان بەهەموو شتێك رادێ، دەچێتە دەرەوە و لەسەر عەرەبانەیەكی پیس شێلم دەخوات.. وێنا دەكەم بەدەم شێلم خواردنەوە لەگەڵ كڕیارەكانی دیكەی دەوری عەرەبانەكە قاقا بە شتێك پێدەكەنێ كە هی ئەوە بێت لەبەری بگری، بە بۆنی شێلمەوە دەچێتە ئەپارتمانێكی پێنج نهۆمی و یەكەم رۆژی كاری دەبێت لە كۆمپانیایەكی مۆبیلیاتی توركی، لە سبەینێشەوە بیر لە گەشتێكی ژێر "boğaziçi köprüsü"* دەكاتەوە.

هەرچۆنێك بووە سبەینێ دێت و من چیتر ناتوانم رێنمای ژیان و ئاكاری ئەو بكەم، ئێستا من دوو كەسم، جەستەیەكی بێگیان لە ماڵێكی چۆڵ، كەسێكی تەرەكراو لەنیوەشەوێك كە لەوە دەچێت لەسەگێك بەولاوە چۆڵەوانی بێت.

ئەم نیوەشەوە كە كوشتنی منی بەدەستی خۆم تێیدا روویداوە زۆر لەبارە بۆ ئەوەی بەبێدەنگی بۆی دەربچم، هیچ كەسێك لەدەرەوە نییە سەگێكی بەدوەڕ نەبێت، كە لەوەدەچێت دڵی بە هەبوونی تۆڕییەكی دیكە خۆشبێت لەسەرمای ئەمشەو لەگەڵیدا هەڵبكات، سەگەكە كلكەسوتێ بەچواردەوری قاچەكانم دەكات و كەمێك دوور دەكەوێتەوە.. وەك ئەوەی رێنمام بكات جارجارە ئاوڕم لێدەداتەوە و حەپەیەك دەكات و دووبارە سەر رێ دەبێتەوە، لە پێچیدەی كۆڵانەكە وندەبێت، بەجێهەنگاوی سەگەكەدا دەڕۆم، دەنگی قاقاكێشانی پیاوێك دڕ بەبێدەنگی



شەو دەبات، دەنگی ورتەورتی ژنێکیش دێت، کە پێدەچێت بیەوێ پیاوەکەی هێور بکاتەوە، بەڵام لەوە ناچێت توانیبێتی، ئاخر ئەوەتا من دووراودوور هێشتا گوێم لە تریقانەوەی پیاوەکەیە.

***

ئازارێکی توند بە ئاگای هێنامەوە، سەرم ژان دەکات و مەچەکی دەستی چەپیشم دەئێشێ، گریمانە دەکەم بە درێژایی شەوی رابردوو لەهۆشخۆم چووبم، ناتوانم هیچ شتێك بهێنمەوە یادم، وەك ئەوەی ژیانی من پێشینەیەکی نەبووبێت لە یادەوەری کەوتووم، وا خۆم حاڵی دەکەم کە ئەمە ئاسایی بێت"

– ناشێ بەم شێوەی کە هەم هاتبمە ژیانەوە!.

– ئەدی چۆنە هیچ شتێکم لە رابردووم لە یاد نەماوە؟.

– تۆ بڵێی لەبەر ئەوە یادگارێکم نەبووبێت ؟.

– ..........!.

لەگەڵ خۆم دەکەومە شەڕێکی بێدەنگانەی گومانکردن، پەنجەرەکە بە رووی شنەیەکی فێنکی بەیانیدا کراوەتەوە، کە من نازانم کەی و کێ کردوویەتییەوە، مەگەر من حەز لە شنەی با دەکەم بەم ساردییەوە بێتە ژوورەوە و هەرچی گەرد و تۆز هەیە بێنێتە ماڵەکەمەوە!. بۆ جارێك







هەست دەکەم هەناسەم بەو کەرتە کەڤرە توند دەبێ کە کتێبەکانی لەناودا ریز کراون.

«چارەی دەکەم» وا دەڵێم و هەڵدەستم پەنجەرەکە دادەخە...

لەبەردەم ئاوێنەکەدا هەرجارەو خۆم بەلایەکدا بادەدەم و لە خۆم رادەمێنم، دەستم بە کراڤاتەکەمدا دەهێنم، لە کاتێك کە دوگمەی چاکەتەکەم شەتەك دەدەم بیر لەو نیگایانە دەکەمەوە، کە لەرۆژی یەکەمی شوێنی کارەکەم تێم دەهاڵێنن «وای چەند حەز دەکەم بزانم کە بەجووتە سرتە دەکەن چۆن باسم دەکەن!» وا دەڵێم و پێدەکەنم، لەخۆشیا لە نێو جلەکانم جێگام نابێتەوە، وەك ئەوەی پێشبینی بکەم سرتەی شۆخە کچەکانی پشت مێزە پڕ لە کولیچە و پیاڵەی نیوە پڕ لەچایەکانی شوێنی کارەکەم سرتەی دڵخۆشکەر بن بۆ من! لەبەر دەم ئاوێنەکەدا بەشێوەیەکی رەسمی پێدەکەنم، وا خۆم دەنوێنم وەك ئەوەی لەپێشدەمی بەڕێوەبەرەکەم بم و پێبکەنم. پاشان سەری پەنجەکانم بە ئاوی دەمم تەڕ دەکەم و برۆکانم کشت دەکەم.

بە پەلەپڕوزێ بەرەو دەرگای دەرەوە هەنگاو دەنێم، پێم هەڵدەنگوتێتە ئەو کتێبانەی لەسەر زەوی کەوتوون، وەختە سەرانگرێ بم، ئیتر درەنگە بۆ سزادانیان" «چارەیان دەکەم» بەتووڕەییەوە وا دەڵێم دەڕۆم.

هێشتا کەمێك توڕەم لەو کتێبانەی بەرپێم، کە هێند نەمابوو دەموچاوم بڕوشێنن و شەرمەزارم بکەن، ئەم رقە هێشتا ماوەم هێندەی تر لەبەر ئەو پیرە پیاوەیە، کە لەنێوانی کورسیەکانی پاسەکەدا بەپێوە بەسەر سەرمەوە وەستاوە، من هەرچی تەماشای دەکەم وەك کتێبخانەکەم دێتە بەرچاوم، کە توشی نۆرەدلێی کردووم و بەتەمام چارەی بکەم، بەڵام نازانم ئەم پیرە پیاوە چۆن چارە بکەم؟.

لەوبەر شەقامی بینا سوورەکە بەدەم خواردنی شێلمەوە سەرنج لەپەنجەرەی ژوورێکی نهۆمی پێنجەمی باڵەخانە سوورەکە دەدەم "کە دەشێ نهۆمی بەرپرسی هەرە باڵای کۆمپانیا بێت"، بۆ ساتێك دەچمە چاوی ئەو شێلمخۆرانەی لەماوەی داهاتوودا لە دەوری ئەم عارەبانەیە کۆدەبنەوە و بەچاوی دەرپۆقاو و دەمی پڕ لە هەڵمەوە، روو دەکەنە ئەو پەنجەرەیە کە ئێستا من تێیەوە راماوم و ئەوکات، ئەوان من دەبینن و خۆزگە بە جێگەکەم و بەو کوپە چایەش دەخوازن کە جار جارە بە دەممەوە دەکەم و ئەوان نازانن کە

قاوەیە.

***

هەست دەکەم لەدەرەوەی ماڵەکەم و بەبێ ئەو کەسەی لەخۆمدا کوشتم هەستەوەرەکانم وریاترن، چاوەکانم بیناتر تا دوورابییەکانی ئاسمان هەتەر دەکەن.. تا ئەو شوێنەی لە دامێنی دەوارە پڕ چریسکەکەیدا، ئەستێرەیەکی کزۆڵ لەبەر دووریی رەنگاڵە دەبێت و هەر ساتە و بە رەنگێک خۆی دەنوێنێ" دەبینم. بەشێوەیەکی باشتر دەتوانم گوێم لە دەنگی با بێت و بۆنەکانی ناوی لەیەك جودا بکەمەوە، لەمیانی رایەڵی ئەم بۆنانەوە بچمە ئەو سەرزەمین و پێدەشتانەی بۆنەکەیان لێوە دێت، ئەوەتا ئێستا هەست بەبۆنی پونگ دەکەم.. نەك هەر ئەمە دەتوانم بە رایەڵەکانی دا بچم و بڕکەگیا پونگەکان لەناو مێرگێکی پێواردا ببینم و بۆشم هەبێت دەستیان لێ بدەم. سەراسیما لەم توانا تازە پەیدابووانەی خۆم هەروا بەدوای جێهەنگاوەکانی سەگەکە دەڕۆم و کۆڵانەکان لەدوای خۆمدا بەجێدەهێڵم، دەکەومە ناو رووبەرێکی ئاوەڵا" بەڵام ئەهوەنتر.. چەند تەپۆلکەیەك و دۆڵێکی درێژ، درێژبوونەوەی هاوشانی تەپۆلکەکان و دۆڵەکە وەك جەستەی ژنێکی خەوتوو دێتە بەرچاو لە دەمێکدا کە تریفەی مانگ لەسەر پێستی رووتی بدرەوشێتەوە.

سەرباری هەموو ئەمانە ناتوانم «ئەو» فەرامۆش بکەم، کە لەماڵە چۆڵ و کەسنەدیوەکەم لە خۆمدا کوشتم.. وەك ئەوەی بمەوێ ئەم دیوەی خۆم بەخۆم بناسێنم"

«من کێم؟» لە خۆم دەپرسم، ئەم پرسیارە نەك هەر گومانەکانی ناو سەری من دەوروژێنێت، بەڵکو هەست دەکەم لەگەڵ لەخۆپرسینم دەنگی پێخوست و هەنگاونانی کەسێك لە تەك خۆم دەبیستم.. پیاوێکە بە سەر و روویێکی ریشن، قژێکی تارادەیەك درێژ و پەخشان، بەڵام بە ویقار و سیمایەکی سەرنجڕاکێشەوە. پێموایە کە دەیناسم، «لەوێنەیەکدا؟» خۆبەخۆ دەکەومە پرسیارکردن. «لەناو کتێبخانەکەمدا بینیومە!» وەها دەرەنجامگیری گومانەکانم دەکەم. تا دێ شێوە و ئەدگاری دەموچاوی لەناو تاریکی شەودا روونتر و بەرچاوتر دەبێت، هەردووکمان سەراسیما لەیەکتری دەڕوانین و دەڕۆین، لە نیگاکانی ئەودا چاوەڕوانی زانینی وڵامی پرسیارەکەم دەخوێنمەوە.. وا دەزانم لەگەڵ خۆی لەوەش دڵنیادەبێتەوە کە بە منڕا دووەم کەسە دەیخاتە جەدەلی ئەم







پرسیارەوە.. «ئەو کەسەی تر کێبوو؟» دەمەوێ هەر بە نیگا لێی بپرسم، «سۆفیا» وەها وڵامێك لەنیگاکانی دەردەست دەخەم.

«بەراست من کێم؟» دیسان لەخۆم دەپرسمەوە «کامە بەشی خۆمم؟ جەستەیەکی مردوو و بێگیانی بەجێماوم لە ماڵیکی چۆڵدا؟ یان رۆحێکی سەرگەردانم؟» دەمەوێ لەگەڵ خۆم یەکلا ببمەوە: ئەگەر من جەستەم کەوایە بەبێ ئەم بەشەی ئێستام پەککەوتەم و هەر بۆ ئەوە باشم ژێرخاکم بخەن، ئەگەر ئەم بەشەی ئیستاشم کە هەم، ئەم رۆحە وێڵگەڕ و دانەنووس و تەرەکراوە خۆم بم، کەوایە بەبێ لەش ناتوانم بەرجەستە ببم و تێکەڵ بە ژیان و بوونێکی ئاسایی ببمەوە..

تا زیاتر رێگا دەبڕم دەنگی چپەی پێخوستی کەسیتر دەبیستم.. جارجارەش دەنگەدەنگێك دێتە بەرگوێم، کە لەبەر ئاڵۆزی و بەیەکداچوونیان لە هیچکامیان حاڵی نابم، من هەروا لەنێو پرسیارەکانمدا گێژ دەخۆم «شوناسی من ئەو کردەوەیە دیاریی کرد کە ئەمشەو لە ماڵە چۆڵ و کەسنەدیوەکەمدا ئەنجامم دا؟من بکوژێکم و هیچیتر؟» نیگەران دەبم، «دۆزینەوەی شوناسێکی هەڵە و سەپێنراوی نەخوازراو زۆر باشترە لە نەبوونی شوناسێکی دیاریکراو» نائومێدانە ئەمە دەڵێم.

«من رەشبینێکی ترسناکم» دەنگێك وا دەڵێت، دەکەومە ژێر سیحری وشەکانی، دڵم بەوە خۆش دەکەم «ترسناکیم هەموو تاوانێك دەشارێتەوە، هەر هیچ نەبێت وا دەکات رازیبم بەم شوناسەی بە هۆی کوشتنی خۆم بەسەرمدا سەپێنراوە». هێندە نابات دەنگێك"«گەشبینێکی هۆشیارم» لە هاوێربوونی سیمای پیاوێکی پیرەوە ئەمە دەبیستم، چاویلکەیەکی لەچاوە، چرچ و لۆچەکانی دەموچاو و رووتانەوەی سەری نەیانتوانیوە بەرائەتی مندالیی لێبستێننەوە، لێی رادەمێنم و بزەیەکم بۆ دەکات، وەك ئەوەی چاوەڕێی کاردانەوەی قسەکەی بێت رادەمێنێت، ئێستا کە ئاوا بەم خەنینەوە شیرین و وەستان و نیگاکردنە شیرینەوە وەستاوە، لەهەر کەس زیاتر سیمای "خۆزێ ساراماگۆ" بەرجەستە دەکات. دەمەوێ بانگی بکەم" دەستێکم رادەدێرم و پێی دەڵێم" «خۆزێ! پێمبڵێ کە من کوێر نەبوومە، دڵنیام بکەرەوە هەموو ئەو شتانەی دەیانبینم راستینەن و هیچیان خەیاڵ و غایەلەی پیاوێك نین کە بەدەم خەوەوە رێدەکات.. تکایە خۆزێ». خۆزێ هەر وا وەستاوە و سەیرم دەکات.

دەوەستم و ئاوڕێک دەمەوە.. تارمایی بێشومار پیاوی ریشن و کزۆڵ هاوڕێگامن، بەبێ ئەوەی چاوەروانی گوێپێدان بن دەستەکانیان لە هەوای شەودا دەجوڵێنن و قسە دەکەن. کەمێك هەستم رادەگرم، ئەستەمە بتوانم گوێ بۆ دەنگێك رادێرم و بیبیستم، پێکەوەش لە نەوایەکی ناساز، راستتر لە پوورەی هەنگ دەچن..

دەمەوێ لە هەموویان دەربچم و بۆخۆم بیربکەوە، ناکاو هەست دەکەم تارماییەکان ونبوون و بوونە تەپ و نم.. تەنیا دەنگێك دەبیستم بانگم دەکات"

– تۆ پاسیۆنێکی دەبەنگیت، رۆحێکی پوچی و دەگەڕێیتەوە تاکو باڵایی هەست و رۆح بخەیتەوە ناو قەفەسی شڕو شاتاڵی جەستەیەکی بۆگەن..

وڵامی نادەمەوە، تا ئەوەی ئاوڕیشی لێ نادەمەوە یبینم.

ئەگەر بوارم هەبوایە لە بەرزەوە لە خۆم بروانم، خۆمم دەبینی رووم کردۆتەوە ئەو رێگایەی لێیەوە هاتووم و بەتاقیتەنێ دەگەڕێمەوە ناو شار.

***

ئەوەتا ئێستا لەپەنجەرەی نهۆمی پێنجەمی بینا سوورەکە وەستاوم، لە حاڵێکدام کە نیوەی پشکی کۆمپانیای مۆبیلیاتم کڕیوەتەوە، دوو هەفتە بەر لە ئێستا هاوبەشەکەم وەك نرخاندی سێمانگی رابردووی کارەکانم رێگەی کردنەوەی نووسینگەی تایبەت بە خۆمی پێدام، کە لەهەمان نهۆمی نووسینگەکەی ئەوە، ئەگەرچی زۆرجار خودخودەی ئەوەی کە من لە پایانی چ کارێك پلەم وا بەرزکراوەتەوە؟ گومان لە ئەنجامدانی کارێك دەکەم، بەڵام هەر بە زوویی ئەم گومانە سەرەخۆرانەم لەسەرم دەرکردوون، زۆرجار پێموابووە گەیشتنم بەم پلەو پایەیە لەئەنجامی سەرکەوتنی کاری وەبازارخستن و بازرگانییەکی سەرکەوتوو نەبووە، نا، من دەبێ ستایشی زیرەکی فێربوونی فێڵەکانی زمانپاراوی و ئەو جلە شیکانە بکەم، کە خاڵی بنەڕەتیە بۆ بوونە بزنسمانێکی سەرکەوتوو، بۆ ئەوەی هەمیشەش بە ویقاری بازرگانێکەوە دەربکەوم ئەو دەمانەی بەتەنێش لە ژوورەکەمدام هەوڵ دەدەم شێوازی رەسمی دانیشتن و وەستانم نەشێوێنم، ئەمە بەسوودی راهێنان و راهاتن لەسەر ئەم شێوەیەش دەشکێتەوە.. ئەوەتا دەستێکم ناوەتە نێو گیرفانم و بە دەستەکەی تریش دەسکەنەی کوپێك قاوەی خەستم کردوە، کە جار جارە بە دەممەوە دەکەم، گەرمیی قاوەکە و هەڵمی نێو دەمم بردوومیەتەوە رۆژی





یەکەمی کارکردنم کاتێك لەوبەر شەقام لەسەر عەرەبانەیەك بەدەم سەرنجدانی ئەم پەنجەرەیەوە کوتە شێلمی هەڵمینم دەخوارد، ئەو کات بە خەیاڵ لە ئێستادا بووم ئێستاش ئەوەتا بە خەیاڵی ئەوێوە قومێکی تر لە قاوەکەم دەدەم. پێموابێ گریمانەی ئەو کاتەم کە رۆژێك دێت و خەڵکی شێلمخۆری چواردەوری عەرەبانەکە خۆزگە بە جێگەکەم و ئەو کوپە چایەش "کە ئەوان نازانن قاوەیە" دەخوازن وەراست گەڕابێت، چونکە ئەوەتا دەبینم کەسێك لە نزیکی عەرەبانەکەوە چاوی بڕیوەتە پەنجەرەکەم و بە وردی وەك ئەوەی بیەوێ دڵنیابێ بەراستی ئەمە خۆمم تێمدەڕوانێت...

رۆژی یەکەمی کارکردنم وەك ئەوەی ئەوان چاوەڕوانی هاتنی من بن لەگەڵ چوونە ژوورەوەم بۆ هۆڵێکی فراوان، کە دوو مێزی هاوبەش لەلای دەستە چەپم دانرابوون، کولیچە و پیاڵەی نیوە پڕ لەچایەکان زووتر لە دۆسیە و قەلەمدانەکان سەرنجمیان بۆ لای خۆیان ڕنیەوە، پێموابوو کە دەبێ بۆ لای ئەو دوو مێزە کە دوو کچ کە بە شێوازی دێرینی چینی رووخساریان ماکیاژ کردوە" بچم، بەڵام دەنگی پیاوێك لای پێکردمەوە و بەرەو رووی چووم.. بەتەمەنتر لە سیما و شێوازی پۆشەنی و جوڵەی دەستەکانی دیار بوو، بە کوردییەکی وا وشەکانی گۆ دەکرد، کە دوای چەند رستەیەك خۆت بۆ نەگیرێ و پێبکەنی"

– ناوێت چییە؟

– ئەمین کەریم ......

لە وتنی ناوی باپیرەم ئێستێکم کرد، دیسان رووبەرووی هەمان گومانکردن بوومەوە کە بەیانی ئەو رۆژە تێیکەوتبووم هۆکارەکەیم نەدەزانی «وەك ئەوەی ژیانی من پێشینەیەکی نەبووبێت لە یادەوەری کەوتووم....» بەهۆی وەستانم لە گوتنی ناوی سیانیم داوای نیشاندانی ناسنامەی لێکردم. دامە دەستی، سەیرێکی کردم و ناوی سیانی بەدەم نووسینی ناوەکەم لەبەر خۆیەوە دەیوتەوە"

– "ئەمین کەریم حەسەن" رۆژانی دواتریش لەلایەن هاوکارەکانمەوە لەسەر نەغمەی دەنگی ئەو پیاوەی ناونووسی کردم هەر بە "ئیمۆ" بانگیان دەکردم، وێنەی هەندێك کوڕیان لە گۆڤارەکان نیشان دەدام و وەك نیازپاکیەك بۆ بەرەوپێشچوونم، پێشنیاری شێوازی قژ و جلوبەرگی ئەوانیان بۆ دەکردم.

– چ کارەك زانی؟

– بە ترس و گومانەوە وتم "هیچ کارێك"!

- زۆر باش، تۆ بۆ بەشی کارگێڕی و سرپەرشتاری وبازارخستن.

هیچ وێنەیەکم لەچییەتی کاری ئەم ناونیشانانە بە خەیاڵدا نەهات، هەر چۆنێکە کارەکە ئاسانتر لەوە سەرڕێ بوو کە من شیمانەم دەکرد.

دەنگی لە دەرگادان پەلکێشی ئێستام دەکاتەوە «لە ساتێکی باش لە دەرگایان دا و لەیادەوەرییەکان هاتمە دەرەوە، ئاخر رۆژانی دواتر...» تەواوی ناکەم! لەبەر خۆمەوە، بێدەنگانە دەچمەوە ناو رۆژانی دواتر «نا، نابێ رۆحیشم لەم یادەوەریانە بێدار ببێتەوە» جارێکیتریش لە دەرگا درایەوە «هەرچیم کردوە بۆ گەیشتنە ئەم پێگەیەی ئێستام بووە، رەوایەتی ئەم کردەیە لە سەرکەوتنی ئێستامدایە» ئەمە ئەو دەرەنجامەیە کە دڵخۆشم دەکات.

پێموابێ ئەو کەسەی لە دەرگا دەدات خەریکە بێ هیوابێت کە من هاوکات دێمە دەنگ «وەرە ژوورەوە» دێتە ژوورەوە، سکرتێرەکەمە.. لێوم دەخەمەوە ناو دەمم و گوێدەگرم“ «کەسێك کە ناوی لە لیستی سەردانیکەران تۆمار نەکراوە و دەیەوێ بەڕێزتان ببینێ» بە ترس و شڵەژانەوە ئەمە دەڵێت، جارێك سەیری ئەودیوی دەرگا دەکات و جارێك من. ئیزنی هاتنە ژوورەوەی ئەو کەسە دەدەم، پیاوێك دێتە ژوورەوە تا ئەندازەی سەرسامبوون لە من دەچێت، دڵنیاش دەبم هەمان ئەو کەسە بێت کەمێك بەر لە ئێستا لە نزیك عەرەبانەی شێلمەوە بینیم، بە سەرنجێکەوە تێمدەڕوانێت وەك ئەوەی من خۆم لە دەستی ئەو دزیبێت، هەوڵ دەدەم کەمترین شڵەژان بە روخسار و شێوازی وەستانمەوە دیار بێت. تەنها کەمێك دەستم دەلەرزێت، ئەویش بە خستنە ناو گیرفانم دەیشارمەوە“ پێموایە هەردوکمان دەزانین چباسە، زووتر لەو دێمە دەنگ“

- لە نێوان من و تۆدا“ من رەسەنم...

ورده ورده لێم دێتە پێشەوە، توشی هەمان نۆرە دڵێ دەبمەوە کە کتێبخانەکە سێمانگ پێش ئەمڕۆ تووشی کردبووم، لەگەڵ ئەوەش بەردەوام دەبم“

- من توانیومە بە قوڵایی ژیان و خۆشگوزەرانیدا بچم و....

قسەکەم پێ دەبڕێت“

- بە قوڵایی ژیان و خۆشگوزەرانیدا بچیت و بیرت بچێت کە مردووی، جەستەیەکی بۆنگەنیت و ئەم دیوار و کەرەوێتانەت کردوونەتە تابووتێکی رازاوە بۆخۆت.

- تۆ مردوویت! لە پەراوێزی ژیاندایت و وەك کابووسێك لە بێداریشدا







تەنگەنەفەسم دەکەیت.

- کامە بێداریت؟

- ئەم بێداریەی کە هاتویت لە چ شوێن و پێگەیەك دیدەنی من بکەیت، ئەمە ئەنجامی بێدارییمە، کە دەبێ دانی پێدا بنێم بۆ من دیدەنییەکی نەخوازراوە.

لە ژوورەکەی تر گوێم لە دەنگی سکرتێرەکەمە، پێدەچێت بە تەلەفون قسە لەگەڵ کەسێك بکات.

ئەم کابووسە سەرەخۆرە بەردەوام دەبێت“

- هاتووم رزگارت بکەم، لەم زەلکاوەی تێیکەوتوویت پەلکێشت بکەمەوە، دانی پێدادەنێم بەبێ تۆ ناتوانم بەرجەستەی ناو ژیان ببمەوە، دەتبوورم لە بکوژیت، تۆ منیت و ئەو رێگایەی بڕیاربوو تێیدا بەردەوام ببم بەبێ تۆ مانایەکی نابێت، کەسێك نییە گوێ بگرێت، هەرچی هەیە بێسرەوت دەڵێت و دەڵێت، بەبێ ئەوەی کۆمەك بە نەزانێك بکات، وەرە لەگەڵم تۆ نەزانەکەی ناو منی، دیوە دەستەمۆیەکەی خۆمیت، لەم زەلکاوە رازاوەیە، لەم ئاسودەییە خنکێنە وەرە دەرەوە..

نزیکتر دەبێتەوە و وەك ئەوەی خەریکبێت بترنجێتەوە ناومەوە هەست بە سەنگینی لەشی دەکەم.. لە هاتی بەختم بەر لەوەی ئەمە روو بدات پۆلیسەکان دەگەن، پەلکێشی دەکەن و گوێم لێیە بە تەپ و کوتی هەنگاوەکانیان بە پلیکانەکاندا دەیبەنە خوارەوە.. کەمێك دێمەوە سەرخۆم و بەزوویی بەر لەوەی سکرتێرە شۆخەکەم بەم شڵەژاویەوە بمبینێت شێوە رەسمیەکەی خۆم بەدەست دەهێنمەوە..

دەچمەوە بەر دەم پەنجەرەکە و دەیبینم لەسەر شەقامەکە وێڵی دەکەن و لەناو ریزی درێژی ئۆتۆمبیلەکاندا گیر دەخوات و بە هەر حاڵێکە تا دێ دوورتر دەکەوێتەوە..

دەمەوێ سەرحاڵ ببمەوە، کە باش دەزانم چۆن، زەنگێك لێدەدەم و سکرتێرەکەم بە خەندەیەکی ناسکەوە دێتە ژوورەوە، داوای لێدەکەم بچێت دەرگای ژووری پرسگەی سەردانیکەران دابخات و هێڵی تەلەفونەکانیش لەکار بخات.. لەرووی ئەوەی کە پیشەکەی خۆی باش دەزانێت بە زوویی ئەنجامی دەدات و دێتەوە لام، لە حاڵێك کە دەستم خستۆتە سەر پشتی دەستی ئەو و بەیەکەوە پەتی پەردەی پەنجەرەی ژوورەکەم دادەکێشین.. بە دڵنیایەوە بڕوا دەهێنم کە خەریکە ژوورەکە نا، ئەوە دەرەوەیە لەگەڵ پەردە دادانەوەدا تاریك دادێت.



موعتەسەم ساڵەیی

# تاسەیەکی بەسوێ

بەو درەنگانەی شەوە خەو لەچاوم زڕابوو. ئۆقەرەم لەبەر بڕابوو بێ وچان هەر ماخولانم بوو. کۆڵانو گەڕەك کشو مات دەهاتە پێش چاو. هەموو دەوروبەر بەو بێ دەنگیو کشو ماتیەی، دەتووت ئاسیاوێکەو ئاوی لێبڕاوەو لەهەڕ کەوتووە. لەخوارڕا تیشکی گڵۆپی ماڵانو ڕووناکی گڵۆپی دارتەلەکان جۆرە دڵنەواییەکیان پێ دەبەخشیم. لەگەڵ هەر سەر هەڵبڕینو دیقەتدانێکی ئاسماندا، وەها مەزەنە دەکرا کە جریوە جریوی ئەستێرەکان بەس بۆ جۆشدانی گڕی نێو دڵو دەروونی ئاشقو ئەوینداران خولقاون. گەرچی لەو تەمەنەدا نیم کە خۆم تووشی داوی عەشقو عەشقبازی بکەم، بەڵام بیرەوەرییە کۆنەکان بە ئامانو زامان دەستبەردارم نابنو بەو ئاسانیە لەکۆڵم نابنەوە. هەرگیز ئەو تینو گوڕەیش بە خۆم شك نابەم تاوەکو سەربوردەو بەسەر هاتە پڕ لەجۆشو خرۆشەکانی سەردەمی هەرزەکاریو لاوێتیم وەلاوە بنێم یاخود بەو ئاسانیە زیندە بە چاڵیان بکەم. کاتو وەخت نیوە شەوی ڕەتداوەو ئائەوەتا سامانی کوڕی وەستا عەلی دراوسێی دەستە ڕاستمان بە بەرچاومەوەیە کە بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ دەچێت، لەنێو



حەوشەکەیاندا مۆبایلەکەی ناوەتە بنا گوێی خۆیەوەو بێ وچان بەمسەرو بەوسەری حەوشەکەدا هاتوچۆ دەکاتو بە ئەسپایی بۆ کەسێکی دوور لەخۆی دەدوێت. بە دەستی خۆم نییەو ئیرەیی پێدەبەمو خۆزگە بە تەمەنەکەیو سەردەمەکەی دەخوازم. لەبانیژەی نهۆمی بانەوەی ماڵەکەمانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەچێت کەوتوومەتە پایدۆزیو تێی دەڕوانم. نیگام ئاراستەی کردووەو دیقەتی هامو شۆکەی دەدەم، بەبێ ئەوەی لەئاستی خۆیەوە دەرفەتی ئەوەی هەبێت کە سەرێك هەڵبڕێتو من بە دی بکات. گومانم لەوە نییە کە ئەو کوڕە هەرزەکارە لەدەمو دوویەکی عاشقاویانەدایە. لەم ڕووەوە ئەوەندەم بینیوەو بە سەرهاتووە کە بوواری ئەوەم دەدات هەر لەدووڕرا دەرك بە پەتای ئەوینداری بکەمو بە وردی بیدەمە بەر نیگا. من هەرگیز ئەو کەسە مشەخۆرە نیم کەبکەومە پایدۆزی خەڵکیو بمەوێت شوێن پێی نهێنیەکانی ئەمو ئەو بکەوم. بەڵام بیرەوەرییەکانم وەکو تاسەیەکی بەسوێ پاڵم پێوە دەنێن بۆ بەیادهێنانەوەی سەربوردەکانی تافی هەرزەکاریو لاوێتیم. فایلو دۆسیە تۆز لێنیشتووەکانی سەردەمانی زوو جاروبار داوام لێدەکەن کە بەسەریان بکەمەوەو چاوێکیان پێدا بخشێنم. نازە یاخود نازەخان.. ناوێکی لەدڵا شیرینە لەلام. گەرچی ماڵیان بەرامبەر ماڵی ئێمە بوو، بەڵام سەردەمە داخراوەکەی ئەوسای ئێمە ئەو بووارەی بۆ نەدەڕەخساندین، کەوەکو ئەم ڕۆژگارەی ئێستا بتووانین لەگەڵ کچانی گەڕەکدا بەو ئاسانیە بدوێین یاخود بە مۆبایل چاتیان لەگەڵدا بکەین. دەرفەتی خۆ گەیاندن بە کیژی گەڕكو دەمو دوو لەگەڵیدا وەکو کاری سەرکێشیو جەربەزەیی بوو بۆ گەیشتن بە لوتکەی ئیڤریست یاخود قووللەی قاف. هەموو هیواو خواستو ئاواتی لاو لەوەدا خۆی دەبینیەوە، کە بوواری بۆ بڕەخسێتو نامەیەك بدات بە دەستی خۆشەویستەکەیەوە. ئەم هەنگاوە مەترسیدارەیش خولیای من بوو. بەسەد ناڵی عەلی تووانیم لەڕێگای کچێکی برادەری نازەوە نامەیەکی بگەیەنمە دەست. ئای لەو بەد بەختیو چارە ڕەشیەی من. ئەوەی چاوەڕوانم نەدەکرد ڕوویدا. کچو کوڕی ئەو سەردەمە تابلێی شەرمنو کۆڵەوار بوون، وەکو گەنجو لاوی ئەم سەردەمەی ئێستا چاو کراوە نەبوون. نازەی کۆڵەوارو داماو پاش ئەوەی نامەکەی بەدەست دەگاتو دەیخوێنێتەوە، یەکسەر پارچە پارچەی دەکاتو دەیدڕێت. بە دەم هەنسك دانو چاو پڕ لەگریانەوە سەرو بەری ڕووداوەکە




بۆ دایکی دەگێڕێتەوە. دایکیشی ئاگر دەپەڕێتە هەردوو چاوی‌و مەسەلەکە بە کارەساتێکی گەورەو گرانی دێتە پێش چاو. هەروەکو ئەوەی دایکم پاشتر بۆی گێڕامەوە شالاو دەهێنێتە مالمان‌و دەکەوێتە هەڕەشەو گوڕەشە. دەڵێت گوایە ئێمە عادەت‌و داب‌و نەریتمان وەهایە، کە بەس بەتەنیا بە خزم‌و کەس‌و کاری خۆمان کچ بدەین‌و هەرگیز تێکەڵ بە بێگانە نەبین.. پاش گەیشتنیشم بە ماڵ دایکیشم قسووری نەکرد لەگەڵمداو سەرزەنشتی کردم. ئێستایش هەندێك لەبرگەو ناوەڕۆکی نامەکەم لەیاد ماوەو لەمێشکمدا نەسڕاوەتەوە. پاش دەربڕینی خۆشەویستیم بۆی. نووسی بووم گوایە ئاسمان بە تەنیا یەك گەلاوێژی هەیە، بەلام ئەی نازەخان تۆ هەقی خۆتە گەر بە دووچاوی گەلاوێژ ئاسای خۆتەوە شانازی بکەیت. هەروەها پێم راگەیاندبوو کە شێت‌و شەیدای بالای بەرزتم. کەچی ئێستا بە باشی بیری لێدەکەمەوە پێکەنینم بە خۆم دێت، چونکی هەرگیز خاوەنی بالایەکی بەرز نەبوو.. لێتان ناشارمەوە کە سالانێکی زۆر بەسەر ئەو پێشهاتەدا رەت بووە، دەتووانم بلێم کە بۆ ماوەی سی ساڵ زیاتر دەچێت چاوم بە چاوی نازە نەکەوتۆتەوە. پاش لێکدابڕانیش بۆ جارێکی تر هەرگیز نەمبینیوەتەوەو نازانم ئێستا لەکوێیەو چی بە سەر هاتووە.. لاتان سەیر نەبێت گەربلێم حەزناکەم بۆ جارێکی تر رووبەرووی ببمەوەو چاوم بەڕوخساری بکەوێتەوە، نەك لەبەرئەوەی خۆشم ناوێت‌و یادی لەدڵ‌و دەروونمدا سڕاوەتەوە. نەخێر.. بەڵکو پڕ بەدڵ حەزدەکەم بە تەنیا دیمەن‌و روخساری ئەوسای وێنا بکەم، کە کیژێکی تازە هەڵچووی شۆخ‌و شەنگ بوو. دوور نییە گەر ئێستا بۆ جارێکی تر بیبینمەوە نەتووانم بیناسمەوە. لەوانەیە ئێستا ئافرەتێکی



خڕیلەی گۆشتنی سەرسپی بێت. هەروەکو من ئاسا کە چۆن ئێستا بە ساڵاچوومەو سپێتی کەوتۆتە سەرم‌و روخسارم شێواوە. بێگومان لەم ئان‌و ساتەدا دیمەن‌و روخساری منیش مایەی قبوڵ‌و رەزامەندی نییە بەلای ئەوەوە..

بەو نیوە شەوە هەموو یادەوەرییە کۆنەکان سەریان قوت کردەوە لێم‌و بوونە مایەی ئازاردانم. داخۆ دەبێت چ دەسەڵاتێکم هەبێت‌و بە چ رێگایەکیش بتووانم رێگری لەو یادەوەرییە بەسەر چووانە بکەم. بێ وچان هەر دیمەنێکی هەست بزوێن‌و هەر گۆرانیەکی بەسۆزبیرەوەرییەکانی سالانی زووم بۆ زیندوو دەکەنەوەو، بەبێ رتووش دەیانخەنە پێش چاوم. ئەمە بە تەنیا کێشەی من نییە بەڵکو دەتووانم بڵێم خەڵکانێکی تریش هەن بە دەستی هەمان پەتاوە دەتلێنەوە ..

بێ وچان بە بێ ویست‌و ئیرادەی خۆم سامانی هەرزەکاری ئەویندارم لەو شوێنە بەرزو بڵندەی خۆمەوە دەدایە بەر نیگا، سالانی هەرزەکاری‌و لاوێتیی خۆمم دەهاتەوە یاد. گەر سامانیش بۆی لوواو گەیشتە ئەم تەمەنەی ئێستای من، بە دووری نازانم ئەویش هەڵس‌و کەوت‌و رەفتاری لاوێکی هەرزەکاری تری بکەوێتە پێش چاوو سەربوردەی خۆیی وەکو من بێتەوە یاد.. بە هەرحاڵ ئەمە وەخت‌و زەمانەیەو کەسیش بۆی نییە بە سەریدا بازبدات‌و لەدەستی رزگاری ببێت.. ئەو لاوەی دراوسێمان بێ وچان بە ئاسپایی هەنگاوی دەناو ئەمسەرو ئەوسەری حەوشەکەی دەکردو بە چپە چپ بۆ خۆشەویستەکەی دەدووا. ئەوەندە بە ئاسپایی دەدوا مەگەر هەر خۆی بیزانیایە چی دەڵێت‌و چ رازو نیازێکیش هەڵدەڕێژێت. دیمەنی وەکو تابلۆیەکی رۆمانسی وەها بوو لەنێو حەوشەکەدا، چەند ریز دارو دەوەنی سەوزو گولیلکەی رەنگاوڕەنگ ببون بە چووار چێوەی. ماوەیەك بوو هەستم بەوە کردبوو کە لەگەڵ شنەی تازە هەڵچووی دراوسێی دەستە چەپماندا کەتبوونە دیقەتدان‌و تەماشاکردنی یەکتری. بە زۆری وەهای بۆ دەچووم کە لەتەك ئەو کچەدا لەدەم‌و دوویەکی گەرم‌و گوڕی ئەوینداریدا بێت. لەوانەیە شنەیش لەم ساتە وەختەدا بە ئاسپایی مۆبایلەکەی خستبێتە بناگوێیەوەو لەقوژبنێکدا یاخود لەژێر بەتانیەوە بەڕاشکاوی سەرقاڵی دەم‌و دوو بێت لەگەڵ ساماندا. ئەمەیش مانای ئەوەی دەگەیاندکە لای تەنیشتی راست‌و چەپم بە دوو دڵدار لێگیراوەو بە کامی دڵدارییەوە لەگەڵ یەکتریدا بە چپە دەدوێن. بێگومان لەو حاڵەتەیشدا قسەو دەم‌ودووو چاتیانیش بە ژوور سەری منەوە گوزەر دەکەن، بە بێ ئەوەی گوێم لێیان بێت‌و بتووانم کە بزانم چی دەڵێن..

من وەکو ئەوەی خۆم بەباشی بناسم کەسێکی فزوڵی نیم، کە بمەوێت بە زۆرو زۆردارەکی خۆم هەڵقورتێنمە کاروباری ئەموئەو، یاخود بە تۆپزیو زۆرەملێ بمەوێت پەردە لەسەر نهێنی خەڵکی هەڵماڵم. بەڵام یادەوەرییەکانی سەردەمانی هەرزەکاریو لاوێتیم وەکو مێملێك هەڵدەکوتنە سەرمو کۆنە برینە خەوتووە کپەکانم دێننەوە سوێ. منیش هەر ئەوەندەم دەسەڵاتە کە بە هێمنیو لەسەرخۆ پێش بخۆمەوەو بە بێ دەنگی ئازار بچەژم. ئەوەتا ئێستاش دیمەنێك بە بەرچاومەوە خۆی دەنوێنێتو نائومێدیو هیوابڕاوی وەکو هەوری رەش دەوروبەرمیان تەنیوەو، بارانی خەمو خەفەتو پەژارە دادەبارێنن بە سەرمدا..
بە هەرحاڵ زۆرم کرد لەخۆمو وەهام بەباش زانی خۆم هێور بکەمەوەو بە هەر نرخێك بووبێت ئارامی بە ناخم ببەخشم.. تاکە رێگە چارەیەك ئەوە بوو کە پاشەکشەی لێبکەم..
دەمە دەمی عەسر بوو کە بە ئۆقرەییو ئارامگیرییەوە لەبەر دەرگای خۆمان بە پێوە وەستا بووم. چەند منالێك لە کوڕو کچی وردیلە لەکۆڵانەکەدا بە کامی دڵەوە گەمەیان دەکردو دەتلیقانەوە. بۆ جارێکی تریش لەبەد بەختیمدا چاوم بە سامانی هەرزەکار کەوتەوە کە بێ وچان ماخولانیەتیو بێ پەروا ئەمسەرو ئەوسەر دەکات. بایەکی توند هەڵیکردبووو کاکۆڵو تەوالێتە رەشەکەی سەری بە ملاو بەولادا دەبرد. جاروبار دەستی هەڵدەبڕی بەو مەبەستەی قژەکەی رێك بخاتەوە. بە جۆرێکی ئەوتۆ خۆم نوواند گوایە ئاگام لێی نییەو تەماشای ناکەم. لەهەمان کاتدا هەستم کرد شنەیش بە لای چەپمەوە لەکەلێنی دەرگاکەیانەوە ملە قوتێیەتی. من گەر مەبەستیشم نەبێت کە بکەومە چاودێریو پایدۆزی خەڵکی، بەڵام وەکو رێکەوتێکی پڕ لەسەیرو سەمەر دیمەنە نەخوازراوەکان وەکو ملۆزم دێنو لەبەردەممدا قیت دەبنەوە. سامان پاکەتێکی بچووکی بە دەستەوە گرتبوو، هێدی هێدی لەسەرخۆ بە بەردەم دەرگاکەماندا دەیویست بەرەو خوار ببێتەوە. کچەی هەرزەکاریش لەملامەوە هەر لەجموجۆڵو سەرەتاتکێدا بوو لەکەلێنی دەرگای حەوشەیانەوە. خۆم لێیان نەبان کرد هەروەکو ئەوەی نایانبینمو ئاگام لەهیچ شتێك نییە. رووی خۆم لێیان وەرچەرخاندو لەپڕ بە قوڕنەی چاو دیقەتم دا کە کوڕەکە پاکەتەکەی بۆ کچەکە هاویشت. هەروەکو ئەوەی بە دەرزیو دەزوو پارچە کوتاڵێك بنەخشێنیت بەو شێوەیە بۆ جارێکی تریش رێکەوتێك هاتە ئاراوە. لەگەڵ تێگرتنی پاکەتەکەدا





لەژوورەوە کچە بانگ کراو دەرگای پێوە داو لەچاو بزر بوو. سەیر لەوەدا بوو بایەکی توندیش هەڵیکردو پاکەتەکەی بەرەو لای من رامالیو لەژێر پێمدا جێگیری کرد. لەو ساتە وەختەدا یەکسەر بیرەوەریی ژیانی گەنجایەتیی بە سەرچووی خۆم هانیدام بۆ ئەوەی دەست درێژ بکەمو پاکەتەکە لەسەر زەویەکە هەڵبگرم. کوڕە رۆیشتو ئاگای لەم پێشهاتە بڕا. وەکو شتێکی گرانبەها پاکەتەکەم گرت بە دەستەوەو بە میهرەبانیەوە تێمڕووانی. هەرکە پاکەتەکەم یەکالا کردەوە لەنێویدا چاوم بە میدالیایەك کەوت لەسەر شێوەی گوڵێکی سوور. زنجیرە نەرمو باریکەکەی وەهای دەردەخست کە بۆ هەڵواسین بە ملو گەردندا دروست کرابێت. بە وردی بۆ ماوەیەك تێمڕوانی. هەر ئەوەندەی نەمابوو میدالیا سوورەکە فرمێسك لەچاوانم داباڕێنێت. زۆری پێنەچوو بۆ جارێکی تریش کوڕەکە گەڕایەوە دوواوە. کەوتبووە ملەقوتێو دیقەتدانی دەرگاکانو دەیویست بزانێت داخۆ پاکەتەکە کەوتۆتە بەر دەستی خۆشەویستەکەی یاخود نا.. کاتێك گەیشتە ئاستی دەرگاکەمان بە دەستم ئیشارەتم بۆ کردو بانگم کرد. لێم ورد بووەوەو بە هەنگاوی سستو خاو لێم نزیك بووەوە. بە ئاستەم دەمی هەڵهێنا وەکو ئەوەی سلاوم لێ بکات. بۆ ئەوەی دڵنەوایی پێببەخشم بزەیەکم بۆی کرد. ئەم هەڵوێستەی من زیاتر سەرسامی کرد. دەستم بۆی درێژ کردو پاکەتەکەو میدالیاکەی ناویم ئاراستەی کرد. تا ماوەیەك دەمی داپچڕیو بە پەشۆکاوییەوە تێمی ڕوانیو نا ئارامیو دڵەڕاوکێ دایگرت. وەها دیاربوو لەئەنجامدا پەیی برد بەسەرجەمی سەر بوردەکە. بە شەرمو شکۆیەکی زۆرەوە پاکەتەکەی لەدەستم وەرگرت. حەزم دەکرد قسە بکاتو یەك دوو وشە لەدەمیەوە دەربچێت. بەڵام چووبوو بەتاساو زمانی نەدەهاتە گۆ. بە پێکەنینەوە پێم وت:
-من کاتی خۆی دۆڕاندمو تۆ نەیدۆڕێنیت!.
دیقەتی دامو بە سەرسوڕمانەوە دەمی هەڵهێناو پرسی:
-نازانم دەڵێی چی.؟
قسەکەی خۆم دووبارە کردەوەو سەر لەنوێ وتم:
-من کاتی خۆی دۆڕاندمو تۆ نەیدۆڕێنیت!..
هەرگیز لەمەبەستم تێنەگەیشتو منیش گەڕامەوە نێو حەوشە. ئەو لاوە ئەویندارەیش بە ڕێی خۆیەوە رۆیشت. بۆ جاری سێیەم لەبەر خۆمەوە بۆ جارێکی تریش قسەکەم وتەوە:
-من کاتی خۆی دۆڕاندمو تۆ نەیدۆڕێنیت !..



هیوا حوسێن ئەمین

# تەنها روبعێک

-١-

دەنگی بانگی بەیانی بەخەبەری هێنا ، هەندێك گیانی قورس بوو، كاتێك مەلا گەیشتە (الصلاه خیرومن النوم) لەدڵی خۆیدا گوتی: بەخوا ڕاستە، لەجێگەكەی هاتە دەرەوەو دەستی كرد بەدەست نوێژ شوشتنو دواتر نوێژ كردن ، ئیدی خێزانەكەشی لەدەنگی ئەم بەخەبەر هاتو دەستی كرد بە قاوەڵتی ئامادەكردن .

لەدیواری حەوشە نزیك بوەوەو بەدەنگێكی بەرز هاواری كرد:

مەلا عیسا ئامادەیت بڕۆین؟.

ئەسعەد، بەخوا هێشتا قاوەڵتیم نەكردووە، باقاوەڵتی بكەم دەڕۆین.

دوای نان خواردن مەلاعیسا هاواری كرد ئەسعەد بڕۆین؟

واهاتم، لەماڵ هاتنە دەرەوەو سڵاویان لە یەكتری كرد، دوو سەربازیان بینی كەلە سەر كۆڵانەكە وەستابوون، مەلاعیسا بەسوكی بەئەسعەدی گووت :

خودا بەخێری بگێڕێت ... ئەم سەگانە كەتنێكیان بەدەستەوە نەبێت باشە.

بەخوا ڕاستەكەیت، ئەم سەگانە هەر جارێك هاتبێتنە ئێرە كەتنێكیان بەدەستەوە بووە.

بەرەو سەرشەقامە گشتیەكە بەڕێكەوتن، تا لەشەقامەكە نزیك دەبوونەوە ژمارەی سەربازەكان زیادی دەكرد، بەتەواوی ترس لەدڵیان نیشت، لەسەر شەقامەكە ڕاوەستان و لەچاوەڕوانی هاتنی سەیارەدا بوون ، تابەرەومەیدانی كرێكاران بچنو بۆ ئەم ڕۆ نان و بژێوی خێزانەكەیان دابین





بكەن، بەترسەوە لەچوار دەوری خۆیان دەڕوانی، ئەفسەرێك بەرەو لایان هات، لێیانی پرسی:

بۆكوێ دەچن؟

گەورەم، دەچینە سەركار

فرمانمان پێكراوە كەكەس لە ئۆردوگا دەرنەچێت، بگەڕێنەوە ماڵی خۆتان.

ئاخر....

گوتم بگەڕینەوە، زمان درێژانە

ئەوانیش بەرەو خوار ملی ڕێگەیان گرت، بەتەواوی لەناو كۆڵانەكاندا جموجۆڵی سەربازەكان زیادی كردبوو، سەر كۆڵانەكان گیراو هاتوو چۆیان قەدەغە كرد، پاش كەمێك پشكنین دەستی پێكردو نۆرە هاتە سەر ئەمان، ئەفسەرێكو چەند سەربازێك هاتنە ژوورەوە، ئەفسەرەكە داوای ناسنامەكانی كرد، كەناسنامەكانیان دایەدەست، تەماشایەكیانی كردوگوتی:

هەر ئەوەندەن؟

بەڵی

ئەگەر زیاتر بن و لێمان بشارنەوە توشی لێپرسینەوە دەبن.

گەورەم بڕوابكە هەر ئەوەندەین

سەبازێك هاتە ناو گفتو گۆكەیانەوەو گووتی:

گەورەم، هەموو ماڵەكە گەڕاین كەسی تری لێنیە.

– باشە، عیسا تۆ وەرە لەگەڵماندا.

خێزانەكەی بەدەنگێكی پاڕانەوە ئامێز گوتی:

بۆكوێی دەبەن ؟!

هیچ نیە، هەندێك كارمان پێیەتیو كاتژمێرێك، دووكاتژمێرەو دەگەڕێتەوە.

پێش خۆیاندا ، خەیك بوو لە دەرگای حەوشە بچنەدەرەوە، لەپڕ دەنگی كوڕە بچوكەكەی ڕایچڵەكاند: بابە هەموو بەیانیەك زوو دەچیت بۆكار، بیرت دەچێت لای دایكم ڕۆژانەم بۆ بەجێبهێڵیت، نەك درەنگ بگەڕێیتەوە، من نیوەڕۆ دەچم بۆ قوتابخانە، ڕۆژانەكەم بدەرێ( دەستی پان كردەوە) .

ئەویش دەستی كرد بەگیرفانیداو ڕوبێعێكی بەدەستەوە هات، كەگیرفانی هەر ئەوەندەی تێدابوو، دایەدەستی، ئەویش كەڕوبعەكەی لەناولەپی خۆیدا بینی شاگەشكەبوو، لەباوكی پرسی: بابە هەمووی بۆ خۆم؟!!

ئەویش سەرێكی بۆ لەقاند، ئەمیش بەرەو لای دایكی هەڵات: دایە بابم ڕوبێعێكی دامێ.....ڕوبعێك!!!

ئەمیش چاوەكانی پڕبوون لە ئەسرین و دڵۆپێك لەچاوەكانی هاتە خوارەوەو كەوتە سەرزەوی، سەربازەكە باڵی ڕاكێشاو بەروەو دەرەوە بەكێشی كرد، لەپڕ ئەسعەدی بینی كەسەربازێك باڵی گرتووەو بەكێشی دەكات، ئیدی هەردووكیان بوون بەهەڵمو بەكۆڵانەكەدا پەرت بوون.



کازیوه ساڵح

# ئاوس بوون بە عەشق



دڵم ئاوسە بە عیشقی تۆ
چاوم ئاوسە بە نیگای تۆ
هۆشم ئاوسە بە نوچدان و
بەرخوردان و
پیت بە پیتی ناوی تۆ

لێوم ئاوسە بە درودێک
خۆشم ئەوێیێت دادی نادات
بۆیە هەرچی خۆرت هەیە
لە حەوشەکەمدا دەتەرێنم












لە ڕۆحمدا فرێت دەدەم
کەچی ئەو کاتەی خۆم
بەتاڵ بەتاڵ کردەوە لە تۆ
لە هەموو کاتێک بە تاسەتر
سەرم دەنێم بە خاکتەوەو
کڕنووشی عیشقت بۆ دەبەم

ڕۆحم ئاوسە بە خەونێکەوە
بە دوانە ' گەریلا' ێکەوە
لە عەفرین دارە دارە و
لە قەندیل لانە هەڵئەخەم
کەچی زیاتر
لە هەموو شەپۆلەکان
هەموو مێژووە نەوتراوەکان
باڵای بەرزی هەموو خۆزگەکان
بێزوو بە' کەرکوک 'وە ئەکەم

گزنگ ١٠٢
ئایار ٢٠١٢

# ئەوە نوزەی ئازادییە..

زمکان عەزیز

لەو دیو پەرژینەکەوە
ئەو ژنە ..
بە دڵ سەیر ئەکات
دڵێک..
پڕە لە چاوی خێڵ و
پڕە لە چاوی کوێر

ئەو پیاوە ..
بە چاو بیر ئەکاتەوە
چاوێک..
پڕە لە گۆچان و
پڕە لە عەینەک
ژن..
لە دیواری حەوشەکەوە
بە دزیەوە..
سەیری ئازادی ئەکات

پیاو ..
بەسەر ئەسپی ئازادیەوە
لە نێو پەرژین و
حەوشەکاندا..
باز ئەدات



گزنگ ١٠٢
ئایار ٢٠١٢

ژن..
شوو ئەکات
تا لە قەفەزی پیاودا..
ئازادی دەرکات

پیاو..
ژن دێنێت
تا لە دڵی ژندا..
دەرگا لەسەر خۆی داخات

ژن..
لە پشتی پیاوەوە..
خۆی ڕووت ئەکاتەوە

پیاو..
لە پشتی ژنەوە..
دنیا ڕووت ئەکاتەوە

ژن..
بە دزی خەڵک و
خوداوە ..
ملی پیاو شۆڕ ئەکات

پیاو..
لەبەر چاوی خەڵک و
خودا..
ملی ژن لێ ئەکاتەوە

ژن..
لە دوای پیاوەوە..
خودا ڕازی ئەکات

پیاو..
لە دوای ژنەوە..
خودا توڕە ئەکات

ژن..
لە باخچەی بەختەوەریدا
سۆندەی لە دڵی بەستووە..
ئاوی گوڵەکان ئەدات

پیاو..
تەورێکی بە دەستەوەیە
لەناو باخچەکە..
لق و پۆی درەختەکان ئەکات

# من دەمەوێت ... بای عیشق هەڵبکاتەوە

هەرێز ڕۆژیار



"من دەمەوێت"
کە تریفەی مانگ لە کانی مارە بکەم!!
گوڵەکان لە چنگی وەرین دەر بهێنم
ڕووبارەکان لە تاشە بەرد پاک بکەمەوە ،

))من دەمەوێت"
هانی گوڵەکان بدەم ، وەکو گوڵە بەرۆژە
خۆیان لە ناپاکی بە دوور بگرن!!

"من دەمەوێت "
ئێواران دەستی نەسیمێک بگرم و





لە سایەی درەختێکدا پشوویەکی پێ بدەم!!

))من دەمەوێت "
مانگ لەسەر گازەرای پشت بخەوێنم
بە پرژەی عیشق گولەکانی باخچەی موحەبەت ئاو بدەم

" من دەمەوێت "
بەدوای خۆمدا بگەڕێم خۆم و
ئەستێرەی بەختم لە ئاسمانی سیا بدۆزمەوە!!
بە فڵچەکەی سلڤادۆر دالی شەقامەکان
یەک پارچە رەنگ بکەم بۆ ناسینەوەی
بایەکی رەدوو کەوتوو!!



لێرەوە.......
"من دەمەوێت"
کە لەگەڵ خۆمدا بەشەر نەیەم و
ئاسمان پڕ نەکەم لە  ئەستێرەی کوژرا و
سوێندی باخچە نەدەم ، تا نهێنیەکانی
جووت بوونی دووکەناریم بۆ باس بکات
ئیرەیی بە باخچە نەبەم
کە ئەوان هەمیشە دووگیانن بە راموسان!

"من دەمەوێت "
کاتژمێرەکەم لە ڕاڕایی قوتار بکەم
دڵم لە هاتنت بە ئاگابهێنمەوە
دەریاکان بێدار بکەمەوە کە دەچنەوە سەر
ڕەگەزی بەفر ،

"من دەمەوێت"
لە نەبوونی تۆ
جەهەنم رابخەم بۆ
مانگ و
تریفە و
خۆر و
زەردەپەرو
پەلکەزێرینە!!

))من دەمەوێت "
لە نەبوونی تۆ
لای لایە بۆ گۆرانیەکان بکەم
بێشکەی خەمێک رابژەنم
ساوای ئەم دڵەم بە شیری هەنجیرێک تێر بکەم!!

ئای خودایە چەند ئیشم زۆرە!!
بەقەد ساتی ماچکردنی پەپولەیەک لە لیوی گوڵ من ئیشم زۆرە
بەقەد وێڵبوونی پەروانەیەک بەرەو مۆمێک دەروات سەرقاڵم

لێرە
ژیان = بە تۆ
تۆ = بەژیان
عیشق = وێڵ بوون





وێڵ بوون = عیشق

لێرە
رۆژ هیچە
مانگ کۆکردنەوەی رۆژە هیچەکانە
هەر بەم چەشنە ساڵ بە مانگە هیچەکان ئاوس دەبێت
تۆ لێرە نیت
هەموو شت = هیچە

تۆ لێرە نیت پەنجەرەکان تەمی هەناسەی شیعرێک دایپۆشیون
ماسی لە دەریا زیز بووە
گوڵە بەرۆژەکان لە خۆر تۆراون!!

"من دەمەوێت "
لە نەبوونی تۆ منیش پشت لە خۆر بکەم
تا تۆ دێیتەوە مان لە خۆم بگرم!!

ئای خودایە چەند سەرقاڵم!!
بە قەد لۆچەکانی دەموچاوی نەنکم سەرقاڵم!!

٢٠١٣/٢/٢٢



شەویار گولابی ئازەر

# هایکۆ

چ شێتانە
جووتێ پەنجەی لەرزۆک
چەترەشێتی زستانن !
***
من و ڕەشەمەو حەسار .
حەسار لە مندا و
من لە تاریکی .
***
لە بەرزترین نیگاکانی باران ـ
"چەتر"ێک

هەوری زاماند .
***
بەهار گریا
لەژانی پەنجە زامارەکان و
چەتریش مرد .
***
گوڵی ئەم بەهارەش نیم
" پشکووتن "
چەترەکان بێسێبەرن .
***





بمبوورەشنەی بەهار
داغی پۆلایین ـ
گرفەی ناخمە.
***
پێی بڵێن : خۆڵی کامەگوڵن ؟
" با "
چیتر نەتانخووسێنێ !
***
ژەنگی نارنجینەکان
دەدزێ " باران " ـ
لە باخەڵی بەهار .
***
من ـ
لەچێژی تەمەن بەفر و بزەهەنیسک
تۆش کاژستان .
***
من توورە
لەگریانی بەفر و
تۆش لەپێکەنینی باران.
***
سەیر پێدەکەنێ ـ
گوڵ
لەپووشاڵی سەرسمتی تەونچن.
***
پەنجەبۆژۆ

چ گاسی تامێکە
ڕەخسی کەوچک و دەورێکان !
***
دایکم دەڵێ :
چرای گش چوارڕاکان سوورن و
من قژم سەوز !
***
" گەشبین " تر
لەچاو ـ
بەڕەشترین ڕەشەبارانیش دەبینن .
***
جلەکانت و مەمکەکان هەتیون و
گن...! گن، گمەی دێ
" گۆلاو "
***
من و جلێکی ڕۆمانسی
گوڵیش بێشۆرت و
"دایک"م زەریا .
***
کۆڵانێکی بەرتەسکە
باوێشکی مەمک و
دەربازگەی حیزی !
***
ئەو
سەماکەری مەمکیسم و

من بۆگنی بەندی ستیان .

***

کارت پۆستاڵی دڵ

"سێکس" ە و

ئێسقان ئاگر و چاویش کرۆشمە

***

ئۆدکلۆنی کراسە

" ئارەق "ە و

پووڵی گیرفانیش، ئەسپێ .

***

میاوە میاوت

هەناسەخرفاوی بن دیوارە و

ناڵەژەن .

***

تاوانی چێ ؟

ئەو کیژەی تامی حیزی تۆی لێدەباری

"ژەم"

***

تاوانی چێ؟

حیز باران دەخووسێ

کوڵمەو ماچیخۆڕایی .

***

ڕاوەشێن ئارام

شڵپەژانە شوورەتر

دەستگێری حەمام

***

تەڕتر لەشێک ـ

نامەی کچێ لەباغەڵی شەرمەوە

هەراس

***

من ـ

کچەمەیموونەکەی پاییزم و

دەرزیش دەسماڵی سەر شان .

***

کیژەکەی باران!

گریانی ئاسمان،

مانگرتنی ژانی بەستەڵەکە.

***

ناڵەکەی قژڵستان

چ شێنییە شڵقەی کەوش و

باران

***

چ لە بەختی سەرما

زیڕاندی

قژەی ڕوومەتی ناڵێ

***

ژێرەوان

بەر لە تۆ ناڵێ گەلای جووت

بە بۆنی هەنار

***

کەوشەکان دامەکەنن





خشپەی پێ

جەنگاوەری پاییزن

***

پەلەتر جەنگاوەر

ورینگەم سارێژ

لاجامەی تفەنگ سڕ

***

ڕادەخا سەر فەڕش

ئاگری حەقایەتێک شۆڕ و

چاو لێڵ

***

ئەوسنانە چێژی شەیتانی

شەتەک دەدڕێ لەش و

تەوێڵ

***

ویژەی گوللە و

سێ ئێفێک ـ

جانتای ناڵێ ئاسفاڵت دادەڕنێ

***

دەنگی سەگێ ڕۆدەچێ قاپێلک و

کاڵتر لە جێژنێ

ڕوح

***

دەپلیشێتەوە

گوزەر بە شاردا و

قاپێک ئاو ڕۆ کەیتە سەر

***

پۆلیس، کوڵبار ـ

ئەلەرێتەوە کۆڵان

فێرگە بەتاڵی منال

***

لە شۆڕشدا مەفرێ

بێزاوین لە نەترازان

کوڵەکستان

***

تاقەتت چەن جارزە کچ؟!

تێتدا گوزەر بکا

نەوت و گڕ

***

شۆڕش تەقەی نایا

دایک پەراوێزە و

شەقام فشەی دێ

***

کەنینە شەومال

بە خەونی ناڵێ خەوتووە

خۆفرۆش

***

# گاڵتەوگەپی شەوێنە

ئاسۆ چرپە

ووتم : بەبێ تۆ من کەسم نییە.

ووتی: درۆمەکە برێ خوشک و برات هەنە.

ووتم: بەخوا شێت بوومە بۆ بینینت.

ووتی: ئەی نەگبەت .

ووتم: دڵەکەم ئەی تۆش بومن نەسوتاویت؟

ووتی: هەی گەمژەی دواکەوتوو، تۆ بەم شەوە بتۆپی لەم جەنازییەت باشتر نییە؟

ووتم: بڕوابکە شەوانە تا سێ و چوار خەوم نییە ، بەردەوام وا لە گیانمدا دێت و دەچیت.

ووتی: شاری بێ حاکمە.







ووتم: ئەگەر بێت و رەفزم کەیت خۆم دەسوتێنم.

ووتی: بیسومە ژنان لەداخی پیاوان خۆیان دەسوتێنن، ئەو کارەشتان داگیرکرد؟

ووتم: وا قسەم لەگەڵ مەکە، ئارامم نەماوە ، تۆ نازانی چەندە تۆم خۆش دەوێ؟

ووتی: نەوەڵا ، کوابزانم بەمەتره ، بەباقەیە ، بە گۆترەیە ، بەکیلۆمەتره ، بەچییە؟

ووتم: بەقەد جوانی مانگی چواردە.

ووتی: کام مانگ ؟

ووتم: بۆ چەند مانگ  هەیە ، جگە لە روخساری جوانی تۆ.

ووتی: درۆزن تۆ باسی من دەکەی یان تاشەبەردێک؟

ووتم: ئەلوو .... ئەلو گولە خان، تاشەبەرد و ماشەبەردی چی ، مەبەستم جوانییەکەتە شەوقی لەمانگیش بڕیوە.

ووتی: دەترسێم بەهەڵە ژمارەکەت لێدابێت ، گەلحۆ.

ووتم: نا گیانەکەم ، ئەی تۆ گولە خان نیت ؟

ووتی : نەخێر، حۆلە.

ووتم: ئەی چۆنت زانی من ئەحۆلم؟

ووتی : ئەحۆلم نەووت، گێلە.

ووتم: ئەی چۆنت زانی من خێلەم؟

ووتی : خێلەم نەووت ، دوابڕاو.

ووتم: ئەی چۆنت زانی من نانبراوم،

ووتی : نان بڕوام نەووت، هەی دێزە.

ووتم: ئێوایە قسەکانم هەمووی پێزە.

ووتی: رەبی ئەو شەوە باوکت لە خەفەربوایە نەک لەلای دایکت.

ووتم: دەی واز لەدایکم و دایکت بێنە، ئیتر مەنجەڵ سەرقەپاغی خۆی دۆزیوەتەوە.

ووتی: بەخوا کوری وەک تۆسوکم نەدیوە.

ووتم: باوڕم پێبکە ماوەیەکە بەو بۆنەوە عەتری قورس بەکاردێم تا قورس و رەزا سوک بم.

ووتی: ئەوە سەرخۆش نیت؟ بەم شەوە ناوەختە خەڵکی بێزاردەکەیت؟

ووتم: نەوەڵا، بەڵام واهەست دەکەم ژێرەوەم تەڕبووە.



ووتی: ئێ راستیان ووتوە تف هەڵدەی بۆ ئاسمان بەر دەم و چاوت دەکەوێتەوە.

ووتم: کام دەم و چاو ؟

ووتی: دیارە تۆ هەژیهای حەوت سەری ، هەی سەرە خۆرە.

ووتم: ماشەڵا لەوەتەی قسەدەکەین پێکەوە تۆ هەر هێرش دەکەیت و منیش هەر بەرگری ، ئێستا ئەگەر دەتەوێ گۆڵ بکەی دەی فەرموو؟

ووتی: زۆر تەنگاوت کردم ، هەی چەنەباز .

ووتم : رێکەوتێکی باشە ، منیش لە سەر ئاوەوە قەسەت لەگەڵ دەکەم ، خۆ بۆنەکەی مزعیج نیە؟ تاقانەی دڵی بالە.

ووتی: بالە؟ چ ناوێکە بۆ خاتری خوا، تۆ مرۆڤی یان جنۆکە.





ووتم: ئەوە ناوە نهێنێکەمە لەدەورت گەرێم وەک مزەح ، لەڕاستیدا ناوم تاڵە.

ووتی: دەک رەبی ناو ناتۆرت ئاو و ئاوچێ.

ووتم: دەتواخوا راستم پێ بڵێ منت خۆشەوێ یان نا؟

ووتی: گوژاڵکێکت بخواردایە لەو قسەیە باشتربوو ، هەی نەفام ،کورانی زانکۆ هەمووی بەدوامەوەن.

ووتم: بۆناکا ڤیتار ڤیتارێنەبکەی لەگەڵیان، کچێ بەخوا شێت دەم جگە لەخۆم کەسێکی تر پشتی تۆبگرێت.

ووتی: یەکجار واش نا ، بەڵام زۆر جار لە جێتیم پارەی کافتریا ئەدەن.

ووتم:  ئێ وابڵی وەخت بوو بم پسێنی، ئەوەیان قەینا ، چونکە خۆت دەزانی من ئێستا بێپارەم رۆژ تا بەیانی هەر تەزبێح بائەدەم .

ووتی : ئەوە بەڕاستە!؟ یەعنی تۆ بێپارەو بەتاڵی.....؟

ووتم:  بۆ خۆ عەیبی تیانیە، وەک گەنجانی وڵاتەکەم سەرەتا دەچینە خانوی کرێوە، دوای بیست و پێنج ساڵ ئەم کۆڵەنەو کۆڵانە یاری من زۆر جوانە، حەزناکەم کەس بیبینێ ، لە چاوەزار بەدوور بێ . پاشان  زستان کۆی دەکەینۆ ، پایز سولفەی دەکەینۆ ، بەهار لێکی دەدەینۆ ، هاوین خوردی دەکەینۆ،  خانوو بەکرێ دەگرینۆ.

ووتی: ئاه ، تا ئێستا کەسێکی وەک تۆ سادەو دڵ پاکم نەدیوە بەقوربان دەڵت بم، کوڕە باشەکە.

ووتم : راوەستە کچێ ،خۆت لێم نزیک نەکەیتەوە، جارێ من و تۆ بەیەک حەرامین ، ئەو قسانەی کرمان هەمووی گاڵتەبوو، بەراستی تێنەگەیت ، من پیاوی ماڵ و منداڵ و لانیک راژەنین نیم، بالە ئێستەوە پێت بڵێم، دوای با نەکەومە زمان درۆزنەوە.

ووتی: کورە سوێندبێ، بۆنی ئەو شوێنەی لێی دانیشتووی، بۆمن لە بۆنی عەترو رەیحانە خۆشترە، خەمی هیچت بێ من کچە تاقانەی ماڵەوەم ، تا ئێستا بچوکترین داواکاریم لەلایەن باوک و دایمەوە رەت نەکراوەتەوە، بەتایبەتی لەلای برا شیرینەکەم.

ووتم: هیهیهی ... براتیش هەیە؟دەی بابزانم ناوی چییەو چ کارەیە ؟

ووتی: ناوی بۆرەیە و چەقۆ وەشێنە، تا ئێستا نزیکەی ١٠ کەسی گەیاندۆتە خەستەخانە.

ووتم: چی....؟ کەشتی نوحی پێیە؟ کورە بەخوا بەخۆم و عەشیرەتەکەمەوە ئینجا ٣٠کەسین نەکەی بە حوب حوێنەی من و تۆ بزانێت؟ دوای پیس لێت تورە دەبم.

وووتی : خەمت نەبێت ، من چۆن دڵی دڵدارەکەم دەشکێنم.

ووتم: وەی بەقوربانی نەعلەکەی دایکت بم ، وەرە سەد گۆچانم لێبدە، لەبەر خاتری بۆرە قەینا بیکە بە ١٠١.

ووتی: مژدەیەکی خۆشم پێیە.

ووتم: بیکە بەخاتری دڵی خۆشەویستەکەت ، جارێ مەیڵێ با خۆم پاک بکەمەوە، لەناو حەوشە پێم بڵێ.

ووتی: وەی بەسەر چاو.

ووتم: زانیم ، هەر ئاشقم دەبیت، فەرمووی ئێستا مژدانەکەم بدەیە .

ووتی : خۆ تۆڕە نابی؟

ووتم: کچێ ..... ئەرێ سەرەتا پێم بڵێ تۆ کچیت یان بێوەژن؟ بەهەر حاڵ گرنگ ئەوەیە کەبۆیەک بووین لە کۆتاییەکەی لێک حاڵی بین. ئەوە بەڕاستە، بەخوا ئەگەر بڵێی بۆرەم بۆ دارکاریکە هەرئێستا بەنەخوێنەکەم توند دەکەم و هەڵەکوتمە سەری، ئەی چۆن ئەی ئەوە نییە دەڵێن ئەشق سنوری نییە، نەگەرما ئەزانێ ، نەسەرما ، باکی نییە لەمەرگ ، من تەواو گیرۆدەی تۆبوومە ، دەی کوا وەختە مژادنەکەم بیرچێتەوە.

ووتی: تەواو تەحمولم نەما ، وا موبایلەکە ئەدەم بەدەست بۆرەوە .

ووتم: چی ...؟! گاڵتا ئەکەیت ، دەتەوێ من بترسێنی؟ کوابیدە بەدەستێوە بزانم چ پیاوێکە ، ئەو بۆرەو مۆرە وا بۆتە فس فس پاڵەوان.

بۆرە: ئەوەچی دەڵێی ، وادیارە لە گیانی خۆت بێزاری ، خۆ بەتەمابووم تۆ بکەم و دەست بدەمە کارێکی باش و واز لە کوشتن و مشتن بێنم ، بەڵام بەسی جزمەی قورئان تا ڕەوانەی تەوارییەکەت نەکەم ئەو تۆبەیە نەکەم.

ووتم: توخوا ببۆوره ، پیاوی چابە ئەوەی من کردم تۆ نەی کەیت ،برۆ تۆبەکەت بکە، وەڵا دەڵێن تەوارێکە هەموو بۆتە زرتە زەلام تاکە زەعیفەیەکی تیانەماوە، ئەگەر تۆ ڕاست دەکەیت ، ڕەوانەی ئەهلییەکەم بکە ، بەخوا هەرچی ناسک و نازدارە لەوێیە، هەردەڵێی تیشکی خۆریان پێنەکەوتووە ئەوەندە ناسکن ، بەقومێ ئاو دەکۆکن ، قوربانی چاوی مەست و دەستی نەرمیانبم ،وەی وەی وەی ، هەردەڵێی مەساجت بۆ ئەکەن ئەوەندە خۆش چاسەرت دەکەن ، دەرزی لێدانەکەیان وەک لۆکە نەرم و بێ ئازارە.

بۆرە: دەرگاکە بکەوە دەنگتم ناسییەوە، تازە فریای تەوارێکەش نەکەوتی، هەی نەگبەتی







پێ پەتی .

ووتم: ئەی خوایە لەتۆ بەزیاد بێ، بەس نەبوو خەوبوو ، دەنا ئێستا بەدەستی ئەو بێ مفاوەزاتە لەگۆڕابووم.

نا، نا... چیتر نایکەم حوب و حەبلێنە، تۆبەبێ ئیتر نێوان من و تۆ گڵینە ، لەمەو دوا ئیتر وەک شاعیر دەبێ بکەم وڕێنە. بژی وڕێنە..... بژی وڕێنە، ئەگەر هیچش نەبێ باشترە لەکاری خۆترێنە، زر خەوی کردم ئەو بێ دینە . وەخت بوو بم مرێنێ لەم زەمینە، قەینا موستەحەقم بۆرە وەرەوە بم ترسێنە، بمکە بەعیبرەت و وازم لێمەهێنە، سێ جەمە دەرخواردم بدە ترخێنە،

باچیتر نەکەم گاڵتەو گەپی شەوێنە.



# چوار پەخشانە شیعر

خالید مەجید فتحوللا

## ١- پێم ناکرێ!

پێم ناکرێ بێ تۆ بژیم، دوور بم لە تۆ
بەس ئەم تیشکە.. هەڵوەرێنە
بە خولیای خۆت.. نیشانەمکە
بەچاو، بەدڵ
وەک حەزێکی دوور و درێژ
شەوی تەنهاییم بهەژێنە

*      *      *

پێم ناکرێ، بێ تۆ بژیم، دوور بم لە تۆ
هەر تۆم دەوێ.
تۆیەک بە خەندەی جوان
بە نیگای ڕووت و گەش
بە هەستی منداڵیی... ژیرم کاتەوە
تۆم دەوێ... ئەمڕۆ، نەک سبەی









ئەوە دڵم... با قسەت بۆ بکات!

*      *      *

پێم ناکرێ، بێ تۆ بژیم، بێ وەستانی تۆ
لە پاڵ کانییەکی بنار چاوەڕوان بم
هەر ئەوەندەت پێ دەڵێم:
لە هەر جێیەک بی،
وەک کۆرپەی ساوا... بۆ لات دێم.

*      *      *

## ٢- ڕەش و سپی!

ببوورە گەر پێم وتی:
قژت تاڵ تاڵ سپی تێکەوت
ڕەش و سپی وەک وشک و تەڕ
لە کۆشی یەکدا... نوستوون
من و تۆ نەبێت وەک میوانێکی بەدبەخت
شەو و ڕۆژی خۆمان نەژمارد
لەگەڵ سەفەرێکدا.. بێ خەیاڵ بووین
مۆڵەتمان نەبوو بە عەشق بڵێین:
ئێمە چاوساغی تۆین
ئێمە پڕین لە تامی خۆشەویستی
تەمەنمان لە چاوەڕوانی هەڵخست و
دڵمان لە ژێر بارانی بەیانی
پڕکرد لە خەندەی یەکتر...
ئەی ئەو شۆخەی،
کە هەموو بەیانییەک دێمەوە لات
هاڵاوی ئەم برووسکەیە.. نامتۆقێنێ
دێم و، بە زەردەخەنەی تۆوە مەستم
ئارەزوویەک لەسەر لێومە..

بەر لەوەی بڕۆم،

بەدیار چاوەکانتەوە دەوەستم

*   *   *

## ٣- دوو دڵ نیم!

هەموو ڕۆژێ تۆ یەکجار دەبینم

یەک ڕێگەم هەیە بۆ دیتنی تۆ

نزیکم بە ئەی گوڵ...

دوو دڵ نیم بەڵێنت یٚ بدەم

پێبکەنە وەک دێڕە هەڵبەست

تا ببینیت...

چ خولیایەک لە سینەمدا،

درێژترە لە هەناسەت!

*   *   *



## ٤- ڕۆژ!

ئەی ڕۆژ... تۆ وەک من،

خوێن لە سینەتدا نەهاتە خوار...

کە هاتمە بەر دەرگەیماڵی تۆ

بە ئارەزووی سەفەرێکەوە..

تۆ لە وەختێکدا سەیرت کردم

هەموو شتێک لە برینی مندا،

بۆنی مەرگی لێ دەهات...

کە تۆ وەک زەردەخەنە،

منت خستە سەر لێوی خۆت

گوڵم گرتە دەست و.. گلەییم نەکرد!

*   *   *

ئەی ڕۆژ... وەرە ماڵم

بە تۆزی سەفەرەکانی جارانتەوە







بە خەیاڵی ئەو ڕۆژانەی

پڕبوون لە پێکەنین شیعر!

لە خۆتی مەشارەوە،

تۆ سەردەمێک لە لێوەکانما..

وشک بوویتەوە!

*   *   *



ئەی ڕۆژ... لە نزیکەوە

بمپەڕێنەوە ئەوبەر...

من چاوم دادەنێم و

تۆ لە ناویا بفڕە...

من گۆناکانم هەڵدەخەم

تۆ بە خەندەی بولبول

وەرەپێش... من ڕابێنە!

بە تکەی شەونم... بە بۆنی خاک

بەدیار اسارییەکانەوە.. بوەستە!

*   *   *

ئەی ڕۆژ... بانگمکە

پێکەوە بچینە سەر کەنارە دوورەکان

ئەمەیە دونیای ئازادی تۆ،

لەسەر فەرشی هەموو جوانییەک

کە تۆ بەڕێوەیت،

بەدیار دزەنیگای چاوەڕوانی خۆمەوە

پڕ دەبم لە ئاگر و با

وەرە دەستم بگرە،

تا لە پووچی ئەم زەمانە بێمە دەرێ و..

بمخەرە پێش خۆتەوە!

کەرکووک/٢٠١٢

# زەمان و پەیوەندی

ئەرسەلان چەلەبی —بۆکان



زەمان
رێگرێک تەنیایە
تەنیاتر چەکی سەر شانی
کە رێبوارێک گوزەری بدوێ
"برایەتی دەلاقەیەکە بۆ چەک"
بێ پەلامار
رێگر دەلاقەیەک بوو بۆ تەنیایی
تەنیایی بیانوویەک بۆ چەک
کە خۆکوژی رێگر
دەلاقەیەک نەبێ...
ئەگەر پەلاماری چەک







رێبوارێک نەفەوتێنێ
ئەگەر چەک تەنیاتر رێگرێک شک نەبا
"برایەتی دەلاقەیەکە بۆ چەک"
رێگرێک
چەکی ڕێبوارێک دەناسێتەوە!

پەیوەندی
پیاوێک کە زەینی
چارەزەردترین داهاتووی کەلاوەیەکە
پیاوێک کە پینەی پێڵاوی
پەیوەندی سەرشۆڕی و سەربەرزییە
ئەگەر دەرگای ماڵەکەی
خۆی پیس کا و
کوڵان نوقمی رێبوارێک بێ_بێکلک.
ئەگەر وڵاتێک
لە ماڵیدا بگونجێ
ژنێک بە روومەتی دەنەخشێ
کە زەینی
گەشترین زەرداو بێ بە رووی...
ژنێک کە سینگی دڕی
پەیوەندی گۆڕستان و ئەوین بێ
ئەگەر پەنجەرەی دڵی
بکرێتەوە بە رووی کەلاوەیەک
کە پیاوێک تنۆک تنۆک_بڕزێ.
پەیوەندی پیاوێک پێڵاوێکە
بە سەر سینگی ژنێک_دەژاکێ.





دەروون یاسین

# هەناسەکانم هۆگرت بوون



(۱)

جیهانێکم هەیە

لەتەنیایی ژورێکی

بچوک لەژیان

(۲)

ناتوانی بەچاوەکانی من

تەماشای ژیان بکەی

(۳)

تەنیایی روخساری

شێواندووم ترسم هەیە

نەمناسیتەوە





(٤)

عەشقی تۆ !

دێت و بەناچاری

دەفتەری یادەوەریەکانم پێدەکاتەوە

(۵)

شەوانە لەخەونەکانمەوە

سپیاییەک دەبینم ،

لەوانەیە

تۆ

بیت !

(۶)

تەنیام مەکە

تەنیام مەکە

بێ تۆ وشک هەڵدەگەرێم،

(۷)

لەدوای کۆچی تۆ

برینێکی تاهەتای لەدەروونم دا

بەجێما

(۸)

تۆلە کوێی .

لەخەونەکانییشمەوە

دیارنیت

(۹)

کاتێی تۆ دیارنی

وەک بەفری تواوە

دەچم بەناخی

زەوی !

(۱۰)

من ناسک بووم !

بەرگەی ئەو شەپۆلە

تەنیاییانەی تۆ ناگرم

(۱۱)

زەوی دۆزەخە

لەخەیاڵەکانمەوە

ژیان !

جوانترە

# هەڤپەیڤین لەگەڵ عەلی ئەشرەف دەروێشیان (رۆماننووسی هاوچەرخی ئێران)

دوایین بەش




و: لە فارسییەوە: بابەك سەحرانەوەرد

گزنگ ۱۰۲
ئایار ۲۰۱۲



گزنگ ۱۰۲
ئایار ۲۰۱۲

عەلی ئەشرەف دەرویشیان لە چەن دێڕ:

عـەلی ئەشـرەف دەرویـشیان، رۆمـان نـووس و رووناکبیری هاوچـەرخ، لـە دایکبووی کرماشانە. لە سەرەتای پەنجاکانەوە سەرقاڵی نووسینە و تا ئیستا چـەند کۆمەڵەچـیرۆک و رۆمـانی بڵـاوکردووە. بـەناوبانگترین بەرهـەمی دەرویشیان رۆمانی گەورەی «ساڵیانی هەوری» لە چوار بـەرگ لـە سـەردەمی خۆی بایەخی زۆری پێدرا وخوێنـەری زۆر بـە دەوریـیەوە کـۆ بـوو. دەرویـشیان تەواوی بەرهەمەکانی بە زمان فارسی نووسیوە ، ئەگەر چی تـا ئێـستا چـەن وتاری لەسەر زمان و ئـەدەبی زگمـاگی بڵـاوکردووە ، بـەڵام بـە نووسـەرێکی فـارس زمـان ناسـراوە. نـاوبراو لـەم گفتوگۆیـەدا زۆرتـر لەمـەڕ روانگـە و هەڵوێـستە تاکەکەسـییەکانی خـۆی و پڕۆسێـسی داهێنـان و بـار و دۆخـی رۆشنبیر لە جیهانی مۆدێڕنیسم و ئاستەنگەکانی ئەم جیهانـە تونـد و تیـژە و هەروەها لە رابردووی خۆی بۆ ئێمە بە زمانێکی ساکار و خۆمانە دەپەیڤێت.

**پ: بەڕای ئێوە کەی دەتـوانین لـە ئـەدەبی پۆست مۆدێڕن ببین بە خـاوەن ئـەزموون یاخود بەم شێوە بنووسین؟**

و: ئەو کاتـە دەتـوانین کـە کۆمـەڵگای ئێمـە نیـــشانەکانی پیـــشەسازی تێـــدا دابـــین کرابـیٚ.ئەوکاتـەی کـە گۆڕانکارییـەك لــە کۆمەڵگای ئێمە ڕووبدات و هەموو شـتیٚ، لـە مۆسـیقاوە بگـرە کـە دیـارە لـە هـەموو هونـەرەکان ناسـك تـر و بەهەسـت تـرە ئاڵووگۆڕی بەسەردا بێت.لە مۆسـیقای ئێمـە ئەم ئاڵوگۆڕییە نەڕخساوە کـە لـە ئەدەبدا بڕخسێت؟ دەبـیٚ دوای ئەمـە لـە ئـەلفوبێی نیگارکێشان و هونەری شێوەکاری کـە زۆر بەسـۆز و هەسـترە خـۆی بەرجەسـتە بکاتەوە، لـە شـانۆدا بێتـە ئـارا، ئینجـا لـە دوایین قۆناغدا دێتە نێو خانەی ئەدەبەوە.

**پ: لـە جیهـانی مـۆدێڕن وا هەڵکـەوتووە کە ئەم گۆڕانکارییە سەرەتا لە مۆسـیقا و نیگارکێـشی ڕوودەدا ئینجـا دێتـە نێـو جەرگەی ئەدەبەوە، بەڵام ئێمە لە بـواری مۆسـیقا و نیگارکێـشی هەمیـشە تووشـی کـەموکوڕی و گیر و گرفـت بـووین، بۆیـە**

**دەبێ ئەم ئاڵوگۆڕییە لە ئەدەب سەرچاوە بگرێت.**

و: ئەم گۆڕانکارییە لە ئەدەبی وڵاتانێك وەك وڵاتی ئێمە بەبڕوای من زۆر ساختەیی و ناڕاستەوخۆیە.چوونکا یەکێك دێت چیرۆکێك دەنووسێ، ئێمەیش لەبەر ئەوەی کە لەو دوا نەکەوین وەکوو ئەودەنووسین کە لە واقیعدا لە ناخی ئەو نووسەرە هەڵنەقوڵاوە.لە ناخی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئێمە بەرهەم نەهاتووە و هیچ پێشینەیەکی نەبووە.واتە پێش ئەم شتە بنچینە و کۆڵەکەی بۆ دابین نەبووە کە هەڵبەت دەبێ دابین بکرێت.

**پ: ئەمڕۆکە گۆڕانکارییەك لە گۆڕەپانی ڕۆمان نووسیندا لە جیهان بەدیهاتووە.ئیدی ئەو ڕۆمانگەلەی کە بە شێوازی کلاسیك و کۆن دەنووسران، بایەخیان نەماوە.ئەم گۆڕانکارییە وەکوو ئەو  شێواز و ڕێکارە کە میلان کۆندێرا لە ڕۆمانەکانی بە کاری دەهێنێت.ئێوە چلۆن ئەم مەسەلەیە ڕاڤە دەکەن؟**

و: ڕاستییەکەی میلان کۆندێرا بەڕای من نووسەرێکی تایبەت نییە.نازانم بۆچی؟ بڕێ جار وا هەست دەکەم کە چۆنکا لە پارتی کۆمۆنیست دەرکراوە، هەمووی ئەو شتانەی کە لە دەقەکانی باسیدەکا بە هۆی گرێیەك کە لە جەماعەتی کۆمۆنیست هەبووی ئا بەم چەشنە لە ڕۆمانەکانی دەریدەخا.بە هەر ڕووی منیش ماڤی ئەوەم هەیە ڕۆانگەی خۆم بڵێم.پێشوازییەك کە لە ئێران لە دەقەکانی ئەو دەکرێ بەڕای من پێشوازییەکی ڕاستەقینە نییە چوونکا ئەو کەسانەی کە کتێبەکەی دەخوێنن تەنیا دەیانەوێ کتیبێکیان خوێندبێ. ئەمەیش بە جۆرێك دڵخۆشکەرەیە کە ئێمەیش لەو سەردەمە وابووین.بەڵام با ئەم قسەیش ئاڕاستە بکەم کە دەقەکانی کۆندێرا بە دڵی من نین.نازانم بۆ؟ بە جۆرێك هەست بە نامۆیی لەگەڵی دەکەم.هەموو بەرهەمەکانیم خوێندووە بەڵام چێژی لێنەبردووە.

**پ: ئەو پێشنیارە کە میلان کۆندێرا لە ڕۆمان نووسیندا ئاماژەی پێدەدا، بە چ شێوەیەك لێکیدەدەن؟**

و: ئەم ڕەوشت و شێوازگەلە  بە هەر ڕووی ڕێ و شوێنێکی نوێیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن.بڕوانە، ئەگەر بڕیار وابێ کە هەموو ڕۆماننووسەکانی دوونیا، هەموو نووسەران بە یەك شێوە بنووسن دیارە ئێمەش دەچین و تەنیا بەرهەمی یەك کەسیان دەخوێنین.بەڵام زاتی هونەر ئەمەیە کە جۆراوجۆرە.هونەر واتە جۆراوجۆری.واتە لە شێوازگەلی جۆراوجۆر تەماشای جیهان بکەین و لێی وردببینەوە.واتە ئەو قسەی کە من بە شێوەیەك دەریدەبڕم، ئێوە بە چەشنێکی





دیکە سەیری بکەن.هونەر واتە کەسایەتی خودی مرۆڤ  و چون کەسایەتییەکان جیاوازن دیارە هونەریش دەبێ جیاواز بێت.هەر کەسێك دەتوانێ و ئەو ماڤەی هەیە کە شێوازگەل، ڕێکاری چەشناوچەشن لە ئەزموون بدات.بەڵام من دەڵێم دەبێ شێوازێك بەدی بێنم کە لەگەڵ خوێنەرەکەم هاوشان بێت.واتە بتوانم لەگەڵ خوێنەر پەیوەندییەکی لێهاتوو و ئینسانی ساز بکەم.ئامانجی من ئەمەیە.چوونکا کێشەی گەورەی کۆمەڵگەی خۆمان بە جۆرێك لە کەمتەرخەمی بۆ خوێندنەوە هەڵدەقوڵێ.من ناچارم بەم کولتوورە پەڕە بدەم.من دژ بەو کەسانەم کە دەڵێن یەك بەرهەم ناتوانێت جیهان بگۆڕێنێ.من بە پێچەوانەی ئەوان دەڵێم دەکرێ.یەك بەرهەمیش دەتوانێ هەتا ڕادەیەکی کەم لەسەر جیهان تەئسیری هەبێت.

**پ: کە واتە هێرشی کۆمەڵگەی ڕووناکبیری یاخود نووسەرە ڕۆشنبیرەکانی خۆمان  بە بەرهەمگەلێ وەك (بەیانی خومار)٨ و نووسەرانێ وەك (فەهیمە ڕەحیمی)٩ چۆن هەڵئەسەنگێنن؟**

و: من دژی ئەم جۆر بەرهەمە نیم.تەنانەت لەگەڵ ئەو دەقە شێعریانە کە گەنجەکان دەینووسن دژایەتیم نییە.ئێستا لە کەسێك ناو نابەم.ئەگەرچی فرۆشی ئەم جۆر بەرهەمگەلە کەم بووە، بەڵام هیچ دژایەتیم نییە.من لە کاتی خۆی کتێبەکانی«محەممەد حیجازی و جەواد فازڵ»م ١٠خوێندووە.پێمان خۆش بێ یان نەبێ ئەم جۆر بەرهەمانە لە وڵاتی ئێمە بوونی هەیە.لە وڵاتانی دیکە هەموو جۆر نووسین بۆ ویستی خوێنەران بوونی هەیە.لە فێرکاری سەرەتایی بگرن هەتا دوایین قۆناغ.لە جەماوەری عەوام بگرە تا جەماوەری ڕۆشنبیر.هەر کەس بە قەد زەوق و لەزەتی خۆی دەچێ ئەو کتێبە کە پێی خۆشە دەکڕێ و دەیخوێنێ و کەسیش پێی ناڵێت تۆ بۆ ئەم کتێبەت نووسیوە یا بۆچی ئەم کتێبە دەخوێنی.بە هیچ چەشنێ وا نییە.

**پ: کە واتە باسی ئەدەبی پابەند چی بەسەر دێ؟ یا ئەم ڕوانگەیە کە دەڵێت نووسەر نابێت شوێنگری هەستە زووتێپەڕەکەی خوێنەر بێت؟ یاخود ئەو ڕوانگەیە کە دەڵێت نووسەر دەبێ خوێنەرەکانی هەڵکێشێتە بان.بۆ ئەمانە دەبێ چی بکەین؟**

و: پابەندی لە وێژە  و ئەدەبدا  بابەتی تایبەت بە خۆی هەیە.من چاوەڕوانی ئەمە نیم هەموو نووسەران بە وێژەی

پابەندەوە بڕوایان ببێت.هیچ کەسێك وای نەوتووە.بە هەر حالّ پێمخۆشە کە نووسەران پابەند بن.بەڵام ئەگەر نووسەرێ پابەند نییە هیچ دەسەڵاتێ ناتوانێ پەلاماری بدا.لەواقیعدا ئەزموون و ژیان و تایبەتمەندی سرووشتی و ڕۆحی ئەو نووسەرە دەبێتە هۆی ئەوە کە بەو شێوە تایبەتە بنووسێ.بەڵام من ناتوانم ئەوانە بگۆڕم.ڕەنگە بتوانم لە نووسینەکانم ئاڵوگۆڕییەك برخسێنم بەڵام هیچ بەربەستێکی تێدا نییە.ئەو نووسەرە ئازادە کە بە هەر چەشنێ دەیەوێ بنووسێت.ڕوانگەی من ئەمەیە کە ئەو نووسەرە رزگار لە هەر ئاستەنگێ چی پێ خۆشە بنووسێ.لە راستییدا بەبڕوای من هەموو کەسێ ئازادە بۆ نووسین.ئازادی لە دەربڕین و لە ئەندێشەدا.من دەتوانم ڕەخنەی لێبگرم بەڵام ناتوانم پێی بڵێم ناتوانێ بنووسێ.دەبێ بنووسێ و بڵاوی بکاتەوە.هەڵبەت دوا چاپ و پێش بڵاوبوونەوە نابێ هیچ بەرهەمێ سانسۆر بکرێ.نووسەر ئەگەر دوا چاپ تاوانباریش بێت، دەبێ بچێ بۆ مەحکەمە و خودی نووسەر لە واقیعدا بەرپرسیارە بۆ نووسینەکەی.

ئەوەیە کە دەڵێم لە ئەدەبدا بە پابەندبوون بڕوام هەیە.لە واقیعدا من کەسێکی سیاسی نیم.بەڵام نە ئەو سیاسەتە کە نووسەر بخاتە ژێر دەسەڵاتی حیزب.نووسەرانێکمان هەن کە حیزب بە وانی دەوت کە چۆن بنووسن و چی بنووسن.نووسەریش دەهات و ئەو ڕۆمانەی کە پێیان وتبوو دەینووسی و هەڵبەت رۆمانەکە دەسکەوتێکی نەبوو.وەکوو رۆمانەکانی تر هیچ دەسکەوتی نەبوو.

کاتێ حیزب بە نووسەرێ کە لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی خۆی بوو دەڵێ شتێ بنووسە، ئایدۆلۆجی حیزب و روانگەی حیزب و رێنامەی حیزبە کە ئەو نووسەرە پێی سەرقالّ دەبێ.بۆ نموونە پێی دەڵێن ڕوانگەی حیزب لەمەڕ شەڕ ئەمەیە.ئەویش دەبێ ئەم بۆچوونە لە بەرهەمەکەیدا بانگەشە بکات.ئەمە دەبێتە ئینشانووسین و بەرهەمی بێکەڵك.ئەو کاتە ئێمە قوتابی بووین، مامۆستا دەهات لەمەڕ بابەتێ ئینشای دەدا و دەیگوت هەمووقوتابییەکان دەبێ ئەمە بنووسن.ئەم شتە زۆر بۆ من گران بوو.داهێنەربوونی نووسەر و کەسێتی خودی نووسەر ئا لەم بوارەدا دەچووە ژێر پێ.

**پ: کە واتە لەو بڕوایەدان کە ئەدەب لە زاتی خۆیدا دەبێ بەرهەڵست و رەخنەگەر بێ؟**

و: لە بنەڕەتدا ئەدەب یاخود هونەر، واتە ڕەخنەگەری و بەرهەڵست بوون و دەبێ ئەم ڕەخنەیە لە ئەدەبدا بوونی





ببێت.هونەرمەندان دەبێ دژ بە بێداد و زوڵم و زۆر بوێستن و سەرکێش بن.بۆ؟ چون هونەرمەند دەتوانێ ئەم شتانە دەرك بکات.چوونکا هونەرمەند لە کۆمەڵگادا دەژی.لەگەڵ جەماوەر ژیان دەکا و لە چاوی خۆییەوە دەڕوانێ.دەبینێت کە بە دار و تێلا سەری کوڕێکی گەنج دەشکێنن کە بەڕای ئەوان لاساری دەکا.دەبینێت کە مشت لە کەللەی فلان خوێندکاری زانسگا دەدەن و پیرێژنێکی مردوو کە ۲۷جێگە چەقۆ لە لەشی دیارە.ئەمانە زوڵم و زۆرە و دەبێ هونەرمەند لە دەقەکانی بیگونجێنێ و بەرجەستەی بکاتەوە و ئاشکرایان کات.

**پ:بەڕێز دەروێشیان، هەمووی ئەم بەرتەکییە دەتوانین لە بەیاننامەیەکدا بگونجێنین.بە بڕوای من ئەدەبی ئەمڕۆ ئا لەم باسانە جیا نییە؟**

و: هەڵبەت ئێمە دەبێ ڕەسەنیەتی هونەر لە دەربڕینی ئەم مەسەلە فەرامۆش نەکەین.ئەم مەسەلە لە رێچکەی هونەرەوە دەبێ بگێڕدرێتەوە.چوونکا لە ئەدەبدا تەئسیرەکەی زۆرترە تا ئەو ئاگادارنامە کە ڕەنگە تەئسیرێکی زووتێپەڕی هەبێت.بەڵام چیرۆکێکی لێهاتوو و شیاو تەئسیرێکی درێژخایەن ئاڕاستەی کۆمەڵگە دەکا و لەگەڵیان ژیان دەکا و رێچکەیەکی ڕەسەنیان بۆ دەرخسێنێ.هەر کاتێ ئەم چیرۆکە دەخوێنن ئەو دۆخەی کە تێدا ژیاون هەمیسان بۆیان دەزێتەوە.لەم چل ساڵەی رابردوودا کەسانێکی زۆر هەبوون کە بەرهەمی هەرمانی و بەکەڵك و بایەخداریان داهێنا بەڵام ئەمڕۆکە بگرە هیچ نیشانەیەك لە دەقەکانیان نییە.ویستیان تێکستێکی هەرمانی داهێنن بەڵام لە ئاسایی ترین مەسەلەی هەررۆژەیی خۆیان دواکەوتن و فەرامۆشیان کرد.باشتر ئەوەیە کە بڵێم تووشی مەترسی بوون کە بێن و لەمەڕ کێشەکانی ئەمڕۆی خۆیان بنووسن.چوونکا نووسین لەمەڕ کێشەکانی خەڵکی هاوچەرخ، گیر و گرفت ساز دەکا.بەڵێنی دەدەم لە سی چل ساڵی داهاتوو هێندە ئاڵوگۆڕی دێتە ئاراوە کە کەسێك ناوێك لە مرۆڤە بەناوبانگەکان ناهێنێ.ئەمڕۆکە نیشانەکانی بە گەشی لە کۆمەڵگای خۆمان دەبینین.

**پ: دوا راپەڕینی ساڵی ۱۳۵۷ی ئێران، نووسەرانی ژن لە کۆمەڵگای ئێمە چالاکییەکی ئەوتۆیان گرتە ئەستۆ و بەرهەمی گرینگ و بایەخدار لەم بوارەدا بەدیهات.پێمان خۆشە بزانین ڕوانگەی ئێوە لەمەڕ ئەدەبی ژنانە چییە؟**

و: نە تەنیا لە وێژە و ئەدەب بەڵکوو لە هونەرگەلی جۆراوجۆر ژنان گەشەیان بە

زۆر شتداوە.بە هەر حاڵ ژنان هەستیان بەم شتە کرد کە لە کۆمەڵگە بڕێ کەم وکۆڕی و نوقسان هەیە و لە ڕێگەیەکی دیکەوە دەسیاندا بە ئەزموون کردنی نووسین و کەوتنە شوین هونەری خۆیان.لە دەرهێنانی فیلم، لە شانۆگەری، لە نیگارکێشی و فیلمنامە نووسین و لە شێعر زۆریان تەلاش کرد.بە تایبەت لە ئەدەبی چیرۆك خۆیان باش دەرخست کە ئێستا دەتوانم چەند کەسیان ناوبەرم:( زۆیا پیزاد– فەریدە ڕازی– فەرخوندە ئاغایی– ناهید تەباتەبایی).من ڕەخنەم ئاڕاستەی بەرهەمی چەند ژنە نووسەریش کردووە.لە دەقگەلی ئەوان ورد بووم و هەڵمسەنگاندوون و بەڕای من کەسایەتی سەرکەوتووی باشیان تێدا هەڵکەوتووە.

**پ: تۆزێ لە کتێبی(کوولتووری ئەفسانەگەلی نەتەوەی ئێران) بڵێن.بەشەکانی دیکەی ئەم پەرتووکە چۆن بە ئەنجام گەیشت و چی بووە هۆی ئەوەی کە قۆڵ بۆ کۆکردنەوەی ئەم بەرهەمە هەڵکەن؟**

و: لە منداڵی داپیرێم ئەفسانەی زۆری دەزانی و بۆ ئێمەی دەگێڕاوە.دوا ڕاپەڕینی ٥٧ی ئێران ئەو کاتە کتێبەکانم ئێزنی چاپیان وەرنەدەگرت، دەسم کرد بە نووسینی ڕۆمانی ساڵیانی هەوری.هەڵبەت منیش وەك هەر کەسێك دەبوایە ژیانم بکردایە.نەمدەویست بەر لە نووسین کارێکی دی بکەم.بەڵام ژیانم بە دەستەنگی تێدەپەڕی.بۆیە بریارمدا ئەم ئەفسانەگەلە بکەم بە کتێبێك.کتێبی هەوەڵ نزیك بە ١٣٥ ئەفسانەی دەگرتەوە و لەولایشەوە گیر و گرفتمان لەگەڵ وەزارەتی فەرهەنگ بۆ چاپی کتێبەکە هەبوو.تا ئەوەی کە لە دەوڵەتی بەڕێز خاتەمی، سەرۆك کۆماری ئێران، ئیزنی چاپی وەرگرت و بڵاوبوو.کتێبی دووهەمیش بڵاو بوو.ئەم کتێبە ڕەنگە ببێتە پانزە بەرگ و زۆربەی تەواو بووە.

**پ: دوا هەڵوەشانەوەی ئۆردووگای سۆشیالیزم(ستالینیزم) ئاخۆ تیوری ڕاستەوخوازی سۆشیالیزمی لە ئەدەب و وێژەدا هەڵگیرا و بوونی نەما؟ بۆ نموونە لە وڵاتی خۆمان دەبینین کەسێك شوێن بەرهەمی نووسەرێك وەکوو (ماکسیم گورکی) ناکەوێت.**

و: لەم کۆمەڵگەیە مەگین بەرهەمی«گورکی» بە درێژایی ئەم ساڵانە چاپ بووە کە وا دەڵێیت؟ بەدرێژایی ئەم بیست ساڵە کام بەرهەمی ئەو ئیزنی چاپی پێدراوە؟ من لەبیرمە تەنیا کۆمەڵە چیرۆکێکی«گورکی» لەلایەن«عەبدوڵڵا تەوەکول» وەرگێردراوە و لەم دواییەش چاپبوو.کتێبێ کە چاپ نەبێت نەوەی گەنجی ئێمە چۆن دەزانێت فامی





بکاتەوە کە گورگی چ نووسەرێك بووە و چۆن ڕوانگەیەکی بووە تا شوێن بەرهەمی کەوێت؟ نەوەی گەنج چاو دەکاتەوە سەر ڕۆمانێ کە بایەخی ئەدەبی تێدا نییە.ئەو بەرهەمە کە لە چاخی ئێمە چاپ دەبوون بە ڕاستی ئێمەی دواخستبوو، ئێستا تیراژێکی سەیر و سەمەرەی هەیە.بۆچی وایلێهاتووە؟ بۆچی بەرهەمی گورکی چاپ نابێت؟ بۆچی کارەکانی«شۆخۆلۆڤ» چاپ نابن؟ بەم جۆر کتێبگەلە ئیزنی چاپ نەدراون.منداڵەکانی ئێمە لەگەڵ ئەم جۆر بەرهەمە ئاشنا نین و تەماشا بکەن لە ڕووی کارەکانی گورکی چەنها فیلم درووس کراوە.

**پ: بەڕێز دەروێشیان، فێرکاری تیۆری بۆ نووسەر لە داهێنان و ئافراندنی بەرهەمێك تا چ ڕادەیەك دەتوانێ یارمەتیدەر بێت؟**

و: ئەگەر لە سەد نووسەر بپرسن کە ئاخۆ ئێوە لە سەرەتا تیۆری چیرۆك نووسین–تان خوێندوێتەوە یان ئەوەی کە دوا نووسەربوون ئەم تیۆریگەلە فێربوون، بە بڕوای من نەوەد و پێنج کەسیان دەڵێن هەوەڵ نووسەری– یان دەس پێکردووە و دوایی لە ڕێگەی خوێندنەوە و ئەزموونگەلە و حەزە کە بوویانە فێری تیۆری بوون.من خۆم یەکێك لەوانەم.من دوای ئەوەی کە چەند چیرۆکم نووسی دەسم کرد بە خوێندنی تیۆری ئەدەبی.بەبڕوای من خوێندنی ئەم تیۆریگەلە ڕەنگە ئێمە بە جۆراوجۆریە ئەدەبی و ڕێبازگە بەرفراوانەکان و پێکهاتەی چیرۆك ئاشنا بکات، بەڵام کەسێك کە ئەمانەی خوێندووە بە تایبەتی نابێت بە نووسەرێکی لێهاتوو.ئەزموون کردنی ژیان بەبڕوای من لە هەر شتێکی دیکە گرینگترە.

**پ: بە ستایل و فۆڕمی چیرۆك تا چ ئاستێ بایەخ دەدەن؟**

و: ئاگاداری لە فورم و تەکنیکی چیرۆك زۆر باشە.بەڵام دەبێ بزانین ئەم فورمە بۆچی باشە و لە کوێ بە کار دێت؟ فورم بە کاری ئەوە دێت کە من بتوانم ئەو شتەی کە هەستی پێدەکەم بە شێوەیەکی شیاو و لێهاتووتر بۆ خوێنەر بگێڕمەوە، فورم لێرە بۆ گواستنەوەی چەمك و هەستەکان بایەخدارە.بەڵام ئەگەر من بتوانم بەو هەستە کە هەمە ئەم چەمکانە ئاڕاستەی خوێنەر بکەم چی؟! تەنانەت ئەگەر باشتر لەو کەسەی کە بە تەکنیکی گونجاوترەوە دەنووسێت، ئێوە چی دەڵێن، ڕەنگە ڕەخنە بگرن.نووسەرمان هەیە وەك چیخۆف کە خۆی لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی تەکنیك ڕزگارکردووە،

بەڵام بەرهەمگەلەی ئەو ئێستاش بۆ خوێنەر هەر سەیروسەمەرە و تازەیە.هەڵبەت من ئاماژەم بەم مەسەلەدا و ئەمەم وت کە زانیاری لەمەڕ تەکنیك باشە.زۆریش یارمەتیدەرە.بەڵام ئێوە ئێستا ئەگەر لە چیرۆکەکانی چیخۆف ئاوڕ بدەنەوە و ناوی کەسایەتییەکانی بگۆڕن و بیکەن بە ناوی ئێرانی هەست دەکەن کە خەریکە چاخی ئێوە وەسف دەکا.چیخۆف هێندە بە فۆرم بایەخ و گرینگایەتی نەداوە.ئەمە کێشە نییە و نابێت رەخنە لە نووسراوەکەی بگرن.

**پ: ئێوە لەم چەند ساڵەی دواییيە هەژماردەیەك لە کۆبەرهەمی سەمەد بێهرەنگی- تان لە چاپدا.پەیوەندی ئێوە لەگەڵ ئەم نووسەرە هەتا چ ڕادەیەك بوو؟**

و:منیش مینا«سەمەد بێهرەنگی»١١ لەو تافە بووم بە مامۆستا کە ئەو ببوو.کەم تاکورت ژیانێکی هاوشێوەمان بوو.ئەو چوو بۆ دێهاتەکانی ئازەربایجان و منیش بۆ دێهاتەکانی کوردستان.یەك ساڵ لە من بەتەمەن تر بوو.کاتێ چووم بۆ زانسگا لە کەسانێ کە زۆر لەسەر من تەئسیریان نواند «جەلال ئالی ئەحمەد»١٢ بوو ئەگەر چی دژ بە بیروبۆچوونی بووم.جەلال لە زانسگا تەواوەن وەك ئاور بوو.دوکتۆر «ئاریان پوور» و «سیمین دانشوەر»١٣ لە مندا کاریگەر بوون.ئەگەر نەدەچووم بۆ تاران و زانسگا، ئەم گۆڕانکارییەم بەسەر نەدەهات.

## پەراوێزەکان:

شرۆڤە و شیکردنەوەی تەواوی پەراوێزەکان لە لایەن (بابەك سەحرانەوەرد) نووسراوە و بەم وتووێژە زیا بووە.

١- ئەدەبی پاوەرەقی

(ئەدەبی پاوەرەقی- پەراوێزی یان ئاسایی) جۆرە ئەدەبێکە کە لەم سەردەمە هاتووتە نێو خانەی ئەدەبی فارسییەوە.واتە زیاتر لە هەشتا ساڵ تەمەنی نییە و جۆرە چیرۆکێکی درێژە کە لە گۆڤارە ئاساییەکان بە شێوەیەکی زنجیرەیی چاپ دەبێ هەتا خوێنەر لە هەر ژمارە چاوەروانی بەشە تازەکەی بێ.لە واقیعدا تەنیا کاری سەرگەرم کردن و خلافاندنی خوێنەرە.بڕێ نووسەر وەك فەهیمە رەحیمی- نەسرین سامنی- فەتانە حاج سەید جەوادی وەك نوێنەری ئەم جۆرە نووسینە ناسراون.

٢- سادق هیدایەت

هیدایەت لەدایکبووی ١٩٠٣ی زایینی بەرانبەر بە(١٢٨١) ی هەتاوی لە تاران بووە.بە گەورەترین نووسەر ناسراوە وبەرهەمی ناوازەی لێ بەجێماوە مینا «کوندەبووە کوێرە» کە بە زێدە لە ٢٥ زمانی بیانی وەرگێڕدراوە.هیدایەت هەتا کاتی مەرگ لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٣٣٠ ی هەتاوی کەسایەتییەکی ون بوو بەڵام دوا خۆکوژی کتێبەکانی لە تیرێژی ملێونی دەفرۆشرا و بوو بە نووسەرێکی نێوبەدەرەکراو و تا ئێستا تەنیا نووسەرێکی ئێرانی بووە کە زێدە لە ٥٠٠٠ هەزار کتێب ، وتار و رەخنە لەسەر ژیان و بەرهەمگەلی نووسراوە.

٣- قەسر و ئەوین

ناوی دوو بەندیخانەی هەرە گەورە کە بە ئیزنی شای ئێران درووس کران.قەسر و ئەوین لە کاتی شا بەندیخانەی تەواوی تاوانباران تەنانەت سیاسییەکان بوون بەڵام دوا راپەڕینی ٥٧ی ئێران بەندیخانەی ئەوین بە بەندیخانەی سیاسییەکان ناسراوە.

٤- ئاوینە درگادارەکان

لە رۆمانە ناوازەکانی نوسەری گەورەی ئێران، خوالێخۆش بوو هۆشەنگ گوڵشرییە.ئەم بەرهەمە گرینگی و گەورەیی نۆڤێلێتی«شازدە ئحتجاب»ی پێنەدراوە بەڵام لە سەردەمی خۆی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری بۆ تەرخان کرا.

٥- کارنامە

ناوی یەکێك لە گۆڤارە تایبەتییەکانی ئێران لە بواری ئەدب کە لە ناوەڕاستی حەفتاکان بڵاودەبوو.هۆشەنگ گوڵشیری هەوەڵین سەرنووسەری ئەم بڵاڤۆکە بوو کە لە کاتی کاربەدەستی ئەو ببووە ناوازەترین گۆڤاری ئەدەبی ئەو سەردەمە.ئەم گۆڤارە لە سەرەتای هەشتاکان بە هۆی کێشەی سیاسی بۆ هەمیشە ڕێی لێ بەسترا و قەدەغە کرا.

٦- ئازادە خانم و نووسەرەکەی

ئازادە خانم و نووسەرەکەی ناوی دوایین رومانی دوکتۆر رەزا بەراهەنی، نووسەر، شاعیر، رەخنەکار و لێکۆڵەری بەناوی ئێرانە کە لە کۆتایی حەفتاکان ناچار رێگەی هەندەرانی گرتە بەر و لەوڵاتی کەنەدا گیرسایەوە.ئەم رۆمانە ئاوڕی زۆری لێدرا و ڕەخنە و لێکۆڵینەوەیەکی زۆری بۆتەرخان کرا و نوێنەرایەتی لە شێوەی پۆست مۆدێرنیزم لە رۆمانی فارسیدا گرتە ئەستۆ.لەولایشەوە برێ رەخنەگەر هەبوون کە هەڵوێستیان دژ بەم رۆمانە بوو و لەو باوڕە بوون کە ئەم بەرهەمە هیچ مەرجێکی ئەدەبی پۆست مۆدێرنیزمی تێدا دابین نەبووە.ئەم رۆمانە زۆرتر بەم گشت هۆکارە بوو کە کەوتە سەر زاری خوێنەران.

تەئسیری دوکتۆر بەراهەنی لە ئەدەبی هاوچەرخ هێندە بەرینە کە چەندین کەس

لە شاعیران وڕۆشنبیرانی ئێرانی لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی ئەودا هاتنە دەر و بەرهەمگەلی تازە و شیاویان ئاڕاستەی کتێبخانەی فارسی کرد.

٧- کوژرانی نووسەران

ئاماژە بەو کارەساتە دڵتەزێنەی ساڵانی حەفتاکان کە چەندین ڕۆشنبیر و نووسەر بێ هیچ تاوانێك کوژران.ئەم کارەساتە لە ناوەڕاستی حەفتاکان و دوا ئەوەی کە محەممەد خاتەمی بوو بە سەرۆك کۆماری ئێران لەلایەن ئەندامانی پێشووی وەزارەتی ئیتلاعات ڕوویدا و چەندین ڕۆشنبیری ناوازەی ئێران دزران وبە نەهێنی کوژران.ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە بوو بە هۆی ئەوەی کە فەزایەکی پڕ لە مەترسی و هیوابڕ بۆ نووسەران بڕخسێت.

٨- بەیانی خومار

ڕۆمانی «بەیانی خومار» بە پێنووسی فەتانە حاج سەید جەوادی بە یەکێك لە ڕۆمانە عەوامانەکان لە ئەژمار هاتووە و لە کاتی خۆی خوێنەرێکی زۆر ئاوڕی لێدا و زێدە لە ١٠٠ هەزار نووسخەی لێفرۆشرا بەڵام هەروا کە لەم وتووێژەدا دەروێشیان ئاماژەی پێدەدا هەر زوو لە یاد چوو.

٩- فەهیمە ڕەحیمی

فەهیمە ڕەحیمی بە یەکێك لەو نووسەرانە ئەژماردرێت کە بە نووسەرانی ئاسایی پێناسە کراون.دەقەکانی ئەم جۆر نووسەرانە لە باری تەکنیك، فۆڕم، ناوەڕۆك، فەزا و ئیستاتیك و تەواوی ئەو هیمان و توخمانەی کە دەقێك دەکەن بە دەقێکی کارا و جیددی، هیچی پێ نییە و تەنیا ئامانجی سەرگەرم کردن و خافڵاندنی خوێنەرە.ئەم جۆر ئەدەبە بڕێ جار بە ئەدەبی پەراوێزیش ئەژماردرێ.لە واقیعدا ئەم ئەدەبە بێ هیچ رەگەزێکی رەسەن و دیاریکراو بۆ خوێنەرانێکە کە ئەدەب بە ئەمرازی سەرگەرمی دادەنێن.

١٠- محەمەد حیجازی و جواد فازڵ

دوو نووسەری ناوداری ئەدەبی پاوەرەقی بوون کە لە کاتی خۆیان خوێنەری زۆر بە دەوری دەقەکانیان کۆببووەوە، بەڵام دوا ماوەیەك کە کۆمەڵگا بە بەرهەمگەلی نووسەرێك وەك سادق هیدایەت ئاشنا بوو و بۆی دەرکەوت ئەم جۆر ئەدەبە زۆر جیددی ترە و دیاردەکانی ژیانی ئەمڕوی بە شیاوی گرتۆتەوە و توانیویەتی لە زەینی خوێنەر خۆی سەقامگیر بکا و بووەتە داڵدەیەکی گرینگ، ئیدی دەقگەلی ئەم دوو نووسەرە وەك جاران بایەخی پێندرا.

١١- سەمەد بێهڕەنگی

سەمەد بێهڕەنگی لە دایکبووی ساڵی ١٣١٨ی هەتاوی نووسەرێکی تورك بوو.لە سەرەتای چلەکان چەن کورتە چیرۆکی بۆ منداڵ و مێردمنداڵان نووسیبوو.زۆر کەس سەمەد بە بیردارێژ و بنیاتنەری ئەدەب و وێژەی منداڵان لە ئێران پێناسە کردووە. لەولایشەوە هەندێ کەس لەو بڕوایەن کە سەمەد بە پێی ڕوانگەیەکی سیاسی چەپ کە لەو ساڵانەی ئێران زۆریش باو بوو، لە واقیعدا چیرۆکی بۆ منداڵان نەنووسیوە، بەڵکوو چەن کۆ دەقی ئەدەبی بە جیهانی ئەدەب پیشکەش کردووە و چیرۆکەکانی لە ئاستی فام و هۆشی منداڵان نییە.ئەم نووسەرە هێشتا گەنج بوو کە جوانەمەرگ بوو و دونیای ئەدەبی زوو جێهێشت.زۆر کەس مەرگی سەمەد بە شێوەیەکی سرووشتی باوەڕ ناکەن و دەڵێن ساواك یان (ڕێکخراوەی ئاسایش و ئەمنییەتی ئێران) لەو سەردەمەدا لە مەرگی ئەو(لە ئاو خنکان) دەسی بووە.بەناوبانگ ترین بەرهەمی سەمەد چیرۆکێکە بە ناو(ماسییە ڕەشی چکۆلە) کە ڕوانگەیەکی تیژی سیاسی ئەم بەرهەمەی تەنیوە و لەواقیعدا ئامانجی هەڵخراندن و ورووژاندنی خوێنەر بووە و بەکەڵکی منداڵان نەهاتووە و ڕەخنەی زۆری بە دەور خۆییەوە کۆکردبووەوە.

١٢- جەلال ئالی ئەحمەد

ناوی نووسەر و ڕۆشنبیری گەورەی ئێران، لەدایکبووی ساڵی ١٣٠٢ هەتاوی و لە ساڵی ١٣٤٨ لە تەمەنی ٤٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.بەرهەمی زۆری لێ بەجیماوە و لە ساڵانی چل زۆربەی ڕۆشنبیر و نووسەران لە ژێر پەنجەی دەسەڵاتی ئەو بوون.«بەڕێوبەری قوتابخانە» ناوی بەرزترین ڕۆمانەکەی، کورتە ڕۆمانێ بوو کە ناوەڕۆکی ئەم دەقە دژ بە تەواوی داب و نەریتی ئەو سەردەمە بوو.بەڵام جەلال پتر لە بواری پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ناوی کەوتە نێو ناوان بە جۆرێك کە لە سەرەتای چلەکان کتێبی«لە خزمەت و خەیانەتی ڕۆشنبیران-ی» بڵاوکردەوە و بوو بە کتێبێك کە لە هەموو کۆڕە ڕۆشنبیرەکان باسی لێدەکرا.

١٣- سیمین دانشوەر

ناوی ژنی جەلال ئالی ئەحمەدە و لە ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە شیراز لەدایکبووە و بە نووسەرێکی بەرزیش ناسراوە.چەند کۆمەڵە چیرۆك و ڕۆمانی لێ بە جێماوە کە ناوازەترین بەرهەمی(سووەشوون) لە چلەکان بووە ڕۆمانێکی نوێ و گەورە و ڕەخنەی زۆری بۆ تەرخان کرا.لە واقیعدا بەڕای زۆر کەس، سیمین لە ڕۆماننووسین چەن پلە بەرزتر لە ئاستی مێردەکەی بوو و لە هەرەتی پیری چەند بەرهەمی بەپێز و هێزی دیکەشی بە کتێبخانەی فارسی پێشکەش کرد.

# دیمانەیەک لەگەڵ نووسەر و وەرگێڕ ڕەزا شەجیعی



سازدانی: شەریف فەلاح







**★ کورتە مێژووی زمانی کوردی چۆن پێناسە دەکەی، ڕەگ و ڕەچەڵەکی دەچێتەوە سەر کام یەك لە بنەماڵە زمانییەکان، خاڵی جیاوازی و هاوبەشیان لەگەڵ زمانی فارسی کەلە ناوچەیەکی جوگرافیایی هاوبەش دان، کامانەن؟**

– سەبارەت بە بەشی یەکەمی پرسیارەکەت :

کەونینەناسان، شارستانیەتێکی مرۆڤایەتیی هاوشێوەی دێرینیان بەرچاو کەوتووە، کە دوای تەواو بوونی چەرخی تازەی بەردین، لەسەر ڕووبەرێکی زۆر بەرفراوانی سەرزەمینەکانی جیهانی کۆندا بڵاو بۆتەوە. لێرەوە زانایان گەیشتوونەتە ئەوەی بڵێن هەبێ و نەبێ ئەم شارستانیەتە چۆن هاوشێوە و یەکە، دەسکردی یەك گەلە. لەگەڵ لەبەرچاو گرتنی ئەوەی شوێنەوار و پاشماوەکانی ئەو شارستانیەتە هەر لە هیندوستانەوە بگرە تا ئەورووپای بە جارێ گرتۆتەوە، ناوی ئەو گەلەیان بە هیند و ئەورووپایی دیاری کردووە. ئەو گەلە وەك دەڵێن لەگەڵێ هۆز پێکهاتبوو، پێش ئەوەی ئەم هۆزانە بکەونە کۆچ و بڵاو ببنەوە، لە نیشتمانە کۆنەکەی خۆیاندا بە درێژایی دەشتەکانی خۆرهەڵات و باکووری خۆرهەڵاتی دەریای قەزوین (خەزەر) نیشتەجێ ببوون. هەمووی ئەو هۆزانەش کە بەگشتی ئەو گەلەیان لێ پێکهاتبوو، بە یەك زمان دەئاخافتن. ئەم زمانەش کە گەلانی ئاریایی ئیمڕۆ پێی دەدوێن هەمووی لەو زمانە هاوبەشەی زوویانەوە، لقیان هاویشتووە و جیا بوونەتەوە.

زمانی هیند و ئەورووپاییش لە زمانێکی کۆنتری پێش مێژووەوە پەیدا بووەو پەرەی سەندووە کەبەپێی بەڵگە مێژووییەکان لە هەزارەی پێنجی پێش لە دایك بوونی مەسیحەوە پەرەی سەندووە، ئەم زمانەش بە زمانی بەرایی هیند و ئەورووپایی دەناسرێت.

زمانی کوردی بەڕای زۆربەی هەرە زۆری زمانناسان و ئەو خۆرهەڵاتناسانەی وا لەسەر زمانی کوردی دواون، لقێکە لە بنەماڵەی زمانیی هیند و ئەورووپایی.

زانستی زمانەوانی هەموو ئەو زمانانەی کە ئیمڕۆ نەتەوەکانی دنیا قسەی پێدەکەن بەپێی خزمایەتی و نزیکایەتییان لە یەکتر، لە ڕووی ڕێزمان، فۆنپتیك و وشەسازییەوە، بەسەر چەند بنەماڵەی گەورەی زمانیدا، دابەش دەکەن.

یەکەم: هیند و ئەورووپایی:

کە ئەویش خۆی هەندێك لقی لێ جودا ئەبێتەوە وەك: هیند و ئێرانی، کوچی، ئەرمەنی، ونیزی و...

لقی هیند و ئێرانی خوی دەبێتە دوو لقی

دیکەکەبریتین لە هیند و ئێرانی و لقی ئێرانیش سێ چاخی هەیە: چاخی کەونینە، نێوەڕاست و نوێ .

دووەم: خێزانی سامی:

ئەم خێزانە زمانیە، زمانی هەموو ئەو نەتەوانە دەگرێتەوە کەلە وڵاتانی میزۆپۆتامیا، دوورگەی عەرەبی و ژوورەوەی ئەفریقادا نیشتەجێ ببوون. وەك: عەرەبیی کۆن و نوێ، ئارامی، سریانی، ئەکدی، بابلی، کەنعانی و فینیقی و...

سێیەم: خێزانی ئورالّی:

وەك: فەنلەندی، ئەستۆنی، مەجەری، تورکی، مەنانشۆ.

چوارەم: خێزانی چینی:

وەك: چینی، تایلەندی، بورمایی.

وەك ئاماژەمان پێدا، زمانی هیند و ئەوروپایی لە چەند لقێك پێکهاتووە. یەکێك لەم لقانە ناو نراوە خێزانی زمانی "ئاریایی" (هیند و ئەوروپایی) و ئەویشیان بەسەر دوو دەستەی گەورەی: "هیندی ـ ئێرانی"دا دابەش کردووە. سێ قۆناغی مێژوویيشیان بۆ دووەمیان دیاری کردووە. لە چاخی کۆنی زمانە ئێرانییەکاندا، زمانی مادی، ئاڤێستایی و پارسیی کۆن دەبینین. لە چاخی نێوەڕاستدا، پارتی و پەهلەوی. لە چاخی تازەشدا زمانی فارسی و کوردی.

خێڵاتی ئاری کە روویان کردۆتە رۆژهەڵاتی ئەمڕۆ، بۆ ئەوەی لێك جودا ببنەوە ماوەیەك لە شوێنێك پێکەوە نیشتەجێ بوون کە پێی دەگوترا ئێران ویج (ئاریان واچ) ـ بەپێی وتەی ئاڤێستا ـ. پاشان هیندییەکان بەرەو هیند و ئەوانی دیش بەرەو ئێرانی ئێستا هاتوون. مادەکان بەشێك بوون لەو خێڵاتەی بەرەو ئێرانی ئێستا هاتوون، (رۆژئاوا و نێوەڕاستی ئێران). لە ساڵی ٨٣٥ی بەرلە زایین لە بەردەنووسەکانی پاشایانی«ئاشووری»دا ناویان هاتووە و لە سەدەی حەوتەمی پێش عیساوە زمانەکەیان توانیویەتی ببێتە زمانی هاوبەشی هەموو هۆزو تیرە و خێڵەکانی خاکی ماد.

بەپێی فەرهەنگی «موعین» هەندێك وشەی ئەم زمانە لە زمانی (یونانی)دا ماوەتەوە، بەڵام سەرچاوەی سەرەکیی ئاگاداری ئێمە لەم زمانە بەردەنووسەکانی شاکانی هەخامەنشییە کە دوای مادەکان هاتوونەتە سەرکار.

زمانی ئاڤێستایی زمانی بەشێك لە خەڵکی رۆژهەڵاتو باکووری رۆژهەڵاتی ئێران بووەو کتێبی ئاڤێستا لە چەرخە جۆربەجۆرەکاندا بەم زمانە نووسراوەتەوە.





بەشێك لە گاتەکان، واتە سروودەکان بە زاراوەیەکی کۆنتر لەم زاراوە نووسراوە. ئەمە لەبیر نەکەین گاتەکان کۆنترین بەشی ئاڤێستان. ئاڤێستا بە خەتی ئاڤێستایی یان (دین دەبیری) نووسراوەتەوە و پێدەچێ ئەم خەتە لە دەوروبەری سەدەی ٦ی پێش زاییندا لە خەتی پەهلەوییەوە وەرگیرابێ.

مەسەلەی مادی بوون و نەبوونی ئەو زمانەی کە ئێستا پێیدەڵێن ئاڤێستایی شتێکە هەروا دەمێنێتەوە تا ئەو رۆژەی لەبارەی زمانی (مادی)ییەوە زانیارییەکی ئەوەندە زۆر دەکەوێتە بەردەستی زانایان کە بتوانن لەگەڵ زمانی ئاڤێستایی بەراوەردی بکەن و هەڵیسەنگێنن‌و رای خۆیانی لەسەر دەربڕن.

پارسیی کۆن (فُرس قدیم، فُرس هخامنشی) زمانی فەرمیی خەڵکی ئێران لە چاخی «هەخامەنشی»دا بووە. گەورەترین بەڵگە بۆ ئەم زمانە بەردەنووسەکانی پاشا هەخامەنشییەکانە لە دەورووبەری (٦١٠ ـ ٥٨٠ پ ز). بەردەنووسی بێستوون گەورەترین بەردەنووسی ئەم زمانەیە.

مۆرفۆلۆژی و سینتاکسی پارسیی کۆن و ئاڤێستا، بە تەواوی نەناسراوە، بەڵام دەتوانین بە کۆنترین زمانی هیند و ئەورووپایی ناسراو، بیانناسین. لە پارسیی کۆندا (هەشت) شێوە بۆ ناو بینراوەتەوە و شێوەی گەردان کردنی کردار، شێوەیەکی زۆر گران و ئاڵۆز دیارە.

لەسەر قۆناغی نێوەڕاستی زمانی کوردی کە تا ئێستا لەلایەن هیچ زمانەوانێکەوە باس نەکراوە، هەڵوێستەیەك دەگرین، بە پشت بەستن بە هەندێ بەڵگەی نووسراوەی مێژوونووسانی عەرەب و جۆگرافیازانانی کۆنی عەرەب کە سەردانی ئێرانیان کردووە و باسی نەژاد و زمانی گەلانی ئێران و کوردیشیان کردووە، بەم شێوەیە بۆ قۆناغی نێوەڕاستی زمانی کوردی دەڕوانم و ئەوەش بیر دەهێنمەوە کەلە پرۆسەی (ناونانـدا) ئێمەی کورد دواکەوتووین، واتە لە کاتی خوێندنەوەی کەلەپووری کۆنی ناوچە و وڵاتی ئێرانیشدا لەلایەن رۆژهەڵاتناسەکانەوە ئێمە نە دەوڵەت بووین و نە دەسەڵات و هاوکاتیش خۆمان بە شێوەی زانستی و مەیدانیش خەریکی ناونان نەبووین و گەلێك جار لەم پرۆسەیەدا دەسەڵات، نازانستی بوونی وەکوو زانست و هەقیقەت چەسپاندووە، ئەوەتا کەسێکی وەك دوکتۆر خانلەری قەت ئێعتراف بە بوونی نەژاد و بوونی زمانی کوردان لە مێژوودا ناکات و کورد بوون زۆرتر وەکوو پیشە و کار دەخوێنێتەوە .

لە دابەشکردنی قۆناغەکانی زمانە

ئێرانیەکاندا، قۆناغی نێوەڕاست لە دامەزرانی دەسەڵاتی ئەشکانییەکانەوە دەست پێدەکات و بە هاتنی ئیسلام بۆ ئێران کۆتایی دێت. لەم قۆناغەدا دوو زمان لەلایەن زمانەوانانی ئێرانی و ڕۆژهەڵاتناسانەوە دیاری کراوە، زمانی فارسیی نێوەڕاست و زمانی پەهلەوی.

زمانی فارسیی نێوەڕاست کە مێژوو و ئەدەب و بەردەنووسەکانی دەرباری ساسانی پێ دەنووسرا و وەکیتریش زمانی پەهلەوی بە زمانی ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵاتی ئێران ناوزەرد کراوە. کەچی گەلێ بەڵگەی مێژوویی و بڕوای زانستی هەن کە بەرپەرچی ئەمە ئەدەنەوە، سەرنجێکی دیکەش ئەمەیە کە ئاخۆ لە دابەشکردنی زمانە ئێرانییە نێوەڕاستەکاندا قۆناغی نێوەڕاستی زمانی کوردی لە کوێیە و بۆچی بزرە؟ ئێمە بزرێتییەکە دەبەستینەوە بە پرۆسەی ناونانەوە، کە باسمان کرد. بەڵام لەسەر زمانی پەهلەوی با هەندێك بدوێین:

ئاخۆ زمانی پەهلەوی زمانی کوردییە؟

هەندێك لە زمانناسان، زمانی پەهلەوییان بە زمانی دەربار و گەلی پارت زانیوە و شوێنی سەرهەڵدانی بە ڕۆژهەڵاتی ئێران و خوراسانی ئێستا دەزانن، بەڵام چەند خاڵێکی جێگەی سەرنج لەم بیرۆکە و بۆچوونەدا هەیە :

١ـ ڕۆژهەڵاتی ئێران دواتر بۆتە یەکەم جێگەی سەرهەڵدانی ئەدەبی (دەری) کە قۆناغی تازەی زمانی فارسیی نێوەڕاستە واتە "پانپارسك"، یان ئەوەی زمانی ئێرانیی باشووری ڕۆژئاوایی پێدەڵێن و ئەمە زیاتر لەوەمان نزیك دەکاتەوە کە زمانی خوراسان لە دیالێکتەکانی زمانی فارسی بووە، هەر بۆیەش ئەدەبی فارسی، نە وەك پەهلەوی تێدا دەخولقێ .

٢ـ مەرج نیە زمانی قەبیلەی پارت زمانی هەموو ڕۆژهەڵاتی ئێستای سنووری ئێران یان ئەوسای سنووری ئێران بووبێت. مەسعوودی لە (مروج‌الزهب) لاپەڕ ٢٢٨دا بەم شێوەیە باسی ئەشکانییەکان دەکات: «ئەوان دەسەڵاتی «جبال»یان بە دەستەوە بوو. جبال واتە: دینەوەر ـ نەهاوەند، هەمەدان، ماسبەزان و ئازەربایجان و هەر کامەیان دەسەڵاتی دەگرتە دەست نازناوی گشتیی ئەشکانی وەردەگرت .«

هەڵبەت وەکوو سەرنجێك ئەمەش باس بکەین کە سنوورەکانی جبال لەلای نووسەران هەندێ جیاوازییان هەیە، بۆ نموونە لە (احسن‌التقاسیم)دا بەم شێوەیە هاتووە:

شارەکانی کوێستان (واتە جبال یان ڕۆژئاوای ئێران) بریتین لە: ڕەی ـ هەمەدان





ـ ئەسفەهان ـ دینەوەر ـ کرماشان ـ نەهاوەند ـ قوم ـ کاشان ـ قەرچ و قەتران. پاشان دەڵێ: من ئەم وڵاتەم دابەش کردووە بەسەر سێ حەوزە و حەوت بەش و ئەسفەهانیشم لەگەڵ خستووە.

دواتر نووسەری (احسن‌التقاسیم) دەڵێ: لە هەندێ کتێبدا خوێندوومەتەوە کە ڕەی و ئەسفەهان لە شارەکانی ناوچەی (پەهلەوی) نین، بەڵکوو پەهلەوی بریتییە لە هەمەدان، ماسبەزان و ماهی‌بەسرە کە نەهاوەند بێت و ماهی‌کوفە (دینەوەر). مێژوونووسان باسی دوو ماد یان ماه دەکەن کەبریتین لە ماه یان مادی گەورە و مادی بچووك کە ئاترۆپاتگان یان ئازەربایجانی ئێستایە.

(حمزە ابن صفهانی) لە زمانی زەردەشتییەکی هاوچەرخی خۆیەوە دەگێڕێتەوە: پەهلەوی زمانێك بووە کە شاکان لە دانیشتن و دەرباری خۆیاندا قسەیان پێکردووە و پێی دەڵێن فەلە (پەهلە) و ئەم ناوە پێنج شارە واتە ئەسفەهان، ڕەی، هەمەدان و ماهی‌نەهاوەند و ئازەربایجان دەگرێتەوە. لە دابەش کردنی کۆندا وڵاتی ئێران بە سێ بەشی گەورە دابەش کراوە ١ ـ عێراقی عەجەم. ٢ ـ جبال. ٣ ـ فارس.

(احسن‌التقاسیم) دانیشتوانی وڵاتی فارس بە کورد و فارس دادەنێت و سێ زمانیان بۆ دیاری دەکات. پەهلەوی، فارسی و عەرەبی کە دەخیلە.

(صوره الارض) لەبارەی کوردانی دانیشتووی فارسەوە دەڵێت: "ژمارەی ڕەشماڵی کوردەکانی دانیشتووی وڵاتی فارس پانسەد هەزار ڕەشماڵ تێدەپەڕێنێ". ئەم ئیشارەتانە بۆ کوردەکانی وڵاتی فارس لە (مسالك و ممالك)، (صوره الارض) و (احسن‌التقاسیم)یشدا دووبارە کراوەتەوە. لەم نموونانەدا بینیمان کە بەکار هێنانی زاراوەی پەهلەوی واتە هەر ئەوەی کە بەپێی بەڵگەنامەی دینی (مانەوی) پەهلەوانیك نێونراوە بۆ ناوچەیەکی فراوان کە بەرفراوانیی جوگرافیاییەکی جیاوازی لەلای هەر نووسەرێك جیاواز وتراوە کەواتە ئێمە دەتوانین بڵێین:

١ـ زۆر جار لەلایەن نووسەرانەوە زمانی کوردی بە پەهلەوی ناوبراوە ٢ ـ زۆری ئەو زمانانەی کە جیاواز بوون لە زمانی فارسی بە پەهلەوی ناوبراون. ٣ ـ ئەو زمانانەی کەلە باکووری ڕۆژئاواوە تا نێوەڕاستی ئێران بە پەهلەوی ناو براون، زێدەتر نزیکییان لەگەڵ یەکتر هەیە تا لەگەڵ زمانی فارسی. کەواتە دەتوانین وێنەیەکی وەها بۆ قۆناغی نێوەڕاستی زمانە

ئێرانییەکان و زمانی کوردی دیاری بکەین.

سەبارەت بەبەشی دووەمی پرسیارەکەت دەبێ بلێم پرسیارێکی بەربلاو و گشتییە و بو وەلامدانەوە پێویستە لەسەر لایەنەکانی زمان فارسی و کوردی بدوێین و ئەمەش پێویستیی بە توێژینەوەیەکی زانستیانە هەیە و باسکردن لەو بابەتە دەرفەت و مەجالی تایبەت بە خۆی پێویستە. ئەلبەت ئەوەش بلێین لەسەر ئەم بابەتەش کۆلراوەتەوە و وەك نموونە ئەتوانم ئاماژە بدەم بە وتارێکی زانستی لە نووسینی « یووسف شەریف سەعید» بە ناوی « پێوەندیی زمانی کوردی و فارسی و جیاوازی و لێکچوونیان» کەلە گۆڤاری زمانەوان ژمارە ٢ بلاو کراوەتەوە.

**★ تایبەتمەندییە زانستییەکانی زمانی کوردی کامانەن، پێگەی زمانی کوردی لە ئاستی زمانە دەوڵەمەندەکانی جیهان چۆن لێك دەدەیەوە؟**

– دەربارەی تایبەتمەندییەکانی زمانی کوردی وەك پرسیاری پێشوو ئەگەڕێنمەوە بۆ کتێبێکی «د. شێرکۆ بابان» لەژێر ناوی «لە مۆرکە تایبەتییەکانی زمانی کوردی.«

سەبارەت بە بەشی دووەمی پرسیارەکە: ناتوانین زمانێك بە چاکتر یان خراپتر لەوی دیکە بزانین، چونکە زمان لەو جێگەدا کە دێتە سەر ئەوەی کەرەسەیەك بێت بۆ پێوەندی گرتن بە جیهانی دەور و پشتەوە لەلای هیچ گەلێك تووشی ناتوانایی نابێت، چونکە ئەو خەلکە چەندەی بیریان کردۆتەوە و چەندەی جیهانیان ناسیوە و پشکنیویانە، ئەوەندەوشەیان داناوە. ئەمە پێوەندیی بێ بڕانەوە و نزیکی مرۆڤ و زمان پیشان ئەدات. ئەوەی کە باسمان کرد پێوەندیی مرۆڤ و زمان بەگشتی بوو .

چامسکی وتەیەکی بەناوبانگی هەیەو ئەلێ ئەگەر زمانێك تەنانەتلا٤٥٠ وشەی هەبێ و ٤٥٠ ئاخێوەر، ئەوا ئەو زمانە زمانێکی زیندووە. ئەم وتەیە لەنێو خۆماندا گەلێك لایەنگری هەیە و سەرەڕای ئەوەی راستە، لایەنی نیگەتیڤی زۆرە. بەلێ راستە ئەمڕۆکە زمانی کوردی زمانێکی زیندووە و ئاخێوەرێکی زۆر قسەی پێدەکەن و زمانەکە رەگی هەرە سەرەکیی شوناسی کوردیشە.

جیا لە هەموو ئەمانەش ئەوەی واقیعی زمانی کوردییە ئەم راستیەیە کە زمانی کوردی بۆ نزیك سەدەیەکیشە لەگەڵ کێشەیەکی گەورە رووبەڕوو بۆتەوە و بە شێوەیەکی گشتی ئەتوانین ئەم کێشەیە بە کێشەی هاوچەرخ بوون ناوزەد بکەین.

زمانی کوردی لەم جیهانە نوێیەدا لەگەڵ هەندێك دیاردە و بابەت رووبەڕوە کە تا ئێستاخۆی بە شێوەیەك لە شێوەکان ئەزموونی نەکردووە و ئاست و رادەی ئەم دیاردە و بابەتانەش ئەوەندە زۆر و زەبەندە نەبێتەوە و کێشەکە لێرەوە دیار دەکەوێت کە ناتوانێ خۆی لەو دیاردە و کێشانە بدزێتەوە و ناشتوانێ تەعبیریان بکات.

بە هەڵدانی دروشمی پاراستن و پاك راگرتنی زمان یان بەستنەوەی بە رۆحی نەتەوەیی و قەناعەت کردن بە ئەدەبیات و خۆبەستنەوە لە جەغزی چەند شیعر و بە دەگمەن چەند رۆمانێك و بابەتی لەو چەشنە و داشاردنی ئەم قەیرانە، نە خزمەت بە زمان دەکرێ و نە زمانی کوردیش دەپارێزرێ. بە رێژەی زمانانی دەوروبەریشی دۆخی ئێستای زمانی کوردی دۆخێکی باش و گونجاو نیە تا ئێستاش زۆر بەستێن هەن کە زمانی کوردی نەیتوانیوە خۆی بدا لە قەرەیان و خۆی دوور راگرتووە.

بە کورتی ئەتوانم بلێم تەمسیلی زمانی کوردی دەقاودەق لە ئێستایدا تەمسیلی کەسێکی نیوە زمانە کە خەونێکی دیوە و مەجبووری ئەکەن بیگێڕێتەوە .

**★ رەوت و قۆناغەکانی گەشەکردنی زمانی کوردی لە رۆژهەلات چۆن پۆلێن بەندی دەکەی؟ زمانی کوردی بە شێوەی یاسایی و فەرمی نەهێلراوە بخوێنرێ، بەلام گەشەشی کردووە و لە فەوتان رزگاری بووە، هۆکارەکانی گەشە کردنی لە چیدا دەبینی؟**

– گومان لە وەدا نیە دەست نیشان کردنی ئەو هۆکارانەی بوونەتە پالپشت و یاریدەر بۆ رزگارکردنی زمانی کوردی لە فەوتان، هەولێکی زۆر بەپێز و باشە بەلام لە هەمان کاتدا کارێکی ئەستەمە. من وەك خۆم دوو هۆکار زۆر بە گرینگ ئەزانم یەکەم ناسیۆنالیزم و دواتر هاتنی ئیسلام. وەك مامۆستا زەبیحی لە «قامووسی زمانی کوردی»دا ئاماژەی پداوە هاتنی ئیسلام لەو کات و ساتە مێژووییەدا زۆر بە هانای زمانی کوردییەوە هاتووە.

سەبارەت بە رەوت و قۆناغەکانی گەشەسەنی زمانی کوردی لە رۆژهەلات ئەتوانین بلێین زمانی کوردی تا سەردەمی کۆمار تاقە زمانی ئەدەبە و ئەم زمانە فەقەت توانیویەتی بە شێوەیەك ئەدەب بەرهەم بهێنێ. هاوکات لەگەڵ هاتنە سەرکاری کۆماری کوردستان زمانی کوردی دەرفەتێکی تایبەتی بۆ ئەڕەخسێ و ئەبێتە زمانی فەرمی. ئێرە سەرەتای دەس پێکردنی ئەزموونێکی تازەیە بۆ زمانی کوردی کە تا ئێستاش بەردەوامە .

لەگەڵ دامەزراندنی کۆمار، زمانی کوردی دەبێتە زمانی رەسمی و زمانی سیستمی پەروەردە و سیستمی ئیداریی هەرێمەکە.

یەکەم هەنگاو، کاریگەرییە نگەتیڤەکانی ئیستالینیسمە زمانیەکەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی لە کۆمەڵگەی کودەواری ـ کوردستانی ئێران ـ دا دەبێ بسڕێتەوە و ئەمەش لەسەر دەستی کۆمار لە ڕێی شەرعییەت بەخشین بە ڕەوتی کۆمەڵایەتی بوون لە ڕێگەی ئەم زمانەوە و دامەزراندنی سیستمێکی ڕاگەیاندن بەم زمانە کرا. ئەم بزاڤەی کۆمار جیا لەوەی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی کۆماری گرتەوە، ناوەندە ئایینی و مەدەنیەکانیشی گرتەوە، بە شێوەیەکی وەها کە خوتبەی نوێژی هەینی لە پاش دامەزراندنی کۆمارەوە بە زمانی کوردی دەخوێندرا.

بۆ زمانی کوردی لە ڕۆژهەڵاتدا یەکەم سەرەتاکانی هاوچەرخ بوونی لە کۆمارەوە دەست ێپدەکات و ئەم دەسپێکە ئەنجامی دەرکیی ئەو پێداویستە مێژووییە بوو بۆ تەیار کردن و نوێکردنەوەی زمانی کوردی. ئەگەر ئەم دەسپێکە وەك قۆناغی یەکەمی گەشەی زمانی کوردی بناسین، قۆناغی دووەم ئەبێتە ئەو بزاڤە فەرهەنگی و ڕۆشنبیرییە کەلە پاش شۆڕشی ٥٧ ی گەلانی ئێرانەوە دەستی پێکردووە .

دەسکەوتەکانی ئەو دوو قوناغە بۆ زمانی کوردی زۆرن. بەتایبەت لە بواری: فەرهەنگ نووسی، زمانی ڕاگەیاندن، وەرگێڕان، هەوڵ بۆ ئەزموون کردنی چەشنێك زمانی زانستی.

**★ ئاخۆ بەربەستە فەرهەنگییەکان و هەروەها ئەو دوژمنکارییانەی کە لەلایەن دەوڵەتانەوە بەدژی زمانی کوردی پیادە کراون، دەتوانین وەکوو ژینۆسایدی فەرهەنگی و زمانی پێناسەیان بکەین؟**

– «بنجامین لی ورف» بەپێی بیرۆکەیەکی «ساپیر»، زمان بە سیستمێکی هێمایین و سەربەخۆ دەزانێ کە بەردەوام سنووری ئەزموونەکانمان دەست نیشان دەکات و لە قەوارە و چوارچێوەیەکی تایبەتدا دایدەڕێژێ و دەڵێ: زمان چەشنێك لۆژیك و چوارچێوەی گشتیی گەڕاندنەوە ساز دەکات و لەم ڕێگەوە شێوەی بیرکردنەوەش دائەسەپێنێ. ئەگەر فەرهەنگ بە شێوەیەکی گشتی بەسەر نموونەی ڕەفتاری و شێوەی هەڵسوکەوت و پێوەندیی کەسەکان لە کۆمەڵگەدا بزانین، بێگۆمان دەوری زمان لە چوارچێوە داڕێژی و بیچماندنی سەرنموونە ڕەفتارییەکان و هەروەها بیچمبەخشی بە شێوەی هەڵسوکەوت و پێوەندییەکان، دەورێکی چالاکە و هاوکات کاریگەریی لەسەر لایەنەکانی فەرهەنگ دەنوێنێ و خۆیشی وەك سیستمێکی هێمایین و سەربەخۆ کاریگەری وەردەگرێ و زۆرجار لەبەر بنەڕەتی بوونی کاریگەرییەکانی ـ چ پۆزەتیڤ و چ نیگەتیڤ ـ ناچارە کراژ بخات و شێوەی هاتنە کایەی خۆی بگۆڕێت.

ئەگەر لەم ڕوانگەوە و بەپێی پێوەندییەکانی زمان و کۆمەڵگا و فەرهەنگ بۆ ئەم دیاردانە بڕوانین، گومان لەوەدا نیە کە لەگەڵ «ورف» هاودەنگ دەبین کە جیا لەوەی زمان یەکەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام کاریگەری وەرگرتنەکەی لە کۆمەڵگە و فەرهەنگ وای لێکردووە وەك توخمێکی بەرفرەهی فەرهەنگی بیناسین کە لەسەر یەك بە یەکی تاکەکان تا ئاستی چوارچێوە بەخشین بە ئەزموونەکانمان کاریگەری دادەنێ. لێرەوەیە گرینگایەتیی توخمی زمان لەلای سیاسییەکان تا ئاستێکی بەرز بەرجەستە دەبێتەوە .

بۆ نموونە: بەرنامەی (English only) ئەمریکاییەکان لە ناوچە سوورپێست نشینەکانی ئەمریکادا نموونەیەکی بەرچاوی گرینگی دان بە زمانە لە بەڕێوە بردنی پلانی فەرهەنگی و سیاسیدا .

هەر نەتەوە و دەوڵەتێك بێگومان بۆ بەڕێوە بردنی کار و درێژە دان بە ژیانی سیاسی و فەرهەنگیی خۆیان، پێویستیان بە ئاوڕدانەوەیەکی جیددی و بنەواشەیە لە پانتایی فەرهەنگدا. ئەم ئاوڕدانەوەیە چ بە شێوەی خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی لایەنێکی فەرهەنگ بێت یان بە شێوەی سڕینەوەی هەندێك دیاردە و لایەن، یان بەستێن خۆشکردن بێت بۆ هەندێك لایەن و دیاردەی نوێتر، بەگشتی لەژێر پرۆسەی «فەرهەنگ سازی»دا دەخوێنرێنەوە. لە ڕاستیدا فەرهەنگسازی پرۆسەیەکی چەند ڕەهەندە و لە ڕێکخراوە و دامەزراوە فەرهەنگی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا کەسایەتی و ڕۆشنبیر و نووسەر و هونەرمەند و دەوڵەتەکان لەم پرۆسەدا، هەرکام دەوری تایبەتیی خۆیان دەگێڕن. لەو ڕووەوە کە فەرهەنگ هەم خاوەن پێوەندییە و هەم بە زمانەوە گرێ دراوە، هەر چەشنە پلانێکی فەرهەنگی لە پرۆسەی گەورە و بەربڵاوی فەرهەنگ سازییدا ناتوانێ، بێ ئاوڕدانەوە لە زمان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی و سیستمێکی هێمایین لە فەرهەنگ، کارێکی تەواو سەرکەوتوو بیت، چونکە «سایپر» گوتەنی ئەمە زمانە، ئەزموونی فەرهەنگ سازی لە چوارچێوە و قەوارەیەکی دیاریکراودا دەست نیشان دەکات. کەوابوو لە هەر چەشنە پرۆژە و پرۆسەیەکی فەرهەنگ سازیدا ناسینی زمان و بەرنامەڕێژیی زمانی یەکەمین پێویستی هەر چەشنە پرۆگرامێکی فەرهەنگی لەو

چەشنەیە.

ئێستا پرسیارێك دێتە گۆڕێ، بۆچی بە«پرس»کردنی زمان تا ئەو رادەیە دەبێ بایەخی پێ بدرێ؟

بە باشی دەزانم، بە خێرایی بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەی سەرەوە پێنج بۆنە کە «کریستاڵ» لە کتێبی "مەرگی زمان"دا دەستی خستۆتە سەری ئاماژەی پێ بدرێ .

- بایەخدار بوونی فرە چەشنی زمانی.
- بایەخدار بوونی زمان وەك كەرەستەیەك بۆ دەربڕینی شوناس .
- بایەخدار بوونی زمان وەك سەرچاوەیەكی زانیاریی مێژوویی.
- بایەخدار بوونی زمان وەك بابەتێك كەلە خۆیدا جێی سەرنجە .
- بایەخدار بوونی زمان وەك بەشێك لە زانستی مرۆیی .

ئەوەی لای سیستمە سیاسییەكان زۆر گرینگە بۆنەی دووەم و سێیەمە و كاردانەوەی ئەم دوو فاكتەرەیە ناچاریان دەكات توخمی زمان لە پرۆسەی نەتەوەسازی و فەرهەنگ سازیدا تا رادەی پاراستنی نەتەوە و نیشتمان بەرجەستە بكەنەوە.

زمانی هەر تاك و نەتەوەیەك جگەلە كەرەستەی پێوەندی، كەرەستەیەكە بۆ دەربڕینی شوناس. هەر كوردێك ئەگەرچی لەگەڵ زمانانی دیكەدا ئاشناش بێت، بەڵام بەردەوام شوناسی تاك و كۆمەڵایەتیی خۆی لە رێگەی زمانی دایكییەوە وەردەگرێ، زمانێك كە پڕە لە رەنگدانەوەی رووداوە مێژووییەكان و ئەو بەسەرهاتانەی بە درێژایی مێژوو ئەو گەلە دیویەتی. روونە پاراستن و پەرەپێدانی ئەو زمانە دەبێتە هۆی پاراستنی سنوورە فەرهەنگی و مێژووییەكانی و پاڵپشتێكی گران و قایمیشە بۆ كیان و شوناسی سیاسی.

**★ چۆن دەڕوانیتە پرسەكانی: (زمانی یەكگرتوو )، ( زمانی ستاندارد ) خاڵە هاوبەش و جیاوازەكانیان؟ مەسەلەی جووت ستاندار بوون لە زمانی كوردیدا كە ئێستا هێندێ لە شارەزایانی زمان باسی لێ دەكەن چۆن پێناسە دەكەی؟ بەربەستەكانی بەردەم پێكنەهاتنی زمانی یەكگرتوو بەلای بەڕێزتەوە كامانەن؟**

– هەر وڵاتێكی سەربەخۆ پێویستی بە زمانێكی نەتەوەیی هەیە، دەست نیشان كردنی وەها زمانێك بۆ ئەو نەتەوانەی تازە بە سەربەخۆیی دەگەن یان بانگەشەی سەربەخۆیی دەكەن كارێكی سانا و بێ گیروگرفت نییە. هەر چەشنە بیركردنەوەیەك لەم بارەوە دەبێ بەپێی





بەرنامەڕێژییەكی تەواو هوشیارانە بێت كە بتوانێت لەگەڵ دۆخە كۆمەڵایەتی و سیاسی و هاوكات خواستە فەرهەنگییەكانی هاووڵاتییاندا تەعامولێكی گونجاو بكات.

بەرنامەڕێژیی زمان لەسەر سێ رەهەندی «هێشتنەوە»، «بەردەوامی»و «دروستكردنەوە» وەستاوە. گرینگیی هێشتنەوە لەوە دایە ئەتوانێ گەرەنتیكاری چەمكی نەتەوە و نەتەوەخوازی بێ لای میللەت و بەردەوامی ئەتوانێ پاڵپشتێكی هەرە گرینگ بێت بۆ دیسیپلینی كۆمەڵایەتی، هەڵبەت ئەو هۆكارەی ئەتوانێ سیمایەكی جوان بۆ ئەو دوو رەهەندە برەخسێنێ درووستكردنەوەی بەردەوامە لە پانتای زماندا. كەوابوو گرینگترین بەشی بەرنامەڕێژیی زمان هەمان رەهەندی درووستكردنەوە و دەوڵەمەند كردنی زمانە، كە ئەمەش چەند لایەنی بۆ دەست نیشان كراوە، وەك: ئافراندنی وشە، رێنووس، پێوەر درووستكردن، كار كردن لەسەر واریانسیی زمانی.

زمانی ستاندارد یان زمانی پێوەر هەمان زمانە كە نەتەوە و ولاتی سەربەخۆ پێویستی پێیەتی هەم وەك زمانی فەرمی هەم وەك فاكتەرێك لە فاكتەرەكانی شوناس.

من وەك خۆم لەو قەناعەتە دام حكوومەتی كوردی، لەمە زیاتر بۆی نیە ئەم ئەرك و بابەتە دوا بخات. هەرچەند بە شێوەیەكی ناڕاستەوخۆ تا ئێستا ئاگامان لە را و بۆچونیان سەبارەت بە زمانی پێوەر هەیە، بەڵام خۆ حكوومەت و هەموان ئاگادارین چ دۆخێكی ناشیاو سەبارەت بە زمانەكەمان خەریكە دێتە ئاراوە.

راشكاوانە دووپاتی ئەكەمەوە لەهیچ شوێنێكی دنیادا تۆ نابینی حكوومەت هەبێ و سەبارەت بە دۆخی زمانیی خۆی سیاسەت و پلانی دیاریكراوی نەبێ. بیری نەكەین حكوومەتی هەرێم تەنیا سەرچاوەی خاوەن شەرعییەتە بۆ ئەم بابەتە گرینگە.

جا ئێستا سەبارەت بە «جووت ستاندارد :«

بە بڕوای من لە زۆر شوێنی دنیادا كەم هەڵكەوتووە «یەك وڵات و یەك زمان» هاوكاتی یەك بن. ئێمەی كوردیش لەم دۆخە بەدەر نین. سەرەڕای ئەمانەش خۆ هەن رۆژهەڵاتناس و بیرمەندی وا كە ئەڵێن كورد خاوەنی چەند زمانە...

بەڵام بە نیسبەت كوردستانی باشوور و رۆژهەڵات بە گومانم هیچ رێگەیەك جیا لە ناسینی «سۆرانی» وەك زمانی پێوەر بۆ كەس نەماوەتەوە. شایەتحاڵیشم ئەم خاڵەیە هەموو دانیشتوانی ئەم دوو بەشەی

کوردستان بەبێ لەبەرچاو گرتنی زاراوەکانی خۆیان بەم زمانە ئەنووسن.

بیرۆکە و پلانی «زمانی یەکگرتوو» بە بڕوای من پاش یەکلایی بوونی ئەم کێشەیە ئەتوانێ لە خزمەت دەوڵەمەند کردن و بەهێزتر کردنی زمانی پێوەردا بێت و ئەوکات بیرۆکە و پلانێکی زۆر بە هێزە. ئەگەر قایل بەم دواکەوتنە، بۆ ئەم بیرۆکەیە نەبین ئەوا تەنیا بیرۆکەیەك دەبێت و بەس وەك تا ئێستا بووە.

*** مەسەلەی نووسین بە زاراوە لەناو زمانی کوردیدا چۆن لێك دەدەیتەوە، لە نەبوونی زمانی یەکگرتوودا ئاخۆ دەکرێ وەك خزمەت لە قەڵەم بدرێ، لە داهاتوودا گرفت ساز نابێت؟**

– ئەگەر مەبەستتان نووسین بەو زاراوانەیە کەلە زمانی پێوەر جیان، بە گومانم هیچ کێشەیەك ساز ناکەن، بە مەرجێك سیستمی سیاسیی کوردی واتە حکوومەتی هەرێم بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆی سەبارەت بە زمانی پێوەر دیاری بکات. ئەگەر ئەو مەرجە بێتەدی، ئەوا نەك تەنیا خەساریان نیە، بەڵکوو بگرە لە زۆر شوێندا لە رێگەی بە دیار خستنی توانا و پوتانسییلەکانی زاراوەکانەوە ئەتوانن خزمەتیش بکەن.

ئەگەر حکوومەتی هەرێم سیاسەتەزمانیەکانی خۆی زۆر بە روونی و راشکاوانە دەرنەبڕێ و لەبەر مەسڵەحەتی کاتی و حیزبی و بۆنە سیاسییەکان، ئەم پرس و بابەتە بگوازێتەوە بۆ کات و ساتێکی نادیار، جیا لەوەی هیچ مەبەستێکی سیاسیی پتەو و بگرە حیزبی ناپێکێت، بەڵکوو زۆر بەدژی بەرژەوەندیی زمانی کوردی دەکەوێتەوە، وەك ئەوەی تا ئێستا بەسەر جەستەی نیوەگیانی ئەم بەستەزمانەی هێناوە.

**⋆ سەرهەڵدانی گۆڤاری سروە و ئەو شەپۆلە ئەدەبی و فەرهەنگییە بە گشتی چۆن دەبینی و چ کاریگەرییەکی لە بووژانەوەی زمان و ئەدەبی کوردی لە رۆژهەڵات هەبوو؟**

– ئەگەر بە چاوێکی بێ لایەنانەوە بڕوانین سروە و گۆڤار و رۆژنامەکانی دیکە زۆر خزمەتێکی فەرهەنگیان کردوە، بەڵام گرنگیی سروە لێرە دایە لە دابڕانێکی مێژوویی تایبەتدا گەلێك دەوری بینیوە (لایەنە ئیجابییەکەی لێرەدا مەبەستە) کە بەرهەمەکەی بە شێوەیەك نەپچڕانی جەماوەر بووە لە گوتاری ئەدەبی و ناسیۆنالیستی کوردی. لە پاش شۆڕشی ٥٧ەوە تا کۆتایی دەیەی ٦٠ی هەتاوی سروە وەك تاقە گۆڤاری کوردی خوێنەرێکی زۆر و تەنانەت لایەنگری زۆریشی هەبووە و لێرەوە کاریگەریی





تەواوی نواندووە. من وەك خۆم لانیکەم وا تێدەگەم سروە لە بواری درووستکردنی خوێنەر و پەروەردە کردنی بەرەیەکی کوردی خوێن و کوردی نووس دەورێکی زۆر باشی گێڕاوە، هەڵبەت تا نێوەڕاستی دەیەی٦٠.

لە نێوەڕاستی دەیەی ٦٠ەوە بەشێك لەم ئەرك و دەورە ئەگوێزرێتەوە بۆ ناوەند و ئەنجومەنە فەرهەنگییەکان و دواتر لەگەڵ هاتنی رۆژنامە و گۆڤاری دیکە ئەو بەشە لە ئەرك و دەور و چاوەڕوانییانە کەلە سروە دەکرا بە تەواوی دەگۆڕدرێن و لێرەوە دابڕانێك لە نێوان سروە و خوێنەردا سەری هەڵدا و سروە نەیتوانی ئەم دابڕانە چارەسەر بکات و لەلایەن زۆربەی جەماوەرەکەیەوە درایە دەست فەرامۆشی.

**⋆ لە نیوەی دووەمی دەیەی ٧٠ی هەتاوییەوە هەتا ئێستاش رەوت و هەوڵێکی بەربڵاو چ لە ئاستی دەسەڵات و چ لە ئاسی رووناکبیران و ئەدیبان بۆ جێگیر کردنی سیستمێك بۆ خوێندن بە زمانی کوردی لە رۆژهەڵات دەستی پێکرد، ئەوانە چۆن سەریان هەڵدا و چییان لێکەوتەوە؟ کۆڕی زانستیی زمانی کوردی چۆن دامەزرا و چی بەسەر هات؟**

– وەك جەنابیشتان ئاگادارن و ئاماژەتان پێکرد لە نیوەی دووەمی هەفتای هەتاوییەوە هەوڵێکی بەربڵاو بۆ جێگیرکردنی سیستەمێك بۆ خوێندن بە زمانی کوردی سەری هەڵدا و سەرەتا ئەم هەوڵانە لەلایەن و ناوەندە خوێندکاری و ئەدەبییەکانەوە دەستی پێکرد و ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبێتم خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی تاران لەم پێناوەدا رۆڵ و دەست پێشخەرییەکی تەواویان هەبوو، پاشان زانکۆکانی قەزوێن و هەمەدان و تەورێز و سنە ... و دواتریش ئەنجومەنە ئەدەبییەکان دەستیان بە وانەگوتنەوەی زمانی کوردی کرد. گەلێك کاری باش و نامیلکەی تایبەت نووسران و بڵاو کرانەوە و لەو دەرفەتە کە لەلایەن دەوڵەتی ئیسڵاحاتەوە رەخسابوو تا رادەیەك سوود وەرگیرا، بەڵام بەداخەوە لەبەر هۆکارگەلێکی زۆر کە هەم هۆکاری سیاسی بوون و هەم هۆکاری فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بە رادەی پێویست ئەو دەرفەتە ئەگوێزرایەوە بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی سەقامگرتوو .

هۆکارە سیاسیەکان تا رادەیەك بۆ ئەو کەسانەی ئاگاداری کەش و دۆخی سیاسی ئێرانن روون و بەرچاوە. دەوڵەتی ئیسڵاحات زۆر بە پیری ئەم خواستەی ئێمەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێرانەوە هات و تەنانەت تا وەرگرتنی

خوێندكار بۆ لیسانسی زمان و ئەدەبی كوردی لە زانكۆی سنە و دامەزراندنی رشتەی زمان و ئەدەبی كوردی لەو زانستگادا هەنگاوی هەڵگرت، بەڵام هەوڵەكە و ویستی دەوڵەت لەو كاتەدا سەری نەگرت و پووچەڵ كرایەوە. لەگەڵ هاتنە سەر كاری دەوڵەتی نۆیەم بەرەبەرە هەوڵە خوێندكارییەكانیش لەم بوارەدا مۆڵەتی یاساییان لێوەر گیرایەوە و داخران.

ئەگەر لەسەر دەوری ناوەندە مەدەنی و رووناكبیرییەكان بدوێین ئەبێ بڵێین لەگەڵ كرانەوەی كەشی سیاسی و ئامادەیی مۆڵەتی یاسایی بۆ كردنەوەی خوێندنگەی غەیرە دەوڵەتی بۆ زمانی كوردی ئێمە لەگەڵ كۆمەڵێك گرفت و غیاب روبەڕوو بووینەوە كە تا ئێستاش ئەم غیابانە بەردەوام و ئامادەن، كە یەكەمیان غیابی زانستی بوو بۆ جێبەجێ كردنی ئیشەكە و ئەم غیابانە گەورەترین گرفتیان بۆ بەردەوام بوونی ئەم پرۆژەیە ساز كرد. ئەگەر گەرەكمان بێ بە كورتی دەركەوتی ئەم غیابە واتە غیابی زانستی دەست نیشان بكەین ئەتوانین ئاماژە بەم خاڵانە بدەین:

ــ نەبوونی پرۆژەیەكی گونجاو، تۆكمە و پێناسەكراو و كۆنكرێت.

ـ نەبوونی (هێزی مرۆیی) خاوەن ئەزمون.

ـ نەبوونی (مادەی پەروەردەیی) تایبەت.

ـ بیرنەكردنەوە لە فێرخواز لە رووی تەمەن و ئاست و پلەی خوێندنەوە.

سەرەڕای ئەو خاڵانەی باسكران، زۆر شوێن و لایەن دەستیان دایە كارەكە و بەشێكیشیان تا ئێستا بەردەوامن. بەڵام بەداخەوە كە سەیری نامیلكە و میتۆدی كارەكان ئەكەی پڕن لە هەڵەی زانستی و هیچ ئیرادەیەكیش نابینی بۆ گۆڕان و چاكسازی پرۆژەكەیان. نازانم تا كەی ئەتوانن ئەو جەماوەری كە تاك و تەرا هەیانە بە دروشم و هانەی نەتەوەییەوە رابگرن و خۆ نەبان كەن لە واقیع و زانست و ئەو كێشانەی لە هەناوی پرۆژەكەماندا ئامادەن.

سەبارەت بە بەشی كۆتایی پرسیارەكەتان وەك دەزانن "كۆڕی زانستیی زمانی كوردی" لە ئەنجامی بەڕێوە چوونی "كۆنگرەی زانستیی فێركاریی زمانی كوردی" بە هەڵبژاردنی ٢٠ كەس لە نووسەر و رۆشنبیر و زمانزانانی كوردستانی ئێران، ساڵی ١٣٨١ لە تاران دامەزار و رەواییەتی خۆی لە كۆی دەنگی نووسەران و ئەدیبان و رۆشنبیرانی كوردستانی ئێران وەرگرتووە. پێشتر لەلایەن «ئەنستیتۆی كوردستان» لە تاران و لەلایەن ئەندامانی «ئەنجوومەنی پەیڤ»ەوە كاتی خۆی ئامانجەكانی



بەستنی كۆنگرە و پێكهێنانی ئەم كۆڕە روون كراوەتەوە. بەڵام وەك وەڵامێك بۆ پرسیارەكەی بەڕێزتان پێویستە ئاماژە بەم چەند خاڵەی خوارەوە بكەین:

بەستنی كۆنگرەی فێركاریی زمانی كوردی لە تاران، سەرەتا بە مەبەستی تاوتوێ كردن و لێكدانەوە و شیكاریی رەوتی فێركاریی زمانی كوردی بوو كەلە گەلێك شوێن و ناوەند لە ناوچە و شارە جۆراوجۆرەكانی كوردستانی ئێران و تەنانەت ناوەندی زانستگە و فێرگەكانی شارە فارس نشینەكانیش لەلایەن كەسایەتیی رەسمی و نارەسمییەوە، دەستی پێكردبوو و ئومێدیش ئەخوازرا ئەم مەبەستانە بپێكێت:

١ـ دیاری كردنی مێتۆدێكی یەكگرتوو بۆ فێركردنی زمان.

٢ـ دیاری كردنی لێژنەیەكی زانستی بۆ:
چاوەدێری كردنی رەوتی فێركردنی زمانی كوردی لە هەموو قۆناغەكاندا.
دیاری كردنی سەرچاوەی تایبەت و زانستیانە بۆ خوێندكارانی زمانی كوردی.
دیاری كردنی سەرچاوەیەكی یەكگرتوو بۆفێركردن یان دامەزراندنی لێژنەیەكی تایبەت بۆ ئەم ئەركە.
رێككەوتن لەسەر چۆنیەتیی بەڕێوە بردنی ئەزموونی قۆناغە تایبەتەكان.
رێككەوتن لەسەر چۆنیەتیی بەخشینی بڕوانامە بە دەرچووانی ئەزموونەكان.

٣ـ دیاری كردنی ناوەندێك بۆ كۆبوونەوەی لێژنەی زانستی و مامۆستایانی فێرگەكان بە شێوەی مانگانە، وەرزانە یان ساڵانە. (بەپێی پێداویستی).

دواتر كە لەگەڵ زۆر لایەن و كەس و تاقم و ناوەندە ئەدەبی و رووناكبیرییەكان قسە كرا و بیروڕا ئاڵوگۆڕ كرا، بە شێوەیەكی گشتی هاتینە سەر ئەو قەناعەتە ئەو مەبەستانە ئەتوانرێ بەشێك بێ لە پرۆژەیەكی گەورەتر و ئەتوانین هەندێك مەبەست و ئەنجامی دیكەش بە بەستنی كۆنگرەكە بپێكین و لەم رێگەوە لێژنەیەك دیاری بكەین بۆ دامەزراندنی كۆڕێك كە بتوانێ كاری زانستیانە و بابەتیانە لەسەر زمانی كوردی بكات.

بەداخەوە ئەو كۆڕە تا ئێستا نەیتوانیوە مۆلەتی یاسایی بۆ خۆی جێبەجێ بكات و لەبەر نەبوونی مۆلەتی یاسایی و شوێنی تایبەت و گرفتی باری ماڵی و رێكنەخستنی ئیدارە و پێكهاتەی خۆی وەك ناوێك ماوەتەوە. هەڵبەت بڵێم ئەم ناوە تا ئێستا ئەم كارانەی كردووە: چاپ و بڵاوكردنەوەی ٣ ژمارەی زمانەوان، چاپی كتێبی «بنەماكانی وشەسازی» نووسینی "كامران رەحیمی" كە هەموو ئەندامان

وەك ویراستاری كارەكە دەوریان بینیوە و ئامادەكردنی دوو ژمارەی ٤ و ٥ی زمانەوان (لەبەر گرفتی باری ماڵی و ئیداری چاپ و بڵاو نەبوونەتەوە).

ئەمانە وەك پێویستیی بنچینەیی چالاكیی فەرهەنگی و رۆشنبیریی ئەوكاتەو تەنانەت ئێستاش لەو زەروورەتانەبوونە ئێمە وەك خۆمان هەستمان پێكرد و بەرەو پێشوازی چووین، و مەبەست لەو هەنگاوەش چارەسەركردنی هەندێك كێشەی سەرەكی و زەمینە خۆشكردن و دەست پێشخەرییەك بووە بۆ كاركردن و ئاوڕدانەوەیەكی جیدی و سەردەمیانە لە زمانی كوردی.

هەڵبەت لە بیری نەكەین مێژووی كورد و خەباتی سیاسی ـ فەرهەنگیی كورد بە درێژایی تەمەنی خۆی لە سەرنج و گرنگیدان بە زمانی كوردی بێبەری نەبووە و هەركات دەرفەتێك هەڵكەوتبێ و دەسەڵاتێكی كوردی ساز بووبێ یان بووژابێتەوە، یەكەم فاكتەری بنەڕەتیی، زمان بووە كە كەوتۆتە گەڕ و بەرجەستە بۆتەوە. وەك وترا ئامانجی سەرەكیی لە دامەزران و بەڕێوە بردنی ئەو كۆڕە و زنجیرە دانیشتنەكانی كۆڕی زانستیی زمان لای من و تا ئەو جێگەیەی ئاگادارم لای ئەندامانی كۆڕەكەش، وەڵامدانەوەیەكە بەو عەشق و شەوقەی لەدەروونماندا بۆ زمانی نەتەوەكەمان هەمانە و بەپێی توانا هەوڵێكە بۆ چارەسەركردنی هەندێك كێشەی سەرەكیی زمانی كوردی لەم بەشەدا .

<u>پێناسە:</u>

**ـ رەزا شەجیعی، ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی (١٩٧٤ی زایینی ) لە شاری سەقز لە رۆژهەڵاتی كوردستان لەدایك بووە.**

**ـ بڕوانامەی ماستەری لە بواری زمان و ئەدەبی عەرەبیدا هەیە.**

**ـ ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە لە بواری نووسین و ئەدەب و بەتایبەت زمان و لێكۆڵینەوە لەم بارەوە كار دەكات.**

**ـ كەسێكی چالاكی بواری ئەنجومەنە ئەدەبییەكانی شاری سەقزە.**

**ـ یەكێك لە دامەزرێنەران و لێژنەی "كۆڕی زانستیی زمانی كوردی"یە لە تاران .**

**ـ نامیلكەیەكی لە بواری فێركاریی زمانی كوردی چاپ و بڵاو كردۆتەوە و ماوەیەك بەرپرسی ئەنجومەنی ئەدەبیی پەیڤی سەقز بووە.**

**ـ لە بواری زمانی كوردیدا كەسێكی خاوەن رایە.**

# کار و چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

ئا: بەڕێوەبەری نووسین

## چلەی ماتەمینی ئەحلام مەنسوور لە کەرکوک

بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی کۆچی دوایی نووسەر و ڕۆمان نووسی کورد خاتوو (ئەحلام مەنسوور) ڕۆژی ٢٠١٣/٣/٩ لقی کەرکوکی یەکێتی نووسەرانی کورد، کۆڕی چلەی ماتەمینی لە هۆڵی (سیروان تاڵەبانی) ڕێکخست، لەلایەن نووسەران و ڕۆشنبیرانی شاری کەرکوك و دەوروبەری چەندین شیعر و پەخشان و ژیاننامەو بەرهەم و هەڵوێستەکانی بەو بۆنەیەوە خوێندرایەوە، هەروەها وتاری لق لە لایەن بورهان ئەحمەد سەرۆکی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەران خوێندرایەوە.













* بەمەبەستی جوانتر کردنی سیمای شارەکەمان و پاراستنی ژینگەو گرنگی دان بە رووبەری سەوزایی، تاکو نەوەکانی ئایندە لە سایەیدا هەست بە جوانی و ئارامی بکەن، لە رێکەوتی ٢٠١٣/٢/٢٧ بەهەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی سروشت و رێکخراوی زانستە سیاسییەکان، لقەکەمان بە نوێنەرایەتی بورهان ئەحمەد و نەوزاد شێخانی، هەڵمەتی چاندنی نەمامیان کرد لە شاری کەرکوکدا.

* بۆ پاراستنی ژینگە و چاندنی گیانی بەرپرسیارێتی و بەخشینی سیمایەکی شارستیانە بە شاری کەرکوك، لە رێکەوتی ٢٠١٣/٣/٦ بەهەماهەنگی لەگەڵ کۆمەڵێك دەزگاو رێکخراوی شارەکە، لقەکەمان بە نوێنەرایەتی (بورهان ئەحمەد) و (ستار ئەحمەد) بەشداری هەڵمەتی پاککردنەوەی دەورووبەری شاری کەرکوکیان کرد.









## گەشتی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوک بۆدیلێژە

ڕۆژی هەینی٢٠١٣/٥/٣ یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك گەشتێکی بۆسەیرانگەی دێلێژە بۆ نووسەرانی کەرکوك و گەرمیان رێك خست.. تیایدا چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجامدرا وەکو. ئاهەنگی گۆرانی ومیوزیك و کۆرێکی شیعری بۆ ١٨شاعیر و شانۆگەرییەکی کۆمیدی لەلایەن هونەرمەندان (یوسف محەمەد و زانیار جومعە).نمایشکرا، کە بووە جێگای رەزامەندی ئامادەبووان..